


# لە هەگبەم دا



فەرهاد عەونی

چاپی یەکەم
٢٠١٩


دیاری و پێشکەشە
لەگەڵ
سڵاو و ڕێزی نووسەردا
فەرهاد عەونی

**فەرهاد عەونی**

# لە هـــــــەگبەم دا

**٢٠١٩**

- **ناوی کتێب/** لە هەگبەم دا
- **نووسین/** فەرهاد عەونی
- **هونەرکاری و بەرگ/** عومەر شەهاب
- **هێڵکاریی بەرگ/** عەلی دەروێش
- **چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین**
- **تیراژ/** ١٠٠٠ دانە
- چاپی یەکەم ٢٠١٩

**لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان**

**ژمارەی سپاردنی (٩٩٩)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە**

# پێرستی بابەتەکان


پێشەکیی ........................................................................................ ٩
چەند جێزامێك لە جەستەی نووسیندا ........................................................ ١٣
بۆچی جێبەجێکردنی یاسای سندووقی خانەنشینیی رۆژنامەنووسانی کوردستان دواکەوت؟
........................................................................................................ ١٧
نەك بەرگریکردن لە سەندیکا بەڵکو لە راستی ............................................ ٢٥
ئەم شێواندنە لە بەرژەوەندیی کێ دەکرێت؟ .................................................. ٢٩
بە شەونخوونکێشمان زانین!! ......................................................................... ٣٣
هێشتا لەسەر قسەی خۆمانین.. (بە شەونخوونکێشمان زانین) ............................ ٣٧
هەنگاوێکیتری کرداری بەرەو دەستەبەرکردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان ........ ٣٩
کۆبوونەوەی بەرفراوان ................................................................................. ٤٣
لەپێناو یاسایەکی تێروتەسەل دا ........................................................................ ٤٥
چارەسەری کەموکوڕی ................................................................................... ٤٧
ئایا پەند لە دۆڕانەکەی فەتح وەردەگرین؟! .................................................. ٤٩
ئەو گاڵتەجاڕییانە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا راگرن ................................ ٥٣
لەپێناو کوردستان و گەلەکەیدا ......................................................................... ٥٧
پەیڤی وەفاداری لە جەژنی رۆژنامەگەریی کوردیدا ............................................. ٦١
بەرگری لە ئازادیی رۆژنامەنووسی.. بەرگری لە رۆژنامەنووسان ........................... ٦٣
دوو هەنگاو بۆ پێشەوە ................................................................................. ٦٥
لەسەر زەوی رەحم بە خەڵك بکەن خودا لە ئاسمان رەحمتان پێدەکات ................ ٦٧
ناوەکانیان لەبەر بکەن تا لە سزا قوتار نەبن ................................................. ٦٩
سڵاو بۆ رۆژنامەگەریی سریانی لە جەژنی (١٥٧) ساڵەیدا ................................ ٧١
دیارنەبوونێکی ناچاری یان بێئاگایی لە ئەرکی راگەیاندن ................................ ٧٣
بۆ دۆستە ئەمازیغەکانمان.. لەدڵەوە خۆشمان دەوێن ........................................ ٧٧
ئازادیی رۆژنامەنووسی لەنێوان بەرپرسیارێتیی سەندیکا و ئەرکی رۆژنامەنووسدا ...... ٧٩

پەیامنێرانی بێسنوور ..... ٨٥
دوای تێپەڕینی سەد و نۆ ساڵ.. ئێستا پێویستە فێری چی ببین؟ ..... ٨٧
هەنگاوێکیتر بۆ پێشەوە ..... ٨٩
لەپێناو کۆنگرەیەکیتری جۆرایەتیدا ..... ٩١
پەڕەی یەکەم: هەندێ لە خودی خۆم ..... ٩٣
پەڕەیەکی یەکەم ..... ٩٧
پەڕەیەکی دووەم ..... ٩٨
دواین پەڕ ..... ١٠٠
بیرکردنەوە لەگەڵ دیموکراسی دژی دیموکراسی ..... ١٠١
گیانی بەشداریکردن ..... ١٠٤
مەعرووف جیاووك ..... ١٠٥
چاو و دەنگی خەڵك ..... ١٠٧
یاسای کاری رۆژنامەنووسی ..... ١٠٨
خوا بیانبەخشێت ..... ١١١
خەیاڵچنی رۆژنامەنووسی ..... ١١٥
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان .. پێکهاتەی حزبی و هەڵوێستی سەربەخۆ ..... ١١٩
"میساقی شەرەف" ..... ١٢٣
رەنگە شلکردنی زیانی هەبێت ..... ١٢٥
لەپێناو چارەسەرکردنی هەڵەکان و بەگژاچوونەوەی گەندەڵیدا ..... ١٢٩
تا ئابڕووچوونی مێژوو دووبارە نەبێتەوە ..... ١٣١
ئەم ناوچانە.. زەوتکراون یان جێناکۆك؟! ..... ١٣٩
هەموارکردنی دەستوور یان سۆزی گەڕانەوە بۆ فاشیزمی مەرکەزی؟! ..... ١٤٥
ئەی هەق دۆستت پێ نەهێشتم ..... ١٤٩
ئاشقی ئابڕووچوونی مێژوو ..... ١٥٥
چی دەڵێین؟ ..... ١٦١
بەزەییتان بەکوردستان و گەلەکەیدا بێتەوە ..... ١٦٥
لەپێناو راگەیاندنێکی سنووربڕدا ..... ١٧١

جیهانێك بچووك دەبێتەوە.. جیهانێك گەورە دەبێت ........................................ ١٧٥
ئەزموون و وانە.. ئایا کەسێك هەیە یاد بکات؟! ................................................ ١٧٩
چۆرێکی بچووکی مێژوو بۆ چالاککردنی یادگە ........................................... ١٨٧
هەڵبژاردنەکان.. ساتی بیرکردنەوە و بۆنەی بەخۆداچوونەوە ................................. ١٩٣
لەبارەی پێویستی بەدامەزراندنی نەریتی گفتوگۆ لە رۆژنامەگەریی کوردستاندا ........ ٢٠٣
رۆژنامەگەریی هەڵنان لە عێراق.............................................................. ٢٠٩
هاورێیان لە کابینەی شەشەم.. بۆ ئێوە لەگەڵ خۆشەویستیدا .............................. ٢١٩
شایەتیی خۆم دەنووسم و پاداشتم لەلای خوایە ............................................ ٢٢٥
ئایا پێویستمان بە وەزارەتێك بۆ گوند لادێ نیە؟! ........................................... ٢٣١
بۆ ئەوەی گەلی کوردستان زیاتر لە دوو جار لە هەمان کونەوە نەگەزرێت ............. ٢٣٥
ئەزموونی کوردستان لەناو دەریاچەی لمی جووڵاودا .......................................... ٢٤٧
چارەسەری هەڵە بەهەڵە.. خۆراکپێدانی پاشەوپاش ......................................... ٢٥٧
کورسییەك لەسەر کەناری دەریاچەی لیمان .................................................. ٢٦٣
قاوەخانەیەکیتر.. رێگەیەکیتر.. رۆژێکیتر .................................................. ٢٨٣
بەعەرەبکردن و خورتنشینی دوو رووی دراوێکن ............................................. ٢٨٩
مافی بڕیاردانی چارەنووس بەو شێوەی ئێمە تێی دەگەین نەك بەو شێوەیەی ئەوانیتر تێی دەگەن ............................................................................................. ٢٩٥
هونەری مومکینەکان .......................................................................... ٣٠١
بەبێ ماڵئاوا.. هەڤاڵان و هاورێیان .......................................................... ٣٠٧
سێوی بەرواری باڵا بپارێزن.. کوردستان رزگار بکەن ...................................... ٣١٥
هێشتا خەو بە مەسیحەوە دەبینم و هێشتا شەرمەزارم ..................................... ٣٢١
هەڤاڵان و هاورێیان.. بەبێ ماڵئاوا ........................................................... ٣٢٧
لە ماڵئاواییکردنیدا .............................................................................. ٣٣٣
ئەوە تەرمی پیاوێکە! ........................................................................... ٣٣٧

# پێشەکی

لە چاپی یەکەمی ئەم کتێبەدا (٢٠١١) نووسینی پێشەکییەکەیم بۆ نووسەر و ڕۆژنامەنووس قاسم محەمەد عەلی (فەخری ئەمین) بەڕێوەبەری نووسینی گۆڤاری (الصحفي) بەجێهێشت، کە لەلایەن سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە دەردەچوو و تا ناوەڕاستی ساڵی ٢٠١١ من سەرنووسەری بووم (تاکو ژمارە ٨٠)، ئەویش لەبەر نزیکیی لە کۆڵنجەکانی ئەو ئازارەی بوو بە ژانی سەختی زۆربەی پەڕەکانی ئەم کتێبە و زۆربەیان لەسەر لاپەڕەکانی گۆڤارە سەنگینەکەمان (الصحفي) بڵاو کراونەتەوە، کە نیسانی رابردوو ئاهەنگی دەرچوونی ژمارە (سەد)ی گێڕا. سەرباری جیاوازیم لەگەڵیدا لە تێڕوانینی بۆ بابەتەکانی کتێبەکە کاتێك دەنووسێت: "ئەم نووسینانە وەك تۆمار (مدونە)ی دەسکەوتەکانی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە. ئەوە مێژووی زیندووی سەندیکایە کە نەك بە مرەکەب (حبر)، بەڵکو لە ئاکامی لە نیگەرانی و ئارەقکردن و هەڵچوون نووسراوە"، ڕێزی ئارەزوویم بۆ نووسینی پێشەکییەکە و ئازادبوونی لە دەربڕینی رای خۆیدا تێدا گرت. ئێستا کە چاپی دووەمی کتێبەکە دەردەکەم، ئیتر مافی ئەوەم هەیە پەڕەکانی لە دەسەڵاتی دەقی یەکەم رزگار بکەم و لە پەراوێزی فەزا فراوانترەکەدا ڕەهای بکەم.. پەڕەکانی

کتێبەکە پتر بوون لە تەنیا تۆمارێکی ڕەسمیی سەندیکایی سارد و سڕ، بەڵکو دڵەخورپەکانی خودێکی (نووسەر) هۆشیار و هەستیار بوون، کە تێکەڵ بە زەمەنێك بووە گەوجی و زبری و خراپە و هەڵە و درۆی زاڵ بەسەریدا زاڵ بوون، بەشێوەیەك ڕێگەی راستی چۆڵ و سامناك بووە، ئازایەتی دەترسێت و راستی بێ پشت و پەنایە.

ڕەنگە وا ئەسلەمتر بووایە پیتەکانی ئەم کتێبە بە مرەکەبی سوور چاپ بکرێن، چونکە هاواری هۆشداری و ئاگەدارکردنەوەیە، لەو ئاکامانەی ئەوانەی خاوەن دەسەڵات و سامانن لە وڵاتەکەماندا بۆ لایان پەلکێشمان دەکەن، لە فەوتانی بەها بەرزە نیشتمانی و نەتەوەیی و ئینسانییەکان، هەروەك بانگکردنی کۆمەڵگەکەمانە بۆ دەستگرتن بە هەرچی زیندوو و ڕەسەن و خاوێنە لە مێژوو و کولتوورماندا، بەو بنەمایانەی پێش ئەم سەردەمە قەڵبە باڵادەست بوون کاتێك (گوریس و چەڵەم–الحابل بالنابل) تێکەڵ بوون و سنوور لەنێوان ڕەش و سپیدا نەما، هەستی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئاینی لەلای هەندێ لە توێژەکانی کۆمەڵگەکەمان بزر بوو، کە بەپێداگرییەوە ملی ڕێگەیان گرتۆتە بەر و گوێ بەهیچ نادەن جگە لە تێرکردنی ئارەزوو و خۆپەرستییە هەڵاوساوەکەیان.. هاوکات ریسواکردن و پەردەهەڵماڵینە لەڕووی سیاسییە نوێیەکانی عێراق لە بەردەوامبوونیان لەسەر ڕێبازی ڕژێمی پێشوو لە دژایەتیکردنی گەلی کورد، هەروەها سڕینەوەی شوێنەوارەکانی بەعەرەبکردن و ڕاگواستن لە کوردستان.

پەڕەکانی لە هەگبەکەوە (من حقیبتی)، زەنگی ئاگەدارکردنەوە بوون بۆ بەرپرسانی کوردستان لە ئاست و ئاراستە جیاوازەکان، کە ئەو ئەرکە گەورانەیان لەبیر چووە یان لە بیر کردوە کە مێشکی شەقامی کوردستانیان پێوە سەرقاڵە، دانانی عەرەبانەکان لەپێش ئەسپەکان لە ریزی پێشەوەی کارەکانیان داناوە، هەروەك

هۆشداریدانه له مەترسیی لەدەستدانی نیشتمان و ئەزموونەکەمان، مرۆڤی دانایش ئاماژەیەکی بەسە.

هەشت بابەتم بۆ دەقی چاپی دووەمی کتێبەکە (کە بە زمانی عەرەبی بە ناوونیشانی "من حقیبتی" ساڵی ٢٠١٤ چاپ و بڵاوکردەوە) زیاد کردوە، کە دانانیانم بەپێویست زانی تا خوێنەر وێنەیەکی باشتری لەلا گەڵاڵە ببێت سەبارەت بەو بیرۆکە و وێنا و پرسیارانەی بەرانبەر هەندێ لە بابەتە هەنووکەییەکان لە زەینمدان.

لەکاتێکدا ژمارەکانی چاپی یەکەم (من حقیبتی) تەواو بوون، ناچار بووم بیر لە دەرکردنی چاپێکی دووەم و تێر و تەواوتر بکەمەوە، تا بیخەمە بەردەم خوێنەرانی دۆست و هاوڕێ، کە دەنگدانەوەی دڵەخورپە و ئازار و پرسیارەکانی ناو ناخی خۆیانیان لە کتێبەکەدا بینیوەتەوە.

فەرهاد عەونی

شوباتی ٢٠١٤

# چەند جیّزامیّك لە جەستەی نووسیندا

**قاسم محەمەد عەلی (فخری أمین)**

ئەم جۆرە نووسینانە جۆرە تۆماریّکن بۆ دەسکەوتەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان. میّژووی زیندووی سەندیکان کە بە مرەکەب نەنووسراون، بەڵکو بە نیگەرانی و ئارەق و هەڵچوون نووسراون، ئەوەیش نووسینیّکە بەدڵنیاییەوە ریّژەی ئەدرینالینی خویّن بەرز دەکاتەوە، رەنگە ئەوەیش، بەجۆریّك لە جۆرەکان، نهیّنیی ئەو نەخۆشییانەی دڵ روون بکاتەوە کە هەڤاڵ فەرهاد بەدەستیانەوە دەناڵیّنیّت و ئاماژەیە بۆ ئاستیّکی بەرزی هەڵچوون. لە یەکیّك لە دانیشتنەکانی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (الصحفي)دا لەبارەی شیّوازی نووسینەکانی سەرنووسەر گفتوگۆمان کرد، کە ئاخۆ ئەو بابەتانە گەنگەشە بکات کە بەلای سەندیکاوە گرنگن، یان تایبەت بن بەو بابەتانەوە گۆڤارەکە کاریان لەسەر دەکات، هەڤاڵی سەرنووسەر وتی: "هەموو ئەوانەیە، بەڵام ئەوەی لیّرەدا لە نووسینەکانی مندا جیاوازە خودیبوونە، من نامەویّت بە پۆشاکی رەسمییەوە خۆم پیشانی خویّنەرانی گۆڤارەکە بدەم، بەڵکو پیّم خۆشە بە رۆب و بیجامەوە پیّشوازییان لیّ بکەم وەك ئەوەی گۆڤارەکە ماڵی خۆم بیّت و بیانبەم بۆ ژووری پیّشوازی و پیّکەوە

گفتوگۆیەکی بەدڵ و گیان بکەین، کە ئەندازەیەکی زۆر گەرمی و پەرۆشی و دۆستایەتی تێدا بێت دوور لەو دەمامکانەی جێبەند (سیاق)ە رەسمییەکانی کاری رۆژنامەوانی و میدیایی و سەندیکایی فەرزیان دەکەن، من لە گۆڤارەکەدا فەرهاد عەونیی مرۆڤم بە دەنگە زایەڵە بەرزەکەی و ورکە زۆرەکانی و سەرقاڵییەکانی و دڵەخورپە پیشەیی و سەندیکایی و مرۆییەکانیەوە" ناسی. دەتوانم بڵێم شێوەی نووسین لە (بالقلم العريض و من حقيبتي)دا، بەو راستگۆیی لەگەڵ خودەی تێیدایە، لە نووسین دەچێت لە ساتێکی رووتیدا. ئەوەی بەدوای جێزامەکان لە جەستەی فەرهاد عەونیدا بگەڕێت لەو نووسینانەدا دەیاندۆزێتەوە. جێزامێکی زۆری برینگەلێك، کە هەندێکیان ساڕێژ بوون و زۆریشیان هێشتا بەسوێن. جێزامگەلێك ئەو شێوازە نوێیانە تۆمار دەکات کە رەوتی دژوار و سەختی رۆژنامەگەریی کوردی دایهێناون، هەروەها ئەو گژبەری (تەحەدی)یە بەردەوامانەی هێشتا رووبەڕوویان دەبێتەوە. ئەوانە مێژوون لە ئێستادا، مێژوو بە بەرامە راستەقینەکەی، بە خوێنە گەرم و هەڵقوڵیوەکەیەوە نەك بەمردوویی و ساردییەی مێژوونووسان پێشکەشی دەکەن. گەواهیدانێکی ئاڵۆزە، گەواهیدانە لەسەر ئەو قۆناغە زەمەنییەی تێیدا نووسراوە، هەروەك گەواهیدانە لەسەر پەرەسەندنی بنیاتی فیکریی فەرهاد. ئەوەتا ئێمە بەلابەلا و بەبێ ئەوەی مەبەستمان بێت ئاماژە بە جیاوازیی نێوان مێژوو لە رۆژنامەگەری و مێژوو لە کتێبی مێژوونووساندا دەکەین، بەڵام باسی هیچ مێژوویەك ناکەین، ئەوە مێژووی رۆژنامەگەرییە، واتە ئەم نووسینە جۆرێکە لە مێژووی مێژوو.

فەرهاد عەونی لەم کتێبەدا تاکانە (منفرد) دەردەکەوێت، نەك تەنیا لە باقیی بیرمەند و نووسەران، بەڵکو لە خۆیشی لە نووسینیتردا، لێرەدا تێگەیشتنی لە شتەکان ملکەچی هیچ میتۆدێکی پێشوەخت ناکات، بەڵکو جڵەوی بۆ شل دەکات خۆبەخۆ رێچکە ببەستێت و ئازادانە ملی رێ بگرێتە بەر، لەوەیشدا بەدوای یەکداهاتنی خەیاڵەکان دەچێت لە زەیندا لەکاتی بەرێگەدا رۆیشتندا. نووسینێکە

زادەی ئەو ساتەی خۆیەتی، لە باسکردنی بابەتەکانیدا زۆر گویٚ بە بەڵگە و دەلیلی ئانی نادات، بەڵکو لەدەوری ئەو پرسیارانە دەخولێتەوە کە یەك لەدوای یەك لە زەیندا گەلاڵە دەبن، واتە (نووسینێکە) زیاتر گوزارە لە ئانییەتێکی خودی و زەمەنێکی کەسی دەکات، تا ئەوەی گوزارە لە جووڵەی گشتیی زەمەن بکات لە بەدیهاتنی مێژوویی خۆیدا.

یەکێکە لە تۆمارەکانی رۆژنامەگەریی کوردی، چونکە نووسەر لە دەروازەی پیشەوەریی پیشەیی یان خوێندنی ئەکادیمییەوە نەهاتۆتە ناو دنیای رۆژنامەگەری، یان وەك هەر نەقیبێك بە رێکەوتێك لە هەڵبژاردنەکاندا دەرچووە، یان سواری شەپۆلێك بووە و گەیاندویەتی بە سەرکردایەتیی سەندیکا.. رۆژنامەگەری بەلای فەرهادەوە وەك هەوا وایە کە بەبیٚ ئەو ناتوانێت یەك سات بژی. لەبەرئەوە سەندیکا لە ژیانی فەرهاد عەونیدا جگە لە لەئەستۆگرتنی خەباتێکی پیشەیی و سیاسی و رۆشنبیری و رۆژنامەگەری هیچیتر نەبوو، چونکە پێشتر چەندین پێگەی سەرکردایەتی و جومگەیی گەورەی لە گرنگترین دامەزراوە رۆژنامەوانییە کوردستانییەکاندا وەرگرتوە، سەندیکایش بۆ ئەو بەهەمان ئەندازە کۆتایی خەون و خواست نیە. رۆژنامەگەری وەك ژیان وایە کەس ناتوانێت فەرمانی پیٚ بکات لە رۆیشتن بوەستێت، رۆژنامەنووسی راستەقینەیش هەرگیز ناتوانێت پاڵی لیٚ بداتەوە و بڵێت ئەمە کۆتایی گەشتەکەیە، رەنگە بڵێت ئەمە کۆتایی قۆناغێکە، بەلاّم تا هەناسەیەکی زیندووی تێدا بێت، هەردەم بەدوای سەرەتا و خستنەسەری نوێدا دەگەرێت.

پێم وایە دیمەنی باوی فەرهاد عەونی لە نووسینگە رەسمییەکەیدا لەو کاتەی کارە رۆژنامەوانی و سەندیکاییەکەی ئەنجام دەدات، جێگەی تێرامان و بەبەڵگەکردنە، تۆ هەموو دەم دەیبینیت کۆمەڵێك رۆژنامە و گۆڤار لەدەوری هەڵدراونەتەوە کە لە

کوردستان و لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی دەردەچن و لەسەر ئەو مێزە گەورەیەی کۆبوونەوە هەڵچنراون، کە چێژ لەوە دەبینێت لەسەری دابنیشێت بەمەبەستی خوێندنەوە و بەدواداچوون و هەندێ جار نووسین، لاپەڕەکانیان هەڵدەداتەوە و بەبێ کولبوون یان بێزاربوون هەندێ بڕگە دیاری دەکات کە سەرنجی رادەکێشن و پرسیاری لەلا دروست دەکەن، یان تووڕەی دەکەن. تەلەڤزیۆن لە ژوورەکەیدا کەلوپەلێکی ئاسایی ناوماڵە، بەکەمی دیومە شاشەکەی رۆشن بووبێت، چونکە فەرهاد بە سەرقاڵبوونی تا رادەی تێدا نوقمبوون لە رۆژنامەگەریی چاپکراودا لە ناوچەیەکی سەهودا لەبیری دەکات. ئەو رۆژنامەگەرییە بۆ فەرهاد جۆرە ئەشق یان خەونێکە، خەونێکی خۆش کە هەژموونی خۆی بەسەر خەیاڵگەی هەڤاڵی نەقیبدا مومارەسە دەکات و لە هەڵسوکەوتی رۆژانەی و چالاکیی پیشەیی و سەندیکایی ئەودا رەنگ دەداتەوە. ئاخۆ رۆژێك دێت فەرهاد لە خەون و ئەشقی رۆژنامەگەری رزگاری ببێت..؟ من کە ماوەی چوار ساڵ لە کارکردندا یاوەری بووم، گومانێکی گەورەم هەیە ئەوە روو بدات، رۆژانی داهاتوویش رادەی قووڵی و ریشەداریی ئەو خەونە لە خەیاڵگەی هەڤاڵمان و رادەی هەژموونی بەسەریەوە، ئاشکرا دەکات.

## بۆچی جێبەجێکردنی یاسای سندووقی خانەنشینیی

## رۆژنامەنووسانی کوردستان دواکەوت؟

لە ناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی رابردوودا گۆرانییەك لەناو خەڵكدا باو بوو، کە هەرکات هەستیان بە بێئومێدی بکردایە لە جێبەجێکردنی خاڵەکانی یاسایەك کە ساڵانێکی بەسەردا تێدەپەڕی، لەبەر خۆیانەوە دەیانگوتەوە، سەرەتا گۆرانییەکە بەم شێوەیە:

**العبرة مو بكثرة السفن     العبرة بالعبارة**

**(واتە گرنگ زۆریی کەشتی نیە، گرنگ کەشتیەوانە)**

کاتێك وشەکانی گۆرانییەکە شی دەکرێنەوە، دەردەکەوێت زۆریی ئەو کەشتییانەی لە کەناری دەریا یان رووبارێك وەستاون، بەبێ بوونی کەشتیەوانێك، کە کەشتییەکان بخاتە کار و خەڵك بگەیەنێتە شوێنی سەلامەت، لەتوانایاندا نیە خەڵك بگوێزنەوە بۆ ئەوبەری رووبارەکە.

بەڕێزان رەنگە بپرسن هۆی یادهێنانەوەی ئەو گۆرانییە بەتایبەت لەم کاتەدا چییە و بۆ چ مەبەستێکە؟

وەك بەڵێنم پێدان راشكاوانە پێتان دەڵێم هۆی ئەو یادخستنەوەیەم ئەوەیە، ماناكانی ئەو گۆڕانییە  لە وردەكاریی چیرۆكی (یاسای سندووقی خانەنشینیی رۆژنامەنووسانی كوردستان) دەچێت.

ئەم یاسایە لەلایەن ئەنجومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستانەوە ئامادە كرا و داڕێژرا و لە ٢٠٠٠/٢/٩ بە نووسراوی رەسمی ژمارە (٣٥) پێشكەش بە وەزارەتی رۆشنبیریی حكومەتی هەرێمی كوردستان كرا. دوای بگرە و بەردەیەك لەنێوان لایەنە پەیوەندارەكان و چەند جارێك تاوتوێكردنی لەگەڵ ئێمەدا، یاساكە بەژمارە (١٣)ی ساڵی ٢٠٠١ لە ٢٠٠١/١٠/٣١ لە پەرلەمانی كوردستان دەرچوو. لەوكاتەوە و دوای تێپەڕبوونی پتر لە پێنج ساڵ ئەو یاسایە جێبەجێ نەكراوە، ئەمە لەكاتێكدا مادەی (٢٢)ی یاساكە جەخت لە جێبەجێكردنی دەكات، كە مادەی ناوبراو دەڵێت: (ئەم یاسایە لە مێژووی بڵاوبوونەوەیەوە لە وەقائیعی كوردستان، جێبەجێ دەكرێت).

یاسای ناوبراو لە ژمارە (٢١)ی رۆژنامەی رەسمیی حكومەتی هەرێمی كوردستان (وقائع كوردستان)، لە ٢٠٠١/١٠/٣١ بڵاو كرایەوە.

ئێمە و ئەوانەی بەبابەتەكەوە پەیوەندارن، هەروەها بنەماڵەی رۆژنامەنووسانی شەهید و كۆچكردوو، كە یاساكە لە بنەڕەتدا لەپێناو ئەواندا دانراوە، دەپرسین: دەبێت كێ لە جێبەجێنەكردنی ئەو یاسایە بەرپرس بێت، كە هێندەی ئەو پارەیە لەسەر بودجەی حكومەت ناكەوێت كە وەزارەتی رۆشنبیری هەرێمی كوردستان لەكاتی فیستیڤاڵە ساڵانەكانیدا لە نووسین و هەڵواسینی لافیتەكاندا خەرجی دەكات، نەخاسمە كە یاسای ناوبراو ئاماژە بەوە دەدات (نوێنەری وەزارەتی رۆشنبیری سەرۆكایەتیی دەستەی سندووقی خانەنشینیی رۆژنامەنووسان دەكات)،

**لەکاتێکدا لەوکاتەوە یاساکە دەرچووە تا ئەمڕۆ پۆستی وەزارەتی رۆشنبیری سێ وەزیر وەریان گرتوە، دوانیان لە ناوە دیارەکانی بواری کاری رۆژنامەنووسین.**

**جارێکیتر دەپرسین هۆی دواکەوتنی جێبەجێکردنی ئەو یاسایە تا ئەمڕۆ چییە؟! و چاوەڕوانی وەلامین.**

**خالی (٥) لە مادەی (١٩) (ئەرك و پابەندییەکان)ی یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ژمارە (٤)ی سالی ١٩٩٨ کە لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە، دەلێت:**

**(پێویستە سەندیکا لە هەر سکالایەك دژی رۆژنامەنووس ئاگەدار بکرێت، جگە لە حالەتی تاوانی بینراو (الجرم المشهود)، نابێت پرس و جۆ لەگەل رۆژنامەنووس یان لیکۆلینەوەی لەگەل بکرێت لەسەر تاوانێك کە دراوتە پالی و پەیوەندی بە مومارەسەکردنی پیشەکەیەوە هەیە، تا پاش ئاگەدارکردنی سەندیکا لەوە).**

**زۆربەی جار دەسەلاتداراتی لێکۆلینەوە وەك جێبەجێکردنی مادەی (٢٦)ی یاسای ناوبراو، رەچاوی خالی ناوبراو دەکەن کە دەلێت: (کار بەهیچ دەقێك ناکرێت لەگەل حوکمەکانی ئەم یاسایەدا تێکبگیرێت)، هەروەها مادەی (٢٦) کە دەلێت: (ئەرکی وەزیرانی پەیوەندارە حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن).**

**بەلام هەندێ جار ئەم مادەیە پێشێل دەکرێت، کە رەنگە هۆی ئەوەیش بۆ ئاگەدارنەبوونی هەندێکیان لە یاسای ناوبراو بگەڕێتەوە، کە لە پەرلەمان دەرچووە، سەرباری بلاوبوونەوەی لە رۆژنامەی رەسمیشدا.**

**لێرەدا پێویستە سەرجەم وەزارەتەکانی هەرێم فەرمانگە و بەڕێوەبەرایەتییەکانیان لە دەقەکانی ئەو یاسایانە ئاگەدار بکرێنەوە کە لە دەسەلاتی یاسادانانەوە دەردەچن، تا بوار بۆ لێکدانەوە شەخسییەکان بەجێ نەهێلرێت، کە جیاواز لەوەی یاساکەی**

لەپێناودا دانراوە راڤە دەکەن. لەلایەکیترەوە بابەتێکیتر هەیە پەیوەندیی راستەوخۆی بەو لایەنەوە هەیە سەندیکا هەوڵ دەدات لە هەر زیادەڕەوی (تجاوز)ێك بیپارێزێت، ئەویش بابەتی راگرتن (توقیف)ی رۆژنامەنووسە بۆ لێکۆڵینەوە. خۆی عورف یان یاسایەکی گشتی هەیە دەڵێت (تۆمەتبار بێتاوانە تا تاوانبارونی دەسەلمێت)، جا مادام تۆمەتبار بێتاوان بێت بەتایبەت کاتێك پەیوەندیی بە بابەتی تەوقیفی رۆژنامەنووسێکەوە بۆ لێکۆڵینەوە هەبێت لەو بابەتانەی پەیوەندییان بە بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی تایبەت بە کەسێك، یان لایەنێکی دیاریکراوەوە هەیە و کاتێك دەسەڵاتدارانی لێکۆڵینەوە سەندیکا ئاگەدار دەکەن لە بانگکردنی رۆژنامەنووس بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا و مامەڵەیەکی ئوسوڵی لەتەکدا دەکرێت و بۆ لێکۆڵینەوە تەوقیف دەکرێت، پێویستە فەرمانگەکانی پۆلیس وەك تاوانبارێکی ئاسایی مامەڵە لەگەڵ رۆژنامەنووسدا نەکەن یان فڕێی بدەنە ناو ئەو گرتووخانانەی تایبەتن بە خاوەن پێشینەکان و تاوانبارانی ئاسایی کە حوکمی قەزایی دژیان دەرچووە و پلەی بنڕی وەرگرتوە، چونکە یەکسانکردن لەنێوان رۆژنامەنووسێکی تۆمەتبار بە بڵاوکردنەوەی هەواڵێکی ناڕاست لەگەڵ تاوانبارێك کە لە تاواندا نغرۆ بووە، لە بەندکردنیان لەنێوان دیوارەکانی یەك گرتووخانەدا، بابەتێکە پێویستە چاوی پێدا بخشێنرێتەوە.

پێویستە وەزارەتی ناوخۆ کە بابەتەکە پەیوەندی بەوەوە هەیە، ئاگەداری ئەمە بێت، ئەویش بە تەرخانکردنی قاوشەکان لەسەر بنچینەگەلێکی دروست و جیاوازی بکرێت لەنێوان تاوانبارێك و تۆمەتبارێك، لەنێوان تۆمەتبار بە تاوانێکی ئاسایی و تۆمەتبارێکیتری وەك رۆژنامەنووسێکدا کە بەپێی فەرمانێکی تەوقیفی دەسەڵاتدارانی لێکۆڵینەوە دەخرێتە زیندان.

چەند ڕۆژێك لەمەوبەر ئێمەی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لەگەڵ توێژێکی بەرفراوانی ڕۆشنبیرانمان، یادی (١٠٧) ساڵەی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردیمان کردەوە، چەند ئاهەنگێك لە پارێزگەکانی کوردستان ساز کران کە داوودەزگە میدیایی و ڕۆژنامەوانییەکان، هەریەك بەشێوەی تایبەتی خۆی، بەشدارییان تێدا کرد و لەلایەن ئەم یان ئەو لایەنەوە ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنووسان و دامەزراوە میدیاییەکان خەڵات کران.

کارێکی چاکمان کرد، بەڵام ئاهەنگگێڕانمان بەم بۆنە مێژووییە و بەم شێوازە و بەو پێیەی هەرکەسمان دەیبینێت، بۆنەیەکە وامان لێ دەکات پرسیارێکی تایبەت بکەین لەبارێکدا ئێمە لە دەروازەی قۆناغێکی نوێداین، کە چەسپاندنی زیاتری ئازادیی ڕۆژنامەنووسی بەخۆوە دەبینێت، ئەو پرسیارەیش ڕەوایە و لە پێشنیارێکدا کورت دەبێتەوە کە ئاراستەی لایەنگەلی پەیوەندار دەکرێت، ئەویش ئەوەیە:

بۆچی هەموو ئەوانەی بەلایانەوە گرنگە ڕۆژێك بۆ ڕۆژنامەنووسی کوردستانی بچەسپێنرێت، کە ڕۆژی دەچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییە، ڕێك ناکەون لەسەر ڕێزنان لە پێشڕەوانی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە بنەماڵەی تێکۆشەری بەدرخان، کە پتر لە سەدەیەك لەپێناو کورد و کوردستان کار و خەبات و تێکۆشانیان کرد و تاڵاویان چەشت، لە هەلومەرجێکدا نە ئەم گەشە نەتەوەییە نە ئەم هۆشیارییە بەرانبەر خواستەکانی بەرژەوەندیی کورد و کوردستان بەم شێوەیەی ئێستا دەیبینین هەبوو. دوور لە وڵاتی کوردان و لەوێ لە وڵاتی غەریبی، بنەماڵەی بەدرخانی توانییان لەڕێی ڕۆڵە جوامێرەکانیەوە وەك میقداد میدحەت بەدرخان بەگەوە توانی ببەخشێتە ڕۆژنامەگەریی کوردی، کە نە سەختییەکانی ڕۆژگار و نە ئەو ستەم و ناهەقیەی بەرانبەر گەلەکەمان کراوە، نەیانتوانیوە ئەو کارە داهێنەرانە و ئەو شوێنەوارە مێژووییە بێوێنەیە لە یادگە و ویژدانمان بسڕنەوە.

کەواتە بۆچی هەر لەمڕۆوە سەرجەم کۆشش و وزەکان یەك نەخەین بۆ ئەنجامدانی کەرنەڤاڵێکی کوردستانی بەرپرس، بۆ زیندوو راگرتنی یادی پێشڕەوان و ئاهەنگگێڕان بەو بۆنەیەوە و دیاریکردنی ئەو سوێندە ویژدانییە نەنووسراوەی دەڵێت: ((شکۆدار بن پێشەنگانی رۆژنامەگەریی کوردی)).

بەڵێ بۆ ئازادیی رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووسان و بەرگری لێکردنیان، بەڵێ بۆ یەکخستنی کۆششەکان لەپێناو رێکخستنی کەرنەڤاڵێکی کوردستانی بۆ ماوەی سێ رۆژ (٢١، ٢٢، ٢٣)ی نیسانی هەموو ساڵێك لەژێر بەیداخی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە زۆربەی قوتابیانی میقداد میدحەت بەدرخان لەخۆ دەگرێت.

شکۆ بۆ خودا لە بڵندایی و لەسەر زەویش ئاشتی..

لۆمەی کەس ناکەم بەڵام لەوانەیە گلەیی بکەم، گلەییش هەمیشە لەڕووی خۆشەویستیەوە دێت، لەبەرئەوە بڕیارم دا گلەیی بکەم، گلەییەکەیش ئەم جارە یەکەم روو لە هەڤاڵانی رۆژنامەنووسمانە و دووەم، روو لە دادمەزراوە رۆژنامەوانی و میدیاییەکانی کوردستانە، بەتایبەت بەرپرسانی ئەو دامەزراوانە.

بەڵام ئەی گلەییکردن بۆ؟!

وەڵامەکەی ئەوەیە، بەگوێرەی ئەوەی لە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان  و بڕیارەکانی کۆنگرەکانیدا هاتووە، ئەنجومەنی سەندیکا کردوێتی بە نەریت گرنگی بە کردنەوەی خولی شیاندن بدات دەبارەی سەلامەتیی پیشەیی رۆژنامەنووسان و بابەتگەلی رۆژنامەوانیی هەمەجۆر، لەوانە: (ئامادەکردنی هەواڵ) و (وێنەگرتنی فۆتۆگرافی) و هیتر، ئەویش بەهاوکاری لەگەڵ فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان IFJ، لەڕێی میوانداریکردنی پسپۆڕانی ئەو بوارانە و بەشداریکردن لە

کارەکانی ئەو ۆرکشۆپانەی لە عومانی پایتەختی ئوردن و برۆکسێلی پایتەختی بەلجیکا ساز کران، تێیاندا بەشداران زانیاریی بەنرخیان وەرگرت و چەردە پارەی بەرچاو لەلایەن فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسانەوە بۆ رۆژنامەنووسان خەرج کرا.

هەموو ئەوە لەپێناو ئەوەی نوێنەرانی سەندیکا رۆژنامەوانییەکانی جیهان و بەشدار لەو جۆرە خولانەدا، ئەزموونەکانی ئێمە بۆ رۆژنامەنووسانی ولآتانیان بگوێزنەوە، بەتایبەت لە ناوچە شلۆقەکان، بۆ نموونە وەك عێراق.

بەلآم ئەوەی جێی داخە بەدەمەوەنەهاتنی هەندێ دامەزراوەی میدیایی بوو بۆ بەشداریکردن لەرێی رۆژنامەنووسەکانیەوە لەو جۆرە خولانەدا، لەکاتێکدا ئەوە هیچ خەرجێکی مادییان ناخاتە سەر شان. هەروەها کەمیی بەشداریی رۆژنامەنووسان نەخاسمە لەو خولەدا لە رۆژانی ٨-١٢/ئایاری ٢٠٠٥ لە باخچەی سەندیکا کرایەوە، ئەمە سەرەڕای ئامادەکاریی پێشوەخت و ئاگەدارکردنی رۆژنامەنووسان و دامەزراوە رۆژنامەوانییەکان لە وادەی بەستنی، ئەمە جگە لە بایەخنەدانی ئەوتۆی رۆژنامەگەری بەو خولە لەکاتێکدا خولەکە لەپێناو سەلامەتیی رۆژنامەنووسان لە کوردستان لەکاتی ئەنجامدانی کارە رۆژنامەوانییەکانیاندا، کرایەوە.

## نەك بەرگریكردن لە سەندیكا بەڵكو لە راستی

وشەكانم لێرەدا بەرگریكردن نین لەو سەندیكایەی حزووری خۆی لەسەر هەدوو گۆڕەپانی یەكەم پیشەیی و دووەم سیاسی سەلماندوە، بەئەندازەی ئەوەی روونكردنەوەی هەندێ شتە كە رەنگە لە هەندێ كەس شاراوە بن، یان رەنگە هەندێ كەسیتر خۆیانی لێ نەبان بكەن لە بارێكدا ئەوان لە هەمووان ئاگەدارترن لە رۆڵی سەندیكا لە: یەكەم بەرگریكردن لە رۆڵی رۆژنامەگەری و دووەم لە گەرەنتیكردنی مافی رۆژنامەنووسان، بەڵام لە سنووری یاسادا كە بەسەر هەمووماندا حاكمە بەبێ جیاوازی، كە بەپێچەوانەوە كارەسات بێبەزەییانە دادەبارێت و كۆمەڵگە زیانی پێدەگات و شتی ئەوتۆ روو دەدات ئاكامی باش نابێت.

لەم سێ مانگەی دواییدا ئەنجومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان چەند زیادەڕۆییەكی بەخۆوە بینی بۆ سەر هاوڵاتیی رۆژنامەنووس و بۆ سەر داوودەزگەكانی دەوڵەت و بۆ سەر حزبێكی سیاسیی بەڕێز، سەندیكایش رۆڵی كاریگەری هەبوو لە چارەسەركردن و كۆتاییهێنانیدا (داوا لێبوردن دەكەم لە باسكردنی ناوەكان).

حاڵەتی یەکەم کاتێك راستەوخۆ چووینە سەر خەت بۆ پشتگیریکردنی دوو رۆژنامەنووس لە ئەندامانی سەندیکا کە تەوقیف کرابوون و دەستمان لە ئەرکەکە هەڵنەگرت تا ئازاد کران و بە مادەکانی یاسا بەهێز بووین، لە حاڵەتی دووەمدا سەندیکا بوو بە میانگیر لەنێوان سەرنووسەری رۆژنامەیەك و حزبێکی سیاسیدا کە قورسایی خۆی لە گۆڕەپانی سیاسیدا هەیە کاتێك کێشەکە کەوتە دادگە، گوناهی رۆژنامەکە بوو کە بەبێ بەڵگە هەواڵێکی بڵاو کردبووەوە ئەو حزبەی تۆمەتبار کردبوو، ئەنجامەکەی پاش هاتنەسەر خەتی ئێمە، داننانی سەرنووسەری ئەو رۆژنامەیە بوو بە هەڵە و زیادەڕەوی (تجاوز)، ئەوەیش وای لە حزبی ناوبراو کرد بەسوپاسەوە دەست لە مافی خۆی هەڵبگرێت و سەفا گەڕایەوە بۆ ناو ئەهلی خێر.

حاڵەتی سێیەم (هەوڵدانی شەخسی)ی خۆم بوو بەبڕیاری ئەنجومەنی سەندیکا، بۆ چوون بۆ دادگەکان و بەشەخسی میانگیریکردن لەپێناو ئازادکردنی رۆژنامەنووسێك کە تەوقیف کرابوو بۆ لێکۆڵینەوە، تۆمەتەکەی توند بوو کە تۆمەتبارکردنی (یەکێك لە پارێزەرانی خاوێنیی و دادپەروەریی قەزا) بوو لە وڵاتەکەمان بەتوندترین تۆمەت، بەڵام بەهۆی هەوڵەکانی ئێمە و دەستوەرانی راستەوخۆمان وایکرد رۆژنامەنووسەکە لە کاتژمێرێك زیاتر لە تەوقیف نەمێنێتەوە.

لەڕووی یادخستنەوەوە دەڵێین: خاڵی (٥) لە مادەی (١٩) دەڵێت (پێویستە سەندیکا لە هەر سکاڵایەك دژی رۆژنامەنووس ئاگەدار بکرێت، لە حاڵەتی تاوانی بینراودا نابێت پرس و جۆ لەگەڵ رۆژنامەنووس بکرێت و لێکۆڵینەوەی لەگەڵدا بکرێت لەسەر تاوانێك بەمومارەسەکردنی ئەرکە پیشەییەکەی دراوەتە پاڵی، تا سەندیکا لەوە ئاگەدار نەکرێت). خاڵی (٧)ی مادەی (٢٠)یش دەڵێت: (رۆژنامەنووس بۆی نیە وشەی نووسراو یان پەخشکراو بەشێوەیەکی تایبەت بۆ سوودی شەخسی و

زیانبەخش بە کەسانیتر بقۆزێتەوە، یاخود سیفەت یان بیرۆکەی زیانگەیاندن بە ئادابی و سیستمی گشتی هەڵببەستێت).

خاڵی (٨)ی هەمان مادەیش دەڵێت: (ڕۆژنامەنووس بۆی نیە بەزانیاریی ناڕاست جەماوەر چەواشە بکات و واقیع بەشێوەیەکی نائەمین وێنە بگرێت یان هەواڵی نادڵنیا بڵاو بکاتەوە).

لەڕووی جەختکردنەوەوە دەڵێین:

یەکەم: کاری سەندیکا وەك هەر ڕێکخراو یان سەندیکایەکیتری کوردستان، مەحکومە بە یاسایەکی نووسراو و دەرچوو لە بەرزترین دەسەڵاتی یاسادانانەوە کە (پەرلەمانی هەرێمی کوردستان)ە، یان بەگوێرەی یاسای کۆمەڵەکان، کە لەلایەن وەزارەتی ناوخۆوە مۆڵەتی پێدراوە.

دووەم: سەندیکا بەو ئەندازەیەی پاڵپشتی ئازادیی ڕۆژنامەگەری و مافی ڕۆژنامەنووسانە، پابەندە بە هێڵی نیشتمانی و بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی گەلی کوردستان و ئاسایشی هاوڵاتییەکانی، کاتێك ئەنجومەنی سەندیکا بەرگری لە ڕۆژنامەنووسێك دەکات کە خزێنراوەتە تەوقیفی گشتی لەگەڵ کۆمەڵێك خەڵکی تاوانبار و خاوەن پێشینە لە یەك قاوشدا، بەلایەوە قیامەت هەڵدەستێت تا ئازاد دەکرێت بەبێ ئەوەی واز لە ڕەخنەگرتن لە داوودەزگەکانی وەزارەتی ناوخۆ لەسەر ئەو ڕێکارە هەڵەیە هەڵبگرێت.

لەلایەکیترەوە کاتێك بەرگری لە ڕۆژنامەنووس دەکەین وەك ئەرکێکی پیشەیی بەگوێرەی یاسا، نە خۆمان و نە سەندیکا وەك لایەنێکی دژ بە دەسەڵاتی سیاسیی کوردستان دانانێین و جارێکیتر دووپاتی دەکەینەوە کە ئێمە بەشێکین لە توێژێکی

تێکۆشەر، کە لەپێناو گەیشتن بەوەی لەسەر گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان دەیبینین، کار و خەباتی کردوە.

لەپێناو کوردستان و گەلەکەیدا لەگەڵ هەق و یاسادا دەوەستین و رەخنە لە رێکارە نەرێنییەکان دەگرین و نەیاری ئەو بۆچوون و ئیجتیهادانەین کە بەناڕەوا زیان بە کۆمەڵگە دەگەیەنن (بە تاك و حزب و دەسەڵاتی سیاسییەوە).

لەکۆتاییدا بەوانەی دەیانەوێت بە ناڕەوا و دوور لە راستی و لە سەربەنی زاتی و بەرژەوەندیی رووتەوە زیان بە کاری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بگەیەنن دەڵێین: (وقل اعملوا وسيرى الله عملكم ورسوله والمؤمنون).

## ئەم شێواندنە لە بەرژەوەندیی کێ دەکرێت؟

دکتۆر ئیبراهیم جەعفەری لە ٢٠٠٥/٥/٣١ بەرنامەی سیاسیی حکومەتەکەی پێشکەش بەئەنجومەنی نیشتمانی کرد، لەو رووەوە بەرنامەی ناوبراو چەندین بابەت و پرسی گرنگ و چارەنووسسازی تێدا نەبوو کە بەلای هەرێمی کوردستانەوە گرنگن، جێبەجێکردنی مادەی (٥٨)ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەت بۆ ماوەی راگوزەر و پەیوەندیی حکومەتی ناوەندی بە هەرێمی کوردستان و حکومەتە نیشتمانییەکەیەوە، بووە مایەی نیگەرانیی شەقامی کوردستانی هێشتایش، چونکە ئێمە چاوەڕوانمان دەکرد بەرنامەی سیاسیی حکومەتی ئێستا لە سەرجەم بەرنامە سیاسییەکان، لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیەوە (لە ساڵی ١٩٢١) تا ئەمڕۆ، جیاواز بێت.

هۆکەیشی لای هەمووان زانراوە، کە ئەوەیە حکومەتی عێراق لەئەنجامی رێکەوتنی ئەو هێزانەوە پێکهات لە هەڵبژاردنە گشتیەکانی رۆژی ٣٠ی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٠٥دا سەرکەوتن، هەروەك لەبەر تیشکی ئەو بنچینە و بنەمایانە بوو کە ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی و هاوپەیمانیی نیشتمانیی کوردستان سەبارەت بە کارکردنی حکومەتی عێراق لەسەریان رێك کەوتن و لە ٢٠٠٥/٤/٨ هەردوولا ئیمزایان کرد. لەگەڵ ئەوەیشدا بەرنامە سیاسییەکە نائومێدکەر بوو، ئومێد دەکرێت ناتەواوی

و كون و كەلەبەرەكان لەبەر تيشكى  كارنامەى ليژنەى تايبەت بە تاوتويكردنى بەرنامە سياسييەكەوە بەسەرۆكايەتيى ئەنجومەنى وەزيران و هەروەها لەبەر تيشكى ئەو سەرنجانەى هەڤالان لە هاوپەيمانيى كوردستان و بارستە سياسيەكانيتر خستيانە روو، چارەسەر بكرين.

سەرۆكى حكومەت دكتۆر ئيبراهيم ئەلجەعفەرى خۆى دانى بە بوونى ئەو سەرنجانەدا نا و لە دانيشتنى كۆمەڵەى نيشتمانى رۆژى ٢٠٠٥/٦/١٤دا كە تايبەت بۆ تاوتويكردنى بەرنامەى حكومەت بەسترا، بەلێنى دا هەمواريان چارەسەريان  بكات.

لێرەدا پێويستە ئەوە وەبير بێنينەوە كە كارى كۆمەڵەى نيشتمانى بەگوێرەى ديسپلينەكانى پەيڕەوى ناوخۆ و ئالۆزييەكانى لە دەركردنى بڕيار، بە رەزامەنديى زۆرينە يان زۆرينەى سادە بەڕێوە دەچێت، يان بەگوێرەى بنەماى سازان (تەوافوق) وەك هەندێ جار بووەتە نەريت و تاوتوێكردنى بابەتێكى وەك بەرنامەى سياسى لانيكەم پێويستى بە دوو هەفتە هەيە، بەڕێز سەرۆك وەزيران رۆژى ٢٠٠٥/٥/٣١ بەرنامەكەى پێشكەش كرد بەلام تاوتوێكردنى بەرنامەكە رۆژى ٢٠٠٥/٦/١٤ بەڕێوە چوو و لەڕێيەوە ليژنەيەكى تايبەت بەديراسەكردنى بەرنامەكە پێكهێنرا و بيرۆكە و پێشنيارى نوێ و باش بۆ چارەسەركردنى ناتەواوييەكانى گەلالە بوون.

بەم شێوەيە، لەكۆتاييدا دكتۆر حوسێن شەهرستانى يەكێك لە جێگرانى سەرۆكى كۆمەڵەى نيشتمانى كە دانيشتنەكەى بەڕێوە دەبرد پێشنيارەكەى هاوپەيمانيى كوردستانى خستە روو، كە داواى تێكەڵكردنى تێبينييەكانى ليژنە تايبەتەكە و تێبينييەكانى بارستە سياسييەكان و موداخەلەكانى ئەندامان و زيادكردنيان كرد بۆ بەرنامەكە، كە متمانەى زۆرينەى پەرلەمانى بەدەست هێنا لەگەڵ دەنگنەدانى ژمارەيەك لە ئەندامانى هاوپەيمانيى كوردستان،خستيە روو بۆ دەنگدان لەسەرى.

نووسینی ئەم پێشەکییە پێویست بوو بۆ روونکردنەوەی کاری کۆمەڵەی نیشتمانی، هەروەها تاوتوێکردنی بەرنامەی سیاسیی حکومەتی عێراق، کە هاوپەیمانیی کوردستان بەسەرکەوتوویی لێی دەرچوو بە روونکردنەوەی تێبینییەکانی لەبەردەم رای گشتیدا لەبارەی ئەو کون و کەلەبەرانەی لە بەرنامەی سیاسیی حکومەتدا هەبوون.

هەروەك هەندێ لە ئەندامانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لە کۆمەڵەی نیشتمانی بەگوێرەی ئەو کاتەی لەبەردەستیاندا بوو بۆ قسەکردن، بۆچوونی بوێرانە و تێبینی بەنرخ و رەخنەی راشکاو و بەهێزیان لە بەرنامەکەی دکتۆری جەعفەری دەربڕی، بەڵام هەندێ قەڵەم و هەندێ هەڤاڵ لە کوردستان لە دەزگەکانی راگەیاندندا رەخنەی توند و بێ پاساویان لە هاوپەیمانیی کوردستان گرت وەك ئەوەی ئەوان لە ئەندامانی هاوپەیمانی پەرۆشتر بن لەسەر ئایندەی گەلی کوردستانمان، یان وەك ئەوەی بەرنامە سیاسییەکە بەکەموکوڕی و کەلەبەرەکانیەوە لەلایەن هاوپەیمانیی کوردستانەوە ئامادە کرابێت، لای هەندێ کەس کار گەیشتە گومان خستنەسەر هەڵوێست و نیشتمانپەروەریی ئەندامانی بارستەی کوردستانی و بە سوودخواز (منفعی) و هەڵپەکەر بەدوای بەرژەوەندییەکاندا وەسفیان کردن. ئەو خاوەن قەڵەمانەیش دەزانن (کێن ئەو سوودخوازانە؟!).

بەوانە دەڵێین: ئێمە نکوڵی لە لاوازیی راپەڕاندنی ئەرکی پەرلەمانی هەندێ لە برایان و خوشکانی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان ناکەین، ئەوەیش زۆر هۆی هەیە، لەوانە ئەوەیە ئەزموونی یەکەمیانە لەو جۆرە کارە نیشتمانییەدا، بەڵام زۆربەی ئەندامانی هاوپەیمانیی کوردستان دەرك بە کاری نیشتمانیی خۆیان دەکەن، کە لەسەر پاشخانی سیاسی لە خۆشەویستیی کورد و کوردستان دامەزراوە سەرباری ئەو مەترسییانەی دەوریان داون لەکاتی ئەنجامدانی ئەرکی نیشتمانیی پیرۆزیان لە

کەشوهەوایەکی زۆر ئاڵۆزدا و بەرگەی هەڵەی غەیری خۆیان دەگرن، لە ڕاستکردنەوەی ئەو هەڵدێرگانەی تێیان کەوتوون و بە ویستی خۆیان گوێ بەو زیانە نادەن کە پێیان دەگات با لەسەر حسابی ژیانیشیان بێت.

بە هەڤاڵە ڕەخنەگرەکانمان دەڵێین بەبێ دوودڵی سینگمان فراوانە بۆ هەر ڕەخنە و تێبینییەکی بنیاتنەر، کە بەشداری لە دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی کوردستاندا بکات و پارێزگاری لە قەوارەی کوردستان و ئایندەی گەلی کوردستان بکات، بەلاّم گومانخستنە سەر نیشتمانپەروەریی ئەوانیتر و زیانگەیاندن بە ناوبانگی نیشتمانی شتێکە قابیلی بێدەنگی نیە، بەتایبەت کاتێك لە خەڵکانێکەوە بێت کە لە تۆماری نیشتمانپەروەری و قوربانیداندا مسقاڵە زەڕەیەك خێری بۆ کورد و کوردستان نەبووە و ئەو گوتەزا بەناوبانگەیان بەسەردا دەچەسپێت کە دەڵێت: ئەوەی شتێکی نەبێت نایبەخشێت (فاقد الشيء لا يعطيه).

ئەمە لەکاتێکدا بەڵێن بۆ گەلی کوردستانمان نوێ دەکەینەوە کە لەسەر ڕێگەی نیشتمانپەروەری و سازشنەکردن لەسەر بەرژەوەندیی بالاّی گەلەکەمان دەڕۆین، تەنانەت ئەگەر ژیانیشتمانی لەپێناودا دابنێین و باوەڕمان بەوە هەیە کە خوای گەورە دەفەرموێت: (وقل اعملوا فسيرى الله عملكم ورسوله والمؤمنون).

## به شەونخوونکێشمان زانین!!

ئەو یاسایەی بەژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەرچوو، کە تایبەت بوو بە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و وەك دیارییەکی پەرلەمانی هەرێم بوو بۆ رۆژنامەنووسانی کوردستان لە یادی سەد ساڵەی لەدایکبوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی، کە بەپێی ئەو یاسایە سەندیکا پێکهات و بوو بە یەکەمین رێکخراوی پیشەیی کە دابەشکرانی کارگێڕیی کوردستانی تێپەڕاند، بەشێوەیەك سەندیکا زۆربەی رۆژنامەنووسانی لەخۆ گرت بەجیاوازیی نەتەوە و ئاراستەی سیاسی و ئاینی و مەزەبییانەوە.

هەروەك بوو بە یەکەمین سەندیکا کە سنووری کوردستان و عێراقی بڕی، لەڕێی قبووڵکردنی بەئەندامبوونی لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان و لقی لە سەرجەم پارێزگەکانی هەرێم کردەوە، هەروەها لە مووسڵ و نووسینگەیەکی کارایشی بۆ پەیوەندییە دەرەکییەکان هەیە.

بەڵام جۆرە سستی نواندنێك لە هۆڵەکانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێز و بایەخنەدان هەیە بە مەسەلەیەکی زۆر گرنگ، ئەویش گیان نەکردنەوەیە وەبەر ئەو یاسایەی ساڵی ٢٠٠١ لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو و تایبەت بوو بە

سندووقی خانەنشینی رۆژنامەنووسان سەرباری تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر دانانیدا، هەروەها لەگەڵ جەختکردنەوەی زۆرمان لەو ماوەیە و سەرباری ئەوەی ئەو یاسا و بڕیارانەی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دادەنرێن، وەزارەتە پەیوەندارەکان پابەند دەکەن بەجێبەجێکردنیان.

من دڵنیام بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان (ئیدارەی هەولێر) -وەك بەوە ناسراوە- قبووڵ ناکات بڕیارەکان بەگوێرەی میزاجی هەندێ لە فەرمانبەرانی ئەنجومەنی وەزیران دوا بخرێن، نەخاسمە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە کە ژمارەیەکی زۆر کەم لە رۆژنامەنووسانی شەهید و کۆچکردوو دەگرێتەوە و لەوانەیە ژمارەکە نەگاتە زیاتر لە بیست حاڵەت.

سەرباری جەختکردنەکانمان بە زارەکی و بە نووسین، هیواخوازین لەوە زیاتر دوا نەکەوێت، چونکە خێزانی ئەو رۆژنامەنووسە (شەهید و کۆچکردوو)انەیش وەك من چاوەڕوانی پەلەکردن لە جێبەجێکردنی یاساکە دەکەن لەلایەن (سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیران-لیژنەی هەژمارکردنی خزمەتەوە)، کە لەلایەن وەزارەتی پیشەسازی-بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی دیوان-کارگێڕی بە ژمارە (١٢٠٤) لە ٢٠٠٥/٤/٦ نووسراوێکی ئاراستە کراوە تایبەت بەهەژمارکردنی خزمەتی رۆژنامەنووسی بۆ من، هەروەها گشتاندنەکەی بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری لەم رووەوە جەختی لەسەر کردوە کە بەپێی نووسراوی ژمارە ٣٥١٨/١٤/٩ لە ٢٠٠٤/٤/١٩ ئاراستەی سەرجەم وەزارەتەکان و ئەو فەرمانگانەی نەبەستراون پێیانەوە، کراوە.

ئەمە لەکاتێکدا خۆم چەندین نووسراوم ئیمزا کردوە کە لە ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەرچووە بۆ وەزارەتە جیاوازەکان، زۆر لەوانە رایی کراون و بەشێکیتریشیان لەسەر رەفەی نووسینگەکانی هەندێ لە فەرمانبەرانی

**کارگێڕی و ژمێریاریی هەندێ وەزارەتدا ماونەتەوە، کە میزاجی شەخسی و لێکدانەوەی نایاساییانە بەسەر دەقی یاساییدا زاڵن کە لێرەدا لە بابی (فی الاعادە افادە)وە دەیهێنین.**

**لە مادەی (١٩) بڕگەی (٢)ی یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان دەرچووە، هاتووە: (ماوەی کارکردن لە بواری ڕۆژنامەگەری دەخرێتە سەر بۆ مەبەستەکانی سەرمووچە و پلە بەرزکردنەوە و خانەنشینی لە بارێکدا لە هەر وەزیفەیەکدا دابمەزرێت).**

**هەموو تکام ئەوەیە شێوازی کارکردن و میزاجی (مەحموود ئەفەندی) لە مامەڵەکردن لەگەڵ نووسراوە ڕەسمییەکاندا دووبارە نەبێتەوە، کە لە ژمارەی داهاتوودا چیرۆکەکەی بۆ خوێنەرانی ئازیز دەگێڕمەوە.**

## هێشتا لەسەر قسەی خۆمانین.. (بە شەونخوونکێشمان زانین)

لە ژمارەی پێشوودا کاتێك ناونیشانی (بە شەونخوونکێشمان زانین)مان بۆ ستوونەکەمان هەڵبژارد، مەبەستمان ڕەخنەگرتن بوو لە هەندێ هەڵسوکەوتی فەرمانبەرانی دەوڵەت و بەتایبەت گەورەکانیان و خاوەن پلە تایبەتەکان و هەندێ لە بەڕێوەبەرە گشتییەکان و هیتر لە فەرمانبەرانی ئەنجومەنی وەزیران، کە دەبێتە هۆی دواخستنی مامەڵەی فەرمانبەران و نووسراوی ئاراستەکراوی فەرمانگە و سەندیکا و یەکێتییە پیشەییەکان.

وەك نموونە باسی دواکەوتنی جێبەجێکردنی ئەو یاسایەمان کرد کە پێش نزیکەی چوار ساڵ لە پەرلەمانی کوردستان دەرچووە و تایبەتە بە توێژێکی گرنگی کۆمەڵگەی کوردستان، کە ڕۆژنامەنووسانن و ئەو یاسایە (یاسای سندووقی خانەنشینیی ڕۆژنامەنووسان) دەیانگرێتەوە، بەڵێنیشم بە خوێنەرانی ئازیز دا بەسەرهاتی شێوازی کار و میزاجی (مەحموود ئەفەندی)یان لە مامەڵەکردن لەگەڵ نووسراوە ڕەسمییەکاندا بۆ بگێڕمەوە، بەشکو ئەمە خوایە گێڕانەوەی سوودی بۆ ئەوانە هەبێت کە لە یەکەم ساتەوە کە نووسراوە ڕەسمییەکان وەردەگرن پابەند نابن

بەو یاسا و ڕێنماییانەی لە سەرچاوە باڵاکانەوە دەردەچن و نووسراوەکان دەخەنە سەر ڕەفەکانی لەبیرچوونەوە.

(مەحموود ئەفەندی) فەرمانبەر بوو لە یەکێك لە فەرمانگەکانی دەوڵەت لە شارێك لە شارەکانی کوردستان، کاتێك بەیانیان بەپێ دەچوو بۆ فەرمانگەکەی، ئاوڕی لە ڕاست و چەپی دەدایەوە و بەدەنگێکی بیستراو ڕەخنەی لە ڕێبواران دەگرت بەبێ گوێدانە هەڵوێستیان لەو، کاتێك دەگەیشتە فەرمانگەکەی و دەچووە ژوورەکەی، بەدەنگە زبر و گڕەکەی بانگی کارگوزارەکەی (عەبدولقادر)ی دەکرد و دەیگوت: "چی هەیە چی نیە، کێ مردوە کێ ژنی هێناوە کێ ئەژنۆی شکاوە، پۆستەکە بخە بەردەمم"، جا عەبدولقادری بەستەزمانیش ئەوراقەکانی دەخستە بەردەمی و دەکشایەوە بۆ سووچێکی ژوورەکە لە چاوەڕوانیی موفاجەئەکانی (مەحموود ئەفەندی)دا، کە کارە سەختەکەی بەدەرهێنانی چاویلکەکەی لە بەرگە چەرمەکەی و سڕینی بە یەکەمین پەڕەی ناو پۆستەکەی بەردەمی دەستی پێ دەکرد لەکاتێکدا لەسەر کورسییە تەختەکەی دانیشتبوو، پاشان پەڕەکانی یەك بەیەك دەردەهێنا بەلای یەکێك لە چاوەکانی لەپشت چاویلکەکەوە تەماشای دەکردن.

لە ماوەی چەند خولەکێکدا لێیان ڕادەما و پاشان لوولی دەکردن و فڕێی دەدانە ناو سەبەتەی کاغەزە پشتگوێخراوەکان و پرۆسەکەی بەردەوام دەکردەوە، کاتێك عەبدولقادری بەستەزمان بە جووڵەیەك یان قسەیەکی دیاریکراو دەستی وەردەدا تا ڕێگری بکات لە بەردەوامبوونی بەڕێوەبەرەکەی (مەحموود ئەفەندی) لەسەر کارە زیانبەخشەکەی، ئەفەندی جگەرەیەکی لە قوتووە کانزاییەکە دەردەهێنا و دەیخستە لای چەپی لێوەکانی و بە کارگوزارەکەی دەگوت:

– پێشتر پەنجا جار پێم وتیت ئەگەر ئەو ئەوراق و نووسراوە ڕەسمییانە گرنگ بوونایە، ئەوا پاش ماوەیەك جەخت لێکردنەوەیان بەدوادا دەهات!.

## هەنگاوێکیتری کرداری بەرەو دەستەبەرکردنی

## مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان

وەك لای هەمووان زانراوە، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە دامەزراندنیەوە کردویەتی بەنەریت کار بۆ بەرجەستەکردنی دروشمە ناوەندییەکەی خۆی (لەپێناو چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان) و جێبەجێکردنی ئەو یاسا و بڕیارانە دەکات کە لەو بوارەدا دەرچوون، تا ئەو توێژە رۆشنبیرە بە کاریگەر بمێنێتەوە لەناو کۆمەڵگەی کوردستان، بەو شێوەیەی یارمەتی بدات لە جێبەجێکردنی پەیامەکەی و کارە پیشەیی و نیشتمانییەکەیدا بەو شێوەیەی پێی ناسراوە، وەك بەردەوامیی رێبازی پێشەنگانی رۆژنامەگەریی کوردی و کوردستانی لە دەیان ساڵ لەمەوبەرەوە.

لە سەربەنی دەستەبەرکردنی مافی رۆژنامەنووسانەوە، سەندیکا پرۆژەیەکی تێر و تەواوی بۆ خانەنشینیی رۆژنامەنووسان ئامادە کرد کە لە ماوەی چەند مانگێکدا لەلایەن لیژنەیەکی پسپۆڕەوە دیراسە کراوە، کە بە بڕیارێکی ئەنجومەنی سەندیکا پێك هێنراوە و لە کۆتاکانی ساڵی ٢٠٠٠ پێکهات و چەند ئەندامێکی ئەنجومەن و چەند هەڤاڵێك لە رۆژنامەنووسانی یاساناسی ئەندامی سەندیکای لەخۆ دەگرت.

پرۆژەکە لەڕێی وەزارەتی رۆشنبیرییەوە پێشکەش بە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرا، لەو رووەوە ئەو وەزارەتە نزیکترینە لە مامەڵەکردن بەشێوەیەکی پیشەییانە لەگەڵ رۆژنامەنووسانی کوردستان، لەبارێکدا وەزیری (پێشتر)ی رۆشنبیری هێشتا ئەندامی سەندیکایە.

دوای وەرگرتنی راوێژ و تێبینییەکانی فەرمانگەی تۆمارکردنی یاسایی، لیژنەیەکی تایبەت بەبڕیاری ئەنجومەنی وەزیران پێکهێنرا لە هەریەك لە نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و نوێنەرانی هەردوو وەزارەتی رۆشنبیری و دارایی بۆ جارێکیتر دیراسەکردنەوەی پرۆژەیاساکە، پاشان ئەنجومەنی وەزیران وەك نەریت لە ٢٠٠١/١٠/٩ پرۆژەکەی پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کرد، پرۆژەکە لە چەند دانیشتنێکی پەرلەمانی کوردستاندا گفتوگۆی لەسەر کرا و لەکۆتاییدا وەك یاسایەك بەناوی (یاسای سندووقی خانەنشینیی رۆژنامەنووسان لە کوردستان) بەژمارە (١٣) لە (٢٠٠١/١٠/١٢) دەرچوو (دەقی یاساکە بەو شێوەیەی لە رۆژنامەی "وقائع کوردستان" لە ژمارە (٢١) لە ٢٠٠١/١٠/٣١ بڵاو کراوەتەوە).

هەندێ هۆکار کە پاش دەرچوونی یاساکە پێش چوار ساڵ هاتنە پێش، بوونە هۆی کارانەکردنی یاساکە تا پێش چەند رۆژێك، کاتێك نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان چاوی بە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێم (ئیدارەی هەولێر) کەوت لە ٢٠٠٥/٨/١١ و بەڕێزیان بەسوپاسەوە فەرمانی بە دیوانی سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانی بەڕێز کرد، ئیعاز بداتە وەزارەتی رۆشنبیری وەك سەرۆکی دەستەی جێبەجێکردن (لەبەر ئەو هۆیەی پێشتر باسمان کرد) بۆ کاراکردنی یاساکە بەزووترین کات، وەزارەتی رۆشنبیریش بۆ جێبەجێکردنی فەرمانە سەرۆکایەتییەکە، خێرا فەرمانە ئیدارییەکانی دەرکرد.

**ئێستا دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ بەسەر دانانیدا، یاسای سندووقی خانەنشینیی رۆژنامەنووسان پاش چەندین هەوڵ و جەختکردنی بەردەوام لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە، چووە واری جێبەجێکردن، گرنگ ئەوەیە، ئەو رۆژنامەنووسەی نەبەستراوە بە یاسای خزمەتگوزاری مەدەنییەوە یان ملکەچی لێبڕینەکانی سندووقی خانەنشینیی مەدەنی نیە یاساکە دەیگرێتەوە، لەوەیش گرنگتر رۆژنامەنووسانی شەهید و کۆچکردووی کوردستان یاساکە دەیانگرێتەوە، ئەو لایەنەیش ئەو کەسانە دیاری دەکات یاساکە دەیانگرێتەوە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە، پاش دیاریکردنی رەوانەی لای دەستەی بەرپرس لە جێبەجێکرجنی یاساکە لە وەزارەتی رۆشنبیری دەکات.**

**بەم بۆنەیەوە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سوپاس و پێزانینی خۆی ئاراستەی سەرۆکایەتیی بەڕێزی حکومەت دەکات، بەرەو بەخششی زیاتر لەپێناو دەستەبەرکردنی ژیانێکی باشتر بۆ رۆژنامەنووسان و چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی لە کوردستان.**

# کۆبوونەوەی بەرفراوان

لە کۆبوونەوەی بەرفراوانی دووەم ڕۆژی هەینی ٢٠٠٥/٩/٩، کە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و سکرتێر و دەستەکانی لقەکانی لە پارێزگەکانی کوردستان (کەرکوك، سلێمانی و دهۆك)، هەروەها دەستەکانی هەردوو لقی بەغدا و مووسڵ و سکرتێری نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و سەرۆك و ئەندامانی هەردوو لیژنەی چاودێری و بەرزەفتکردن و یەدەگەکانیانی لە خۆ دەگرت، ئەویش وەك نەریتێك کە دەستەکانی سەندیکا لەسەری دەڕۆن بەدەستپێشخەریی ئەنجومەنەکەی، بەمەبەستی پێکەوە کۆکردنەوەی سەرجەم هەڤاڵانی ڕۆژنامەنووسی هەڵبژێردراو لە دەستە و لیژنە ناوەندییەکان لە شوێنێکی تایبەت بەو مەبەستە و بەگوێرەی شێوازێکی ڕێکخراو، بە خوێندنەوەی ڕاپۆرتی گشتی بۆ هەڤاڵانی ئامادەبوو دەست پێدەکات، کە کار و چالاکییەکانی ئەنجومەنی سەندیکا و ڕاپۆرتی دارایی و ڕاپۆرتی لقەکان لەخۆ دەگرێت، ئەمە جگە لە ڕاپۆرتی هەریەك لە لیژنەی بەرزەفتکردن و چاودێری و نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە و تاوتوێکردنیان و دیراسەکردنی ئەو کۆسپ و کێشانەی دێنە ڕێگەی سەندیکا، چ لە قۆناغی ڕابردوو یان لە قۆناغەکانی داهاتوو، بەگیانی دیموکراسی و شەفافییەت.

دیارە سرووشت وایە کۆبوونەوەکە خاڵی نابێت لە ڕەخنەگرتن لە ئەنجومەن لەلایەن ئامادەبووانەوە، هەروەها لەو تێبینییانەی هەڤاڵانی ئەنجوومەن لەسەر ڕاپۆرتەکانی دەستەکانی لقەکان دەیانخەنە ڕوو دوور لە دەمارگیری یان گرژی،

هەموولا پێشبڕكێیانە لە پێشكەشكردنی باشترین تێز و خستنەڕووی سەرنج و پێشكەشكردنی پێشنیار بەمەبەستی پەرەدان بەخزمەتكردنی سەندیكا بۆ رۆژنامەنووسانی كوردستان لەبەر تیشكی ئەو بنەمایانەی لە یاسای سەندیكادا هاتوون، كە لە ٢٢ی نیسانی ١٩٩٨ لە پەرلەمانی كوردستان دەرچووە، هەروەها پەیڕەوی ناوخۆی سەندیكا و كاركردن لەپێناو جێبەجێكردنی دروشمە ناوەندییەكەی (لەپێناو چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و دەستەبەركردنی مافی رۆژنامەنووسان لە كوردستان).

ئەو نەریتەی ئەنجومەنی سەندیكا لەسەری دەڕوات لە بەستنی ئەو كۆبوونەوە فراوانانە، كە كاروبار و خەمەكانی رۆژنامەنووسانی تێدا باس دەكرێت لەڕێی ئەو راپۆرتانەی لەلایەن ئەنجومەن و دەستەكانی لقەكان و لیژنە جیاوازەكانەوە پێشكەش دەكرێن و گەنگەشەكردنیان بەشێوازێكی دیموكراسییانە و هەستكردن بە بەرپرسیارێتیی نیشتمانی، دەستپێشخەرییەكی ئەنجومەنە و بووەتە نەریتێك بۆ پێداچوونەوە و كێشانی ئەركە پیشەییەكان و كارلێك لەگەڵ جووڵەی كۆمەڵگە وەك ئەوەی بەشێكی گرنگین لە بنیاتی كۆمەڵگەی مەدەنی، كە كار بۆ بەهاوچەرخكردنی كۆمەڵگە دەكات لەڕێی چەسپاندنی چەمكەكانی دیموكراسی و رێزگرتنی ئازادیی را و چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی، لەبەرئەوە (ئەم نەریتە) سوێند بەخوا ئامرازێكە شیاوی رێزگرتنە و دەستپێشخەرییەكە خوازیارین یەكێتی و سەندیكا كوردستانییەكان بەپێی توانا سوودی لێ وەربگرن، تا سەندیكا و یەكێتییە پیشەیی و جەماوەری و دیموكراسییەكانمان رۆڵی خوازراوی خۆیان بگێڕن و بگەنە ئەو ئامانجانەی هەموومان چاومان لێیانە و لەوەدا خۆ دەنوێنن، ببینین كوردستانەكەمان بووەتە مێرگی سەقامگیری و رووبەرێكی دیموكراسی لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

## لە پێناو یاسایەكی تێروتەسەل دا

ئەو لیژنەیەی لە ئەنجومەنی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان و چەند هەڤاڵێكی یاساناس كە مومارەسەی پیشەی رۆژنامەنووسی دەكەن، پێكهاتبوو، هەریەك لە جێی خۆیەوە و چەند ئەندامێكی سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان لە پێداچوونەوەی ئەو دەقە بوونەوە، كە لە بنەڕەتدا لەلایەن ژمارەیەك نووسەر و رۆژنامەنووس و یاساناسی بەئەزموونەوە ئامادە كرابوو وەك رەشنووسی پرۆژەیەك بۆ رێكخستنی ژیانی رۆژنامەنووسی لە كوردستان. لیژنە پێكهاتووەكە لە (٢٠٠٥/٥/٢٥)ەوە لە بارەگای سەندیكای رۆژنامەنووسانی كوردستان لە هەولێری پایتەخت دەستی بەكۆبوونەوەكانی كردوە، چەندین كۆبوونەوەی گریَ داوە بەمەبەستی پێداچوونەوە و دەستكاری و وردبینیكردن و رێكوپێككردنی بڕگە و مادەكان، تا یاساكە لەگەلَ دۆخی ئارا بگونجێت، كە دەركردنی رۆژنامە و گۆڤار و كردنەوەی ئێزگەی رادیۆ و كەناڵی تەلەڤزیۆن و ئاسمانی زیادی كردوە و حاڵەكەیش بەهۆی كەشوهەوای ئازادی كوردستان و رێزگرتنی راوە بەردەوامە، بەڵام لەئەنجامی ئەو حاڵەتەدا لەوانەیە لێرە و لەویَ، كێشە لەنێوان رۆژنامەنووسێك و هاوڵاتی یان رۆژنامەنووس و هەندیَ داوودەزگەی حكومیدا روو بدات، ئەویش لەلایەك بەهۆی

نەبوونی بەرچاوڕوونی دەربارەی (سنوورەکانی ئازادی) و لەلایەکیترەوە، لەبەرئەوەی تا ئێستا بەهۆی تەمەنی ئەزموونە ساواکەوە یاسایەك نیە لە کوردستان چارەسەری ئەو لایەنانە بکات، کە پێویستی بەدانانی یاسایەك هەیە بنچینەکانی کاری ڕۆژنامەوانی بەهەردوو زمانی عەرەبی و کوردی لە سەرجەم دەزگەکانی ڕاگەیاندن ڕێك بخات لەپێناو چەسپاندنی ئەو بنەمایەی دەڵێت "بەدیهێنانی دیموکراسی لە وڵاتێکدا مەحاڵە کە تێیدا ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووسان ئازادییان نەبێت"، دادپەروەریش بەبێ یاسایەك پەیوەندییەکان لەنێوان توێژە جیاوازەکاندا ڕێك بخات بەدینایەت، وەك یاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی، کە لە هەمووان، بە ڕۆژنامەنووس و نووسەر و ڕۆشنبیران و داوودەزگە پەیوەندارەکانی دەوڵەت (دادگەکان و دەزگە ئەمنییەکان و فەرمانگەکانی پۆلیس) و هاوڵاتییان دەخوازێت، تا هەمووان لە یاساکە ئاگەدار بن پاش بڵاوکردنەوە و دەوڵەمەندکردنی بە سەرنج و پێشنیارەکانیان پێش لەوەی بخرێتە بەردەم پەرلەمان، تا پاش دانانی یاساکە هیچ بوارێك نەمێنێتەوە بۆ ڕەخنەگرتن و دەرخستنی ناتەواوییەکان، پاش بڵاوکردنەوەی ڕەشنووسی پرۆژەکەیش لە ژمارەی داهاتوودا قسەیترمان دەبێت.

# چارەسەری کەموکوڕی

لە چەند ڕۆژێکیتردا هەڵبژاردنەکان بەڕێوە دەچن و لیستگەلێك هەن نوێنەرایەتیی پێکهاتەکانی گەلانی عێراق دەکەن و کێبرکێ لەسەر (٢٧٥) کورسییەکەی پەرلەمان دەکەن و قەوارەی پەرلەمانی نوێ پێکدێنن، کە ئەرکی دانانی پرۆژەیاسا و هەموارکردنی دەستووره و باڵادەستی تێیدا بۆ ئەو قەوارەیەیە زۆرترین ژمارەی هەیە، یان ئەو گرووپەی هاوپەیمانییان لەناو خۆیاندا کردوه بەشێوەیەك ببنە بەهەژموونترین بارستە لە هەڵبژاردنی پۆستە سیادییەکان و ڕەزامەندیدان لەسەر ناونانی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، هەموو ئەوەیش بە ڕادەی بەشداریی دەنگدەرانی تۆمارکراو لە هەڵبژاردنەکان و ڕووکردنە سندووقەکانی دەنگدانی نهێنی بەدیدێت.

سەبارەت بەهەرێمی کوردستانیش، هەمووان بانگهێشتکراون بۆ بەشداریکردن لەو پرۆسە چارەنووسسازەدا بەچاوپۆشین لەوەی لێرە و لەوێ دەوترێت، لەبارەی بوونی کەمتەرخەمی و گەندەڵیی ئیداری، سستی لە ئەدای حکومەت و ڕازینەبوون لەوەی لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا دەگوزەرێت، یەکنەگرتنەوەی هەردوو ئیدارە لە ئیدارەیەکی کوردستانیدا تا بەڕووی ڕەشەبا سەختەکەدا بوەستێتەوە، کە

ئەگەر گەیشتە سنوورەکانی کوردستان، وێرانی و کاولکاری و گێڕانەوەی کۆن بۆ کۆنییەکەی تێدا بەرپا دەکات.

بۆ ئەوەی کوردستان بە بەهێزی و خۆڕاگری بمێنێتەوە بەڕووی چاوتێبڕینە کۆن و تازەکاندا و لەپێناو پارێزگاریکردن لەم کۆرپەیەی کە دەیان ساڵ چاوەڕێمان کردوە، لەپێناو گەڕانەوەی کەرکوك و خانەقین و شەنگال و باقی شارۆچکە و گوندە زەوتکراوەکان بۆ ئامێزی کوردستان، ئەرکی نەتەوەیی و نیشتمانی و ئەخلاقی لەسەرمان فەرز دەکەن بەرەو سندووقەکانی هەڵبژاردن بڕۆین، سەرباری رەخنە و تێبینییەکانمان و دەستنیشانکردنمان بۆ کۆمەڵێك هەڵە، کە لێرە و لەوێ لە رابردوو و لە ئێستایشدا روو دەدەن و بوونە هۆی روودانی شپرزی و دوودڵی لای زۆر کەس لە رۆڵەکانی گەلی کوردستان، کە سەرەنجام سەری کێشاوە بۆ سەرهەڵدانی دیاردەیەکی نەرێنی و بەئاشکرا بانگەشەکردن لەسەر رووپەڕەکانی هەندێ رۆژنامە، کە لە کوردستان دەردەچن، بۆ بایکۆتکردنی سندووقەکانی دەنگدان و بەشدارینەکردن لە هەڵبژاردنەکان لەبەرئەوەی، وەك دەڵێن (هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت).

بەڵام وەك زانراوە ئەنجامی هەڵبژاردنەکانە تا رادەیەکی زۆر چارەنووسی وڵات و گەلەکەمان لە عێراق لە ناوەندی (دەریاچەی لمی جووڵاو)دا دیاری دەکات و گەورەترە لە بوونی هەندێ ناتەواوی و کەموکوڕی لە ئەزموونی کوردستاندا، کە تەنانەت کۆمەڵگە ئەوروپییەکانیش لێیان خاڵی نین، چ جای دەوڵەتانیتری پێشکەوتوو لە سەرتاسەری دنیادا.

## ئایا پەند لە دۆڕانەکەی ڕێکخراوی فەلەستینی فەتح وەردەگرین؟!

لە سێیەکی کۆتایی شەستەکانی سەدەی رابردوودا و لەکاتی خوێندنی زانکۆماندا لە بەغدا، هەروەها بەحوکمی کارکردنی پیشەیی سیاسیمان لە سەرکردایەتیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، هاوڕێیەتی زۆر لە خەباتگێڕانی سەرکردایەتییە قوتابییەکانمان کرد لە یەکێتییەکانی (یەمەنی دیموکراتی، سوودان، ئوردن، ئەریتریا)، هەروەها سەرکردایەتییە قوتابییەکانی بزوتنەوە سیاسییە فەلەستینییەکان (فەتح، بەرەی میللیی و بەرەی میللیی دیموکراتی).

هەردوولا هاوسۆزیمان هەبوو بۆ کێشەی گەلانمان لەو رووەوە دوو گەل بووین بەدەست ستەم و بەشبەشکردنەوە دەیاننالاند، لە هەندێ شتدا پاڵپشتییان دەکردین و یارمەتییان دەداین، بەتایبەت لە بابەتە تەکنیکییەکاندا، وەك چاپکردنی بەیاننامە و کۆپیکردنیان لە بارەگاکانیان.

حکومەتەکەی فەتح بەسەرکردایەتیی کۆچکردوو یاسر عەرەفات (ئەبو عەممار) و سەرکردە مێژووییەکانی، رۆڵی پێشەنگانە و پێشڕەوانەیان هەبوو لە

سەرکردایەتیکردنی گەلی فەلەستینیدا، ژمارەیەك لە گەنجەکانی لە بەغدا لەکاتی خۆپیشاندانەکاندا کۆمەڵێك دروشمیان دەوتنەوە لەوپەڕی بڵندخوازی و متمانەی بێکۆتادا بەخۆدا بوون وەك (الله اكبر يا عرب بس الفتح بالمعركه) (واتە: الله اكبر ئەی عەرەب لە شەڕدا بەس فەتح)، چونکە بزوتنەوەی فەتح هەر بەڕاستی لەبەر هەندێ هۆی زانراو قارەمانی گۆڕەپان بوو و دوای زنجیرەیەك شکست لەدایك بوو، کە بەسەر بزوتنەوەی نیشتمانیی فەلەستینیدا هاتن لە جەنگی (١٩٤٨)ەوە، کە بوونە هۆی شکستێکی کەمەرشکێنی سوپاکانی عەرەب و ئاوارەبوونێکی بەرفراوانی فەلەستینییەکان لە خاکی خۆیان و بڕینی سنوور و چوونە ناو خاکی دەوڵەتانی دراوسێ وەك ئوردن و سووریا، هەروەها جێگیربوونی بەشێکی زۆریان لە دەوڵەتانی کەنداو و عێراق و میسر و چەند شوێنێکیتری سەرزەویی فراوانی خوا.

لەوکاتەوە بزوتنەوەی نیشتمانیی فەلەستینی بە قۆناغگەلێکی سەختدا تێپەڕی، کە سیاسییەکانی عەرەب بەئاشکرا بازرگانییان بەکێشەکەیانەوە دەکرد لەڕێی ئەو قەوارە و ڕێکخراوانەی لەبەرژەوەندیی خۆیان و وەك رووکارێکی ئەوان لەناو بزوتنەوەی گەلی فەلستینیدا دروست کران، بەڵام لەگەڵ لەدایکبوونی فەتح لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردوو و دەرکەوتنی سەرکردە مێژووییەکانی وەك یاسر عەرەفات و هەڤاڵانی لە قوتابیانی (شەڕ تا سەرکەوتن)، کێشەکە لەڕێی خەباتی چەکداری و شەڕی سیاسی و دیپلۆماسیی تا بڵێیت ئاڵۆزەوە چووە قۆناغێکی نوێ، بەشێوەیەك گەیشتە قۆناغێکی پێشکەوتوو و لەم قۆناغەدا بەئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی لەو ناوچانە کۆتایی هات کە ئیسرائیل لێیان کشایەوە و ئازاد بوون و فەلەستییەکان دەسەڵاتی نیشتمانیی خۆیانیان تێدا بەڕێوە برد.

لە بیست و شەشی مانگی رابردوو هەڵبژاردنە گشتییەکان بەڕێوە چوون، ئەنجامەکەی دۆڕانی فەتح، خاوەنی کێشە بنچینەییەکە بوو لەبەرانبەر سەرکەوتنی

بزوتنەوەی حەماسدا، لێرەدا هێندە لەسەر هۆکانی سەرکەوتنی حەماس بەسەر بزوتنەوەی فەتحدا ناوەستین، بەو ئەندازەیەی هۆ و فاکتەرە زانراوەکانی دۆڕانی فەتح بەلامانەوە گرنگە کە بەبۆچوونی ئێمە لەم خاڵانەدا خۆ دەنوێنن:

یەکەم: گۆڕانی سروشتی فەتح لە بزوتنەوەیەکی جەماوەریی کاریگەری خاوەن بنکەی فراوانەوە، بۆ چوارچێوەیەکی دەسەڵاتگەرای دوور لە خەمەکانی خەڵك، لێرەیشەوە دروستبوونی درزێکی فراوان لەنێوان ئەو و ئەوانەی رۆژێك لە رۆژان سەری رمی بزوتنەوەکە بوون، ئەویش بەهۆی ئەو گەندەڵییەی دەسەڵاتی نەفرەتی هێنایە کایە.

دووەم: غیابی سەرکردەی مێژوویی کاریزما کە لە کەسی یاسر عەرەفاتدا خۆی دەنواند، کە کەشتیەوانی کەشتیەکە بوو سەرباری ئەو گلەییانەی لەم یان لەو مەسەلەدا لەسەری تۆمار کران، عەرەفات رەحمەتی خوای لیٚ بێت، بەحوکمی شوێن و رۆڵی سەرکردانەی خۆی دەیتوانی هەمووان کۆ بکاتەوە و ریزەکانی تاقمە ناکۆکەکان یەك بخات، غیابی سەرکردە لە قۆناغی رزگاریی نیشتمانیدا مەترسیدارە.

سێیەم: ئەو نەخۆشیانەی تووشی فەتح بوون و هەر لە سەرەتاوە هۆکانی گۆشەگیربوون و پاشان دۆڕانیان هەڵگرت، لێرەیشەوە بەناچاری گۆڕەپانەکەی بەجێهێشت، ئەو نەخۆشیانەیش لە: لەبیرکردنی رۆڵی سەرشانی خۆی بەهۆی مجێزییەکانی سەرکەوتن و پشتبەستن بە توخمە گەندەڵ و راڕا و هەلپەرستەکاندا خۆ دەنوێنن، کە کار تەنیا لە لایەنی بینراو لە سروشتی بزوتنەوەکە ناکەن، بەڵکو وەك خۆرە دەدەنە جەستەی و لە جووڵەی دەخەن و دەبنە هۆی لادانی رێڕەو و گۆڕانی شێوە و جەوهەر.

بەڕێزان..

**ئەو فاکتەرانەی بوونە هۆی دۆڕانی فەتح یەکەمین نەبوون لە مێژووی حکومەتە نیشتمانییە رەسەنەکاندا و دواینیش نابن و هۆکانیش زانراون، جا بۆ ئەوەی لە ئایندەدا تووشی ئەو نۆسکۆ بەسۆیە نەبین کە تووشی فەتح هات، پێویستە لەسەرمان وەك کەس و رێکخراو و حزبە نیشتمانییەکان و حکومەتێکی نیشتمانیی کوردستانی پەند وەربگرین، لە هۆکان بکۆڵینەوە و فاکتەرەکان دیاری بکەین تا رێگە لە دۆڕان بگرین و ئەزموونەکە بپارێزین، ئەمە ئەگەر بمانەوێت پەراوێزی نەبین و بەسەر کەلاوەدا نەگرین و هەر بیر لە سەروەرییەکان نەکەینەوە، پێویستە بزانین مێژوو بەزەیی بەکەسدا نایەتەوە، با رۆژێك لە رۆژانیش پێگەیەکی مەزنی هەبووبێت.**

# ئەو گاڵتەجاڕییانە لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا راگرن

لە ١٠ی شوباتی رابردوو (٢٠٠٦/٢/١٠) من و هاوڕێم (مستەفا ساڵح کەریم) پلیتی گەشتی دووسەرە (مرجع)مان بڕی لە سلێمانی–بەغدا بۆ قاهیرە و گەڕانەوەمان بەهەمان تەرتیب قاهیرە–بەغدا–سلێمانی لە ٢٠٠٦/٢/٢١ لە هێڵی ئاسمانیی عێراق و پارەکەیشمان دابوو، کە بڕی (٦٠٠$) بوو بەکاشی، بەمەبەستی ئامادەبوون و بەشداریکردن لەو سیمینارەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان رۆژانی ١١ و ٢٠٠٦/٢/١٢ لە قاهیرەی پایتەختی میسر رێکی خستبوو، لە چوارچێوەی شاندی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستاندا و بەبەشدریی هەڤاڵانمان لە سەندیکا و یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عێراقی، لەپێناو گەیشتن بە پەسەندکردنی میساقێکی پیشەیی و کۆمەڵایەتی بۆ رۆژنامەنووسانی عێراقی.

لە رۆژی گەڕانەوە لە قاهیرەوە ٢٠٠٦/٢/٢١ کاتژمێر شەشی ئێوارە گەیشتینە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا، بەئومێدی بەردەوامیی گەشتەکە لە بەغداوە بۆ سلێمانی. کاتژمێر حەوتی ئێوارەی هەمان رۆژ، پاش دابەزینی ئەو سەرنشینانەی بۆ

بەغدا جێگەیان گرتبوو و سەرکەوتنی ئەوانەی لە بەغداوە بۆ سلێمانی جێگەیان گرتبوو، ئەمە جگە لەو گرووپەی ئێمە بەشێك بووین لێی و ژمارەیان نۆ کەس بوو و لە قاهیرەوە هاتبوون و لەڕێی بەغداوە بۆ سلێمانی دەچوون، پێیان ڕاگەیاندین فڕۆکەی سلێمانی کاتژمێر دە خولەك بۆ شەش فڕیوە و بەهۆی دۆخی مەترسیداری ڕێگەی فڕۆکەخانە بۆ سەنتەری بەغدا لە فڕۆکەخانە بمێنینەوە، بۆ باسکردنی دۆخی خۆمان بەرپرسێکمان بینی، لەکاتێکدا (لە بنەڕەتدا بەهاتنی ئێوارە هیچ بەرپرسێك لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدادا نیە) و بەڕاشکاوی پێی وتین: (ناتوانم هیچتان بۆ بکەم)، کاتێك پلیتی سەفەرەکەمان پیشان دا کە کات و مێژووی سەفەرەکە و گەڕانەوە و هەستانی فڕۆکەی تێدا بوو، ئەم جارەیان پێی وتین: (برایان هیچ نەبووە، ئەمشەو بمێننەوە و سبەی ڕەوانەتان دەکەین)، ئیتر هیچمان لەدەست نەهات و پشت بەخوا ئەو شەوە سادرە لەسەر کورسی و تەختەکانی فڕۆکەخانە بەبێ بەتانی و بەبێ هیچ شتێك بەناوی چا و نانی ئێوارە و تەنانەت ئامرازێك بۆ پشوودان و خەوتن، ماینەوە.

کاتژمێر حەوتی بەیانی ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٢٢ پاسەوانەکان بەشێوازێکی نادۆستانە کردینیانە دەرەوە و بەئومێدی فڕین ڕۆژێکیتر ماینەوە، چونکە فڕۆکە نەبوو، ڕۆژی سێیەم و لەناو ڕووداوە جێداخ و خوێناوییەکاندا خوای گەورە بە فڕۆکەیەکی ئازیز دەرووی لێ کردینەوە، کە کاتژمێر سێ و نیوی عەسری ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٢٣ فڕی.

خۆی دەبوو ئێوارەی ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٢١ بگەینە سلێمانی، بەڵام تا ڕۆژی ٢٠٠٦/٢/٢٣ نەگەیشتین. من لێرەدا باسی دواکەوتنی گەیشتنی فڕۆکە بۆ شوێنی دیاریکراو ناکەم بەگوێرەی ئەو شوێنانەی لە پلیتی گەشتەکەدا گیراون، چونکە وەك زانراوە ئەم جۆرە حاڵەتانە ڕوودەدەن، بەڵام نەریت وایە کۆمپانیای بەرپرس لە فڕین هۆتێلی نزیك لە فڕۆکەخانە بۆ ئەو سەرنشینانەی تووشی ئەو بەربەستانە دەبن ئامادە دەکات، کۆمپانیای بەرپرس هەموو ئامراز و هۆیەکی گواستنەوە بۆ گەیشتن بە

فڕۆکەخانە لە ساتی فڕینیدا دابین دەکات، بەڵام هێڵی ئاسمانیی عێراق و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغدا بەتایبەت کە لایەنی بەرپرسە، مرۆڤ ئەسڵەن هەست بە بوونی ناکات و لای خواری بایەخ بەو نەفەرانە نادات کە دەکەونە ئەو کێشانە. مرۆڤ سێبەری بەرپرسێك نابینێت تا پرسیاری لێ بکات، جووڵەی چوونەژوورەوە و دەرچوونی نەفەرەکان لە هۆڵی گەشتیارانەوە بۆ فڕۆکەکە لە جووڵەی (گەراجی نەهزە) دەچێت، ئەمە جگە لە مەترسیداریی ڕێگەی فڕۆکەخانە. لەکۆتاییدا، ئەو کەسەی ناچارە بەهێڵی ئاسمانیی عێراق و لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتیی بەغداوە گەشت بکات، پێویستە ئەعسابی خۆی بگرێت و تەنیا پشت بەڕەحمەت و بەزەیی خوای گەورە ببەستێت، چونکە وەزارەتی گواستنەوەی حکومەتی عێراق لەبەر نەبوونی ئاسایش و سەقامگیری لە ناوچە خوێناوییەکانی عێراق، بزرە.

## لە پێناو کوردستان و گەلەکەیدا

لە کوردستان دوو کەس لەسەر ئەوە ناکۆك نین لەسەر گرنگیی پاراستنی ئەم ئەزموونە، کە پاش سەدەیەك لە قوربانیی گەورە، لەدایك بوو، کە هەر لە سەرەتای دامەزرانی دەوڵەتی عێراقی نوێوە یاوەری کێشەی کورد بووە.. ئەو دەوڵەتەی هیچ بایەخێکی بە بڕیارەکانی دەستەی کۆمەڵەی گەلان (عصبة الامم) نەدا، کە مسۆگەرکردنی مافەکانی کوردی بەمەرج دانابوو ئەگەر عەرەبی عێراق ویستیان ئەو نەخشەیەی بۆ دەوڵەتی عێراقی کێشرابوو بمێنێت، تا سەردەمی حوکمی شەرمەزاریی مرۆڤایەتی (سەدام حوسێن)، ئەو کەسەی تەنانەت لە خەویشدا لە ستەمکردن لەو نەتەوەیە نەوەستا کە بەشێکە لە ئوممەتێکی بەشبەشکراو و خاکەکەی بەزۆرەملێ و بەپێی کۆمەڵێك مەرجی دیاریکراو، لە ناوەڕاستی گرێی بیستەکانی سەدەی رابردوودا بە دەوڵەتی عێراقەوە لکێنرا.

دیکتاتۆری نەگریس بەگوێرەی خەیاڵگەی نەخۆش و کەسایەتیی سادیستانەی خۆی ویستی کورد قەڵاچۆ و کوردستان وێران بکات، لەوانەیە کەس لەگەڵمان ناکۆك

نەبێت لەوەدا پاراستنی ئەم ئەزموونە ئەرکێکی پیرۆزە و راڤەیەکیتر قبووڵ ناکات، هاوکات پاراستنیشی لەلایەکیترەوە بەدیهێنان و چەسپاندنی دوو چەمك و کارکردن بۆ پەرەپێدانیان پێویست دەکات بەهەموو ئەو ئیرادە نیشتمانیەوە کە هەمانە.

یەکەمیان: پتەوکردنی پرنسیپی دیموکراسی لە مامەڵەکردن لەنێوان داوودەزگەکانی دەوڵەت لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و هاوڵاتییەکانیدا، هەروەها چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەگەری و پارێزگاریکردن لە ئازادی و کەرامەتی رۆژنامەنووسان، کە بەشێکی بنچینەییە لە ئازادیی گشتی و ناتوانرێت بەدی بهێنرێت و دۆخێك لە پەیوەستیی رۆحی لەنێوان دەوڵەت و هاوڵاتیانیدا بهێنرێتە کایە بەبێ دابینکردنی کەشوهەوای ئازادی و گەرەنتیکردنی مومارەسەکردنی لە چوارچێوەی یاسا گشتییەکان و دوورکەوتنەوە لە ئازارپێگەیاندن و سووکایەتیکردن بەکەرامەتی هەڵگرانی قەڵەم و رۆژنامەنووسان لەلایەن دەزگە تایبەتەکانەوە (ئاسایش و پۆلیس) و وەك تیرۆریست و تاوانبارانی سەرسەخت مامەڵەیان لەگەڵدا نەکرێت (با داوودەزگەکانی دەوڵەت هاوڕایشیان نەبن لە بۆچوون یان راڤەکردنی هۆکانی ئەو رووداوانەی لێرە و لەوێ روودەدەن، هەروەها ئەنجام و شوێنەوارە نەرێنییەکانیان)، مامەڵەیەکی شارستانی و ئینسانی و شەفاف لەگەڵ رۆژنامەنووسان بکرێت، چونکە دڵسۆزیی رۆژنامەنووس بۆ پرسی گەلەکەی و چارەنووسی ئەزموونەکە لە لای خواریدا کەمتر نیە لە دڵسۆزی ئەندامانی پۆلیس و ئاسایش و دەزگە تایبەتەکان، بەڵام وەك زانراوە چەمك و بینین و هەڵسەنگاندن لە مرۆڤێکەوە بۆ یەکێکیتر جیاواز دەبێت، بەهەمان شێوە لەنێوان ئەندامانی ئەو داوودەزگەیانە و هاوڵاتیانی ئاساییدا، لەناویاندا رۆشنبیران و نێوان ئەو رۆژنامەنووسەی ئەوەی دەیبینێت بەپێی تێڕوانینی تایبەتی خۆی دەینووسێت و دەیگوێزێتەوە بۆ رای گشتی، کە ئەگەر نیەت پاك بێت ئەوە هیچ خراپییەکی تێدا نیە.

هەرچی مەسەلەی دووەمە، لە پابەندبوونی رۆژنامەنووس بە یاسا رەچاوکراوەکان و خۆلادانی لە کەوتنە ناو ئەو کێشانەدا خۆ دەنوێنێت، کە خزمەتی ناکەن و لێرەوە خزمەتی نیشتمان و ئەزموونەکەیشی ناکەن، کە ئەزموونی ئێمەیە لە نیشتمانێکدا، چەند ساڵێکە لە سەختترین تاقیکردنەوە لەگەڵ دڕندەترین دیکتاتۆر لە مێژوودا دەرچووە و بڕوانامەی ژیانی بەدەست هێناوە و بەسەر هەڵمەتەکانی ئەنفال و جینۆساید و غازی کیمیاوی و گۆڕینی واقیعی نەتەوەییدا سەرکەوتووە، هاوکات پەلەپەلنەکردنی رۆژنامەنووس لە گەیشتن بە ریزی دەوڵەتانی لەڕووی شارستانییەوە پێشکەوتوو لە چاوتروکانێکدا بەپەیڕەویکردن لە سیاسەتی (سووتاندنی زەمەن و قۆناغەکان)، چونکە ئەو میوەیەی لەکاتی پێگەییندا نەیەت هەر بەکاڵی دەمێنێتەوە و هەرس ناکرێت و بەهیچ شێوەیەك سوود بەجەستە ناگەیەنێت.

ئەو پازدە ساڵەی بەسەر ئەزموونەکەدا تێپەڕیوە (ساڵانی سەلامەتی) نەبووە، بەڵکو لەو ماوەیەدا بەهۆی سیاسەتگەلی هەڵەوە بەدەست کێشەی کوشندەوە ناڵاندوومانە، خۆ ئەگەر سەرکەوتنی ویستی خێر و ترسانی لەدەستدانی ئەزموونەکە و پەرۆشیی هاوبەش بۆ ئایندەی ئەو ئەزموونە نەبوایە لەوانە بوو رووداوەکان رێڕەوێکیتریان وەربگرتایە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا لەم ساڵانەی دواییدا نیشانەی دەستپێشخەریی ئەرێنی لە ئەزموونی کوردستان لە چەندین بواردا سەری هەڵداوە، لەوانە قبووڵکردنی رای جیاواز و لەدایکبوونی رۆژنامەگەریی ئەهلی و سەربەخۆ، کە پەیامی خۆی دەگەیەنێت و رەخنە دەگرێت کە هەندێ جار هەست بریندار دەکات و ویژدان ئازار دەدات، بەڵام مادام ئازادی هەبێت و مومارەسەی بکەین، پێویستە لەسەر هەموولا (دەوڵەت بەسەرجەم دەزگەکانیەوە، هاوڵاتی، رۆژنامەنووس) چەمکە دروستەکانی ئازادی و رێزگرتنی دابونەریتەکانی کۆمەڵگە بچەسپێنین و یاساسەروەری هەڵوێست بێت و دادگە خاوەن مافی یەکلاکردنەوەی ئەو کێشانەی هەبێت ئەگەر لێرە و لەوێ هەبوون، رۆژنامەنووسیش ئەوە لەیاد نەکات ئەو یەکەم

هاوڵاتییەکە و دووەم خاوەن ئاراستەیەکی نیشتمانیی دڵسۆزە کە تەنیا خێر و پێشکەوتنی بۆ گەلەکەی دەوێت، کارە رۆژنامەوانییەکەی بەوپەڕی ئازادانە ئەنجام بدات، پێویستە هەموومان پارێزگاری لەم ئەزموونە بکەین و پەرەی پێ بدەین و چەمکەکانی دیموکراسی و ئازادی تێدا بچەسپێنین.

هەروەها پێویستە داوودەزگەکانی دەوڵەت مامەڵەیەکی ئینسانییانە و شەفافانە و بەقەناعەتێکی دیموکراسییانەوە لەگەڵ رۆشنبیران و رۆژنامەنووسان وڵاتەکەمان بکەن، نەك بە لۆژیك و ئەقڵییەتی داوودەزگە سەرکوتکەرەکانی رابردوو.

پێویستە سەرجەم هاوڕێ ئازیزەکانمان لە رۆژنامەنووسان و خاوەن قەڵەمە رێزدارەکانیش لەئاست ئەو بەرپرسیارێتییەدا بن بەرانبەر گەل و نیشتمان لەسەر شانیانە و هەمووان مومارەسەی ئازادی بکەن بەتەواوەتی، بەڵام بە دوورکەوتنەوە لە بریندارکردن و ناوزڕاندن و وروژاندن، پێویستە رێزی یاساکان بگرین و لەپێناو پەرەدان بەئەزموونە نەتەوەییەکەماندا کار بکەین لەڕێی مومارەسەکردنی مامەڵەکردنی دیموکراسییانە و چەسپاندنی پرنسیپەکانی دیموکراسی و ئازادیی رۆژنامەگەری.

## پەیڤی وەفاداری لە جەژنی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا

خێزانی ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان هەموو ساڵێك بەبۆنەی جەژنی ڕۆژنامەگەریی کوردییەوە ئاهەنگ دەگێڕێت، کە بەستراوە بە ڕۆژی لەدایکبوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردییەوە لە ١٨٩٨/٤/٢٢ دوور لە وڵاتی کوردان، ئەوە بوو شاری قاهیرە ژمارەیەك لە ئەندامانی بنەماڵەی بەدرخانی تێکۆشەری لەئامێز گرت، کە لەئەنجامی ڕەفتارەکانی دەسەڵاتی تۆتالیتاریی عوسمانییەوە پەنایان بۆ بردبوو، کە بەساختە و ناڕەوا بەناوی ئاینەوە خوێندن و نووسین بەزمانی دایکی لە کورد و خەڵکیتریش حەرام کردبوو، ئەوەیش پاڵی بە ڕۆشنبیرانی گەلەکەمانەوە نا چاو ببڕنە دەرەوەی شوورەکانی دەوڵەتی عوسمانی بۆ دەستکردن بە بەهێزکردنی بنچینەکانی پرۆژەی شارستانی و نەتەوەیی کورد، بە دەرکردنی یەکەمین ڕۆژنامە بەناوی (کوردستان) کە لە تۆماری مێژوودا بە نەمری مایەوە.

لەکاتێکدا بەبۆنەی ئەو یادە لەدڵدا ئازیزەوە ئاهەنگ دەگێڕین، پێویستە ڕۆژنامەنووسانمان بیر لەو بارودۆخە بکەنەوە کە (کوردستان)ی تێدا لەدایك بوو، لە ماندوێتی و سەختی و زەحمەتکێشان، هەموو ئەوانە یەکەم لەپێناو چەسپاندنی وشەی کوردی و گەیاندنی دەنگی گەلی کورد بەدەرەوەی وڵاتە پارچەپارچەکراو و

داگیرکراوەکەیان، ئاشناکردنی دۆست و دوژمن بەوەی رۆشنبیرانی کورد پڕ تفاقن و سەرباری مەینەتی و سەختییەکانی رۆژگار لە خەباتی نەتەوەییان بەردەوامن و گویٚ بە قوربانییەکان نادەن قەبارەیان هەرچەند بن، لە درێژیی رەوتی کاروانەکە شەکەت نابن چەندە سەخت بێت، ئەوان لێبڕاو و بەردەوامن تا ئومێدەکان دێنە دی بەبەشداریکردن لە بنیاتنانی قەوارەیەکی نەتەوەیی دامەزراو لەسەر دیموکراسییەت و ئازادیی دەربڕین و رۆژنامەگەری و رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و کردنی رۆژنامەگەری لە کوردستان بە پەیام و ئەرکێکی نەتەوەیی ئینسانی بۆ بەرگریکردن لە هەموو راستییەك و هەر شتێك رۆڵی هەبێت لە بنیاتنانی تەلاری شارستانی، دوور لە بیرکردنەوە تەسکەکان و وروژاندنی غەریزەکان و گیانی خۆ بەزلزانین و دەستەمۆکردنی رۆژنامەنووس و رۆژنامەگەری، بەشێوەیەك لە رێگە و پەیامە پیرۆزەکەی لایبدات، ئەو پەیامەی یەکەمین وشە کوردییەکانی لەلایەن کۆچکردوو میقداد بەدرخان و عەبدولڕەحمان بەدرخانی نەخشێنرا، کە گیانیان لە بەهەشتی بەریندایە، چونکە ئەوان نیشتمان و رۆژنامەکەیان (کوردستان)یان خۆش دەویست.

## بەرگری لە ئازادیی رۆژنامەنووسی.. بەرگری لە رۆژنامەنووسان

لەپێناو جێبەجێکردنی چەندین خاڵ لە یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨ تایبەت بە یاسای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و بۆ پیادەکردنی دروشمە ناوەندییەکەی سەندیکا (لەپێناو چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان) و وەك خۆ گونجاندن لەگەڵ ئامانجە سەرەکییەکانی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووسان IFJ، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کردویەتی بە نەریت، دەست بەئامانجەکان و بە ناوەرۆکی خاڵەکانی یاسای سەندیکا و دروشمە ناوەندییەکەیەوە دەگرێت، بۆ بەرگریکردن لە ئازادیی رۆژنامەنووسی و هێنانەکایەی کەشوهەوای لەبار بۆ هەمووان بەبێ جیاوازی لەکاتی مومارەسەکردنی پیشەی رۆژنامەنووسیدا لە هەلومەرجێکدا کە ئازادی باڵی بەسەردا کێشابێت، کەشوهەوایەکی تەندروست لەناو چوارچێوەی یاسایەکی هاوچەرخدا کە ئازادی بۆ هەمووان دەستەبەر بکات بەبێ زیادەڕەویکردنە سەر ئازادیی شەخسی و خەریکبوون بە شەڕەقسە (موهاتەرات)ەوە، کە خزمەت بە کەس ناکات لەپێشیانەوە رۆژنامەنووسان خۆیان. بۆ بەرجەستەکردنی ئەم بنەمایە، سەندیکا کە لە ئەنجومەنەکەی بە هەر پێنج لقەکەی و لیژنەکانیدا خۆ دەنوێنێت، بەم

یان بەو شێوە لە هۆڵەکانی دادگەکان و فەرمانگەکانی پۆلیس ئامادە بووە، هەندێ جاریتریش تەکلیفی لە پارێزەران کردوە بەرگری لە رۆژنامەنووس بکەن جا چ هەڵوێستی رۆژنامەنووسەکە راست بووبێت یان هەڵە.

بۆ رێگرتن لە سەرهەڵدانی کێشە کە لێرە و لەوێ روودەدەن و بەداخەوە لەم ماوەیەی دواییدا زۆر بوون، ئەنجومەنی سەندیکا دەستپێشخەری کردوە و لیژنەیەکی تایبەتی پێکهێناوە، داوای لە سکرتێری سەندیکا و بەرپرسی لیژنەی بەرزەفتکردن کردوە بەپاڵپشتیی ئەنجومەن و دەستەکانی لقەکان لە گۆڕەپانەکانی رووبەڕووبوونەوەی لایەنەکانی کێشەکاندا (فەرمانگەکانی پۆلیس و هۆڵەکانی دادگە) ئامادە بن، تا ببنە قەڵغانی پارێزەر بەڕووی ئەو زیادەڕەوییانەی دەکرێت بەمەبەستی سنووردارکردنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و رۆژنامەنووسان، روودەن.

پێویستە رۆژنامەنووسانیش، جا ئەندام بن لە سەندیکا یان ئەندام نەبن، لیژنە تایبەتەکە یان ئەنجومەنی سەندیکا یان دەستەکانی لقەکان لە هەر زیادەڕەویکردنێك بۆ سەر رۆژنامەنووسان ئاگەدار بکەن، هاوکات داوا لە توێژی رۆشنبیران و لەپێشیانەوە رۆژنامەنووسان دەکەین هاوکاریی ئەو لیژنە پێکهێنراوە بکەن کە راسپێردراوە بە ئامادەکردنی (پرۆژەیاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان) و دەوڵەمەندکردنی بەتێبینییەکانیان و دەرهێنانی وەك یاسایەکی هاوچەرخ، کە کار و ژیانی رۆژنامەنووسی لە رووبەرێکی ئەم گەردوونەدا رێك دەخات کە "کوردستان"ە و تائێستا بەبێ قەوارەیەکی سیاسی و لێرەیشەوە بەبێ یاسای تایبەت ماوەتەوە کە چارەسەری ناتەواوییەکانی کۆمەڵگە بکات، وا یەکەمین هەنگاوەکانی بەئاراستەی بەشارستانیبوون و بنیاتنانی پەیکەرێکی هاوچەرخ هەڵدەگرێت، کە ئازادی بۆ هەمووان مسۆگەر دەکات.

# دوو هەنگاو بۆ پێشەوە

لە ٢٨ی مانگی ئایاری رابردوو سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان  پێی نایە قۆناغێکی نوێ لە ئامادەبوونی لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتی، ئەویش پاش بەرزکردنەوەی ئەندامێتی لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان IFJ لە (بەشدار)ەوە بۆ ئەندامی کارا (Full Member) بەپێی بڕیارەکانی لیژنەی تەنفیزیی فیدراسیۆنەکە، بەوەیش سەندیکاکەمان دەبێتە تاکە سەندیکای (گەلێکی بێ دەوڵەت) کە ببێتە ئەندامی کارا لەنێو ١٢٥ سەندیکا و رێکخراوی رۆژنامەوانیدا لە IFJ، کە نیو ملیۆن ئەندامی لە وڵاتانی سەرتاسەری جیهان لەخۆ دەگرێت.

ئەوە هەنگاوێکی تابڵێیت گرنگ و پەرەسەندنێکی جۆرایەتییە لە پەیوەندی لەگەڵ سەنتەرێکی رۆژنامەوانیی جیهانی و لایەنە ئەرێنییەکانی بەسەر کۆی دۆزی گەلی کوردستاندا دەشکێتەوە، کە پێویستی بەم جۆرە هەنگاوانە هەیە بۆ سەندیکا و رێکخراوە پیشەیی و مەدەنییەکانی و دەبێتە زەخەمێکی بەهێز لە رەوتی کاروانەکەیدا بەرەو ئایندەیەکی باشتر و بنیاتنانی پایەی بەهێز بۆ سەربەخۆیی نیشتمانیمان، ئەمە جگە لە بەرهەمە پیشەیی و مەعنەوییەکانی بۆ سەرجەم

**رۆژنامەنووسانی کوردستان و سەندیکاکەیان، کە لە بەهاری ۲۰۰۰ەوە لێبڕاوانە هەوڵ بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتیی IFJ دەدات.**

**هەنگاوی دووەم پێش لە هەر کەس تایبەتە بە رۆژنامەنووسان، ئەویش لەو هەمواركردن و گۆڕانكارییانەدا خۆ دەنوێنێت كە بەسەر (پرۆژەیاسای كاری رۆژنامەنووسی لە كوردستان)دا هات پاش ئەوەی كۆمەڵێك لە رۆژنامەنووسان و میدیاكاران را و پێشنیاری خۆیان سەبارەت بە پرۆژەكە و بۆ دەوڵەمەندكردنی دەربڕی، پێشنیارەكان لەلایەن لیژنەی بەرپرس لە ئامادەكردنیەوە تاوتوێ كران، سەرەنجام لیژنەكە چەند هەموارێكی كرد و چەند بڕگەیەكی لێ سڕیەوە، بەشێوەیەك لەگەڵ رۆحی سەردەم و تایبەتمەندیی كۆمەڵگەی كوردستان و خواستەكانی كاری رۆژنامەنووسی و چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسیدا هەنگاو بنێت (دەقی پرۆژەكە لەگەڵ پێشەكی بە سیغە نوێیەكەی بەهەردوو زمانی كوردی و عەرەبی لە لا٦١ و ٧ بڵاو كراوەتەوە)، بەڵام جەخت لەوە دەكەین كە سیغە نوێیەكە كۆتا سیغەی پرۆژەكە نیە و لە قۆناغی داهاتوودا لە لقەكانی سەندیكا كۆبوونەوەی بەرفراوان لەگەڵ رۆژنامەنووسان دەكرێت، بەمەبەستی گەنگەشە و دەوڵەمەندكردنی پرۆژەكە، پاشان رێكخستنی سیمینارێكی گشتی لە هەولێر بۆ دەستەبژێرێك لە رۆژنامەنووسان بۆ پەسەندكردنی كۆتا سیغەی پرۆژەكە، پێش لەوەی پێشكەشی پەرلەمانی كوردستان بكرێت.**

## لەسەر زەوی ڕەحم بە خەڵك بكەن خودا لە ئاسمان ڕەحمتان پێدەكات

لەم ساڵانەی دواییدا و بەتایبەت لە دوو ساڵی دواییدا كرێی خانووبەرە لە شاری هەولێری پایتەخت بەشێوەیەكی تایبەت و لە سەنتەری پارێزگەكانی كوردستان بەشێوەیەكی گشتی بەرز بووەتەوە، بەرزبوونەوەیەكی شێتانە و وەك ئاگری لێ هاتووە كاتێك بەردەبێتە پووش و پەڵاش و ڕەحم بەكەس ناكات، ئەویش بەهۆی ئەوەی هەندێ لە ئابووریناسان دەیدەنە پاڵ زۆریی خواست لەسەر خانووبەرە بەهەردوو جۆری نیشتەجێبوون و بازرگانییەوە.

خاوەن خانووەكان پەنا بۆ شێوازی بەڕتووش و بێ ڕتووش دەبەن، لەوانە پەنابردن بۆ دادگە بۆ دەركردنی كرێچییەكانیان بەبێ بەزەیی و هەموو پێوەرە كۆمەڵایەتییەكان بەزەویدا دەدەن، بەبێ ڕەچاوكردنی سادەترین چەمكە ئینسانییەكان، دەوڵەتیش بێدەنگ و تەماشاچییە و ناجووڵێت، وەك ئەوەی كێشەی هاوڵاتییەكانی پەیوەندی بەوەوە نەبێت.

ڕاستە دەیان هەزار پاچە زەوی بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش دەكرێن، بەڵام هاوڵاتییانی خاوەن داهاتی سنووردار چی لەو زەوییانە بكەن، بەبێ دابینكردنی

قەرزێك لە بانكی خانووبەرە و دەستەبەرکردنی کەرەستەکانی بیناسازی بەنرخێکی گونجاو و پەلەکردن لە دابینکردنی ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و ڕێگەوبان بۆ ئەو ناوچانە.

لەکاتێکدا زۆربەی رۆژنامەنووسان بەدەست ئەو بەڵایەوە دەناڵێنن کە وەك هەورەبروسکە بەسەریاندا دەدات، دەبینین وەزارەتی پەیوەندار هیچ رۆڵێکی لە چارەسەرکردنی ئەو دیاردە مەترسیدارەدا نیە.

هۆ پێڕی رۆشنبیران! لەسەر ئەم دیاردە مەترسیدارە بنووسن کە هەڕەشە لە کۆمەڵگەکەمان دەکات و دەبێتە هۆی زیادبوونی بێزاری لەلای کرێنشینان (ستەملێکراوان) کە دەستیان بیّ دەسەڵاتە، داوا لە پەرلەمانە هەڵبژێردراوەکەتان بکەن لەو دیاردەیە بکۆڵێتەوە کە رۆژانە وەك شێرپەنجە بڵاو دەبێتەوە. هۆ سەرۆکایەتیی حکومەتی هەرێمی کوردستانی بەڕێز! چارەسەرێکی بۆ بدۆزەرەوە و بەزووترین کات پشت بەپسپۆڕان و ئابووریناسان و یاساناسانی زانکۆکانی کوردستان ببەستە بەمەبەستی دانانی لێکۆڵینەوە و یاسای پێویست بۆ دانانی چارەسەری پێویست لەپێناو ئەوانەی چاوچنۆکیی هەلپەرستان، کە لە هەموو کۆت و بەندێکی یاسایی و کۆمەڵایەتی رەهان، راوەدوو دەنرێن.

# ناوەکانیان لەبەر بکەن تا لە سزا قوتار نەبن

لە بێئاگاییەکدا و لە نەبوونی لای خواری چەمك و بنەما ئینسانییەکان لە سادەترین وێنەیاندا، تاوانباری دڕندە (جەعفەر ئەلحللاوی) و هاوڕێ دڕندەترەکەی ناسراو بە (حەجاج)، پاش شاڵاوە تاوانکارییەکانی ئەنفال کە دەیان هەزار لە رۆڵەکانی گەلەکەمانیان لە سەردەمی دیکتاتۆری سەردەم و شەرمهێنی مرۆڤایەتی (سەدام حوسێن)دا تێدا بوونە قوربانی، لە زیندانی ترسناکی (نوگرە سەلمان) ئەتکی ئابڕووی هەندێ لە کچە خاوێنەکانی گەلی کوردستانیان کرد، لەو سەردەمە نالەبارەدا کە دیکتاتۆر لەلایەن هەردوو جەمسەری سەرەکیی و هەندێ ناوەندی دەسەڵاتدار لە ئەوروپادا رێزلێگیراو بوو، لە ناو بێدەنگییەکی عەرەبی و ئیسلامیدا (هەردوو جیهانی عەرەبی و ئیسلامی) لە سەرجەم ئاستەکان بەکاریگەریی بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکان و کۆبۆنە بەدناوەکانی نەوت، کە لە بازاڕی کۆیلەفرۆشانی سیاسیدا کڕین و فرۆشتنی ویژدان و پرنسیپیان پێوە دەکرا، کە تاوانبار سەدام لە دیدی ئەوانەدا ویژدانی خۆیانیان فرۆشتبوو و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوییان حەڵاڵ کردبوو، کرابوو بە (سێبەری خوا)، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی گوند و ئاواییەکانی کوردستان بەرەو سووتگەی مەرگ لە بیابانی سەلمان و عەرعەر و حەزەر

و شوێنانیتری عێراق پەلکێش کران و هێشتا بەشێکی زۆر لە گۆڕە بەکۆمەڵەکان بەهۆی پایەکانی شێوازە فاشیستییەکانەوە (دەوڵەتی ڕێکخراوی نهێنی) نەدۆزراونەتەوە و دەستیان پێ نەگەیشتوە.

رۆڵەکانی گەلی کوردستان!.. زۆر خوێنڕێژ و ناپیاو لە مێژووی هاوچەرخماندا هەن، کە تاوانیان دەرهەق بە گەلی کوردستان کردوە، بەکۆمەڵ خەڵکی بێتاوانیان لەناو بردوە و تەڕ و وشکیان پێکەوە سووتاندوە، مزگەوت و کەنیسە و مەزارگەی پیاوچاکانیان وێران کردوە، هێشتا یادگەمان ناوی ئەوانەی پاراستووە کە تاوانیان دەرهەق بەکوردستان و گەلەکەی کردوە، لەوانە (صدیق مصطفی، زعیم صدیق، بدرالدین علی، طه الشکرجی، غانم مصباح، ملازم محسن، رائد طه، بارق الحاج حنطة، عبدالعزیز العقیلی) و هیتر هاوشێوەی ئەو هیچ و پووچانە، کە تەنانەت ئەگەر لە دنیایشدا لە سزای گەل دەرباز بن، لە سزای خودا لە رۆژی دواییدا رزگاریان نابێت.

جا بۆ ئەوەی ناوی هەندێ لەو وەحشە دڕندانە لەبیر نەکەین، کە ناو و کردەوە دزێو و قیزەونەکانیان بەرانبەر کچانی بەڕێزی کوردستانی لە وتەکانی شایەتحاڵەکانی دادگەییکردنی سەدام و یاریدەدەرانی لە دۆسیەی ئەنفالدا تۆمار کران، ئەم ناوانە لە یادگە و ویژدانتان تۆمار بکەن و بیانپارێزن:

تاوانبار (جعفر الحلاوی) و (حەجاج) و جەللادەکانیتری ئەنفال، کە خراپەیان دەرهەق بە ئاین و نیشتمان و مرۆڤایەتی و شەرەف و هەر بەهایەك کرد کە مرۆڤی شەریف هەڵگری بێت.

## سڵاو بۆ رۆژنامەگەریی سریانی لە جەژنی ( ١٥٧ ) ساڵەیدا

ئەو هەڤاڵانەی لە رۆژنامەگەریی سریانیدا کار دەکەن و لەگەڵیاندا رۆشنبیرانی نەتەوەی ئاشووری، بەبۆنەی تێپەڕبوونی (١٥٧) ساڵ بەسەر لەدایکبوونی یەکەمین رۆژنامەی نووسراو بەزمانی سریانی (زهریرا دبهرا) لە شاری (ئورومیە) لە بەشی رۆژهەڵاتی کوردستان (کوردستانی ئێران)، لەسەر دەستی (شموئیل بادل فال کندی و ئیلیا ملا باش)، ئاهەنگیان گێڕا، ئەویش بۆ بەدیهێنانی خەونەکانی گەلێك کە وەك باقی گەلانی ناوچەکە دووچاری زوڵم و چەوساندنەوە بووە. جا لەو رووەوە رۆشنبیران سەری رمن لە بەرهەڵستیکردنی رەفتارە هەڵەکاندا کە زیان و ئازار بە خەونەکانی گەلەکەیان دەگەیەنن، ئەو دوو رۆشنبیرە ئاشوورییەی باس کران وەك دوو کەسی بەئاگا لە دۆزی گەلی ئاشووری و ئەو ئازارەی پێی گەیشتوە، بیریان لە دەرکردنی ئەو رۆژنامەیە کردەوە، کە بوو بە خشتی یەکەم لە داڕشتنی ژێرخانێك بۆ خستنەڕووی شارستانێتیی ئەوانەی بەسریانی قسە دەکەن، کە لە سایەی ئەزموونی کوردستاندا گەیشتۆتە قۆناغی پێشکەوتوو. رۆژنامەگەرییەکی هەمەجۆر و چەندین ئێزگەی رادیۆ و کەناڵی تەلەڤزیۆن و حزبی نەتەوەیی هەن و بەشداری لە

ئەزموونەکەدا دەکەن، کە بۆ ئەوە لەدایك بووە تا خزمەتی هەمووان بکات بەبێ جیاوازی، ئەوەیش لێمان دەخوازێت بەوپەڕی لێبڕانەوە بیپارێزین لە مەترسیی خراپکاران و تیمەکانی مەرگ و بانگەشەکارانی تواندنەوەی نەتەوەکان و نکولیکردن لە مافی ئەوانیتر لەژێر رووکاری درۆزنانەدا، کە لە بنەڕەتدا خزمەتی خراپە و خراپەکاران دەکات.

سلاو بۆ رۆژنامەگەریی ئاشووری لە جەژنی سالانەیدا و بۆ ئەوانەی لەو بوارەدا کار دەکەن (بواری رۆشنبیری و راگەیاندن)، کە پێویستە پەیامی بریتی بێت لە خۆشەویستی و برایەتی و لێبوردەیی و دۆستایەتیی نێوان تەواوی گەلان.

## دیارنەبوونێکی ناچاری یان بێئاگایی لە ئەرکی راگەیاندن

ساڵی رابردوو چەند چالاکییەکی زۆر گرنگ لەسەر هەردوو ئاستی راگەیاندن و رۆژنامەنووسی لە هەرسێ پایتەخت قاهیرە و تاران و عەمان بەڕێوە چوو. لە یەکەمیاندا بۆنەکە تەرخان کرابوو بۆ کاروبار و خەمەکانی رۆژنامەنووسانی عێراقی و کوردستانی بەسەرپەرشتیی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان IFJ، کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەشاندێك لە بەرزترین ئاستدا بەشداری کرد، چونکە بۆنەکە ئامادەبوونی سەندیکاکەمانی بەو قەبارەیە دەخواست، هەروەها لەبەرئەوەی یەکێك لە لایەنەکانی سەکۆکە (مینبەر) پشکی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو، تێیدا (موناقەشە) و گفتوگۆ و چەندین جار مشتومڕی گەرم لەنێوان ئێمە و کەسانیتردا کرا.

لە یەکی ئایاری رابردوو سەندیکاکەمان تاکە سەندیکا بوو لە عێراقەوە ئامادە بێت لەسەر بانگهێشتی هەڤاڵانی (انجمن صنف روزنامگرانی ایران) واتە رێکخراوی سەندیکایی رۆژنامەنووسانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، بۆنەکەیش رێزنان بوو لە رۆژنامەنووسی هەڵکەوتووی ئێرانی (ئەکبەر کنجی) پاش ئازادکردنی خۆی و چوار

هاوەڵەکەی لە زیندان لە تاران، ئەوە بۆنەیەکی زۆر گرنگ بوو لەو رووەیشەوە بەئاشکرا رێزنان بوو لە رۆژنامەنووسێك کە لە زیندانی رژێم دەرچوو بوو، بەئامادەبوونی دەیان پەیامنێری رۆژنامەکان و بەناوبانگترین کەناڵە میدیاییەکان.

شاندی کوردستانی تاکە شاند بوو بانگهێشت کرابوو بۆ سەر سەکۆ بۆ پێشکەشکردنی وتەیەك، هەروەك هەر پێنج رۆژنامەنووس لەلایەن سەندیکاکەمانەوە خەڵات کران، بەوەی چەند بەرگێکی نایابیان کرایە دیاری کە تەواوی ژمارەکانی یەکەمین رۆژنامەی کوردییان تێدا بوو کە لە ٢٢ی نیسانی ساڵی ١٨٩٨ بەناوی (کردستان) دەرچووە، ئەوەیش دەنگدانەوەی فراوانی لەناو بەناوبانگترین رۆژنامەکانی ئێراندا هەبوو.

بۆنەی سێیەم دیدارەکەی عەمان بوو لە رۆژانی ١٨-٢٠٠٦/١٢/١٩، کە تەرخان کرا بۆ پاڵپشتیکردنی رۆژنامەنووسان لە عێراق و یارمەتیدانیان بۆ دەرچوون لە قەیرانەکەیان، کۆکردنەوەی رۆژنامەنووسانی کوردستانی و هەڤاڵانی عێراقییان بەسەرپەرشتیی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان و بەپاڵپشتیی یەکێتیی نێودەوڵەتیی سەندیکا کرێکارییە ئازادەکان و بەبەشداریی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عەرەب (وردەکارییەکەی لەم ژمارەیەدا بڵاو کراوەتەوە).

ئەوەی بەلای ئێمە و ئەندامانی ئەو شاندانەیشەوە سەیر و جێگەی پرسیار بوو، غیابی راگەیاندنی کوردستانییە بەسەرجەم کەناڵەکانی و بەجیاوازیی ئاراستەکانیانەوە (کە زۆرن) لەو جۆرە بۆنانەدا، کە لە چەند پایتەختێکی گرنگی دەوڵەتانی دراوسێدا بەرێوە چوون، لەکاتێکدا بەپێی زانیاریی ئێمە نووسینگەی حزبە کوردستانییەکانیان تێدایە و مانگانە دەیان هەزار دۆلاریان تێدا خەرج دەکرێت و خاوەن دەزگە و کامێرا و کادیری بەرێوەبردنن، بەڵام ئەوەی نیانە و هەرئەوەیش مەبەستە، نەبوونی هۆشیاریی راگەیاندن و هەستکردنە بە گرنگیی راگەیاندن لە

**جیهانی ئەمڕۆماندا کە لەتوانایدایە سپی ڕەش بکات، بەشکو ئەمە خوایە بەڕێوەبەرانی کەناڵە ئاسمانییە کوردستانییەکان و بەرپرسانی نووسینگەکانی ڕاگەیاندن و بەرپرسانی نووسینگەکانی حزبەکان و نووسینگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گرنگیی ڕاگەیاندن تێبگەن، هیواداریین ئامادەنەبوونەکەیان (ناچاری) و بەهۆی ڕێگریی ئەو حکومەتانەوە بووبێت، نەك دەرکنەکردن بە ئەرکەکە کە ئەوان باشتر دەیزانن!**

## بۆ دۆستە ئەمازیغەکانمان.. لەدڵەوە خۆشمان دەوێن

لە کۆتایی مانگی رابردوودا لەسەر بانگهێشتی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان IFJ ئامادەی دیدارێك بووین کە لەگەڵ زیاتر لە ٢٥ نەقیب یان سکرتێری گشتی یان نوێنەرانی سەندیکا رۆژنامەوانییەکانی جیهانی عەرەبی و ئێران و شانشینی یەکگرتووی کۆی کردینەوە (وردەکارییەکان لە لاپەڕەکانی ١ و ٢ و ٣ و٤ بڵاو کراوەتەوە)، وتە و گفتوگۆکانی ناو دیدارەکە هەندێ جار راشکاو و هەندێ جاریش پلەیەکی کەمتر لە شەفافیەتیان تێدا بوو کاتێك بابەتەکان پەیوەندییان بە ئازادیی رۆژنامەنووسی و بارودۆخی رۆژنامەنووسان لە جیهانی عەرەبییەوە هەبووایە، هیچ ئەزموونێك نەبوو سەلامەت دەربچێت و لە رەخنە و شۆردن دەربازی ببێت مەگەر بەدەگمەن.

تاکە ئەزموون کە پەنجەی تۆمەتبارکردنی بۆ رانەکێشرا ئەزموونی کوردستان بوو لەسەر ئاستی راگەیاندن و رۆژنامەنووسی، بەڵام کاتێك بەئامادەبووان راگەیەنرا کە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان پرۆژەیاساکانی سەندیکا و یاسای سندووقی خانەنشینی رۆژنامەنووسان لە کوردستان و پرۆژەی سێیەمی ئامادەکردوە، کە ئەویش پرۆژەیاسای کاری رۆژنامەوانییە لە کوردستان، نیشانەی خۆشحاڵی بە روخساریانەوە دەرنەکەوت بۆ سەرکەوتنی سەندیکایەکی هاوڕێ لەسەر هەردوو ئاستی پیشەیی و بەرگریکردن لە ئازادیی رۆژنامەوانی و دەستەبەرکردنی

مافەکانی رۆژنامەنووسان، کەسیان قسەی لەسەر ئەم دەسکەوتە نەکرد، بەڵام کاتێك گفتوگۆکان لەبارەی راسپاردەکانی لە چوارچێوەی راگەیەنراوی کۆتاییدا درێژەیان هەبوو و پێشنیارم کرد هەرێمی کوردستان لەپاڵ عێراقدا زیاد بکرێت (هەولێر لەپاڵ بەغدا) بۆ کردنەوەی نووسینگە بۆ خولی رۆژنامەنووسیی پیشەیی، زیاتر لە نوێنەرێکی عەرەبی بەرهەڵستیی زیادکردنی وشەی کوردستانیان کرد، وەك ئەوەی کوردستان ئەو رووبەرە بێت کە بەرپرس بووە لەو کارەسات و شکست و شکانانەی لە نیشتمانی عەرەبی و نەتەوەی عەرەبیدا روویان داوە، لەکاتێکدا بەلایانەوە ئاساییە باسی قارەمانییەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی و رۆڵی زانایانی کورد بکەن لە دەوڵەمەندکردنی کولتووری عەرەبیدا.

بەکورتی، دڵ و ئەقڵێکی کراوەم نەدی بەو ئەندازەیەی ئێمە لە چلەکانی سەدەی رابردووەوە داوای (برایەتیی عەرەب و کورد و تێکشکاندنی پیلانەکانی ئیستیعمار)مان دەکرد، کاتێك هەڵوێستی هەندێ لە هەڤاڵانی (پیشەی گەڕان بەدوای ماندوێتی)م بیر دەکەوێتەوە دڵم و ئەقڵم پڕ لە داخ دەبن، وەك ئەوەی ئەو (ماندوێتییانە) لە کوردستانەوە هاتبن نەك لە شوێنێکیترەوە، لەناویاندا ئەو هەڤاڵە ئەمازیغی (بەربەر)ە هەڵاوێر دەکەم، کە لەوکاتەی لەسەر مێزێك لە یەکێك لە چێشتخانە قەشەنگەکان لە پایتەختی جەزائیر لەبارەی کاروبار و خەمە هاوبەشەکانی نێوان کورد و ئەمازیغ دەمەتەقێمان دەکرد، چرپاندی بەگوێمدا و وتی: (گوێ مەدەرێ هاوڕێم، ئێمە و ئێوە لە سەردەمی زێڕینماندا دەژین، رەنگە لە وشەی "سەردەمی زێڕینمان" سەرت سوڕ بمێنێت، هاوڕێی کوردم سەردەمی زێڕینمان لەو کاتەوە دەستی پێکردوە کە پێکەوە لە تاقیکردنەوەی "بەعەرەبکردن" دەرچووین، کە چەوسێنەرانمان لە دەسەڵاتدارانی عەرەب لە بێدەنگیی رۆشنبیرانیاندا هەوڵیان دا لە بۆتەی "نەتەوەی عەرەب"دا بمانتوێننەوە).

کەواتە لە کوردستانەوە سڵاو لەو مرۆڤە کە شانازی دەکات بەسەرکەوتنی لە تاقیکردنەوەی بەعەرەبکردن و بۆ هەتاهەتایە نەمانی سەردەمی توانەوەی گەلان.

## ئازادیی رۆژنامەنووسی لەنێوان بەرپرسیارێتیی سەندیکا و ئەرکی رۆژنامەنووسدا

ناوبەناو گۆڕەپانی کوردستان مشتومڕی رۆژنامەوانی و نووسینی رەخنەیی بەخۆوە دەبینێت و کاردانەوەیان لیَ دەکەوێتەوە کە لە ناوەڕۆك و شێوازدا جیاوازن، ئەوەیش بەهۆی فراوانیی رووبەری ئازادیی رۆژنامەوانی لە کوردستان و سەرهەڵدانی چەندین رۆژنامە و گۆڤار و کەناڵی میدیایی سەربەخۆ یان ئەهلی، ئەمە جگە لە کەناڵەکانی راگەیاندنی حزب و کۆمەڵە و سەندیکا و یەکێتییەکان و راگەیاندنی حکومی و وەزارەتەکانی، کە هیچ توێژێك لە توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستان نەماوە بەبیَ رووماڵی میدیایی، ئەمە جگە لە بوونی ژمارەیەکی زۆر وێستگەی رادیۆ و تەلەڤزیۆن کە لە پڕکردنەوەی رووبەرەکانی کاری میدیاییدا پێشبڕکیَ دەکەن بەبیَ بوونی یاسایەك چالاکییان رێك بخات و ئاراستەیان بکات، هەموو ئەوە بەهۆی ئەو کەشوهەوایەی راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ هێنایە کایە.

ئێستا دەتوانین بڵێین شۆڕشێك لە گۆڕەپانە میدیاییەکەدا هەیە، بەرەو پێشەوە گەشە دەکات و پەرە دەسێنێت، ئەمەیش وامان لیَ دەکات تا ئەوپەڕی سنوور گەشبین بین و لەبەردەم جیهاندا لەو کۆنگرە و کۆبوونەوانەی لێرە لە ناوخۆی کوردستان و لەو پایتەختانەدا دەبەسترێن کە بەدەم بانگهێشتکردنیانەوە دەچین بۆ ئامادەبوون لەو چالاکییانەدا بەناوی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە، شانازی پێوە بکەین.

ئەم سەندیکا کۆرپەیە کە هێشتا تەمەنی لە دەساڵ تێپەڕی نەکردوە، توانیوێتی زۆر بەشایستەیی پێگەی خۆی لە هەردوو گۆڕەپانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتی بگرێت و لەڕووی یەکێتیی پتەوی و تەرحە کردارییەکانبەوە بەپەنجە ئاماژەی بۆ دەکرێت، بۆ هەرکویٚ بچێت لەپاڵ خەمەکانی رۆژنامەنووسانی کوردستاندا، (کوردستان)یش لەگەڵیدا ئامادەیە، لەڕووی داواکردنی کردنەوەی خولی چالاککردن بۆ ئەندامانی سەندیکا و هەرشتێك پەیوەندی بە پەرەپێدانی ئاسۆی پیشەیی و رۆشنبیریی رۆژنامەنووسانەوە هەبێت، بەشێوەیەك ببێتە مایەی پێشکەوتنی رۆژنامەگەری لە کوردستان و فراوانکردنی رۆڵی و چەسپاندنی پێگە و ئازادی وەك بەهایەکی باڵای بەدەستهاتوو و دەسکەوتێکی شارستانیی گەورە.

بەڵام چەندە هەست بەداخ دەکەین کاتێك دەڵێین ئەم ئەزموونە تاکانەیە بەو ئەنجام و دەسکەوتانەی بۆ رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووسان هەیبووە، هەندیٚ کەسی تووش دەبن کە، تای لاساییکردنەوەی کەسانیتر گرتوونی و دەکەونە رەفتاری هەڵەشانە و بیٚ دیسپلینەوە و هیچ حسابێك بۆ بارودۆخ و هەلومەرجمان ناکەن کە هێشتا فشۆڵە، ئەویش بەهۆی پیلانی ناوەندە موخابەراتییەکانی هەندیٚ دەوڵەتی ناوچەکە و هەوڵدانی بەردەوامیان، بۆ دروستکردنی کێشە و دانانی کۆسپ لەڕێی کاروانەکەیدا و پەلاماردانی و بەدیهێنانی مەرامەکەیان کە بە (گێڕانەوەی کۆن بۆ کۆنییەکەی) ناسراوە.

دڵمان پڕ کەسەر و داخە کاتێك دەبینین قەڵەمی هەندیٚ لە نووسەر و رۆژنامەنووسانمان گەیشتۆتە چ ئاستێکی نزم و بێکەڵك، کە لەگەڵ ئاکاری پیشەکەدا ناگونجێت، ئازادیی رۆژنامەگەرییان بەلاوە گرنگ نیە و گویٚ بەو بارودۆخە نادەن کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، کە داوای شانبەشانبوون و یەکخستنی ریزەکان و خستنەکاری قەڵەکانمان لیٚ دەخوازێت، بەجیاوازیی ئینتیما نەتەوەیی و سیاسی و

ئاینییەکانمانەوە، لەپێناو سڕینەوەی شوێنەوارەکانی ڕژێمی دیکتاتۆریی هەرەسهێناو و گێڕانەوەی شار و شارۆچکە و گوندەکانی (کەرکوك و خانەقین و شەنگال و مەخموور و شێخان) و هەموو بستێك لە خاکی پیرۆزمان، کە (بەعەرەب کراوە) و بەزۆری زۆردار بە پارێزگەیتری ناکوردستانییەوە لکێنراون.

ئازادیی ڕۆژنامەگەری بەهۆی یاسا بەرکارەکان (یاسای ژمارە ١٠ی ساڵی ١٩٩٣ و هەموارەکانی و یاسای ژمارە ٤ی ساڵی ١٩٩٨ و هەموارەکانی و یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان )، هەروەها بەهۆی دیموکراتیبوونی کۆمەڵگەی کوردستان و یەکگرتوویی پێکهاتەکانی و کەشوهەوای کرانەوە و لێبوردەیی باڵادەست تێیدا، تا ڕادەیەك پارێزراوە، بەڵام ئەوە ڕێگر نیە لە ڕوودانی مشتومڕ و مرخێش مرخێش و نووسینی ڕۆژنامەوانیی ئەوتۆ کە ئاستیان ناگاتە ئاستی پیشەییانە و ماقووڵ، لێرەوە دەبنە هۆی بریندارکردنی هەستی ئەوانیتر و سووکایەتیکردن بەئاداب و سیستمی گشتی، ئەوەیش دژە کاردانەوەی دەبێت وەك پەنابردن بۆ دادگە و تۆمارکردنی سکاڵا، ئەمانە پاڵیان بە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانەوە نا لیژنەیەکی پسپۆڕ پێکبێنێت، کە لە مامۆستایانی زانکۆ و پارێزەرانی شارەزا و ڕۆژنمەنووسانی ئەندامی سەندیکا، ئەمە جگە لە ئەندامی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان و بەڕێوەبەری فەرمانگەی یاسایی لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی حکومەتی هەرێمی کوردستان. لیژنەکە پرۆژەیاسای ڕێکخستنی کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستانی ئامادە کرد و لە ٢٠٠٦/١٠/١٧ پێشکەش بە سەرۆکایەتیی پەرلەمانی کوردستان کرا بەمەبەستی تاوتوێ و پەسەندکردنی وەك پرۆژەیەك، کە گەرەنتی و بەهێزکەری ئازادییە ڕۆژنامەنووسییە بەدیهاتووەکان و ڕێکخەری مافی ڕۆژنامەنووسان و ئەو سنووورە پیشەییانە بێت کە پێویستە لەکاتی کاردا پێیانەوە پابەند بن، هەروەها یارمەتیدەری ئەو حوکم و مادە یاساییانە بێت کە نابێت دادگەکان بازیان بەسەردا بدەن، هەروەك سەرجەم لایەنە پەیوەندارەکان

(ڕۆژنامەنووس، هاوڵاتی، داوودەزگەکانی دەوڵەت) بەسنووری بەرپرسیارێتییەکانی ئاشنا دەکات بەمەستی ڕێگرتن لەو زیادەڕەوییانەی ئەگەری هەیە لایەك بیکاتە سەر لایەنەکانیتر.

بەرپرسیارێتیی سەندیکا لە دانانی سنوور بۆ ئەو زیادەڕەوییانەی لێرە و لەوێ روودەدەن، بەرپرسیارێتییەکی ئەدەبییە و لە یاسای سەندیکادا جێگیر کراوە، لێبڕاوانە لەپێناو پیادەکردنی دروشمە ناوەندییەکەی خۆی (لەپێناو چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان)دا کار دەکات. ئازادیی رۆژنامەگەریش بەمانای زیادەڕەویکردنە سەر ئازادییەکانی ئەوانیتر و بریندارکردنی هەستیان نیە، بەڵکو مانای رێزگرتنی یاسا باوەکانی ئەو بوارە و شوێنکەوتنی شێوازی رەخنەگرتنی بابەتییانە و دەرخستنی ناتەواوییەکان و شوێنەکانی کەموکوڕییە، پشتئەستوور بەبەڵگە و دەستاوێژ، کاتێك جەخت لە بەرپرسیارێتیی ئەدەبیی سەندیکا دەکەین لەو رووەوە فەرمانگەیەکی جێبەجێکردن نیە هێزی نیزامی هەبێت، دەسەڵاتی یاسایی نیە بۆ یەکلاکردنەوەی گشت کێشە و ناکۆکییەکان و زۆربەیان دەکەونە دەرەوەی بەرپرسیارێتیی سەندیکا و ئەنجومەنەکەی، لەگەڵ ئەوەیشدا یەك سات وازمان لە هەوڵە بەردەوامەکانمان بۆ چارەسەری هەندێ لەو کێشانە نەهێناوە، ئەگەرچی لە دەرەوەی سنووری ئەو دەسەڵاتانەی ئێمەن لە پەیڕەوی ناوخۆدا جێگیر کراون. کاتێکیش سەندیکا دیدگەیتر دەبینێت (حزب و فەرمانگەیەلی تەنفیزی) بەهۆی هەندێ پێشێلکاری رۆژنامەوانی کە لە بڵاوکردنەوەی هەندێ هەواڵ و بابەتی دیاریکراودا خۆ دەنوێنن و زیان بەم یان بەو لایەن دەگەیەنن، خۆی لەبەردەم بەرپرسیارێتییە نیشتمانی و سیاسییەکانیدا دەبینێتەوە، لەبەرئەوە لە هەوڵدان بۆ چارەسەری ئەو کێشانەدا کەمتەرخەمی ناکات، بەردەوام ئەمە دابمان بووە، زۆر نموونەیشمان هەن کە پێویست ناکات لەم شوێنەدا باس بکرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا کاتێك چەند قەڵەمێك (کە لە پەنجەکانی هەردوو

دەست تێناپەڕن) دەست دەکەن بە شێواندنی ڕۆڵی سەندیکا لەو ڕووەوە بەگوتەی ئەوان (ئەم یان ئەو دەنگ بێدەنگ ناکات و سنوور بۆ نووسینەکانی هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان و هەڵوێستی هەندێ ڕۆژنامە بەرانبەر ئەم یان ئەو ڕووداو دانانێت)..

بەو قەڵەمانە دەڵێم، پێویستە یەکەم شت بەیاسای ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٨ (یاسای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان )دا بچنەوە کە بە سێ زمان (کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی) چاپ بووە، تا سنوور و بەرپرسیارێتییە یاساییەکانی سەندیکا بزانن پێش لەوەی نووسینەکانیان بەهێرشکردنە سەرمان ڕەش بکەنەوە، چونکە نووسین لەبارەی ڕووداو یان بابەتێکی دیاریکراو بەبێ ئاگەداربوون لە ڕووداو و بابەتەکە و بە سنوورە یاسایی و پیشەییەکانی سەندیکا، خۆی لە خۆیدا مسیبەتە، کاتێکیش مەبەست لە زیانپێگەیاندن (الاساءة) خودی زیانپێگەیاندن بێت ئەوا مسیبەتەکە گەورەترە، وەڵامیشمان بۆ ئەوە، ئەم ئایەتە قورئانییە پیرۆزەیە (فاما الزبد فیذهب جفاء واما ما ینفع الناس فیمکث في الارض) صدق الله العظیم.

## پەیامنێرانی بێسنوور

لە دەستپێشخەرییەکیتری ئەرێنیدا بەرانبەر رۆژنامەنووسانی کوردستان، شاندێکی رۆژنامەوانیی گەورە (فەرەنسی و سویسری) بەسەرۆکایەتیی رۆژنامەنووس و سەندیکایی هەڵکەوتوو (رۆبێرت مینار) سەرۆکی رێکخراوی (پەیامنێرانی بێسنوور)ی بەناوبانگ نە تەنیا لە وڵاتانی ئەوروپی، بەڵکو لەسەر ئاستی جیهانیش، کە ئەو و هاوەڵانی لە رۆژنامەنووسان و ئەکادیمیستان، سەرەڕای سەرقاڵییان بە ئەرکگەلی گەورە و زۆرەوە، بەدەم بانگهێشتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە هاتن.

ئەو سەردانە بەڵگەیەکی روونە لەسەر ئەوەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان  چوارچێوەی ناوخۆیی تێپەڕاندوە و گەیشتۆتە سەنتەرەکانی گرنگیدان بەئازادیی رۆژنامەگەری و بەرگریکردن لە رۆژنامەنووسان و حزووری، هەر لەوکاتەوە بوو بەئەندامی کارا لە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان کە پێشتر ئەندامی بەشدار بوو، هەڵسەنگاندنی (واتە سەندیکا) شیاوی ئەو متمانەدارییەیە پێی گەیشتووە لە نوێنەرایەتیکردنی رۆژنامەنووسانی کوردستان و گەرەنتیکردنی مافەکانیان و ئایندەیان و گەیاندنی دەنگیان بەهەر شوێنێك بابەتی رۆژنامەنووسانی

تێدا هەڵبسوورێت، بەتایبەت بابەتی رۆژنامەنووسان و ئازادیی رۆژنامەگەری لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی عەرەبی، ئەمەیش زادەی ئەو راستییەیە کە سەندیکاکەمان کارایە لە حزووریدا و بەهێزە لە یەکێتییەکەیدا و ئەرێنییە لە سوودوەرگرتن لەو یاسا و بڕیارانەی دادەنرێن و دەردەکرێن، هەروەها سوود وەرگرتن لە مینحە و کۆمەکییەکانی سەندیکا و رێکخراوە خاوەن ئامانجە مرۆییەکان بۆ شەهیدانمان، ئەمە جگە لە هەڵسەنگاندن و پاڵپشتییان بۆ ئەو پرۆژەیاسایانەی لەلایەن سەندیکاکەمانەوە ئامادە و پێشکەش دەکرێن، بەمەبەستی بەشداریکردن لە چەسپاندنی ئەزموونی دیموکراسی و لەپێشیانەوە ئازادیی رۆژنامەگەری، کە بەشێکی زیندووە لە ئازادییە گشتییەکان و ژیانی دیموکراسی، کە ناتوانین بەبێ ئەوانە یەك هەنگاو پێش بکەوین، هەر ئەمەیش بوو رۆبێرت مینار لەسەر سەکۆکانی راگەیاندنی کوردستان جەختی لێ کرد کاتێك ئاماژەی بەپرۆژەی کاری رۆژنامەنووسی کرد، کە لەلایەن سەندیکاکەمانەوە ئامادە کراوە و پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراوە و لە (باری کردنیدا بەیاسادا بەهەنگاوێکی گەورەی بینی، بەشێوەیەك ئەگەر پرۆژەکە بوو بەیاسا و لە پەرلەمانی کوردستان دەرچوو، لەو بوارەدا کوردستان پێش فەرەنسا دەداتەوە).

## دوای تێپەڕینی سەد و نۆ ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی ( ١٨٩٨ ).. ئێستا پێویستە فێری چی ببین؟

سەردەمەکە خراپ و ئەوانەیش حاکم بوون بەسەر گەل و نەتەوە جیاوازە بندەستەکانی ژێر چنگی زاڵمانەی حوکمی عوسمانی، دڵڕەق و ئەقڵ زبر بوون، شوێنی کورد لەو ئیمپراتۆریەتە ستەمکارەدا تابڵێیت نزم بوو، لە پلەی سێیەم یان چوارەم و ڕەنگە زیاتریشدا بووبێت، زمانەکەی لە نووسراوی ڕەسمی و لە قوتابخانەکاندا لەبیرکراو و تەنانەت لە سڵاو لەیەکتر کردنیشدا قەدەغە بوو، لە ماوەی حوکمی ئیمپراتۆریەتەکەدا کە زیاتر لە پێنج سەدەی خایاند، ناوی ژمارەیەکی زۆر لە شار و کەژ و کێو و دەشتەکانی کوردستان گۆڕان و کران بەناوی تورکی.

پشکی ڕۆشنبیرانی کورد سەرباری کەمیی ژمارەیان، لە زوڵمی ئەو ئیمپراتۆریەتە، لە باقی تاکەکانی گەلی کورد زیاتر بوو، بەهۆی گەمارۆی دزێو و چەندلایەنە لەسەر لایەنەکانی ژیان بەگشتی و ڕۆشنبیری بەتایبەت.

کوردستان لەوپەڕی دۆخی فەرامۆشکردن و پەراوێزخستن و نادیدەگرتنی هەست و هیوا و خەونە نەتەوەییەکاندا بوو، لەگەڵ خراپترین جۆرەکانی ستەم و تاکڕەوی، ئەمە جگە لە تەحریم و تەجریمی دەرکردنی هەر چاپکراوێك بە زمانی نەتەوەکە، ئەوەیش وای لە ڕۆشنگەرانی بەردخانیی کورد کرد کۆچ بکەن بۆ دەرەوەی

ئیمپراتۆریەتە ناقۆڵاکە و لەوێوە هەوڵ بدەن تۆمارەکانی مێژووی نەتەوەیی و فەسڵەکانی رۆشنبیریی کوردی بنووسنەوە.

بەم شێوەیە رۆژنامەی (کوردستان) بەغەریبی لە قاهیرە دەرچوو ١٨٩٨/٤/٢٢، هەر تەنیا ناوەکە چەندین ئاماژەی شانازیکردنی نەتەوەیی و ئینتیمای جوگرافیی نیشتمانی و گژبەریکردنی شارستانییانەی هەمەجییەتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی لەسەر دەستی بەدرخانییەکان، میقداد و عەبدولڕەحمان، هەیە.

چەند وانەیەك هەن پێویستە لەو ئەزموونەوە وەریانبگرین..

یەکەمیان ئەوەیە هەستی نیشتمانیی کوردستانی لە توانایدایە هەموو سەختی و هەڵبەز و دابەزەکانی رۆژگار بشکێنێت، ئەوەیش هەستێکە وابەستەی مرۆڤی کوردە چەندە لەم مەنفاوە بچێت بۆ ئەویتر و شوێنەکان لێك دوور بن و تراژیدیاکانی ستەم و زۆرداری یەك لەدوای یەك بەسەریدا بێن..

دووەمیان قووڵیی هەستی نەتەوەیی لای رۆشنبیری کورد و پێداگرتنی لەسەر ئەنجامدانی رۆڵی رۆشنگەرانە و نیشتمانییانەی خۆی، تەنانەت ئەگەر ئەوە بخوازێت سواری کەشتییە سەختەکەیش ببێت، واتە غەریبکەوتن و کۆچ و دوورکەوتنەوە..

سێیەم گرنگیی ئەو رۆڵەیە کە رۆژنامەی کوردستان پێی هەستا، لە زەمینەسازی بۆ گەڵاڵەکردنی بیرۆکەی کوردستانی نیشتمان.

دواجاریش پێویستی بەبەکارهێنانی زمانی لێبوردەیی لەگەڵ شەفافیەتێکی بێکۆتا لەپێناو بەرزکردنەوەی پایەی کورد و کوردستان.

رەحمەتی خودا لەسەر بەدرخانییەکان و ئەوانەی لەسەر رێبازی تێکۆشانی نەتەوەییان رۆیشتن، کە تیشکی چاوانیان لە ئەشکەوتەکانی چیاکان و ژێرزەمینە تاریکەکاندا کردە چرا بۆ بەردەوامیی کاروانەکە، کاروانی رۆژنامەگەریی کوردی.

شکۆدار بێت بیست و دووی نیسان، رۆژی رۆژنامەگەریی کوردی.

# هەنگاوێکی تر بۆ پێشەوە

تەمەنی سەندیکاکەمان دە ساڵی تێپەڕ نەکردوە لەوکاتەوە یاسای دامەزراندنی لە ٢٢ی نیسانی ١٩٩٨ دەرچووە، بەڵام لەچاو ئەو ماوە کورتەدا چەند هەنگاوێکی جددی و تابڵێیت گرنگی هاویشتووە، بەتایبەت لەو بارودۆخەدا کوردستانی پێدا تێپەڕ بووە، بەرەنجامی ئەو ساڵانەی تەمەن بەدیهێنانی کۆمەڵێك دەسکەوتن، هەموویان بەدەوری پیادەکردنی دروشمە ناوەندییەکەیدا دەخولێنەوە (لەپێناو چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان). ئەنجومەنی سەندیکا لە دامەزراندنیەوە بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرجە خودی و بابەتییەکە، بەرێگەی جۆراوجۆر و بەپێی تواناکانی، بەردەوام لە کارکردندا بووە لەپێناو گەیشتن بەباشترین ئەنجام سەبارەت بە نیوەی یەکەمی دروشمەکە، بەگەڵاڵەکردنی تێگەیشتنە راست و دروستەکان لەبارەی ئازادیی رۆژنامەگەریی پشتبەستوو بە واقیعی کوردستان و پاشان چەسپاندنی بەیاسایەك کە پیادەکراو و ریزلێگیراوە، پرۆژەیەکیش سەبارەت بە رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی ئامادە کراوە و ئێستا لەبەردەم پەرلەماندایە.

لەلایەکیترەوە سەبارەت بەدەستەبەرکردنی مافەکانی رۆژنامەنووسان، نامانەوێت دەسکەوتەکانی سەندیکا دووبارە بخەینەوە روو کە لەکاتی خۆیدا رامانگەیاندوون، ئەمە جگە لە گەیاندنی سەندیکا بە کەناری فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان، کە هەوڵەکە بەناردنی چەند نامەیەك لەلایەن سەندیکاوە بۆ بارەگای

فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی لە برۆکسێل دەستی پێکرد، پاشان پەیداکردنی دۆست و هاوڕێ لە سەندیکاکانی ڕۆژنامەنووسان لە هەریەك لە بەریتانیا و ئەڵمانیا، لیژنەیەك بۆ پشتگیریکردنمان پێکهات و پاشان وەك ئەندامی بەشدار قبووڵ کراین، لەکۆتاییشدا ئەندامێتیی تەواو (ئەندامی کارا) و بەشداریکردنی کۆنگرە گشتییەکانی فیدراسیۆنمان پێ بەخشرا، کە یەکەمیان بەشداریکردن بوو لە کۆنگرەی (٢٥)ەمینی فیدراسیۆن ساڵی ٢٠٠٣ لە ئەسینا وەك ئەندامی بەشدار، بەڵام لەو کۆنگرەی دوواییدا (کە وردەکاریی ڕووداوەکانی لە لاپەڕە بەراییەکاندا دەبینیت) شاندێکی گەورەی سەندیکاکەمان بە جلوبەرگی نەتەوەییەوە بەشداریی کارەکانی کۆنگرە (کۆنگرەی ٢٦ـەمین لە مۆسکۆ)، کە ئەوە لەمسەیەکی ڕۆمانسییانەی بە کۆنگرەکە بەخشی، بەشدارییەکی کارایانە بوو، کە سەرەنجام نوێنەری سەندیکاکەمان ڕۆژنامەنووس شێرکۆ حەبیب سکرتێری نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە کاندید کرا بۆ ئەندامێتیی لیژنەی سەرکردایەتیی فیدراسیۆن کە پێی دەوترێت لیژنەی تەنفیزی، ئەوەیش یەکەم جار بوو بۆ سەندیکایەك ڕوویدات کە لەناو گەلێکەوە هاتبێت قەوارەیەکی سیاسیی سەربەخۆی نەبێت و ئەندام نەبێت لە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا سەندیکا توانی (١١٥) دەنگ لە قۆناغی دووەمدا بەدەست بێنێت، بەجیاوازیی (٦) دەنگ لەگەڵ دووایین براوە.

کاتێك دەڵێین هەنگاوێکیتر بۆ پێشەوە مەبەستمان ئەوە نیە ئێمە شوێنێکمان لە لیژنەی تەنفیزی بەدەست هێناوە، بەڵام گەیشتن بە کۆنگرەی نێودەوڵەتی و پاشان مافی کاندیدبوون و لێرەیشەوە بەدەستهێنانی ژمارەیەك دەنگ لەناو ئەو تەوژمە جیاوازانەدا کارێکی ئاسان نیە، گرنگ ئەوەیە چەند دەرگایەکمان بۆ کرایەوە، کە ئەگەر بەردەوام بین لەسەر پاراستنی یەکێتی و بەهێزکردنی ریزەکانمان و لە نوێنەرایەتیکردنێکی ڕاستەقینەی سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی گەلی کوردستان، ڕۆژێك هەر لێیانەوە دەچینە ژوورەوە.

## لە پێناو کۆنگرەیەکی تری جۆرایەتیدا

وەك لە لاپەڕەی یەکەمی "الصحفی"دا بڵاو کراوەتەوە، ڕاگەیەنراوێك لە کۆبوونەوەی دەوریی ئەنجومەنی سەندیکا لە ٢١ی ئەم مانگەدا دەرچوو، کە وەك لە بڕگەی (٣)دا هاتووە، بڕیار درا لە ماوەی ئەو چەند مانگەی لەم ساڵدا ماوە کۆنگرەی دووەم گرێ بدرێت بۆ هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە بەڕێژەی ٨٪ی ئەندامانی کارا، واتە هەر ١٢ ڕۆژنامەنووس بۆیان هەیە نوێنەرێك لەناو دەزگەکانی ڕاگەیاندن هەڵبژێرن، بەو شێوەیەی خۆیان دەیانەوێت و لە کەشێکی دیموکراسیانە و شەفافدا و لەژێر سەرپەرشتیی لیژنەیەکی تایبەتدا کە بەهاوئاهەنگی و هاوکاری لەگەڵ هەردوو لیژنەی چاودێری و پشکنین پێکهاتووە، بەڵام تەنیا بە یەك مەرج بۆ ئەو ئەندامانەی بەشداری لە هەڵبژاردنی نوێنەراندا دەکەن، هەروەها ئەوانەی دەیانەوێت خۆیان بۆ نوێنەرایەتیکردنی ڕۆژنامەنووسان لە کۆنگرەکەدا کاندید بکەن، مەرجەکەیش وەك لە یاسای سەندیکا و پەیڕەوی ناوخۆیدا هاتووە، ئەوەیە ڕۆژنامەنووسەکە ئەندامی کارا بێت لە سەندیکا و ناسنامەی نوێ کردبێتەوە و هیچ پابەندییەکی دارایی لەسەر نەمابێت (واتە ئابوونەی ساڵانەی دابێت).

هەڤاڵانی ئازیز ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.. کۆنگرە کۆنگرەی ئێوەیە، سەندیکا سەندیکای ئێوەیە، لێرەدا نامانەوێت دەسکەوتەکان لەسەر ئاستی ناوخۆ و دەرەوە

بژمێرین، بەڵام لێرەدا گرنگ ئەوەیە ئەنجومەنی سەندیکا و هەردوو لیژنەی چاودێری و پشکنین و لیژنەکانی لقەکانیان لەناو کوردستان و نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، پەرۆش بوون و هێشتایش پەرۆشن بۆ ئەنجامدانی کاری سەندیکایی بەبێلایەنانە و بابەتییانە دوور لە هەوا و ئارەزوو و خۆسەپاندنی حزبییانە، لەمەیشدا سەندیکا لە باقی ئەو سەندیکا و یەکێتی و رێکخراوانە جیاوازە کە لە گۆڕەپانی کوردستاندا کار دەکەن.. لێرەدا دەمانەوێت ئەوە روون بکەینەوە کە ئێمە دەکرێت بەرانبەر ئەم یان ئەو بابەت کەمتەرخەم یان دەستەپاچە بووبین و کاری سەندیکاییمان لە ئەنجامدانی ئەرکەکەدا نموونەیی نەبووبێت، بەڵام رۆژنامەنووسانی ئازیز متمانەتان هەبێت ئێمە جددی و دڵسۆز بووین لە جێبەجێکردنی یاسای سەندیکا و رۆیشتن لەسەر پەیڕەوی ناوخۆ، لەتوانامان‌دا نەبووە سەرجەم کەلێنەکان دابخەین کە لێیانەوە دەست بۆ رۆژنامەنووس و ئازادییەکەی و مافی هاوڵاتیان و کۆمەڵگە براوە، ئەویش بەهۆی نەبوونی یاسایەکی تایبەت بۆ رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی، کە ئێستا لەژێر گفتوگۆکردندایە لەنێوان هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردندا و ئومێد هەیە پێش بەستنی کۆنگرە بەئەنجام بگات.

لەپێناو ئامادەکاری بۆ کۆنگرەیەکیتری جۆرایەتی، واتە کۆنگرەی دووەم، پێویستە سەرجەم رۆژنامەنووسان بەشداری لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرەدا بکەن، لە کەشوهەوایەکی دیموکراسی و هەڤاڵانەی رۆژنامەنووسی و دوور لە سەربەنە حزبییە تەسکەکان. جا بۆ ئەوەی سەندیکاکەمان هەر بە سەندیکای سەرجەم رۆژنامەنووسانی کوردستان بمێنێت، بەجیاوازیی ئینتیمای ئاینی و مەزەبی و نەتەوەیی و سیاسییان، پێویستە بەباشترین شێوە پارێزگاری لە پێکهاتەی کۆمەڵگەی کوردستان لەناو سەندیکادا بکرێت، تا سەندیکا بەشدارییەکی کاریگەری هەبێت لە خولقاندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنیدا، کە تێیدا رێزی مافەکانی مرۆڤ بگیرێت و ئازادی پارێزراو بێت.

## پەڕەی یەکەم: هەندێ لە خودی خۆم

نەریتم وایە دەست لە کاروباری ئەوانیتر وەرنەدەم، بەڵام بەو ئەندازەیەی بارودۆخ و کات دەرفەت بدەن بەشداری لە سووککردنی خەم و خەفەتەکانیاندا بکەم، توێژی ڕۆژنامەنووسانیش لە ریزی پێشەوەی ئەو "ئەوانیتر"ەوە دێن، ئەوان هەندێ لە خودی خۆمن، بەشێکن لە بوونم، پەیوەندیم پێیانەوە سنووری میزاج تێدەپەڕێنێت، بەڵکو پەیوەندیی ئەرکێکی پیشەیی و ئینسانی و ئەخلاقیی شەخسی و لەناخەوەیە کاتێك چوار ساڵ لەمەوبەر لە کۆنگرەکانیاندا ئەرکی سەرکردایەتیکردنی سەندیکاکەیان خستە سەر شانم، تەنانەت پێش لەوەیش هەر لە یەکەمین هەوڵەکانی دامەزراندنەوە و لەڕێی لەئەستۆگرتنم بۆ بەڕێوەبردنی دەزگەی ڕۆژنامەوانیی (برایەتی) و (خەبات) بۆ ماوەی نزیکەی حەوت ساڵ..

### "پەڕەی دووەم: خۆشبەختان"

ئای چەند خەمبار دەبم ببینم ڕۆژنامەنووسێکی هاوزمانم هەوڵ دەدات زیان بە ئەزموونە کوردستانییەکەمان بگەیەنێت، بەو بەڵێن و ئاسۆیانەی دەیاننوێنێت و بەو

رووبەرە فراوانانەی ئازادی بۆی هەڵگرتووین و لە هەندێ سەردەمی رابردوودا نەماندەتوانی تەنانەت بیریشیان لێ بکەینەوە. شتێکی ئاساییە دید و بۆچوون دەربارەی پەرەسەند و رووداوەکان جیاواز بن، بەڵام چەندە جیاواز بین، پێویستە لەسەرمان پێشبڕکێ بکەین لە پەرۆشی بۆ ساغ و سەلامەتی و ئاسایشی ئەم ئەزموونە کە باوباپیرانمان بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ تامەزرۆی بینینی بوون، ئێمە خۆشبەختانە ئەو نەوەیە بووین لەدایکبوونی سەختی ئەو ئەزموونەی بینی و چاوی بەبینینی روون بوویەوە، لە سەردەمێکدا کە لە جۆرە مەحاڵێك دەچوو.

## پەڕەی سێیەم: خەونە کەپسوولکراوەکان:

هەڕەشەی تورکیا بە پەلاماردانی کوردستانی بەدرێژایی مانگی رابردوو بەبەردەوامی مێشکمی سەرقاڵ کردبوو، بەڵام ئەوەی بەڕاستی ترساندمی و لە هەر شتێکیتر زیاتر بووە مایەی سەرسوڕمانم، ئەو بانگەشە فەنتازیایانە بوون بۆ کارکردنەوە بە رێکەوتنامەی شوومی جەزائیری ساڵی ١٩٧٥، کە درێژەی زنجیرەیەك پەیماننامە و رێکەوتنامەی نێودەوڵەتی بوو کە گەلی کورد قوربانیی هاوکێشە ئیقلیمییەکانیان بوو، هەروەها ئەو دیدگە و بەرژەوەندییە ستراتیژییە نێودەوڵەتیانەی دەینواندن وەك رێکەوتنامەی ئەرز رۆم و سەعد ئاباد و پەیمانی بەغدا و سنتۆ، بەخۆ کەڕکردن لەئاست ریتمە تازەکانی بزوتنەوەی مێژووی هاوچەرخ و خۆنابیناکردن لە بینینی گۆڕانکارییە گەورەکان لە دیمەنە سیاسییەکەدا لەسەر گشت ئاستە نیشتمانی و ئیقلیمی و گەردوونییەکان. "قل تلك أمانهيم"، بەڵکو ئەوە بێدارییە خەونی ئەوانە کە ئالوودەی بەکەپسوولکردن بووە پاش ئەوەی شتەکان بەیەکجاری لەدەستیان دەرچوون..

## پەڕەی پێنجەم: ئەمازیغ.. کوردی جەزائیر

لە کۆنگرەیەکدا فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسا لە ماوەی نێوان ٢٦-٢٠٠٧/١/٢٨ لە جەزائیر رێکی خست و نوێنەرانی سەندیکا رۆژنامەوانییەکانی رۆژهەلاتی ناوەڕاست و هەندێ دەوڵەتی ئەورووپی ئامادەی بوون، لە هۆتێلی شیراتۆن چاوم بە وەزیری گەیاندنی جەزائیری ئەلهاشمی جیار کەوت، کە ئامادەی ئێوارە خوانێکی ماڵئاوایی بووین، کە بەڕێزیان بۆ ئەندامانی کۆنگرەی ساز کرد، منیش قوتوویەك شیرینیی گەزۆم پێشکەش کرد کە بە رێکەوت پێم بوو، بەلام ئەوەی چاوەڕێ نەدەکرا ئەو تەرکیزەی زوومی کامێراکان بوو لەسەر وەزیرە جەزائیرییەکە کاتێك دیارییەکەی لە من وەردەگرت، لەوکاتەدا هاوڕێم شەهاب ئەلتەمیمی نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراق وەستابوو.

"... جەنابی وەزیر ئەمە قوتوویەك (گەزۆ)یە کە جۆرە شیرینییەکی سرووشتییە، لە گەلای بەڕوو لە چیاکانی کوردستان کۆدەکرێتەوە، کوردستانی سەخت و جوان ئێستا دێتە ناو سەردەم پاش ئەوەی سەرجەم هەوڵەکانی لکاندن و شێواندن و سووتاندن و سڕینەوە و تواندنەوەی تێکشکاند.."

لەساتی ماڵئاواییدا لەپڕ رۆژنامەنووسێکی جەزائیری دەستی دا لە شانم، کاتێك ئاوڕم لێ دایەوە بەگەرمی تەوقەی لەگەڵدا کردم و وتی: وشەکانت گوزارەی لە هەندێ لەو قسانە کرد کە لە سینگمدا پەنگیان خواردبووەوە، من ئەمازیغیم، ئێمە خۆمان بە (کوردی جەزائیر) دادەنێین..

## دواین پەڕ: خەمگەلێك خودی نین

لە دەرەوەی جێبەندی کاری رۆژانە، ئەم مانگە لە خوێندنەوەی سێ کتێب بوومەوە، بەدوای یەکدا ئەمانە بوون: (یاداشتەکانی سلێمان زرار بەگی دەرگەڵە) و

**(الشرق الاوسط، المعلوم والمخفى)ی بریماکۆف و (سنوات الخوف العراقى)ی ژنە نووسەر و رۆژنامەنووسی لوبنانی هادیا سەعید. ئەگەرچی چێژم لە خوێندنەوەی وەرگرت، بەڵام هەندێ خەمی بۆ دروست کردم، بەڵام دیارە لە خەمەکەی شاعیر بەدر شاکر ئەلسیاب ناچێت "واتە خەمێك باران ببارێنێت"، بەڵکو لە نیگەرانییەکی شاراوە و قووڵەوە هات، ترس و دڵەخورپەی ئەوتۆ کە خوێندنەوەی هەندێ لە ستراتیجیستەکان بۆ رووداوەکان هۆشداری لەبارەیانەوە دەدەن، بەڵام متمانەم بەتواناکانمان وەك گەلێك کە بە هێزی ئەزموون لێوەشاوەیی بەرزی خۆی سەلماندوە لە دروستکردن و داهێنانی ئایندەی خۆیدا، ئەم جۆرە خەمانە بەزۆری پاش ماوەیەك دەڕەوێنەوە..**

# پەڕەی یەکەم

لە دەروازەی هەر کۆنگرەیەکی نوێدا ئەم جۆرە نیگەرانییە بەچێژ و ئازاربەخش و خولقێنەرە دامدەگرێت و سەرقاڵ دەبم بە هەنگاوەکانی ئامادەکارییەوە، بیر لە هەموو ورد و درشتێك دەکەمەوە و دڵەخورپە لە هەموو شتێك و حساب بۆ ئەگەری خراپترین شت کە بکرێت رووبدات دەکەم، ئەمە خووی منە لە هەموو ئەو کۆنگرانەدا کە بەدرێژایی چوار دەیە، شان بەشانی هاوڕێیانی تەمەن و رێگە لە دۆست و برادەران، بەشداریم لە ئامادەکارییەکانیاندا کردوە.. ئەوە زیادە پەرۆشییە لەسەر بەدەستهێنانی باشترین و چاکترین و تەواوترین، کە هەمیشە سەر بەرز دەکاتەوە و ویژدان ئاسوودە دەکات.

ئەم پەرۆشییەیش پەیوەندی بەو شوێنەوە نیە تێیدام، وەك نەقیب، یان نووسیار (محرر)، پەیامنێر، سەرکردە یان هەڤاڵ لە رێکخراوێکی حزبیدا، یان بەقۆناغێکی تەمەنەوە.. وەك گەنجێك بەهەڵپە کە بەسەر پلیکانەی هەڵکشاندا هەڵدەزنێت، یان هەنگاو و باڵ قورس لەژێر باری بەتەمەنیدا، کە حەز ناکەم دانی پێدا بنێم.

لەم رۆژانەدا کە لە وادەی بەستنی کۆنگرەی دووەمی سەندیکاکەمان نزیك دەکەوینەوە، خۆم بەپەرۆشتر دەبینم کە لە هەموو روویەکەوە تەواو بێت، هەموو مەرجە پێویستەکانی تێدا بێنە دی، هاوکات گەشبینتر بەوەی کۆنگرەی دووەممان رووداوێکی گەورە و جومگەیی بێت لە مێژووی بزوتنەوەی سەندیکایی کوردستاندا.

قەدەری من ئەوە بوو سەر بەم پیشەیە بم و بەشێك بم لە توێژی زیندوو و بزوێنەر و هەڵنەر و پێشەنگ و هەڵمەتبەری رۆژنامەنووسان، رەنگە هەر لەبەر ئەمەیش ناو نرابێت پیشەی گەڕان بەدوای ماندوێتیدا.. من شانازی بەم ئینتیماوە دەکەم.

بەدرێژایی کارکردنم لە رۆژنامەگەری و سەندیکا، دەستپێشخەر بووم بۆ هەر شتێك پایەی ئەو پیشەیە و پێگەی رۆژنامەنووسان لە کۆمەڵگەدا بەرز بکاتەوە.

لەسەر ئەو رێبازەیش دامەزراو دەبم تا بتوانم، جا لە هەر پێگەیەکدا بم..

## پەڕەی دووەم

یاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی، کە ئامادە و هەموار و دەوڵەمەندکردن و گەیشتنی بەهۆڵی پەرلەمانی کوردستان نزیکەی سێ ساڵی خایاند، بەو شێوەیەی ئێمە چاومان تێبڕیبوو روناکی نەبینی، وەك یاسایەکی رێکخەر و ئاراستەکەری کاری رۆژنامەنووسی لە هەرێم و دەسکەوتێکیتر، لەپاڵ ئەو دەسکەوتە گەورانەی لێرە بۆ رۆژنامەنووسان بەدیهات و لای سەرجەم رۆژنامەنووسان گۆڕاوە بۆ شێوەیەکی باڵا لە پابەندبوونی پیشەیی و ئینسانی و ئەخلاقی بەرانبەر کوردستانی نیشتمان و کورد وەك نەتەوە و گەل.

ئەوەی لە پەرلەمان رووی دا تەواو شۆك بوو بۆمان، چونكە دەرچوونێك بوو لە هێڵی سیاسیی گشتیی هەرێم هەرگیز چاوەڕوانمان نەدەكرد، كە مەیل بوو بەلای چەسپاندن و فراوانكردنی رووبەرەكانی ئازادیی كاركردنی رۆژنامەنووسی و ئازادییەكان بەگشتی، لە چوارچێوەی پابەندبوونی خودیی پیشەیی و نیشتمانی و ئەخلاقیدا.

پرۆژەكە لە پەرلەمان دووچاری بەقەزەمكردن هات، بەشێوەیەك زیندوێتی و لاوێتییەكەی لەناو برد، لەباتی ئەوەی بەئاراستەی داهێنان و پێشكەوتن و ئازادیی زیاتر پاڵ بنێت، گۆڕا بۆ یاسایەكی راماڵەر (كسیح و كاسح و مكسح).

رۆژنامەنووسان توێژێكی رۆشنبیرن سنووری ئازادی و سنووری بەرپرسیارێتییان بەتەواوەتی دەرك دەكەن، ئەسڵ وایە هەر یاسادانانێك رەچاوی ئەم تایبەتمەندییە بكات و بەرەو فراوانكردنی رووبەری ئازادیی بەرپرسیار و بەرهەمهێن و داهێنەر لای ئەم توێژە بڕوات، نەك لەباتی ئەوە پەنا بۆ سەپاندنی لۆژیكی سەرپەرستی (ویسایە) و ملكەچاندن ببات كە خود و رۆح تێكدەشكێنێت.

متمانە بە ویژدانی رۆژنامەنووسان، بە رۆشنبیری و پیشەوەری و نیشتمانپەوەری و پێگەیشتوویی و توانایان بۆ شاندانە ژێر بەرپرسیارێتی و خۆشەویستییان بۆ وڵاتەكەیان، نابێت بكرێتە جێی موزایەدەكردن لەلایەن هیچ كەسێكەوە..

هەرچۆن بێت، ئێمە وەك سەندیكا و رۆژنامەنووسان هەمیشە نیشتمانپەروەری و پیشەوەری و خۆشەویستیی خۆمان بۆ وڵاتەكەمان دەسەلمێنین تەنانەت لە خراپترین بارودۆخیشدا، ئامرازیش بۆ گوزارەكردن لەوە لە سەختترین دۆخدا دەدۆزینەوە.

## دواین پەڕ

بەدرێژایی دوو مانگ ئەنجومەنی سەندیکا شەو و رۆژ خەریکی ئامادەکارییە بۆ کۆنگرە لە هەموو رووەکانەوە، چونکە دەمانەوێت ئەم کۆنگرەیەمان لە کۆنگرەکانیتر جیاواز بێت، کۆششێکی زۆر کراوە بەتایبەت لە ئامادەکردنی راپۆرتی گشتیدا، کە ئەنجومەن بەهەردوو بەشی کارگێڕی و داراییەوە ئەنجامیان داوە و چالاکییەکانی سەندیکا لە چوار ساڵی رابردووی گرتۆتەوە، واتە ماوەی جیاکەرەوەی نێوان کۆنگرەی یەکەم و ئەم کۆنگرەیە، تا هەڤاڵان نوێنەرانی کۆنگرە و لەڕێی ئەوانیشەوە ئەندامانی سەندیکا ئاگەدار بن. هەوڵمان داوە بەرزترین ئاستی ئەمانەت و بابەتیبوون لە داڕشتنی ئەو راپۆرتەدا دابین بکەین و تۆماری بکەین سەندیکا چی چاکەیەکی کردوە و چ رەخنەیەکی لەسەرە. هەڤاڵان ئێستا راپۆرتەکە لەبەردەستانە.

بیرم نایەت کێ بووە وتوێتی: وەیل بۆ نەتەوەیەك بەچاکەکار نەڵێت چاکت کرد و بەخراپەکاریش نەڵێت خراپت کرد..

کەواتە ئەوە بانگەوازە بۆ تاوتوێکردنی راپۆرتەکە بەشێوەیەکی هێمن و شارستانییانە و بابەتییانە.

## بیرکردنەوە لەگەڵ دیموکراسی دژی دیموکراسی

## ئەوە رووی دا و هەندێ جار روودەدات

پەرۆشیی زیادەڕۆ لەسەر رێکوپێکیی ئەزموونی پەرلەمانی و دیموکراسی و کۆمەڵگەیی بەگشتی، ئەنجامی تەواو پێچەوانەی لێ دەکەوێتەوە.

لەم پۆلبەندی و وەسفکردنەدا دەکرێت لە هەڵوێستی یاسادانەری کوردستانی تێبگەین لە پرۆژەیاسای رێکخستنی کاری رۆژنامەنووسی لە کوردستان.

ئەو یاسادانەرە لەڕێی گفتوگۆیەکی دوور و درێژ و ماندووکەر زۆر وەستا و راڕا و دوودڵ بوو لەنێوان فراوانکردنی رووبەری بەرپرسیارێتیی تاکەکەسیی رۆژنامەنووس، لەڕێی پێدانی ئازادیی زۆر و زیاتر و لەنێوان بەرتەسککردنەوە یان تەنانەت هەڵوەشاندنەوەی ئەو ئازادییانە و هەڵگرتنی هەر بەرپرسیارێتییەك لێی، لەڕێی قانونیزە و بە سکە کردنی میکانیکییانە بۆ رێڕەوی کارکردنی، کە وای لێدەکات گیانی داهێنەرانە و ئینسانی تێدا بکوژێت..

پشتگرتنی یاسادانەران بۆ لایەنی (ئینزیبات) لە یاساکەدا رەنگە پەیوەست بێت بەهەندێ بارودۆخی ئەمنی و سیاسییەوە کە سەخت و مەترسیدار و ئاڵۆزن، کە ئێستا هەرێم لەم ساتە سەختەدا دەیبڕێت..

بەم شێوەیە بیرکردنەوە و نیگەرانی بۆ دیموکراسی هەڵوێستێکیتری بەرهەم هێنا..

**ئایا پارادۆکس (مفارقە)یەك لێرەدا هەیە..؟**

هەرگیز.. لۆژیکێکی بەهێز هەیە ئەم پرۆسە فیکرییە رێك دەخات.. لەوانەیە ئەو رەچەتەیەی لەوەدا کورت دەبێتەوە کە چارەسەری ئەو کێشانەی لە مومارەسەکردنی دیموکراسی دەکەونەوە، بەدیموکراسیی زیاتر نەبێت ناکرێت، بۆ هەندێ کۆمەڵگە گونجاو نەبێت کە ئاستێکی پەسەند و ماقووڵ لە کولتووری دیموکراسی تێدا نەبێت، بگرە لەوانەیە هەندێ جار بگۆڕێت بۆ کارەساتێك.. بەڵام کاتێك پەیوەندی بە توێژێکی پێشەنگ و پێشڕەو و سەرکردە و کاریگەری وەك رۆژنامەنووسان و میدیاکارانەوە هەبێت، ئەوا پێم وایە پێویستە چارەسەرەکە تەواو جیاواز بێت.

کاتێك بابەتەکە پەیوەندی بە توێژێکەوە هەبێت ئەرگی یەکەمی دروستکردنەوە و دارشتنەوەی رای گشتی و گەلاڵەکردنی وێنەی ئێمە بێت لە جیهاندا لەڕێی پەیوەندییەکی میدیایی پان و بەرینەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە پێویست بەبیرکردنەوەی درێژتر و قووڵتر دەکات..

یەکێك لە ماناکانی فراوانکردنی رووبەرەکانی ئازادیی ئەو توێژە، لەناو زۆر شتیتردا، دانانیەتی لە جومگەی بەرپرسیارێتیی مێژووییدا لەپاڵ ئەندامانی پەرلەمان و داوودەزگەکانیتری دەوڵەتدا، لەسەر ئاستی بەرگریکردن لە ئەزموونی کوردستان بەئاسۆ نەتەوەیی و ئینسانی، ناوخۆیی و جیهانییەکەیەوە و دەیگۆڕێت بۆ لەشکرێك

له ڕۆشنبیران، كه له سهختترین و دژواترین و پێشڕهوترین سنوورهكانی ئهزموونهكهدا شهڕ بكات.

بههۆی سروشتی لهپێشهوهبوون و پێشكهوتنخوازیی ئهو لهشكرهوه، ڕۆڵهكهیشی ئهندازهیهكی گهوره له داهێنان و نوێبوونهوهی بهردهوام دهخوازێت، كه له سایهی ئازادیی بهرفراواندا نهبێت، كه پێویسته هەر یاسادانانێكی داهاتوو دهستهبهری بكات، بهدینایهت.

بهڵام كاتێك بهڕێز مهسعوود بارزانی سهرۆكی ههرێمی كوردستان ڕایگهیاند یاسایهك ئیمزا ناكات ئازادیی ڕۆژنامهنووس و ڕاگهیاندنكار سنووردار بكات، بهدیهات و (موفارهقه)كه كامڵ بوو، چونكه سهرۆكی ههرێم لهو ساتهی بهدووربینی و ههستی شۆڕشگێڕانهی خۆی تاریكایی ترس و گومانكردن و حهزهری بڕی، ئهستێرهیهكی بۆ ئازادی له ئاسۆی ههر ڕۆژنامهنووس و ڕاگهیاندنكارێكدا داگیرساند، كه تا ئهبهد دهبریسكێتهوه و ڕووناكی دهدات.

**بهئێوه و بۆ ئێوه**

سهرچاوه و هۆكانی ئهو نیگهرانییهی خهویان لێ زڕاندووم لهم ڕۆژاندا زۆر و ههمهجۆرن، بهڵام بهههمان ئهندازه له زۆری و ههمهجۆری، ههستكردنێك بهدڵخۆشی بهرههم دێنن، ئهویش بههۆی ئهو نیشانه و دیلالهتانهی ههڵگریانن.

گهورهیی ئهو بڕیار و ڕاسپاردانهی له كۆنگرهی دووهمهوه دهرچوون و پێویسته ئهنجومهنی نوێ بهجێبهجێكردنیانهوه پابهند بێت، لهسهرووی ئهو سهرچاوانهوه دێن، ئهوهی ئهو بڕیار و ڕاسپاردانه بخوێنێتهوه، وا دهزانێت ئهنجومهنی نوێ توانا و دهسهڵاتهكانی ئهنجومهنی وهزیرانی ههیه.

ئەندامانی کۆنگرە و رۆژنامەنووسان بەگشتی سەندیکاکەیان ئاوا دەبینن، گەورە و توانایە بۆ ئەنجامدانی سەختترین ئەرکەکان.

هەر بەڕاستی وایشە..

ئەو بەئێوە گەورەیە و بۆ ئێوە و لەپێناو ئێوەدایە هاوڕێ و هەڤاڵانی ئازیز..

## گیانی بەشداریکردن

لە دامەزراندنیەوە خەمێك بەرۆکی سەندیکای گرتووە و تەنانەت تا دوای کۆنگرەی دووەمیش، ئەویش ئەوەیە لێوەشاوەیی خۆی لە بەرجەستەکردن و نواندنی ناونیشانەکەیدا بسەلمێنێت وەك سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانی جوان و خاوەن پێکهاتەی فرە ئەتنی و کولتووری و فیکری و سیاسی هەمەجۆر و کراوە، لە سایەی ئازادییە بەرینەکاندا کە سەرکردایەتیی مێژوویی هەرێم پەرۆشە بۆ بەردەوامبوون و گەشەپێدانیان. لە هۆڵی کۆنگرە و لە هەر سێ رۆژەکەیدا، گفتوگۆ و رەخنە بوێرانە ئازاربەخش و هەندێ جار ئازارچێژەکانی گەرمای بەو هۆڵە ساردە بەخشیبوو، باشترین گوزارە بوو لەو ئازادییە فراوانەی هەڤاڵان فەرزیان کرد، یان لێی بەهرەمەند بوون و نایابترین بەرجەستەکردنی فرەیی بوو لە بۆچوون و دیدگەکان و جددیبوونی باڵا و بەرپرسانەی ئەندامانی کۆنگرە.

ئەو رەخنە و مشتومڕانە، سەرباری هەڵچوونە راگوزەرەکان، مایەی رەزامەندییەکی قووڵ بوون لە دەروونمدا، چونکە بەڵگە بوون لەسەر پەرۆشی بۆ بەدیهێنانی باشترین و گوزارە بوو لە گیانی بەشداریکردن لە بەرپرسیارێتی و کاردا.

هیوادارم هەردەم ئەوە لەلای رۆژنامەنووسان و لە گشت جومگە و چالاکییەکانی سەندیکادا ببینم..

## مەعرووف جیاووك

کاتێك کتێبی (کوردستان الجنوبیە ١٩٢٦-١٩٣٩/ دراسە تاریخیە سیاسیە)ی دکتۆرە سروە ئەسعەد سابیرم خوێندەوە، کە لە دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم دەرچووە، لە بەشی دووەمیدا خەمێکی قووڵ دایگرتم، خەم بۆ رەمز و دروستکەرانی مێژوومان، کە زۆرجار دووچاری نادیدەگرتن و فەوتان دەبن و پشکی شایستی خۆیان لە لێکۆڵینەوە و ئاماژەدان بە رۆڵیان لە جێبەندی پەرەسەندنی مێژوویی نەتەوەکەماندا وەرناگرن.

**یەکێك لەو رەمز و کەسایەتییانە مەعرووف جیاووکە.**

کەسایەتییەکی ناسراوی کوردە، بەڵام ئێستا نەناسراوە، پێش و پاش ئیمزاکردنی پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ رۆڵێکی گرنگی گێڕا بۆ جێگیرکردنی مافە نەتەوەییەکانی گەلی کورد کاتێك ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بوو، داوای دانانی تەواوی دەکرد بەمافەکانی ئەم گەلەدا، بەشداریی جددی کرد لە دامەزراندنی یانەی پێشخستنی کورد (الارتقاء الکردی) لە پایتەختی عێراق لە چلەکانی سەدەی

رابردوودا لەگەڵ کۆمەڵێك لە رۆشنگەران و دڵسۆزانی دۆزی گەلەکەیان. سەرباری هۆگریمان بۆ مێژوو و حەزکردنمان لە شکۆ پێ بەخشین و نەمرکردنی رەمزەکانی، بەڵام با پاڵی بەم پیاوەوە ناوە بۆ سەر رەفەکانی لەبیرچوونەوە و چیدی کەس باسی ناکات. مەعروف لە هەر ئاماژەپێدانێك بێبەش بووە و کەس باسی نەکردوە جگە لە مامۆستای رێزدار دکتۆر کەمال مەزهەر ئەحمەد کاتێك داوای لە یەکێك لە قوتابییەکانی لە خوێندنی باڵا بەناوی ئازاد عوبێد کرد تێزی ماستەرەکەی لەسەر ئەو بنووسێت، جا گەشتی ماندووبوونی هەڤاڵ عوبێد دەستی پێکرد کە هەوڵ و کۆششێکی زۆر لە گەڕان و لێکۆڵینەوەدا بەخەرج دا بەدوای هەر زانیاری یان سەرچاوەیەکدا کە بکرێت لە تەواوکردنی تێزەکەیدا یارمەتی بدات، بەشێوەیەك لایەنێك لە قەیرانی مێژوونووسین و مێژووی کوردستان ئاشکرا بکات.

**لەم ساتەدا بەشەرمەوە خەم دامدەگرێت..**

لەکاتێکدا پیاهەڵدانی زیندووان زۆر و زەبەندەیە کە تا رادەی ئابڕووچوون و بێنرخی دادەبەزن، چەندین لاپەڕە لە نوور لە مێژوومان خەمساردانە دەفەوتێن و روخسار و هەنگاوگەلێك لەسەر رەفەی لەیادچوونەوە دەفەوتێن، کە سەختیی رێگەیان بۆ ئێمە و نەوە ئایندەکانی کورد تەخت کرد..

لەکاتێکدا زریاب ئەلموسڵی پشکی خۆی لە کەرنەڤاڵەکانی وەزارەتی رۆشنبیری حکومەتی هەرێم بەدەست هێنا، هەڤاڵ عوبێد زۆر بەزەحمەت توانی تێزی ماستەرەکەی لەبارەی جیاووك تەواو بکات..

# چاو و دەنگی خەڵك

لەبارەی گەندەڵیی کارگێڕیی تەشەنەسەندوو لە جومگە و دامەزراوە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا زۆر نووسراوە، بەڵام یەك ریپۆرتاژم نەدی باسی ئەو دیاردەیە لەم وەزارەت یان لەو دامەزراوە بکات، نووسینی گشتیی زۆر و زەبەند لە بازنەیەکی تیۆری و تیۆریزەکاریدا دەخولێنەوە، کە هیچ بەهیچ ناکەن..

چەند رۆژێك لەمەوبەر لەبارەی ئەو دیاردەیە گفتوگۆیەك لەنێوان من و هەڤاڵێکی رۆژنامەنووس دروست بوو، ئەو برادەرە بەئازار و داخ و بەزمانی یەقینەوە باسی وەزیرێکی خاوەن پێگە و پایەی دەکرد، کە ئاگای لێ نیە چی لە وەزارەتەکەیدا دەگوزەرێت و خەرجی ژەمی نانخواردنەکانی خۆی و یاوەرانی مانگانە دەگاتە بیست ملیۆن.

کاتێك داوام لەو برادەرە کرد لەسەر ئەو کارانە بنووسێت و ریسوایان بکات، بیانووی بەوە هێنایەوە کە لە لۆمەکردنی لۆمەکار دەترسێت.

پێم وت: ئەگەر هێندە دەستاوێژت لەبەردەستدایە بەشی ساغکردنەوەی ئەو دیاردەیە بکات، ئەوا تۆ لەڕووی رۆژنامەوانی و نیشتمانی و ئینسانی و ئەخلاقییەوە ئەرکی سەرشانتە لەسەری بنووسیت، چونکە شێرپەنجەیەکی ترسناکە و خانە زیندووەکان دەکوژێت..

بەخۆبەدەستەوەدانەوە وەڵامی دامەوە: لێی گەڕێ بۆ خوا!!

رۆژنامەنووس بەحوکمی دۆخی خۆی و جیاوازبوونی، هەندێ شت دەبینێت کەسانیتر نایبینن، ئەو چاو و دەنگی خەڵکە، لەبەرئەوە بەرپرسە لەبەردەمیاندا.. ئەو رۆژنامەنووسەی لە ترسەکانی رزگاری نابێت و بوێریی رووبەڕووبوونەوەی نیە،

ڕۆڵەیەکی چاکی ئەو پیشەیە نابێت و ڕەنگە شایستەی شەرەفی هەڵگرتنی پەیامە پیرۆزەکەیشی نەبێت.

### یاسای کاری رۆژنامەنووسی

بۆ جاری پەنجایەمین کۆدەبینەوە و گفتوگۆ دەکەین، لادەبەین و زیاد دەکەین و مادە و خاڵەکانی یاسای کاری رۆژنامەنووسی دەگۆڕێن بۆ مادەیەکی چەوری رۆژنامەوانی. بەردەوام پرسیارمان لێ دەکرێت و دەپرسین و پاساو دێنینەوە و روون دەکەینەوە.

ئەو یاسایەی بە بیرۆکەیەك دەستی پێکرد، بوو بەکۆمەڵە مادە و بڕگەیەك و بوو بە بناغەیەك بۆ پرۆژەیاسایەك، کە پتر لە جارێك ملکەچی هەموارکردن کرا.. هەمیشەیش ئەنجومەنی سەندیکا بەهۆیەوە رووبەڕووی رەخنە دەبێتەوە، بەبێ پاساوێکی ماقووڵ جگە لە ئاسانیی رەخنەگرتن و بەرهەڵستیکردن مادام دوور بیت لە کورسیی بەرپرسیارێتی.

بەم شێوەیە یاساکە رێگەی بەرەو هۆڵەکانی پەرلەمان گرتەبەر و نەشتەگەرییەکی قەیسەری بۆ کرا، کە بەهۆی سنووربەندکردنی ئازادیی رۆژنامەنووسی لەباتی رێکخستنی، بووە مایەی وروژاندنی هەستی بێئومێدبوون و رەشبینی لای رۆژنامەنووسان.

جارێکیتر گەڕێنرایەوە بۆ پەرلەمان بەمەبەستی پێداچوونەوەی پێش لەوەی لەلایەن سەرۆکایەتیی هەرێمەوە پەسەند بکرێت.

لەبەر تیشکی بڕیار و راسپاردەکانی کۆنگرەی دووەمی سەندیکادا جاران و باران لەگەڵ رۆژنامەنووسان کۆبووینەوە، بۆچوونەکان جیاواز بوون، مەیل و ئاراستەکان فرە بوون، دەستەواژەی (ئاداب و سیستمی گشتی) بوو بە هەوەسی گشتی و خووی

سەری هەموویان وەك ئەوەی ئێمە بۆ خۆمان بژین و لە رەهەندێکیتری زەمەنیی دەرەوەی هەرێم و کۆمەڵگەی کوردستان، دوور لە دڵەخورپە و ترس لەسەر ئەزموونەکەی کوردستان، کە گیان و تەمەن و روناکیی چاوانمان لەپێناویدا خەرج کرد.

ئێستا تۆپەکە لە یاریگەی پەرلەمانە.. چاوەڕوان دەکەین چی بڕیار دەدرێت، هەموو گیانمان ئومێد و خواستە ئەندامانی پەرلەمان لە پێویستیمان بە یاسایەك تێبگەن، کە بەرجەستەی ئەندازەی پێویست لە ئازادی بکات، کە بۆ مومارەسەکردنێکی رۆژنامەنووسییانە و پیشەییای بەرهەمهێن و بەرز پێویستە.

# خوا بیانبەخشێت

**(١)**

**کاتێك مرۆڤ پێویستی بەکڕینی دەرمان دەبێت لە دەرمانخانەکان، بەتایبەت کاتێك لەو کەسانە بێت کە نەخۆشییە درێژخایەنەکانی وەك پاڵپەستۆی خوێن و شەکرە و نەخۆشییە جیاوازەکانی دڵی هەبێت، سەری لێ دەشێوێت (خوا سەر لە بەندەکانی ناشێوێنێت) لە میزاجی جیاوازی خاوەن دەرمانخانەکان لە دیاریکردنی نرخ و جیاوازی لە دەرمانخانەیەکەوە بۆ یەکێکیتر، نەخۆشی هەژاریش بەناچاری باجەکە دەدات، ئەمەیش تەنیا هەستێکی راگوزەر نیە، بەڵکو لەو رووەوە من لە سەردانیکەرانی هەمیشەی دەرمانخانەکانم بەچاوی خۆم بینیومە چۆن هەندێ خاوەن دەرمانخانە بەبێ هیچ رێگرێکی ئینسانی یان ئەخلاقی یاری بە نرخی دەرمانەکان دەکەن، نەبوونی هیچ نرخدانان یان چاودێرییەکیش با لە سنووری لای خواریشیدا بێت، کێشەکەی زۆر ئاڵۆز کردوە، بابەتەکە لە بنەڕەتدا تایبەتە بە سەندیکای دەرمانسازان. جارێکیان لە عەمانی پایتەختی ئوردن پێویستم بە قوتوویەك دەرمان بوو، سەرم سوڕما کە بینیم هەر قوتوویەك لە قوتووەکانی دەرمانەکە بەخەتێکی روون نرخەکەی بەدیناری ئوردنی و مۆری سەندیکای دەرمانسازانی ئوردنی بەسەرەوەیە، کە ئەمە وا دەکات مرۆڤ نەك تەنیا لە نرخەکە دڵنیا بێت، بەڵکو لە بەکەڵکیی دەرمانەکەیش، بەشکو ئەمە خوایە سەندیکاکەی ئێمەیش بەزەیی بە مرۆڤ و تەندروستیی مرۆڤ لە کوردستاندا بێتەوە و چاو لە سەندیکا ئوردنییەکە بکات.**

(٢)

گەلی کوردستان بەسەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی و سیاسی و ئاینییەکانیەوە بەبۆنەی جەژنی نەورۆز سەری ساڵی کوردی و سەرەتای یەکەم رۆژی وەرزی بەهارەوە ئاهەنگی گێڕا و یادی کۆتایی حوکمی زۆردار (زوحاك)ی لەسەر دەستی یەکێك لە رۆڵە زەحمەتکێشەکانی کورد (کاوەی ئاسنگەر) کردەوە، کە ئەو جەژنە بوو بە رەمز و جەژنێکی نیشتمانیی رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە هەرکوێیەك بن. کوردستان لە سییەکانی سەدەی رابردووەوە وێنەی جۆراوجۆری ئاهەنگگێڕان بەبۆنەی ئەو رۆژە شکۆدارەی بەخۆوە بینیوە، وەك ئاگر کردنەوە لەسەر لوتکەی چیاکان لە شەوی جەژن و دەرچوونی بەکۆمەڵ لە شارەکان بۆ ئامێزی سرووشتی کوردستان بەجلوبەرگی ئاڵ و والای نەتەوەییەوە. لە هەندێ ماوەی قۆناغە رەشەکاندا رۆڵەکانی نەتەوە دەستە دەستە بەنهێنی لەناو ماڵەکاندا ئاهەنگیان دەگێڕا، بەتێپەڕبوونی کات و لەئەنجامی تێکۆشانی سەخت و درێژدا بوو بە جەژنێکی رەسمی کە رۆڵەکانی گەلانی عێراقی جگە لە کوردیش یادی دەکەنەوە، بەڵام یەکێك لە شتە سەیرەکانی قەدەر ئەوەیە سەرۆك وەزیرانی عێراقی مالیکی، پیرۆزبایی بەهاری لە گەلی عێراق کرد بەبێ ناوبردنی وشەی (کورد، کوردستان، نەورۆز)، باسکردنی ئەو وشانە (یەکێتیی خاکی عێراقی) لەبەریەك هەڵدەوەشاند، ئەوەیش بووە مایەی سەرسوڕمانی هەندێ لە هەڤاڵان کە گوێیان لە بروسکەکە بوو، بەڵام دڵنیا بن هەڤاڵان من کاتێگ گوێم لە دەقی بروسکەکە بوو هیچ سەرم سوڕ نەما، چونکە من لەنزیکەوە بەڕێز مالیکیم دەناسی کاتێك هۆڵی (ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقی) کۆی

کردبووینەوە و لە یەکێك لە دانیشتنەکانی ئەنجومەندا لە ئاماژەدان بە پێشمەرگە، پارێزەرانی گەلی کوردستاندا، بەپێداگرییەوە وشەی "میلیشیا"ی دزێو لەسەر دڵ و دەرونمانی بەکار دەهێنا، ئەوەیش من و چەند پەرلەمانتارێکی تووڕە کرد و بەچەند وشەیەکی قورس و توند لەسەر گوێکانی رووبەڕووی بوومەوە، هیچ بەڵگەیەکی نەما بیکاتە بیانوو ئەوە نەبێت یەکێك لە (جەماعەتەکەمان) بەزاریدا هاتووە.

(٣)

سەرکەوتن و کەوتن، هەڵکشان و دابەزین، چەند پلەیەك بەرەو لوتکە یان بەرەو بنی بن، کۆمەڵێك زاراوەن لەکاتی دەرکەوتنی ئەنجامی تاقیکردنەوەکان لە قۆناغە جیاوازەکانی خوێندن یان کاتێك بابای سیاسی رووبەڕووی حاڵەتی پێشکەوتن بۆ پێشەوە یان گەڕانەوە بۆ دواوە دەبێت، دەکەونە سەر زاری خەڵك. دەشێت ئەو زاراوانە رۆڵیان هەبێت لە دڵکرانەوە یان سەربکێشن بۆ کۆمەڵێك گرێ کە هەندێ جار وا لە مرۆڤ دەکەن کارتەکانی لەلا تێکەڵ بن و تووشی لێڵبینی و هەڵنەسەنگاندنی دیاردەکان لە روانگەی دروست و دامەزراو لەسەر شیکردنەوەی زیرەکانە و دەستنیشانکردنی هۆ و فاکتەرە جیاوازەکان، جا خودی بن یان بابەتی، ببێت. بەڕاستی زۆر هەست بەخەم و پەژارە دەکەم لە رەفتاری هەندێ لە هەڤاڵان کە یەکبین هێرشم دەکەنە سەر، نەك لەبەر هۆی پیشەیی یان بابەتی، بەڵکو لەئەنجامی کۆمەڵێك شکستی زاتی کە رەنگدانەوەی بێئومێدبوونیانە لە بەدیهێنانی هیچ دەسکەوتێك لەڕێی پرۆسەی هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییە، چ لەسەر ئاستی دامەزراوە میدیاییەکە یان لەسەر ئاستی کۆنگرەی گشتی یان کۆنفرانسە فەرعییەکان، ئەوەیش شتێکە

دەکەوێتە دەرەوەی بەرپرسیارێتیی من لە سەندیکادا. لێرەدا نامەوێت وەڵامی ئەو رەخنانە بدەمەوە کە هەندێ لە هەڤاڵان لە رۆژنامەکاندا بڵاویان کردونەتەوە و دەکەنەوە، کە لای خواری لێوەشاوەیی پیشەیی و گیانی هاورێیەتیی سەندیکاییان تێدا نیە، ئەمە جگە لە دەرچوونی ئاشکرایان لە میساقی شەرەفی پیشەیی، کە پەرۆشین بۆ دەست پێوەگرتنی لەباتی داخزان بۆ جەدەلێکی نەزۆك و شەڕە کەڵەشێر، کە نە پێش دەخات و نە دووا.

سوێند بەخوای گەورە و توانا من بەزەییم پێیاندا دێتەوە و بۆ حاڵیان دەگریم، چونکە هێرشەکانیان توانای جیاکردنەوەی رەش و سپی و دەستنیشانکردنی ناتەواوییەکەی لێ بڕیون، بەوەیش توانای شیکردنەوەی هۆی دەرچوونیانی بۆ دەرەوەی بازنەی کارە سەندیکاییەکان لێ سەندونەتەوە، لەگەڵ ئەوەیشدا بەدڵ و زمانم دەڵێم خوا بیانبەخشێت.

# خەياڵچنی رۆژنامەنووسی

(١)

رۆژنامەنووسان بەبۆنەی تێپەڕبوونی سەد و دە ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە مێژوودا ("کردستان" ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە) ئاهەنگیان گێڕا، کە دوور لە نیشتمانی کورد دەرچوو، هۆی ئەوەیش زانراوە، زوڵمی عوسمانییە تورکەکان بوو کە سەپێنرابوو بەسەر ئەو گەلانەی لەژێر حوکمی ستەمکارانەیاندا دەیاننالاند. ئێمەی پێڕی رۆژنامەنووسان بەپێی بەرنامەیەکی رێکخراو و رێکوپێك شیاو بەو بۆنە گەورەیە ئاهەنگمان گێڕا.. پەیمانگە و کۆلێژەکانی زانکۆکانی کوردستان چالاکی و ئاهەنگەکانیان لە شیوێك دەگێڕا و وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمیش لە شیوێکیتردا بەرنامەی خۆی بۆ ئەو بۆنەیە جێبەجێ دەکرد، تەنانەت ئەو داوەتنامەیەی ئاراستەی سەندیکای کرد بۆ رێزنان لە ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسان درەنگ و بەشێوەیەکی شپرز پاش ئێوارەی ئاهەنگەکە پێمان گەیشت. بەشێك لە دامەزراوە رۆژنامەوانییەکان بۆنەکەیان لەبیر نەبوو. بەشی هەرەزۆری رۆژنامە و گۆڤار و کەناڵەکانی تەلەڤزیۆن و ئێزگەکانی رادیۆ ئەزیەتیان نەدایە بەر خۆیان لە بارەگای ئەنجومەنی سەندیکا ئامادە بن لەکاتی ئاهەنگگێڕان بەو بۆنەیەوە لە ئێوارەی ٤/٢١ و با بڵێین بۆ نووسینی راپۆرتێك دەربارەی رێزنانی ئەنجومەنی سەندیکاکەمان لە

خێزانەکانی شەهیدانی رۆژنامەنووس لە کوردستان، هەروەك ئەزیەتیان نەکێشا بەیاننامەکەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەو بۆنەیەدا بلاو بکەنەوە، وەك ئەوەی جەژنی رۆژنامەنووسان و رۆژنامەگەریی کوردی نە لە دوور و نە لە نزیك پەیوەندی بەوانەوە نەبێت. تەنانەت ئەو بروسکانەی لەلایەن فەخامەتی بەڕێز سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ و فەخامەتی سەرۆکی هەرێمی کوردستانەوە ئاراستەی رۆژنامەنووسانی کوردستان کران، سەندیکایان فەرامۆش کردوە کە زۆربەی هەرەزۆری رۆژنامەنووسانی کوردستان بەجیاوازیی ئاراستەی سیاسی و ئینتیمای نەتەوەیی و ئاینییانەوە لەخۆ دەگرێت. دەشێت بۆنەی ئاهەنگگێڕانی ئەمساڵ لە رۆژی رۆژنامەگەریی کورستانیدا ساتی ئاشکرا و دەستنیشانکردنی نیشانەکانی بێسەروبەری و ناڕێکوپێکی بێت لە جەستەی راگەیاندندا لە کوردستان، تێیدا جەستەی راگەیاندن بەلەسە (متفلت) و پەرت و سەرئاوکەوتوو (عائم) دەرکەوت، کە نە رووی هەیە نە ئاراستە. رۆژنامەگەریی کوردستان ناونیشانێکی سەرەکی هەیە، ناڵێم تاکە ناونیشان، ئەویش ناوی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە، کە دانپێدانانی جیهانی بەدەست هێناوە و پێگەیەکی دیار و تایبەتی لەنێو رێکخراو و یەکێتی و سەندیکا میدیاییەکانیدا گرتوە. لە بەرژەوەندیی جەستەی رۆژنامەوانی و میدیایی کوردستان نیە باز بەسەر ئەو ناونیشانەدا بدرێت یان بەهەر پاساوێك بێت پشتگوێ بخرێت.

(٢)

... ئەم جارە دان بەوەدا دەنێین ئێمە کەمتەرخەم بووین، لەبەرئەوە بۆ ملیۆنەمین جار داوای لێبوردن دەکەین. هەروەها شایەتی دەدەین ئێمە ئەوەی لەتوانامانندا بوو کردمان بۆ ئەوەی ئاهەنگێك بگێڕین شایان بەبۆنەکە، بەڵام ئەوەی تکامان بۆ دەکات (واتە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ) ئەوەیە ئەنجومەنی سەندیکا ناچار

بوو بڕێك پارە لە خێرخوازێك قەرز بكات، تا لەگەڵ خێزانی شەهیدانی ڕۆژنامەگەریی كوردستاندا ئێوارە ئاهەنگێكی سادە ساز بكات، بە حزووری كەمێكی كەم لە كامێرای تەلەڤزیۆنەكان و لەوانە كەمتر لە پەیامنێرانی ڕۆژنامەكان و هیچ كەس لە پەیامنێرانی ئێزگەكان، وەك ئەوەی ئێمە لە وڵاتی غەریبی بژین هاوشێوەی میقداد بەدرخان، كاتێك بەر لە سەد و دە ساڵ یەكەمین ڕۆژنامەكەی لە مێژوودا دەركرد.

(٣)

لێخوڕینی ئۆتۆمبێل لە شاری هەولێر هەندێ جار سەركێشییەكی ڕاستەقینەیە، چونكە هەموو پێشبڕكێی و پەلەیانە، ئارامگرتن بەهیچ شێوەیەك لە ڕەفتاریاندا نیە و ڕێساكانی هاتوچۆ لە هۆش و مومارەسەدا بزرن، سەرباری فراوانكرنی شەقامەكان و دروستكردنی پرد و تونێل، هێشتا بەهۆی هەڵەشەیی و هەڵەشەیی هەندێ لە شۆفێرانی ئۆتۆمبێلەوە مەترسی چواردەوری داوین، زۆریی ژمارەی پۆلیسی هاتوچۆیش نایانسڵەمێنێتەوە، كە بەردەوام خەریكی تۆماركردنی سەرپێچییەكانن. بەڵام خەڵكینە نەگبەتییەكە لە سەرپێچیی شۆفێرانی ئۆتۆمبێلە تایبەت و كرێیەكاندا نیە كە بێ حەد و حسابن، ڕەنگە ئەوە ئەهوەنتر بێت، بەڵكو نەگبەتی لێرەدا ڕەفتاری هەندێ لە شۆفێرانی بەرپرسانی حزبی و ئیدارییە بەتایبەت ئۆتۆمبێلەكانی پاسەوانان كە ڕەحم ناكەن و بەبەرچاوی پۆلیس و هاوڵاتییەوە سەرپێچی دەكەن، وەك ئەوەی ئەوان ئۆتۆمبێل و فڕۆكەیان داهێنابێت (بۆ زانیاری، داهێنەرانی ئۆتۆمبێل و فڕۆكە و كارەبا لە هەموو خەڵك سادەتر بوون و یاسا و سیستمیان خۆشویستوە)، بەڵام ئەوانەی لە وڵاتی ئێمەدا سەرپێچی دەكەن، سەرپێچیكردنەكەیان بۆ سیستمی هاتوچۆ بە دەسەڵاتێك دەبینن و خۆیانی پێوە هەڵدەكێشن، وەك ئەوەی كەسایەتیی مرۆڤ و قەبارەی بەرپرسیارێتی بەلای ئەوانەوە بەڕادەی سووكایەتیكردنیان بەهەستی ئەوانیتر و سەرپێچیكردنی یاساكانی و بەپۆزەوە بە ڕێگادا ڕۆیشتن، بپێورێت.

## سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان .. پێکهاتەی حزبی و هەڵوێستی سەربەخۆ

وەك کۆنگرەی دووەمی سەندیکا پابەندی کردووین و بەڵێنمان بە ئەندامانی کۆنگرە و رای گشتیی کوردستان داوە، لەم ساڵەدا دوو راپۆرتی گشتی بڵاو دەکەینەوە، واتە بەتێکڕای راپۆرتێك لە هەر شەش مانگدا، وەك رێکارێك بەدیهێنانی ئاستێکی بەرز لە شەفافیەت مسۆگەر دەکات. لە یەکی تەممووزدا راپۆرتی یەکەم دەردەچێت، کە تۆمارێکی وردی واقیعی ئازادیی رۆژنامەنووسی لە کوردستان لەخۆ دەگرێت، تێیدا سەرجەم زیادەڕۆیی و پێشێلکارییەکان کە (ئازادیی رۆژنامەنووسی) تووشیان هاتووە تۆمار دەکرێت لە هەر لایەکەوە بووبێت، حزبەکان بن یان دامەزراوەی حکومی، هەروەك راپۆرتەکە ئاماژەی بەزیادەڕەویکردنی هەندێ لە هەڤاڵانیش بەپاڵنەری زۆر خودی یان شەخسی، بۆ سەر ئەوانیتر کردوە بەبێ خاترگرتنی هیچ کەس و بەبێ سڵەمینەوە لە ئاکامی شتەکان و لۆمەی هەر لۆمەکارێك. لەو راپۆرتەدا ئەنجومەنی سەندیکا بۆ هەزارەمین جار بێلایەنی و پیشەییبوونی بەرزی خۆی و سەربەخۆیی هەڵوێستەکانی دەسەلمێنێت لەبەرانبەر قەوانی ئەو تۆمەتانەی سەبارەت بەحزبیبوونی سەندیکا هێندە وتراونەتەوە رزیون، ئەمە بەبێ ئەوەی نکوڵی لەوە بکەین هەندێکمان سەر بە هەندێ حزبی تێکۆشەری

کوردستانین و لەو روانگەوە کار دەکەین کە ئەو حزبانە لەپێناو دواڕۆژێکی بەختیار بۆ کوردستان و گەلەکەی خەبات دەکەن و بۆ کردنەوەی قۆناغی جێگیرکردن و چەسپاندنی ئازادییەکان هەوڵ دەدەن، کە ئازادیی رۆژنامەنووسی گرنگترینیانە. هەر لەم جێبەندەدا دەمانەوێت بۆ هەمووانی روون بکەینەوە کە:

* ئەنجومەنی سەندیکا هەڵوێستێکی پیشەییانەی سەربەخۆ بەمانای وشە وەردەگرێت و فشارە قورسەکان و بانگەشە بەتاڵەکان لە رۆیشتن لەسەر رێگەی راست لاینادەن، بڵاوکردنەوەی راپۆرتە گشتییەکەی کە لەلایەن لیژنەی پاراستنی رۆژنامەنووسانەوە ئامادە کراوە، بابەتیبوونی رەفتاری سەندیکا لەڕووی پیشەییەوە دەسەلمێنێت، چونکە خاتری کەسی لەوانەی نەگرتووە زیادەڕەوییان کردۆتە سەر ئازادیی رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان، جا هەرکێ و لە هەرکوێی کوردستان بن.

* ئەگەر کەمێك ئاوڕ لە دواوە بدەینەوە و هەوڵ بدەین سەرژمێرییەکی سادەی دەسکەوتەکانی سەندیکا لە ماوەی دە ساڵدا بکەین، کە هەموو تەمەنی پیشەییەتی، زۆر شت دەبینین کە وا چاکە بیرمان بکەوێتەوە و بیر بخرێنەوە.. یاسای سندووقی خانشینیی رۆژنامەنووسانی کوردستان، هەژمارکردنی خزمەتی رۆژنامەنووسی بۆ مەبەستەکانی سەرمووچە و پلەبەرزکردنەوە و خانەنشینی کاتێك رۆژنامەنووس لە فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمدا دادەمەزرێت، دابەشکردنی نزیکەی ٨٠٠ پارچە زەویی نیشتەجێبوون، لیستیتریش هەن، سێیەم و چوارەم، کە چاوەڕوانن بەناوی (١٨٩) و (٦١٢) رۆژنامەنووس لە رێگەن کە سوود لەو زەوییانە وەربگرن، یارمەتیدانی رۆژنامەنووسان لەڕووی ماددیەوە لەکاتی پێویستی و لە حاڵەتەکانی نەخۆشی و هیتردا. بەدەستهێنانی ئەندامانی سەندیکا بۆ ناسنامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان. دواجاریش، بەهرەمەندبوونی رۆژنامەنووسانی

کوردستان له پاراستنیان لەلایەن سەندیکاوە بەپێی توانای خۆی و بەگوێرەی یاسا له فەرمانگەکانی پۆلیس و دادگەکان و بینینی رۆڵی میانگیر لەکاتی روودانی کێشه و گرفت لەنێوان رۆژنامەنووسان و حزبەکان و هاوڵاتیاندا و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنیان بەکەمترین زیان. سەرجەم ئەم مافانه رۆژنامەنووسانی کوردستانی بەسەربەخۆ و حزبییەوە و لەسەرجەم نەتەوە و ئاین و حزب و گرووپە سیاسییەکان گرتۆتەوە و دەگرێتەوە، بەبێ ئەوەی یەك ساتیش سەربەخۆیی کاری پیشەییانەی سەندیکا بەهیچ شێوەیەك تێکبدرێت. ئەمەیە رێگەی پیشەییانه و سەربەخۆ کە بەشێوەیەکی رەها خزمەت دەکات بە:

- ئازادیی رۆژنمەنووسی له کوردستان.

- مافی رۆژنامەنووسان.

- ئەزموونی کوردستان لەرێی رەخنەگرتن له دیاردە نەرێنییەکان و چۆنێتیی راستکردنەوەیان.

بانگی ئەو هەڤاڵە رۆژنامەنووسانەیش دەکەین کە لە وتنەوەی قسە و قسەڵۆك و قسەی زیادە لەبارەی حزبیبوونی سەندیکا کول نابن، با بێن چاودێریی کارکردنی بکەن و خاڵەکانی حزبیبوون و لادانی له هێڵە پیشەییەکەی تۆمار بکەن، تا رێڕەوەکەی راست بکەینەوە، بۆ ئەوەیش منەتبار و سوپاسگوزاری پەرۆشییان دەبین، بەڵام ئەگەر ئیددیعا هەر لەبەر ئیددیعا، یان لەبەر پێویستییەك بێت لە دەروونی یەعقووبدا، ئەوا ئێمە گوێی بۆ شل دەکەین و بۆ حوکمی هەڤاڵان و زەمەن و مێژووی بەجێ دێڵین.

# "میساقی شەرەف"

وەك ژمارەكانی پێشوو ئەم ژمارەیەیش بابەتی هەمەجۆر و جددی لەخۆ گرتوە كە پەیوەندییان بە كاروبار و خەمەكانی رۆژنامەنووسی و راگەیاندنەوە هەیە، بەڵام ئەوەی بەشێوەیەكی نائاسایی جیای دەكاتەوە، ئەوەیە راپۆرتی نیو ساڵانەی لیژنەی بەرگریكردن لە مافەكانی رۆژنامەنووسان و ئازادییە رۆژنامەوانییەكانی لە كوردستان تێدایە، كە لە پەیامێكدا بۆ رای گشتیی كوردستان و پەرلەمان و حكومەت لەبەردەم كەناڵەكانی راگەیاندندا راگەیەنرا و ئەو پێشێلكاری و زیادەڕەوییانەی بەناو و مێژوو و شوێنەوە تۆماركردوە كە لێرە و لەوێ روویان داوە، ئەمە جگە لە دیباجەی دۆسییەكە كە دۆخی كاری رۆژنامەنووسی لە كوردستانی لەبەر تیشكی رووداوە تۆماركراوەكاندا بەبێلایەنییەكی تەواو شرۆڤە كردوە، ئەویش بەپاڵنەری هەڵوێستێك كە بەپەرۆشیی سەندیكا بۆ بەدیهێنانی دروشمی كۆنگرەی دووەمی دەناسرێتەوە كە بریتی بوو لە: " لەپێناو چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و دەستەبەركردنی مافی رۆژنامەنووسان لە كوردستان" و كاركردن لەژێر نیگای رۆحی ئەو كۆنگرەیە و بڕیارەكانیدا، خوازیاریشین كە:

یەكەم: هەمووان لەوە تێبگەن سەندیكاكەمان لەسەر رێڕەوێكی سەربەخۆ ئەوەی گرتۆتە ئەستۆی خۆی، كە بەرگریكاری یەكەم بێت لە ئازادییە رۆژنامەنووسییەكان و مسۆگەركردنی مافەكانی رۆژنامەنووسان بەبێ هیچ چاوبەستێك، كە هەوڵ بدات خاتری ئەوانە بگرێت دەستدرێژییان دەكەنە سەر لە هەر لایەكەوە بن و لە هەر كوێوە هاتبن، چونكە ئێمە وەك لە رابردوودا جاران و باران دووبارەمان كردۆتەوە میسداقیەتی سەربەخۆیی و لێوەشاوەیی سەندیكا و پەیامە پیشەیی و ئینسانییەكەی لەوەدایە، لەبەرئەوە لەم راپۆرتەدا سەرجەم شێوەكانی زیادەڕەویكردن و جۆرەكانیان و ناوی زیادەڕەویكاران و زیادەڕەوی لەسەركراوانمان تۆمار كردوە، كە

له کۆی گشتیدا ئاماژەیە بۆ باری ئازادییە گشتییەکان و ئازادییە ڕۆژنامەنووسییەکان بەشێوەیەکی تایبەت.

دووەم: پەرەسەندنی ڕۆژنامەگەری و فراوانبوون و هەمەجۆریی کاری ڕۆژنامەوانی و میدیایی لە کوردستان، دیارترین ئادگارە لە ئەزموونی ساوای دیموکراسیی کوردستاندا، لەبەرئەوە سەندیکا لەڕێی ئەم ڕاپۆرتەوە خۆی دەخاتە خزمەت پێشکەوتن و چەسپاندنی ئەم ئەزموونە و سەنگەری بەرگریکردن لە وێنە هاوچەرخانە و دەنگە ئینسانییە قووڵەکەی، لەبەرانبەر هەر شتێك وێنەی بشێوێنێت و زیانی پێ بگەیەنێت.

سێیەم: لەکاتێکدا هۆشداریمان داوە و دەدەینە ئەوانەی لە ئەجێندایاندایە لە زیادەڕەویکردنە سەر ئازادییە تایبەت و گشتییەکان بەردەوام بن، داوایش لە هەڤاڵانی ڕۆژنامەنووسمان دەکەین، لەپێشیانەوە ئەندامانی سەندیکا، دەرك بەوە بکەن چەپڵە بەدەستێك لێ نادرێت، بەو مانایەی گەرەنتیکردنی مافی ڕۆژنامەنووسان و بەرگری لێکردنیان و لە ئازادییە ڕۆژنامەنووسییەکان، دەخوازێت لەلای خۆیانەوە بە میساقی شەرەفی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان، بەهەر نۆ خاڵەکەیەوە پابەند بن، کە بەزمانی کوردی و عەرەبی لە دەزگەکانی ڕاگەیاندنماندا بڵاو کراوەتەوە و وەك بەڵگەنامەیەك لە بەڵگەنامەکانی کۆنگرەی دووەمی سەندیکادا پەسەند کراوە، کە کۆمەڵێك ڕێنمایی و ڕێکخەری تێدایە بەسەر ڕۆژنامەنووساندا فەرز کراون و مەرجە پێیانەوە پابەند بن.

دەبا هەمووومان پابەند بین بە بەرگریکردن لە ئەزموونی دیموکراسیی کوردستان لەڕێی پابەندبوون بە میساقی شەرەفی ڕۆژنامەنووسیەوە، با ئەوە چەکمان بێت بەڕووی زیادەڕۆیی و زیادەڕۆییکاراندا.. ئاشتیش لەسەر زەوی..

# ڕەنگە شلکردنی زیانی هەبێت

بەنیاز بووم لەبارەی دوو بابەتیتر بنووسم سەبارەت بەو هەڕەشانەی لەم دوواییەدا لەڕیی مۆبایلەوە دووچاری هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان دەبێت و لەبارەی ڕووداوی تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس (سۆرانی مامەحەمە) لە شاری کەرکوك، ئەو شارەی دەیان ساڵە و بەدیاریکراوی پاش دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و بەزۆر لکاندنی کوردستانی باشوور (کوردستانی عێراقی ئێستا) بەدەوڵەتە نوێیەکەوە، دووچاری زنجیرەیەك ڕووداوی تیرۆرکردن لەسەر دەستی ڕۆڵەکانی (برا گەورە) بووەتەوە لەڕێی دەسەڵاتدارە جیاوازەکانی لە سەردەمە لەدوای یەکەکاندا.

بەڵام سەرهەڵداوە تازەکان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی، کە لە بنەڕەتدا پەیوەندییان بە کوردستان و گەلەکەیەوە هەیە، بوونە ڕێگر لەبەردەم نووسین لەبارەی ئەو دوو بابەتەی باس کران، چونکە مەترسیداریی ئەو دۆخە سیاسییەی ئێستا سەری هەڵداوە کە لە حاڵەتی سازانی فشۆڵ لەنێوان پێکهاتە بنچینەییەکاندا خۆی دەنوێنێت و ئەو بارستە سیاسییانەی لەڕێی کۆمەڵێ ڕووکاری تایفی و سیاسییەوە پێکهاتوون، کە هەندێکیان پاشماوە و پۆخڵەواتی ڕژێمی فاشیستی گۆڕبەگۆڕیان تێدایە و ڕەمزەکانیان لە شاشەی کەناڵە ئاسمانییە پارەدارکراوەکان لێرە و لەوێوە دەردەکەون و هاوشێوەی ڕەمزەکانی نازیزیم و فاشیزم، دەست رادەوەشێنن و قسەی بریندارکەر و زۆر قیزەون لەبارەی گەلی کوردستان و هێزە سیاسییەکانی و خەون و خواستە ڕەواکانی دەکەن.

ئەوەی ڕۆژی ٧/٢٢ لە دانیشتنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق ڕووی دا و ئەو ئامادەکارییانەی پێش لەوە کران بۆ هەڵبژاردنی نوێنەران و ئامادەکردنی سیناریۆکان

و ئەوەی بەدوایدا هات، لە دەرکەوتنی هەندێ کەس بە پاشخانە قیزەونەکانیان و خۆ بە بەهێز نواندنیان بەهاوپەیمانییە نوێ و ئاشکراکانیان لای رای گشتی و خڕبوونەوەیان لەژێر دروشمی (ئەی دوژمنانی کورد و کوردستان و خەونە ڕەواکانیان یەکگرن)، ناکۆکی و دژیەکی و شەڕە سەختەکانیان لەسەر پێگە و دەسکەوتەکانیان لەبیر دەکەن کە دەیان هەزار کەس لە خەڵکی بێتاوان تێیاندا بوونە قوربانی و بوونە مایەی ئاوارەبوونی دەیان هەزار لە رۆڵەکانی (یەك نەتەوە و خاوەن پەیامی نەمر) لەڕێی پرۆسەکانی پاکتاکردنی تایفی و مەزەبی و خێڵەکییەوە، لە کوچە و کۆڵانەکانی شارە گەورەکان و شارۆچکەکاندا، کە تەنیا شار و شارۆچکەکانی هەرێمی کوردستان لێیان سەلامەت بوون.

دیارە ئەم بارە ریزپەڕەیان بەدڵ نەبوو و کەوتنە ئەنجامدانی هەڵمەتێکی هیستیری و گەرم وەك ئەوەی کورد بەرپرس بن لە (ناکۆکیی شیعە و سوننە) لە مێژوودا و ئەوان بووبنە بەربەستێکی بەهێز لەبەردەم بەدیهێنانی یەکێتیی عەرەبی لە کەنداوەوە بۆ ئۆقیانووس.. هەروەها ئەوان –واتە کورد– بەپلەی یەکەم و بەشێوەیەکی بنبڕ بەرپرسیشن لە بەرزکردنەوەی دروشمی (بژی برایەتیی عەرەب و کورد تا ئەبەد) و یەکگرتوویی چارەنووسسازی نێوان بزوتنەوە و حزبە نیشتمانییە عێراقییەکان بە کورد و عەرەبیانەوە.. چونکە لە فەرهەنگی سیاسیی ئەواندا هیچ مانا و لێکدانەوەیەك نیە بۆ برایەتی و ئەو مانایانەی لێی دەکەونەوە و داننان بە مافە نەتەوەییە ڕەواکانی گەلان نیە، کە پرۆژە و تەماعکارییە ئیستعیمارییەکان رۆژێك لە رۆژان کۆی کردنەتەوە، هەروەها لە مێژووی خوێناویی دوور و درێژیاندا هیچ ئاماژەیەك نیە بۆ پێکەوەژیانی ئاشتییانە لەگەڵ قەوم و گەلانی غەیری خۆیان کاتێك خاوەن هێز و توانا بوون و شانازییان پێوە کردووە، بەڵکو تەواو بەپێچەوانەوە هەمیشە جەنگ و پەلاماردان و جینۆساید و بەکارهێنانی غازی کیمیاوی و گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی و پاکتاوی نەژادی و بەعەرەبکردنی شوێنەوارەکانی گەلانی ناوچەکە لەژێر بیانوو و

پاساوی ئاینی و نەتەوەییدا دەیدەنیان بووە و هێشتایش، دروشم و سەربەنەکانیان، جەنگە ناپیرۆز و ناشەریفەکانیان کە خوای گەورە و پێغەمبەرە بەڕێزەکەی و پێغەمبەران و پیاوچاکان و کتێبە ئاسمانی و نائاسمانییەکان نەهییان لێ دەکەن و دژایەتیی هەموو هزر و تیۆرە ئینسانییەکان دەکەن لە سەرەتای خەلقەوە تا ئەمڕۆ.

بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا ئێمەی کورد لە ئەزموونەکانی مێژوو فێر نەبووین، هەر بە سادەییمان ماینەوە و پەندمان لە گەستنی دووپشك لە کونەکانی رۆڵەکانی (برا گەورە)دا وەرنەگرت، دواین ئەزموونیشمان راکەڕاکەی ماراسۆنی سەرکردەکانمان بوو بەرەو بنیاتنانی عێراقێکیتر، عێراقێکی نوێ، عێراقی فیدراڵی، عێراقی لێبوردەیی، عێراقی خاڵی لە کوشتار و پاکتاوی نەژادی و بەعەرەبکردنی هەر شتێکی ناعەرەبی. ئەنجام ئەوە بوو لە وڵاتی شارستانێتییەکان و هەردوو رووباردا (بلاد الرافدين) بلیمەتانی ئاخر زەمان دەرکەوتن، سەرکردەی وەك مەحموود مەشهەدانی و خەلەف ئەلعەلیان و ئوسامە نوجەیفی و ساڵح موتڵەگ و روخسایتر لەژێر ناو و رووکاری ئەوتۆدا، کە هیچ پەیوەندییەکیان بە برایەتی و ئاینی هاوبەش و چەمکە ئینسانی و نیشتمانییەکانەوە نیە.. پێویستە سەرکردە کوردەکانمان دان بەوەدا بنێن ئەوان لە حاڵەتی وەهمدا ژیاون و رەخنەکانی شەقامی کوردی لێیان بەجێ بوون و شلبوون لەئاست چارەنووسی گەلەکەیاندا لە ساتەکانی لاوازیی ئەوانیتر و هەرەسە ناوخۆییەکانیاندا هەڵەیەك بوو، کاتێك کورد هەڵوێستێکی مێژوویی شەریفی لە ساتی (هەرەسە گەورەکەدا) وەرگرت، لەبەرانبەر ئەوەدا هەندێ هەڕەشەمان لێ دەکەن بەهێنانی هێز لە ناوەڕاست و باشوورەوە بۆ کەرکوك، بۆ پارێزگاریکردن لەوەی سەدام حوسێن بنیاتی نا و ئەو راگواستن و کۆچپێکردن و بەعەرەبکردن و بەبەعسیکردنەی تێیدا کردی. لێرەدا بە سەرکردە کوردەکانمان دەڵێم وریا بن و ریزەکان یەك بخەن و لە هەڵوێستەکاندا بەهیچ بیانوویەك و لەبەر هیچ هۆیەك گوریسەکە شل مەکەن، چونکە شلکردنی زیانی تێدایە و تەواو. خوایش لەسەر ئەوەی دەیڵێم شایەتە.

## له پێناو چارەسەرکردنی هەڵەکان و بەگژاچوونەوەی گەندەڵیدا..

## پاشان ئامادەکردنی گەل بەڕووی مەترسییەکاندا

دوو کەس لە نیشتمانەکەمدا ناکۆك نیە دەربارەی ئەو مەترسیانەی لەڕووی قەبارەوە هەڕەشە لە ئەزموونە لەخۆبوردوەکەی کوردستان دەکەن، بەهۆی نەگەڕانەوەی کۆمەڵێك شار و شارۆچکە و گوندی زۆر گرنگ بۆ ئامێزی کوردستانی دایك، کە ریشەیان لە ویژدان و هزری مرۆڤی کوردستانیدا داکوتاوە وەك هێمایەك بۆ ئەو ستەم و چەوساندنەوەیەی دووچاری بووە، وەك رواڵەتێك لە رواڵەتەکانی زەوتکردن و گۆڕینی واقیعی دیمۆگرافی و نەتەوەیی کە رژێمی فاشیستی سەدام لەو شار و شارۆچکە و گوندانەدا مومارەسەری کردوە، هەروەها سەرجەم ئەوانەیش لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی و بەزۆر لکاندنی کوردستانی باشوور بەو دەوڵەتەوە پێش لەو دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست، کە ئەو دەوڵەتە و دەسەڵاتدارە ملهوڕەکانی رۆژێك لە رۆژان رەچاوی هەست و خەونەکانی گەلێکیان نەکردوە کە بەدەست بارودۆخی بەشبەش و داگیرکردنەوە ناڵاندویەتی و دەستی بەبەهاکانی وەفا و نیشتمانپەروەری و برایەتیی راستگۆیانە لەگەڵ گەلی عەرەبی عێراقەوە گرتوە، بۆ دووپاتکردنەوەی ئەو مانا نیشتمانی و ئینسانییانەیش گەلی کوردستان رازی بوو ببێتە بەشێك لەو کۆششەی دەدرێت بۆ گێڕانەوەی یەکێتی بۆ نیشتمانی عێراق کاتێك ئەو وڵاتە تووشی هەرەسهێنانی تەواوەتی بوو پاش روودانی گۆڕانکاری و رووخانی رژێمی فاشی لە نیسانی ٢٠٠٣دا.

بەڵام جێی داخە دەسەڵاتدارانی نوێی عێراق کاتێك بەهۆی چەندین فاکتەر، کە زۆربەیان دەرەکین، هەستیان بەبەهێزبوون کرد، تووشی حاڵەتێکی نۆستالۆژیا بۆ رابردوو بوون و ئەو بیرۆکانەیان بۆ هات کە لە ناوەرۆکی رێکەوتنامە و پەیماننامەکان و میساقی (سەعد ئاباد) و پەیمانی بەغدا و پاشان ئەلسنتۆ و دواینیشیان رێکەوتنامەی ناپاکانەی جەزائیرەوە هەڵگۆزراون، کەوتنە سەردانی یەکتر و بەنهێنی و ئاشکرا چپەچپکردن بەمەبەستی بنکۆڵکردنی دەسکەوتەکانی گەلی کوردستان، کە بەخوێنی رۆڵەکانی و قوربانییە گەورەکانی لە ناوەندی دەریاچەیەك لە لمی سیاسیی بزۆزدا بەدەستی هێناون، ئەویش بەبەرچاو و گوێی نەتەوە یەککگرتووەکان و دەوڵەتانی ئەورووپا و ئەمەریکای سەرداری بێ رکابەری دنیاوە، کە جگە لە خواستەکانی بەرژەوەندییەکان و هەژموونی خۆی، کە زۆربەی جار لەسەر حسابی گەلانی چەوساوە و بندەستن، گوێ بەهیچیتر نادات.

ئەمانەن ئەو مەترسییانەی دەوریان داوین، بەڵام چیاکان هەمیشە بەدۆستی کورد و پشت و پەنای دەمێننەوە لەم جیهانە نەیارەدا، چیاکان ناسنامە و هێما و شوێنی نەتەوە و گەل و مرۆڤێکە، لەپێناو پاراستنی ئەم ئەزموونە کە لە هەموو لاوە پیلان و تەماع و ئیرەیی دەوریان داوە، پێویستە گەلەکەمان بەڕووی سەرجەم ئەو مەترسییانەدا جۆش بدەین و دەست بەو دەستوورەوە بگرین کە ٨٥٪ی رۆڵەکانی گەلی عێراق بەئاسۆ نیشتمانی و ئینسانییەکەیەوە پەسەندیان کردوە، بەڵام چارەسەری هەڵە گەورە و بچووکەکان و بەگژاچوونەوەی گەندەڵی لە هەر کوێیەك بێت، کە بە ویستی خوا هەوڵ دەدەین لە ئەڵقەکانی داهاتووی (من حقیبتی)دا تیشکیان بخەینە سەر، پێویستە شوێنی خۆیان لە نێو شتە یەکەمەکاندا بگرن، لەم سەردەمە بێکەڵکەدا.

# تا ئابڕووچوونی مێژوو دووبارە نەبێتەوە

(١)

ئەو مەترسیانەی لە هەموو لاوە دەوری ئەزموونی کوردستانیان داوە و ئامانجیان بنکۆڵکردن یان بەتاڵکردنەوەیەتی لە سیما کوردستانییەکان لەڕووی جوگرافی و نەتەوەییەوە، بابەتی سەرقاڵیی ناوەندە بڕیاربەدەستەکانە لە پایتەختەکانی دەوڵەتانی دراوسێ لەناویاندا بەغدای پایتەخت، کە لەوکاتەوە یەکەمین خشتی لەسەردەمی خەلیفەی عەباسی ئەبو جەعفەری مەنسووردا دانراوە، خۆشمان ویستوە، کاتێك قیبلەی دنیا و پایتەختی موسڵمانان بوو. هیچ رقێکمان لێ هەڵنەگرت تەنانەت کاتێکیش لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوودا بەزۆرەملێ کوردستانی باشوور لکێنرا بە دەوڵەتی عێراقەوە، بەڵام ئەو بەغدایەی لە ناخەوە خۆشمان دەویست، دەسەڵاتدارە عەرەبەکانی لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی نوێوە تا ئەمڕۆ لە هەوڵدانی بێ پسانەوە بۆ زیندەبەچاڵکردنی خەونی رزگاریی نەتەوەیی کوردی نەوەستاون، سەرەتا لە هەڵمەتە سەربازییەکانەوە بەپاڵپشتیی هێزی ئاسمانیی بەریتانیا لە بیستەکان و چلەکانی سەدەی رابردوودا، بۆ بەکارهێنانی جبەخانەی چەکی رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی لەدژی و هەوڵدان بۆ گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی و سڵنەکردنەوە لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی، کە دزێوترین چەکە کە لەڕووی نێودەوڵەتییەوە قەدەغە کراوە، تا دەگاتە شاڵاوەکانی ئەنفال و کۆچپێکردن و پەیڕەوکردنی سیاسەتی نەگریسی بەعەرەبکردن، دیارە پاش کەوتنی رژێمی

فاشیستیش کۆتایی نەهاتووە و سیاسەتی دەستگرتن بە ڕێبازی (صدام حسین)ی گۆڕبەگۆڕ بەردەوامە و ئێستا لە پەرۆشی بۆ هێشتنەوەی هەموو ئەو زوڵم و نەهامەتی و کارەساتانەدا خۆی نواندوە و دەنوێنێت، کە دەرهەق بەگەلەکەمانی کردوون و بوون بەبەشێك لە مێژووی تاوان و بەربەرییەتی بێ وێنە، کە جیهان دەستپێوەگرتنی وەك دەسکەوتنی نیشتمانی بەیەکجاری و بەبێ گەڕانەوە واز لێ هێناوە.

بەوانەی لەبەر ئەم یان ئەو هۆ تووشی لەخۆباییبوون دەبن، سەد جار بیر بکەنەوە پێش لەوەی دەست بۆ هەر گەمژەییەك بەرانبەر کوردستان و گەلەکەی ببەن، چونکە ئاگری کورد سووتێنەرە، ئێسکیان ڕەق و گۆشتیان تاڵە. وەك ئەزموونی مێژوو سەلماندویەتی، چەندین جار کورد بوونەتە هۆی کەوتنی تەخت و تاراجی و ڕژێمە دیکتاتۆرییەکان.

(٢)

لە ئەڵقەی رابردووی (من حقیبیتی)دا کە لە ژمارە ٤٣ی گۆڤاری (رۆژنمەنووس)دا بڵاو کراوەتەوە، وتمان "لەپێناو پاراستنی ئەم ئەزموونە کە لە هەموو لاوە پیلان و تەماع و ئیرەیی دەوریان داوە، پێویستە گەلەکەمان بەڕووی سەرجەم ئەو مەترسییانەدا جۆش بدەین"، کەواتە جۆشدانی میللی (التعبئه الشعبیه) زۆر زۆر گرنگە و بەتایبەت لەم کاتەدا هیچ شتێکیتر لەپێشیەوە نیە، ئەوە ڕێکارێکی خۆپارێزییە بەڕووی ئەوانەی لەبۆسەدان بۆمان لە سەرجەم ڕەنگەکان، بەڵام بەڕێزان جۆشدان پێویستە لەسەر بنچینەی بەهێز دابمەزرێت، یەکەمین پێویستییەکانی رازیبوونی گەلە لە دەسەڵاتی سیاسی و هەستکردنە بەئینیتمای نیشتمانی و نەتەوەیی بۆ ئەزموون و خاکەکە، ئەویش لەڕێی چەسپاندنی دادپەروەریی

کۆمەڵایەتییەوە دەبێت لەنێوان چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستاندا، کە هەستیاری بەرانبەر مومارەسەر نەرێنییەکانی دەسەڵاتداران لە ناوخۆ و کردەوە نهێنی و ئاشکراکانی ئەوانەی رێکەوتنامەی دووقۆڵی و سێقۆڵی و چوارقۆڵیمان لەگەڵیاندا ئیمزا کردوە، بەشێوەیەکی نائاسایی زیادی کردوە.

(٣)

پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم پێشەکی و پێداویستییانە لای ئێمە بەدیهاتوون تا دەستبەجێ دەست بە پرۆسەی جۆشدانی میللی بکەین..؟ دەڵێم (نەخێر) و دڵم لە ئازاردا شەق دەبات.. رەنگە ئەم (نەخێر)ە سەرچاوەی بێزار و تووڕەکردن بێت بۆ بڕیاربەدەستانی وڵاتەکەم، بەڵام وەك پەندە کوردییەکە دەڵێت (دۆستت ئەوەیە دەتخاتە گریان)، ئەم قسەیە دەکەم و لە ناخی خۆمدا هەست دەکەم کات هێشتا بەسەر نەچووە، رەنگە هەندێ دووا کەوتبێت بەڵام چیتر بێدەنگبوون هەڵناگرێت، چیتان دەوێت لەبارەیەوە بیڵێن، دان بەوەدا دەنێم بەبێ قەناعەت بەرگریم لە هەندێ هەڵە کردوە، لە گەندەڵی بێدەنگ بووم بەبێ ئاسوودەیی ویژدان و چاوپۆشیم لە ئاڵۆزکاری و رۆتین و پێ پێکەنین لە هۆڵەکانی هەندێ لە وەزارەت و بەڕێوەبەرایەتییە گشتییەکان و فەرمانگەکانیاندا، کردوە. بۆ ئەوەی ناوبانگی ئەزموونی کوردستان نەڕوشێت خۆمان بەدوور گرتووە لە سەیرکردنی هەڵە و زیادەڕەوییەکان کە بەبێ هیچ سڵەمێنەرێك بەچەندین شێوازی دیماگۆژییانەی دوور لە ئینساف و دادپەروەری دەرهەق بەهاوڵاتی کراون، هەر لەناو دەستەکانی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران و وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و سکرتارییەتەکانیانەوە، تا بچووکترین دەزگە و جومگەی دەوڵەت، وەك ئەوەی هاوڵاتی پارچە بەردێکی بێ گیان و هەست و شعوور بێت. بڕیاربەدەستانیش لە سەرجەم ئاستەکان بێئاگا یان خۆ بێئاگاکردوون لە هەموو ئەوەی دەگوزەرێت، وەك ئەوەی

بێچارەیی و ئازاری هاوڵاتیی کوردستان قەدەرێکی ئەبەدی بێت، لە ئاسمانەوە لە ناوچاوانی نووسرابێت کە پێویست بکات بەبەشی خۆی رازی بێت و سەرکز و ملکەچی سوپاسگوزاری خوای گەورە بێت و هەرگیز لە ئاست ئەو خەڵکەی لەسەرەوەن چاو هەڵنەبڕێت، چونکە ئەوان لە قووڕێکیترن. ئەو هاوڵاتییانە مادەی ئەزموونی کوردستان و مادە و سووتەمەنی و کەرەستە و چەکی ئەزموونەکەن و ئەسڵ وایە ئەوانیش کۆتا مەبەست و ئامانجی بن، کە بەسەر ئایندەدا کراوەیە.

لە سەرشانی خەباتگێڕانی خەڵکی ئاسایی ئەزموونەکە هەستاوە، بەقوربانییەکانی ئەوان خۆراکی وەرگرتوە و بەردەوام بووە، پێشکەوتووە و گەشەی کردوە و سەرکەوتووە. ئەو هاوڵاتییانە کە لەکاتی بەئاشکرا رەخنەگرتن لە دۆخی گشتی و سەلبیاتەکانی ژمارە و خڕبوونەوەیان زیاد دەبێت و رۆژانە کەلێنی نێوان ئەوان و سەرکردایەتیی هەرێم و داوودەزگە حکومی و حزبییەکان فراوانتر دەبێت، رەنگە مەترسیدارترین ئاماژەدەر بن بۆ فشۆڵیی ئەزموونەکە و ئەو ناوچە بڵە بن دەکرێت لێیەوە دوژمنان دزە بکەن. دەکرێت هەندێ لەو رەخنانە لە هەندێ ناوەندی خۆمەڵاسداو و داخ لەدڵەوە بن، بەڵام وەك پەندەکە دەڵێت (هیچ دووکەڵێك بەبێ ئاگر نیە)، هەڵەکان هەن و گەندەڵی گەشەی کردوە تا بووەتە دیاردە، رەچاوکردنی هاوڵاتی و رێزگرتنی مافەکانی بوونەتە مادە و بابەتی دیمەنگەلی کۆمیدی کە بەئاشکرا شۆفێری تەکسی و دوکاندارە بچووکەکان و جەماوەرێکی بەرفراوانی قوتابیان و لاوان باسی دەکەن، ئەمە جگە لە عامەی خەڵك و توێژی رۆشنبیران، هەرچی تێکۆشەرانی دێرینن لە توێژ و تەمەنە جیاوازەکان، حەسرەت بۆ ئەو رۆژانە هەڵدەکێشن کە یەك دینار لە باخەڵیاندا نەبوو، بەڵام پڕ بوون لە پرنسیپ و هزرە نەتەوەیی و نیشتمانییە راستەکان، کە وایان لێ دەکردن بەرگری لە شەرەفی ئەم نەتەوە بەشبەشکراوە و خاکە دابەشکراوەکەی بکەن و تا رادەی شەهیدبوون قوربانی بدەن و ئومێدی سەربەخۆیی کوردستان لە لێوەکانیان نەبڕێت، چونکە دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لەناویاندا

بەدیهاتبوو (ئەگەرچی جۆرە هاوبەشییەك بوو لە هەژاریدا)، ماناكانی نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی كاریگەریی سیحرییان لە دەروونەكاندا هەبوو، بەشێوەیەك وایان لە پیاوانی (پێشمەرگە) دەكرد بەچەكی سادە و سەرەتایی پەلاماری تانكەكانی دوژمن بدەن، وەك لەكاتی شۆڕشی مەزنی ئەیلوولدا رووی دا.

جا بۆ ئەوەی سەلامەتیی ئەزموونی كوردستان پارێزراو بێت و ئومێدی هاولاتیی كوردستان لەمپەڕی نیشتمانەكەیەوە بۆ ئەوپەڕی بەهێز و مەحكەم بێت، پێویستە سەركردەكان بەبێ دواخستن چاوگێڕانەوە بەسەرجەم ئەوەدا بكەن كە هەیە، بەحزب و حكومەت و پەرلەمان و رێكخراوی پیشەیی و جەماوەری و رۆژنامە و گۆڤار و وەزیر و خاوەن پلە تایبەتەكان و راوێژكارانەوە، دووركەوتنەوە لە سیاسەتی هەڵەی رازیكردن و دروستكردنی پۆست و فەرمانگە لەپێناو چاوی ئەم یان ئەو لەبەر هەر هۆیەك بێت، هەروەها لێپێچینەوە لە كەمتەرخەم و گەندەڵكار و لادەر و لوتبەرزان و وەلانانی خۆ هەڵبڕین و لەخۆباییبوون و كردنی بەرپرسیارێتیی حزبی و حكومی بە وەزیفەیەكی گشتی بۆ خزمەتكردنی گەل، نەك ئیمتیازێكی تایبەت بێت، كردنەوەی نووسینگەی بەرپرسەكانی بەڕووی هاولاتیاندا بەبێ ئالۆزكاری و ترساندن، هەڵبژاردنی راوێژكارانی چاك و جیدی كە سوود بگەیەنن (نەك سوودمەند بن)، خاوێنكردنەوەی ناوەندە ئیدارییەكە هەر لە نووسینگەكانی سەرۆكایەتیی حكومەت و پەرلەمان و وەزارەتەكان لە توێژە مشەخۆرەكان كە بەردەوام لەگەشەدان و رەفتاری هەندێ لە وەزیرەكان، لە هەندێ هەڵسوكەوتكردنی خراپ سوودوەرگرتنی هەرزان و خۆ هەڵبڕین بەسەر بەڕێوەبەرە گشتییەكانی وەزارەتەكانیاندا، ئیتر بەسەر هاولاتیدا با بوەستێت كە هیچ هێز و دەسەلاتێكی نیە. ئەم دیاردە و هەڵسوكەوتانە بوونەتە مایەی تووڕەیی لای كەرتگەلێكی بەرفراوانی خەڵك، كە دەخوازێت بێزارییە پاساودارەكەیان بەدانانی پیاوی گونجاو لە شوێنی گونجاو و ئازادكردنی بازرگانی و قەدەغەكردنی بەرتیل و

کۆمسیۆنات و کاراکردنی رۆڵی چاودێریی دارایی بێتە گۆڕین، کە دیوانەکەی کۆت و بەند کراوە و بووەتە جەستەیەکی بێ گیان.

(٤)

بەیتە شیعرێکی شاعیر نزار قەبانیم لەیادە پاش نسکۆکەی ٥ی حوزەیرانی ساڵی ١٩٦٧ نووسی، کە بەهۆیەوە عەرەب دەیان هەزار لە رۆڵەکانی و دەیان هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەی لە خاکی سێ وڵاتی عەرەبی لەدەست دا، روو بە حاکم و مەحکومان دەڵێت:

جولەکە لە سنوورەکەمانەوە نەهاتنە ژوورەوە

بەڵکو وەك مێروولە لە خەوشەکانمانەوە دزەیان کرد

جا بۆ ئەوەی مێروولە دزە نەکاتە ناو جەستەی ئەزموونی کوردستان لەڕێی ئەو خەوشانەی تووشی هاتوون و بوونەتە دیاردەیەکی بەرچاو، پێویستە بیر لە پەنابردن بۆ پینە و پەڕۆکردن نەکرێتەوە کە هیچ سوودێکی نیە، بەڵکو پێویستە بەشوێن چۆنایەتی و میکانیزمەکانی چارەسەری ئەو ناتەواوییانەدا بەشێوەیەکی ریشەیی، شۆڕشگێڕانە و خێرادا بگەڕێین، ئەو هەڵانە راست بکرێنەوە، تیماری دەرد و کەموکووڕییەکان لە جەستە و دەروونەکاندا بکرێت، ئەو کەلێنە پڕ بکرێتەوە کە رۆژە بەڕۆژ لەنێوان بەرز و نزمدا، واتە لەنێوان دەسەڵاتی سیاسی و حزبی و ئیداری و رۆڵەکانی گەلی کوردستانی تامەزرۆ بۆ چاکسازی و راستکردنەوەدا فراوان دەبێت،

**کاریگەریی (دراوی خراپ بوەستێنرێت کە بەردەوام دراوی باش دەکاتە دەرەوە تا هەرێم لە خەڵکی باش بەتاڵ دەبێتەوە)، لەکاتێکدا بەهیچ شێوەیەك ناکرێت متمانە بەو خراپە بکرێت کە وەك بزنمژە (حرباو) بەگۆڕانی کات و شوێن رەنگی خۆی دەگۆڕێت.**

**کەواتە پێویستە سەرکردە و سیاسییەکان، بڕیاربەدەستانی وڵاتەکەمان پێش لەوەی کار لە کار بترازێت، لەپێناو چاکردن و پاراستنی ئەم ئەزموونە لە کەوتن و فەوتان بەدەستی دوژمنانی خۆمەڵاسدا، بەقووڵی بیر بکەنەوە و پشت بە رۆڵە بەئەمەك و پەرۆشەکان بۆ ئایندەی ئەم نەتەوەیە ببەستن، ئەوان کەرەستەی خەونی کوردستان و پێویستییەکانی بنیاتنانین، سڵ نەکەنەوە لە وەرگرتنی بڕیاری دروست و دامەزراو لەسەر راوێژکردنی بەرفراوان و تێبینیی جیددی، کە لە شەقامی کوردستاندا دەورووژێنرێن، هەروەها لەلایەن دۆستانی دڵسۆزی گەلەکەمان و ئەو دەنگە چاکەخوازانەی بانگەشە بۆ ریفۆرم لەم رۆژگارە سەختە، لەم رۆژگارە خراپەدا دەکەن. هەروەها بۆ ئەوەی لە بێئاگایی لە زەمەن و لە ئێمە بەرانبەر ئەوەی لە دەورمان دەگوزەرێت لە نیازی خراپ و پیلانی قیزەون و شێوازی دیماگۆجییانە و پرۆژەی هیچ و پووچ و بێنرخ، ئابڕووچوونی مێژوومان لەلایەن ئەم یان ئەو لایەنەوە بەسەردا نەگەڕێتەوە. خوایە من رامگەیاند.. خوایە تۆ شایەتبە.**

# ئەم ناوچانە.. زەوتكراون یان جێناكۆك؟!

زۆر شت و رووداو و رۆژگار لە یادگەمدان، ساتەكە لە گفتوگۆیەكی ئازاربەخشدا بەدوای یەكدا دێت، لەنێوان رابردوویەكی سەخت كە پێم وابوو رۆیشت و ناگەڕێتەوە و ئێستایەك كە بەدەنگی بەرز پێداگری لەوە دەكات كە هیچ نەگۆڕاوە، بگرە دۆخەكە بەهۆی هاتنە ناوەوەی ئاڵۆزكاریی نویٚ لە دروستكردنی بڕیاردا سەختترە، لێرەدا چەند پارچە و وردەیەك لەو جەدەل و گفتوگۆ و مۆنۆلۆژە گەرمانەی لە ناخمدا روودەدەن وەك خۆیان لە چەند وشەیەكدا بەبیٚ رتووش تۆمار دەكەم.

(١)

كات.. ئێستا: رۆژنامەی كوردیی (ئاوێنە) لە ژمارە (١٤٥) كە رۆژی سێشەممە ٢٠٠٨/١٠/٢٨ دەرچووە، لە گفتوگۆیەكدا لەگەڵ دكتۆر موكەڕەم تاڵەبانی كەسایەتیی شیوعیی كوردی ناسراو و وەزیری پێشوو، كە رۆڵی میانگیری لەنێوان سەركردایەتیی كوردستانی لە چیاكان و سەرۆكی پێشووی عێراق سەدام حوسێنی دەبینی لە كۆتاییەكانی هەشتاكانەوە تا ماوەیەك پێش رووخانی، بەمەبەستی گەیشتن بەجۆرە

لێك تێگەیشتن و ڕێکەوتنێك لەسەر سیغەیەك بۆ چارەسەری کێشەی گەلی کوردستان.
د. موکەڕەم لە چوارچێوەی دیمانەیەکی دوور و درێژدا سەبارەت بەبەراوردکردن لەنێوان هەڵوێستی حکومەتی ئێستا (حکومەتی مالیکی) و هەڵوێستی حکومەتی پێشووی بەعس لەکورد دەڵێت "بەپێی رای شەخسیی خۆم، هەڵوێستی حکومەتی ئێستا زۆر جیاواز نیە لە سەربەنەکانی سەدام حوسێن، ئەویش بەگوێرەی ڕێبازی حکومەتی پێشوو رەفتار دەکات با ناوەکانیش گۆڕابن. ئەوان ناوێکی نوێ لە ناوچە کوردییەکانی وەك کەرکوك و خانەقین و دەوروبەری مووسڵ دەنێن: ناوچە جێناکۆکەکان. لەڕاستیدا ئەو ناوە دوورە لە واقیع، چونکە ئەو ناوچانەی باس کران کوردستانین و ڕژێمی سەدام حوسێن داگیری کردن".

(٢)

کات: تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٧١: سکرتێری گشتیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بووم، مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتییەکە تەواوی دەسەڵاتیان پێ دابووم بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی قوتابیان لە پارێزگەی کەرکوك کە بڕیار بوو ئەو مانگە لە سەرتاسەری عێراق ئەنجام بدرێت، دوو لیست کێبرکێیان بوو لەسەر کورسییەکانی نوێنەرانی قوتابخانە ئامادەییەکان لە ناوەوە و دەرەوەی شاری کەرکوك، بەرپرسی ڕێکخستنەکانی قوتابیانی بەعسی ئەوکات (احمد العبیدی) بوو، کە سەرکردایەتیی گرووپێکی تایبەتی کارکردنی دەکرد بەفەرمانی سەدام پێکهێنرابوو، بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك بردنەوەی زۆرینەی کورسییەکان بیخوازێت و بەسەرپەرشتیی راستەوخۆی (غانم عبدالجلیل) پارێزگاری ئەوکاتی کەرکوك. کاتێك ناکۆکیی نێوان من و ئەوان توند بوو لەسەر هەندێ ڕێوشوێنی ئیداری کە ئەوکات دژی هەندێ فەرمانبەر و کرێکاری کورد، کە لە فەرمانگەی کارەبا وێستگەی دوبز و

هەندێ فەرمانگەیتر كاریان دەكرد، بەگواستنەوەیان بەخێزانەكانیانەوە بۆ دەرەوەی پارێزگە بەمنداڵە قوتابییەكانیشیانەوە كە دەبووە هۆی تێكچوونی هاوسەنگی، هەڕەشەی بایكۆتكرنی هەڵبژاردنەكان و دەركردنی بەیاننامەیەكم لەسەر بابەتەكە و روونكردنەوەی گشت وردەكارییەكان لێ كردن، ئەوكاتە بەگوێرەی هەندێ رێنوێنیی تایبەت كێشراینەوە بۆ بەغدا بۆ ئامادەبوون لەبەردەم لیژنەی ئاشتیدا، كە لە ژمارەیەك سەركردە و مەكتەبی سیاسیی پارتی دیموكراتی كوردستان و قیادەی قوتریی حزبی بەعس و ئەنجومەنی سەركردایەتیی شۆڕش بۆ چارەسەری ئەو كێشانەی لەنێوان هەردوولادا روویان دەدا، پێكهاتبوو بەمەبەستی جێبەجێكردنی رێكەوتنامەی ١٩٧٠/٣/١١.

پێش لەوەی لەبەردەم لیژنەكەدا ئامادە بم، بەیاوەریی هەندێ لە هەڤاڵانم لە مەكتەبی سكرتاریەتی یەكێتیی قوتابیانی كوردستان چاوم بەهەڤاڵ كەریم مەلا كەوت كە سەرۆكی یەكێتیی نیشتمانیی قوتابیانی عێراق بوو. بۆ مێژوو دەڵێم ئەو لەناخەوە بەعسی بوو، هەروەها نەرم و نیان و تێگەیشتوو بوو لە كێشە نەتەوەییەكانمان و رەوشت بەرز بوو، دەمەتەقێیەكی درێژ و لەسەرخۆمان كرد لەبارەی ناسنامەی كەركوك لەڕووی مێژوویی و جوگرافیەوە، هەروەها هەوڵەكانی حكومەتەكان عێراق لە (١٩٦٣)وە بۆ بەعەرەبكردنی شارەكە و دەوروبەری و زەبردان لە دانیشتوانە رەسەنە كورد و توركمانەكەی، لە كۆتاییدا كاتێك هیچی نەدۆزیەوە هەڵوێستەكەی پێ بەهێز بكات بەدەق پێی وتم: تێزەكانت لەلایەك دانێ، ئەوە بەلای ئێمەوە گرنگ نیە، بەگوێرەی رێنماییەكانی بەڕێز جێگر (مەبەست سەدام حوسێنە)، لەوانەیە بەعس لەبەر هۆی سیاسی رۆژێك واز لە عەرەبیبوونی قودس هەڵبگرێت، بەڵام بەچاوپۆشین لە پێكهاتە نەتەوەییەكەی، یان وەك تۆ دەڵێیت كوردستانیبوونی، واز لە كەركوك ناهێنێت، ئەوكاتە منیش زۆر بەهێمنی پێم وت: (بیرۆكەی دەستهەڵگرتن لە عەرەبیبوونی قودستان پیرۆز بێت، بەڵام ئێمە رۆژێك لە رۆژان دەستمان لە

**کوردستانیبوونی کەرکوك هەڵنەگرتوە و هەڵیناگرین)، کاتێك ئەم بۆچوونانەم لەبەردەم لیژنەی ئاشتیدا دووبارە کردەوە، سەعدوون غەیدان ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و وەزیری ئەوکاتی ناوخۆ لێی پرسیم: "کێ ئەو بیرۆکانەی فێر کردوویت؟"، پێم وت: یەکەم، پەروەردەی خێزانیم هەر لە منداڵیەوە، پاشتریش پەروەردەی حزبی کاتێك چوومە ریزەکانی پارتی"[١].**

**(٣)**

**کاتێك پرسیار لە سەدام حوسێن کرا لەبارەی پاساوەکانی ئیمزاکردنی رێکەوتنامەی جەزائیر ساڵی ١٩٧٥ لەگەڵ شای ئێران بەمیانگیریی جەزائیر، راشکاوانە وەڵامی دایەوە: (نیوەی شەتولعەرەبمان دایە ئێران لەبەرانبەر لەناوبردنی تاقمی بەکرێگیراو (مەبەست شۆڕشی کوردە بەسەرکردایەتیی سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانی).**

**لەڕووی مێژووییەوە لەوکاتەوە کوردستان لە سەرەتاکانی بیستەکانی سەدەی رابردوودا بەزۆر لکێنراوە بەدەوڵەتی عێراقەوە، حکومەتە لەدوای یەکەکانی عێراق بەردەوام سیاسەتێکی شۆڤێنیی دوژمنکارانەیان بەرانبەر کوردستان و گەلەکەی پەیڕەو کردوە، بەشێواز و رێگەی جیاواز، کە هەندێ جار تا رادەی تێکشکاندن دڵڕەقانە بوون، یان بەڕواڵەت کەمتر دڵڕەوقانە و نەرم و لە ناواخن و جێبەجێکردندا دوژمنکارانە بوون، بەڵام هەموویان رژاونەتە بۆتەی سیاسەتی سەدام حوسێنی فاشیست، کە دروشمی برایەتیی عەرەب و کوردی سڕییەوە، ئەو دروشمەی یەکەم جار حزبی شیوعیی عێراقی بەکاریگەریی بیرە نێونەتەوەییەکەی و بەهۆی بوونی**

---

[١] ئەم بابەتە چەند ساڵێك لەمەوبەر لەژێر ناونیشانی (من الذاكرة) لە یەکێك لە ژمارەکانی گۆڤاری (گوڵان العربي)دا بڵاو کراوەتەوە.

چەندین سەرکردەی گەورەی کورد لە سەرکردایەتی حزبەکەدا بەرزی کردۆتەوە. لە قۆناغێکی پاشتریشدا و لە کۆتایی چلەکاندا پارتی دیموکراتی کوردستان بەرزی کردەوە، وەك دروشمێك کە باوەڕێکی رەهای پێی هەبوو.

(٤)

ئەمڕۆیش کاتێك هاوڵاتیی کورد چ لە شاری کەرکوك بێت یان خانەقین یان مەندەلی و زرباتیە و مەخموور و شیخان و شەنگال، ئەو زوڵم و غەدر و سیاسەتە شۆڤێنییە قیزەونە دەبینێت کە دووچاری ناوچەکانیان دەبێت، کە سووکایەتین بە چەمکەکانی برایەتی و دۆستایەتی و ئینتیما لەنێوان گەل و ئاینەکانی عێراقدا، ئەوکاتە هیچ لەبەردەمیدا نابینێت جگە لە بوغزاندن و سەرکۆنەکردنی ئەو رەفتارە دزێوە لای ئەوەی خۆی ناو دەنێت حاکمی عێراق بەچاوپۆشین لە ناسنامەی سیاسی و بیروباوەڕە ئاینییەکانی، چونکە بیروباوەڕی ئاینیی دروست و سەرچاوەگرتوو لە جەوهەری ئیسلام و دابەزیو لەڕێی وەحیەوە بۆ سەر پێغەمبەری خودا محەمەد (د. خ)، رێگری لە زەوتکردن دەکات وەك کە رێگری لە بێڕەوشتی و خراپە دەکات (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ) (هیچ عەرەبێکیش فەزڵی بەسەر کەسیترەوە نیە بەتەقوا نەبێت) (هەموو لە ئادەمین و ئادەمیش لە گڵە) . وەحیی خودا رێگەی بەکەس نەداوە مافی ئەوانیتر زەوت بکات و دەست بەسەر موڵك و سامانیاندا بگرێت وەك سەدام حوسێن لە کوێت کردی و پێشتریش لە کوردستان و ئێران، کە لەکۆتاییدا بەنەفرەتلێکراوی فڕێی دایە کەندڕی دۆزەخەوە.

لێرەدا دەیڵێم و دووبارەی دەکەمەوە ئەوەی لەسەر ڕێبازی فاشیستیانەی سەدام حوسێن بڕوات کە دژ بە هەموو شتێکی ئینسانی و هەموو بەهاکانی ئاسمان و زەوی بوو، هیچ جیاوازی لەو نابێت با دەستەواژەی بریقەداریش بەکار بهێنێت، بەڵام بەتاڵن لە هەموو ماناکان و بەهاکانی شارستانێتی و سەلماندنەکانی مێژوو و جوگرافیا، دەستەواژەگەلێك لەو رستە و زاراوانە جیاوازن کە نەفرەتلێکراوی مێژوو بەرانبەر شار و شارۆچکە کوردستانییەکان بەکاری دەهێنان، وەك ئەوەی هەندێ لە سیاسییەکانی ئەمڕۆی عێراق لەم یان لەو لایەن بەکاریان دێنن، وەك دەستەواژەی (ناوچە جێناکۆکەکان)، تا کار گەیشتە ئەوەی یەکێك لە پیاوانی دوکانە سیاسییەکان هەندێ وشە بەکار بێنێت کە کورد بێزیان لێ دەکاتەوە کاتێك وتی "کورد شوێنی لە کەرکوکدا نیە"، لێرەدا زەوتکردن و داگیرکردن لە دزێوترین وێنەیاندا دەردەکەون، ئەمە جگە لە لاساییکردنەوەی نەزانێك کە لەسەر ڕێبازی سەدام دەڕوات، راستیشە وتراوە: "ئەو گەلەی گەلێکیتر بکاتە کۆیلە ئازاد نیە".

## هەمواركردنی دەستوور یان سۆزی گەڕانەوە بۆ فاشیزمی مەركەزی؟!

ناوەڕاستی پەنجاكانی سەدەی رابردوو كاتێك قوتابی قۆناغی سەرەتایی و بەدیاریكراوی پۆلی چوارەم بووین، وانەیەك هەبوو زۆر چێژمان لێ دەبینی، چونكە بابەتی هەمەجۆری كۆدەكردەوە: چیرۆك، گفتوگۆ، قەسیدە، پەند و قسەی نەستەق، هەموویشیان بەزمانی كوردی بوون. هێشتا چیرۆكی ئەو رێوییەم لەیادە كە لەبەردەم ئاژەڵەكانی دارستان گەورەترین سوێندی خوارد كە چیتر ناگەڕێتەوە سەر راونانی كەڵەشێر و مریشك، كاتێك سەگێك لێی هاتە دەنگ و بەدرۆزن و فێڵباز وەسفی كرد، رێوییەكە وەڵامی دایەوە (مێژوو دەیسەلمێنێت من چەندە دڵسۆزم و لە تەوبەكردنەكەمدا راست دەكەم). دوای چەند رۆژێك لە سوێندخواردنەكە برسێتی زۆری بۆ مام رێوی هێنا، كاتێك هیچی نەدۆزیەوە بیخوات سروشتە دڕندانەی بۆ گەڕایەوە، لە شەوێكی ئەنگوستەچاودا هێدی هێدی و بەهێواشی خۆی لە كولانەی مریشكەكان نزیك كردەوە، كە لەسەر شوورەكانی سوێندەكەی خواردبوو، لەوكاتەدا كەڵەشێرێك كە نۆبەی پاسەوانیكردنی بوو هەستی بەبوونی كرد، پێی وت: (هۆ مام رێوی تەنیا پێش چەند رۆژێك تۆبەكردنت لە مریشك خواردن راگەیاند و سوێندی قورست بەگەورەترین پیرۆزییەكان لەسەر خوارد، ئێستا وا من لە چاوانتدا غەدر و

خوێن دەخوێنمەوە، پێم بڵێ بەم کاتە درەنگەی شەو لێرە چی دەکەیت؟)، کاتێك مام ڕێوی زانی نیازەکانی ئاشکرا بوون، راشکاوانە بە کەڵەشێرەکەی وت: "ئێوە بەڕاستی ئاژەڵگەلێکی گەمژەن، چۆن باوەڕ بە ڕێوییەك دەکەن بڵێت تۆبەم لە خواردنی مریشك کردوە؟ تۆبەکردنەکەم ساتێکی راگوزەری لاوازیم بوو، کاتێك هێزم بۆ گەڕایەوە چیتر پێیەوە پابەند نیم".

لە کۆنگرەی دەستەبژێر و لێهاتنەکان کە ئەم مانگە لە بەغدا بەسترا، نووری مالیکی وتەیەکی پێشکەش کرد هەندێ قسەی تێدا هاتبوو، کە بەبۆچوونی هەندێ سیاسیی کورد و عەرەب لەو چاوەڕوان نەدەکران، لەو رووەوە سەرۆك وەزیرانە و ئەسڵ وایە وتەکانی هاوسەنگ و وابەستە بن بەدەستوورەوە. ناوەرۆك و ئاکامی وتەکەی لەبارەی دەستوور و فیدراڵیزم هەندێ نیەت و هەڵوێست ئاشکرا دەکات کە وادیارە پێشتر لە بیرکردنەوەیدا هەبوون، ئەگینا قسەکانی بەچی لێکبدرێنەوە کە بۆنی شۆڤێنیزمی نەگریسیان لێ دێت کاتێك دەڵێت "دەترسم فیدراڵیزم دەست بەسەر دەوڵەتدا بگرێت"، فیدراڵیزم کە بەدەق و رۆح لە دەستووری عێراقدا جێگیر کراوە، ئەو دەستوورەی ٨٥٪ی رۆڵەکانی گەلانی عێراق دەنگیان لەسەر داوە و کۆدەنگییەکی نیشتمانی لەسەر بووە. کاتێك مالیکی بیر لە گۆڕینی دەستوور دەکاتەوە، بەوە خەون بەگەڕانەوە بۆ سەردەمی مەرکەزییەتی رەها دەبینێت، تا دەسەڵاتی دەرکردنی فەرمانات و جووڵاندنی سوپا و ئیمزاکردنی رێکەوتنامە و بەستنی پەیماننامە و دەرکردنی پلیتی لێخۆشبوون و تەحریم و تەجریم و حەڵاڵکردنی هەر شتێك خۆی بیەوێت بخاتە بەردەست خۆی و دامەزراوە دەستوورییەکانیتر، وەك ئەنجومەنی سەرۆکایەتی و و پەرلەمان و ئەنجومەنی وەزیران بگۆڕێت بۆ بووکەڵە هەرکات و بەهەر ئاراستەیەکدا ویستی بیانجووڵێنێت، وەك لە سەردەمەکانی رابردوودا باو بوو. لەوەیش نامۆتر هەوڵدانی مالیکییە بۆ دەستبردن بۆ فیدراڵیزم و وەسفکردنی بەتەمومژ و جێی مەترسی. وادیارە ئەوەی لەبیر چووە، یان کردوە کە لەکاتی

رووخانی رژێمی فاشیستی سەدامدا کوردستان لە سەربەخۆییەکی زۆر زیاتر لە فیدراڵیزمی ئێستا بەهرەمەند بوو، ئەو کوردستانەی پێشوازی کرد و ڕێزی گرت – مالیکی نەك کەسیتر– کاتێك لەڕێیەوە لە بەغدا گەڕایەوە. تۆ بڵێیت ئاخۆ ئەو رۆژە خەونی بەوەوە دەبینی رۆژێك دەچێتە سەر تەختی بەغدا و تەنانەت ئەو ئەندازەیەیش بەکورد رەوا نابینێت کە خواستی گەلی کوردستان لە فیدراڵیزم بەدیناهێنێت..؟

گەلی کوردستان هاوشێوەی پێش لەوی تاقی کردەوە و ناسی کە جار دوای جار تۆبەکردنیان لە ئازاردانی کورد رادەگەیاند و سوێندیان دەخوارد (زۆر سوێندیان خوارد) نەگەڕێنەوە سەر دوژمنایەتیکردنیان، بەڵام کاتێك هەست بەبەهێزبوونیان دەکەن رەنگیان دەگۆڕێت و دروشمەکانیان دەگۆڕێن و حاشا لەوە دەکەن کە لە رۆژانی لاوازی و پەڕاگەندەییان لەخاکی فراوانی خوادا بانگەشەیان بۆ دەکرد، لەوانەیش هەموو مەترسیدارتر ئەوەیە ئێستا هەوڵ دەدەن ئەو ئەزموونە بگێڕنەوە کە گەلی کوردستان رەتی دەکاتەوە، ئەزموونی قیزەونی گێڕانەوەی پەیکەر و جومگەکانی بەسەربازکردنی خۆفرۆشان، تا جارێکیتر خراپە لە وڵاتدا بڵاو بکەنەوە.

هەرچی تۆمەتبارکردنی دەوڵەتی عێراقییە لەلایەن قازی وائیل عەبدوللەتیف ئەندامی پەرلەمانی عێراق و بەیداخەهەڵگری فیدراڵییەتی بەسرەوە بەوەی (رەنگێکی کوردی گرتووە)، رادەی ئاسۆتەکسیی قازی وائیل عەبدوللەتیف و شێوازە ئاڵۆسکێنەرەکەی دەگەیەنێت و بەڵگەیە لەسەر رزگارنەبوونی لە شوێنەواری رێنمایی و دروشم و سیاسەتە نەگریسەکانی سەدام حوسێن، کە گەلانی عێراق بە (عەورەتی مێژوو و مرۆڤایەتی) وەسفیان کردوە. کێ گوتارە بەناوبانگەکەی سەدام حوسێن لەبیر دەکات کە تێیدا رایگەیاند کورد دوو مافی هەیە، ئەویش ئەوەیە یەکەم کورد و دووەم عێراقین و لەژێر ئەو لافیتەیەدا سەدام کاری لەسەر مەحوکردنەوەی کورد و سڕینەوەی شوێنەواریان لە خاکی کوردستاندا کرد، بەشێواز و هەوڵە ناسراوەکانی.

هەموو تکامان ئەوەیە قازی وائیل لەژێر ناو و دروشمگەلێکدا کە لە گاڵتەجاڕی خاڵی نین، شوێنپێی پێشینانی خۆی هەڵنەگرێت، کە خۆیان لەباتی کورد بیریان دەکردەوە و شتەکانیان شی دەکردەوە، وەك ئەوەی کورد دەستیان لە مافی خۆیان لە بیرکردنەوە و تەگبیرکردن و وەرگرتنی بڕیارە چارەنووسسازەکان، بۆ ئەوان هەڵگرتبێت.. پێیان دەڵێم بگەڕێنەوە هۆشی خۆتان و پاشگەز مەبنەوە لەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژانە لە ریزەکانی ئۆپۆزسیۆندا سەبارەت بە (کورد و کوردستان) وتتان، هەوڵی لاساییکردنەوە و گەڕانەوە بۆ شێواز و سیاسەتەکانی ڕژێمی پێشوو لەگەڵ کورد مەدەن، ئەو سیاسەتانەی پەڕگیر و زێدە مەرکەزی بوون و کاتیان بەسەر چووە و بەهۆی ناقۆڵایی و ناشیرینییان و ئەو ستەمەی لێیان کەوتۆتەوە، تەنانەت بەکەڵکی ئەوە نایەن لە مۆزەخانەکانیشدا بخرێنە ڕوو. بەدڵسۆزییەوە پێیان دەڵێم بەڕێزان بەهۆش بێنەوە، چونکە گەڕانەوە بۆ ئەو سیاسەتانە لەلایەن کوردەوە جێگەی پێشوازیکردن نابن، لەگەڵیاندا زۆر لە نیشتمانپەروەرانیش لە ڕۆڵەکانی گەلانی عێراق و بەنەفرەت و ریسوایی و بوغزاندن و دەرهێنانی بەرە دەبێت لەژێریان بۆ هەتاهەتایە..

# ئەی هەق هاوڕێت پێ نەهێشتم

(١)

لە ناوەڕاستی شەستەکانی سەدەی رابردووەوە کاتێك قوتابیی زانکۆ بووم، نەریتم وابوو ئامادەی نمایشکردنی شانۆگەرییە جددییەکان لە بەغدا دەبووم و ئەو نەریتە پاشتریش دوای هاوسەرگیریکردن هەر لەگەڵم مایەوە، بەشێوەیەك (هاوسەرەکەم و من) ناهێڵین نمایشێکی شانۆییمان لەکیس بچێت. ئەو رۆژەی لە کۆیە بووم و زانیم شانۆگەریی (خان)ی نووسەر و ئەکتەری شانۆیی گەورە یوسف ئەلعانی لە هۆڵی شانۆی بەغدا نمایش دەکرێت، بۆ یەك سات دوودڵ نەبووم، دەستبەجێ سەفەرمان کرد بۆ بەغدا بۆ بینینی شانۆگەرییەکە، چووین و لەگەڵ هاوڕێی نووسەر (حسب الله یحیی) ئامادەی شانۆگەرییەکە بووین، نمایشکردنی شانۆگەرییەکە بەم دیمەنەی خوارەوە دەستی پێکرد:

شوێن: یەکێك لە خانە کۆنەکانی بەغدا لە بازاڕی بازرگانان (سوق التجار).. بالە و گونیە و سندووقی تەختەی کۆن پەرش و بڵاون، لەسەر یەکێك لە رەفەکانی خانەکە رادیۆیەکی گەورەی مۆدێل کۆن دانراوە، کاتەکەی بەیانی بوو. (حەماڵی خانەکە) دێتە ژوورەوە کە یوسف ئەلعانی رۆڵەکەی دەبینی، دەستی بەگسکدانی زەویی خانەکە

دەكات، پاش چەند ساتێك بەرەو لای رادیۆكە دەچێت و دایدەگیرسێنێت، دەنگێكی سەرنجڕاكێشی پارچە مۆسیقایەك بە ئامێری قانون پەخش دەبێت.. حەماڵەكە كە لە سووچێكی خانەكەدا وەستابوو بەهەموو هەستی خۆی گوێ بۆ مۆسیقاكە شل دەكات تا كۆتایی، پاشان دەچێت بۆ لای رادیۆكە و دەیكوژێنێتەوە، كەمێك بیر دەكاتەوە و پاشان بەپەلە دەگەڕێتەوە بۆ ناوەڕاستی خانەكە و لەبەرانبەر جەماوەری شانۆكە دەوەستێت و بەدەم ئاماژەدان بەدەستی راستی بۆ رادیۆكە بەهەموو دەنگی هاوار دەكات (هەموو قانوونەكانی دنیا هەڵەن، ئەم قانوونە نەبێت)، مەبەستی ئامێری مۆسیقای قانوون بوو.

(٢)

لە كتێبی (زیارە جدیدە للتاریخ)دا نووسەر و رۆژنامەنووسی گەورەی میسری محەمەد حەسەنێن هەیكەل لە بەشی تایبەت بە (محەمەد رەزا پەهلەوی: تەختی تاووس.. وانە لەبیركراوەكان)دا دوای خستنەڕوویەكی دوور و درێژی ژیانی سیاسیی شا لە چوونە سەر تەختەوە، لەڕێی دیمانەكانی هەیكەل لەگەڵیدا هەر لە ساڵی ١٩٥١)ەوە، تا بەدواین دیمانەی لەگەڵیدا تێدەپەڕێت لە هاوینی ساڵی ١٩٧٥ و لەناو رێڕەوەكانی رووداوەكان و پەلوپۆ و پەناوپەسێوە زۆر و ئاڵۆزەكانیدا، تا لەكۆتاییدا دەگاتە ئەو چارەنووسەی شا پێی گەیشت پاش سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران بەسەركردایەتیی ئایەتوڵا خومەینی، كاتێك دڵسۆزترین دۆستی كە ئەمەریكا بوو پێشوازی لێ نەكرد، حكومەتی بەریتانی رازی نەبوو ڤیزەی سەفەركردنی بداتێ، سویسرا رەتیكردەوە مۆڵەتی هاتنەژوورەوەی پێ ببەخشێت، فەرەنسا تەنانەت ئەزیەتی ئەوەی نەدایە بەر خۆی وەڵامی داواكەی بداتەوە بەمەبەستی چوونە وڵاتەكە بۆ چارەسەر، بەتایبەت كە پزیشكەكانی لە رۆژانی تەختی تاووسدا فەرەنسی

بوون..کۆمێنتی شای ئێران بەرانبەر بێدەنگییەکەی فەرەنسا تاڵ و سەخت بوو کاتێك وتی: (جیسکار دیستان سەرکۆماری پێشووی فەرەنسا پێڵاوەکانی دەلێسامەوە.. رۆژێکیان لە پاریسەوە هات بۆ سان مۆریتز تا کووپێك قاوەم لەگەڵدا بخواتەوە.. لەپڕ گۆڕان).

شا نەیزانی ئەوان نەگۆڕاون، بەڵکو ئەو گۆڕابوو، نرخی ئەو بەو تەختەوە بوو لەسەری دادەنیشت و بەو بەرژەوەندییانەی لەژێر دەستیدا بوون، کاتێك تەختەکە و دەسەڵاتەکە لەدەستی دەرچوون، هیچ شوێنێك بۆ سۆز یان تەنانەت یادەوەرییەکانیش نەما!!

(٣)

پاش دەرچوونی بەیاننامەی ئەنجومەنی سەندیکاکەمان دەربارەی بابەتێك پەیوەندی بە ئایندەی ژمارەیەك رۆژنامەنووسەوە هەبوو و تایبەت بوو بە وەزارەتێك، وەزیری پەیوەندار پەیوەندی پێوە کردم و لەسەر بابەتی بەیاننامەکە گلەیی و بناشتی دەکرد، کاتێك هۆی دەرچوونی روونکردنەوەکەی ئەنجومەنی سەندیکام بۆ باس کرد، ئەم گفتوگۆیە لەنێوانماندا بەڕێوە چوو:

– وەزیر: بۆم دەرکەوت تۆ دەستت لە بابەتەکەدا هەیە.

– من: بەڵێ ئەی چۆن، من نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستانم، کاتێك بەیاننامە، یان روونکردنەوەیەك لە ئەنجومەنی سەندیکاوە دەردەچێت، بەحوکمی شوێن و بەرپرسیارێتییەکەم من لە پێشترم لە ریزی پێشەوە بم.

– وەزیر بە نەبرەیەکی بێزارکەر: با لەمەودا پەیوەندیمان تەنیا پەیوەندییەکی رەسمی بێت و بەس.

– من: گرنگ نیە، لەوە بەرزتر یان نزمتر یان کەمتر.

ئەمە لەکاتێکدا پەیوەندیم لەگەڵ وەزیری ناوبراو بۆ پاش سەرکەوتنی راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ دەگەڕێتەوە.

(٤)

لەکاتی جەنگی عێراق–ئێراندا کە لەلایەن رژێمی پێشووەوە بەسەر ئێرانی دراوسێدا سەپێنرابوو، پیاهەڵدەر و تەپڵ بۆ لێدەر لە توێژە جیاجیاکانی گەل زۆر بوون، کەسانێکیتریش ناچار کران هەڵوێستی پشتگیریکردن و پیاهەڵدان و چامە هۆنینەوە و سازکردنی فیستیڤاڵی لابەندی (الولاو) و پێشکەشکردنی دیاری بە سەرۆکی فەرماندەی زەرورەت وەربگرن، گۆرانیی میللی زۆر بوون و سنووری رادەی ماقووڵیان تێپەڕاند، یەکێك لەو گۆرانی و بەستە بێنرخانە سروودێك بوو فەرماندەی سەرکەوتووی دەدواند:

**نصو وانتو عليتو     طفو وانتو ضويتو**

(ئەوان نزم بوونەوە و تۆ بەرز   ئەوان کوژانەوە و تۆ رووناکتر بوویت)

پوختەی قسان بەڕێزان ئەو شانۆگەریەی تێیدا یوسف ئەلعانی قسەی بۆ جەماوەرەکەی کرد و وتی تاکە قانوون کە هەڵەی نەکردوە و ناکات (ئامێری مۆسیقیی قانوونە)، لەکاتێکدا یاسا (قانوون)ە دانراوەکان مادام حەز و ئارەزووی خەڵك حوکمیان تێدا دەکات، قابیل بە هەڵە و زیادەڕەویکردنن، کە زۆر بەداخەوە رۆژانە

هەست بەمە دەکەین کاتێك دەبینین بەرژەوەندییە شەخسییەکان و حزبایەتیکردنی تەسك و دەستوپێوەندی سوودمەند و نەزان زاڵن، کە تەنانەت بەو قانوونە هەڵانەیش تەنگاون و لایاندەبەن و لە جێبەجێکردندا شتێکیتر لە جێیان دادەنێن، ئەمەیش وا لە من و زۆر کەسیتر دەکات لەگەڵ پاڵەوانی شانۆگەریی (خان)دا ئەوە بڵێینەوە کە (هەموو قانوونەکانی دنیا هەڵەن). هەروەها کاتێك محەمەد حەسەنێن هەیکەل لە سەردانەکەیدا بۆ مێژوو دەرکی بە رادەی نەهامەتی و چارەڕەشیی شای ئێران کرد سەرباری ئەو سامانە قاروونیەی هەیبوو، کە لە ژمارە نەدەهات و ئەو هەژموونەی کردبووی بە پۆلیسی کەنداو و چوارەم یان پێنجەم هێزی سەربازی لە جیهاندا، ئەوەیش لە رەتکردنەوەی پێدانی ڤیزەی هاتنە ناو وڵاتەکانیان ئەگەر لەڕووی ئینسانیشەوە بێت بەمەبەستی چارەسەری پزیشکی لەلایەن هاوپەیمان و دۆستەکانی دوێنێیدا خۆی دەنواند.

بۆچی ئەمە بەسەر شادا هات و بۆ نموونە بەسەر تۆنی بلێردا نەهات..؟

ئەوە ئەنجامێکی سرووشتیی تێکچوونە لە ترزووی بەکارهێنانی دەسەڵاتدا، ترازووی گونجان لەنێوان بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوە و بەرژەوەندییە خودی و گرووپییەکاندا، کاتێك تای ترازوو بەلای دووەمیدا بشکێتەوە ترازووەکە تێکدەچێت و بە تێکچوونیشی کارەسات روودەدات، کە زۆربەی جار لەئەنجامی هەستکردنی خەڵك بەبێبەشبوون لە دادپەروەری و نەبوونی دادپەروەریی کۆمەڵایەتیدا روودەدات. رەنگە خوێنەر باوەڕ نەکات کە تەواوی ئەم قسەیەم لەبەردەم بەرپرسێکی گەورەی ئەم وڵاتەدا باس کرد، کاتێك بۆم دەرکەوت فێڵی کردوە و گەمەی لایەنگری کردوە لە بەرژەوەندیی ئەوەی ویستویەتی پلەیەکی وەزیفیی تایبەتی پێ ببەخشێت لەسەر حسابی یاسا و دادپەروەری و شایستەیی. سەبارەت بە قسەکەی بەڕێز وەزیری ناوبراو، کە پەیوەندیی دۆستایەتی و خۆشەویستی پێکەوەی دەبەستێن و ئێستا وای

لێهاتووە لە بەرەکەیترەوە تەماشامان دەکات، خۆی دەبینێت لەسەر کورسیی وەزارەت دانیشتوە و خەڵك بە بچووك و بێ دەسەڵات دەبینێت کە مافی ئەوەیان نیە رەخنە لە هەڵە و زیادەڕەوییەکانی و بەڵێنە درۆکانی بگرن و وا خەیاڵ دەکات ئەو لەو کەسانەیە..

بەپێی وەزیفەکەی بەرزە و خەڵکانی دیکەش لە خوار ئەون

ئەوەی لەبیر چووە کە بەرز و بەرزکەرەوە و گەورە هەر خوای گەورەیە کە دەفەرموێت (وتلك الايام نداولها بين الناس) (ئەو رۆژانە لەنێو خەڵکدا دەسووڕێنین)، ئەوە باوەڕدارانی راستەقینەن کە خاوەن پرنسیپ و بەها و ویژدانن، ئەوانەی لەپێناو گەلەکەیاندا تێدەکۆشن، لەسەر رێگەی خاوێنی و راسالی و رەسەنایەتی و راستیبێژی بەئاشکرا دەڕۆن و لەوەدا گژبەریی درۆ و درۆزنان، فێڵ و فێڵبازان، مەرایی و مەراییکاران، گاڵتەجاڕی و گاڵتەجاڕان، هەلپەرستی و هەلپەرستان، گزی و گزیکاران، لوتبەرزی و لوتبەرزان و خاوەن دەروونە لاوازەکان دەکەن لە هەرکوێ بن و ببینرێن، چەکدارن بە شەرەفی رابردوو و ئێستا و ئایندەیشیان، کە تەنیا دیلی قەناعەتە ویژدانی و سیاسییەکانی خۆیانن و هیچیتر و هیچ بەلایانەوە گرنگ نیە شوێنیان لە هۆڵەکانی شانۆی بێهوودەیی و ناماقووڵدا لەکوێدا بێت، کە زۆر بەداخەوە رۆژانە نمایشەکانی پێشکەش دەکات.

# ئاشقی ئابڕووچوونی مێژوو

(١)

لە کۆتا سێیەکی شەستەکانی سەدەی رابردوودا، دیمەنی سیاسی و رۆشنبیریی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەسەر ریتمی هەڵکشانی هێز و تەوژمە شۆڕشگێڕ و چەپ و مارکسییەکان شەپۆلی دەدا، ئەویش بەهۆی زیادبوونی پاڵپشتیی جەماوەری بۆ تێکۆشانی نیشتمانی و رزگاریخوازیی گەلی ڤێتنام دژی بوونی لەشکری ئەمەریکی لەسەر خاکەکەی. لەو قۆناغەدا وێنەکانی سەرکردەی ڤێتنامی هۆشی منە و سەرکردەی شۆڕشگێڕی ئەرجەنتینی و هاوڕێی فیدڵ کاسترۆ لە شۆڕش دژی دیکتاتۆری کووبی پاتیستا، چێ گیڤارا، دیوارەکانی زانکۆ و شانۆ و قوتابخانە و شەقامەکانی بەیرووتیان داپۆشیبوو. ئەم کەشە رۆژهەڵاتناوەڕاست و دراماتیکییە تاوسەندووە، پێویستی بە چەخماخەیەك هەبوو تا ئاگرێکی شۆڕشگێڕانەی گەورە هەڵبگیرسێت، چەخماخەکەیش لەکاتی خۆیدا هات، هەموو شت لەوێ ئەوەی دەخواست، ئەوەیش بە لەدایکبوونی بزوتنەوەی فەتح وەك پێشڕەوی خەباتی چەکداریی فەلەستینی دژی دەوڵەتی ئیسرائیل.

لەو کەشوهەوایەدا کە بەدروشم و بزوتنەوەی رۆمانسییە شۆڕشگێڕەکان کوڵی دەدا، ژنە نووسەری لوبنانی لەیلا بەعلەبەکی، لەگەڵ کەمینەیەکی کەم لە داهێنەران، وەفادار بۆ خودی خۆی و تاکانەبوونی و ناسنامە ئینسانی و رەگەزییەکەی مایەوە،

بەچۆنایەتی و رۆحییەتێك دەینووسی زیاتر لە وجوودییەتی نزیك دەكردەوە بە تێگەیشتنە سارتەرییەکەی، بەم شێوەیە لەسەر کەنارەکەیتری ئەو قۆناغە لێوانلێوە مایەوە و بەدوای خۆیدا دەگەڕا لەڕێی مومارەسەکردنی بۆ نووسینێکی داهێنەرانە و جیاواز و نەیاری تەوژمی باو. بیرم دێت لاپەڕەیەکی هەفتانەی لە گۆڤاری (الوطن العربي)دا دەنووسی، تێیدا بەبەرزترین پلەکانی راستگۆیی و بوێری و بەزمانێکی پڕ لە شیعر گوزارەی لە ئەزموونە خودییەکانی، لە ترس و دڵەخورپە و خەمە خودییەکانی دەکرد. جارێکیان لەبارەی ئەزموونێکی خۆی نووسی کە بەشەخسی لەنێو کۆمەڵێك گەنجی (هیپی)دا ژیاوە، کە لەسەر شۆستەی شەقامەکان پاڵیان دەدایەوە و سواڵیان دەکرد بەبێ گوێدانە ئەوەی لەدەوریان دەگوزەرێت و هەرچی پەیوەندی بە دیمەن و پاك و خاوێنییانەوە بێت پشتگوێیان خستبوو، ئەوەیش وەك هەوڵێك بۆ نەقیزەدان و گژبەریکردنی سروشتی ژیانی هاوچەرخ. دەیانوت گوایە قوتابیی (حەزرەتی مەسیح)ن و بەو رەفتارانە دەیانەوێت گوزارە لە رەتکردنەوەیان بۆ دیمەنە ساختەکانی سەردەم بکەن و خەڵك هان بدەن بۆ گەڕانەوە بۆ سروشت. ئەو بزوتنەوەیە هەڵگری دەنگدانەوەیەکی کرچوکاڵی بانگەوازەکەی بیرمەندی ئەڵمانی بەڕەگەز ئەمەریکی (مارکۆزە)، یەکێك لە پێشەنگانی قوتابخانەی فەلسەفیی فرانکفۆرت بوو بۆ شۆڕشی لاوان، وەك جێگرەوە بۆ تیۆری شۆڕش بەگوێرەی چەمکی شۆڕشگێڕیی مارکسیستی، کە ئەو کاتە زاڵ و باڵادەست بوو و بەدەوری شۆڕشگێڕیی چینی کرێکاراندا دەخولایەوە. نووسەر (لەیلا بەعلەبەگی) چەند هەفتەیەك لەگەڵیاندا مایەوە و وەك ئەوان سواڵی دەکرد و هەوڵی دەدا بەقووڵیی لە پاڵنەر و بزوێنەرەکانی ئەو بزوتنەوەیە تێبگات. دوورترین و قووڵترین شت لەو ئەزموونەدا ئەوە بوو ویستی بەشداریی خەباتەکەیان لەپێناو جیهانێکی خاڵی لە درۆ و ساختە بکات.

بەرهەمی ئەو ئەزموونە وتارێك بوو لەکاتی بڵاوکردنەوەیدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو. وتارەکە بەناونیشانی (خەون بە مەسیحەوە دەبینم و.. شەرمەزارم) بوو، تێیدا پەردەی لەسەر ساختەکاریی پشت ئەو بزوتنەوەیەی هەڵماڵی کە ناڕەزایی دژی ساختەکاری دەردەبڕی. پوختەی ئەو وتارە ئەوە بوو لەیلا دەڵێت: لەئەنجامی شانازیکردنم بەمەسیح و باوەڕم بە مەسیحییەت کە بانگەشە بۆ ئاشتی و لێبوردەیی و برایەتی دەکات، بەو بێچارانە سەرسام بووم، بەڵام دوای ئەزموونێکی کرداری کە چەند هەفتەیەکی خایاند و تێیدا وەك ئەوان لە شەقامەکاندا سووڕامەوە، دڵنیا بووم لەوەی ئەوانە کۆمەڵە خەڵکێکی تەمەڵن هیچ لە مێژوویان نازانن، قسەکانیان پێچەوانەی کردارییانە، هیچ گرنگی بە کەلەپوور و مێژوو نادەن و سەر بە رابردووی گەلەکەیان نین، گوێ بە پرسیارەکانی ئایندە نادەن و تەنیا لە ئێستادا دەژین، مشەخۆرن بەشێوەیەك وای لێ کردوون لە بازنەیەکی داخراو لە ناوچەی سفردا بمێننەوە. جۆرە قەرەجێکن، یان ئەمیبیایەکی رووەکیی سەرئاوکەوتووی بێ رەگ و ریشەن.

ئەم ئەزموونە دێنمەوە تا جەخت لەوە بکەم داهێنەری رەسەن بەهێزێکی زیاتر لەوەی بازرگانانی دروشم و قسە قەبەکان دەیکەن سەر بە شوێن و خاك و گەلەکەیەتی. ئەم وشانە وەك سڵاو و رێز، با بەدرەنگوەختیش بێت، بۆ ژنە نووسەری گەورە لەیلا بەعلەبەکی دەنووسم. هەروەها وەك گێڕانەوەی ئەو وانە فەلسەفی و ئینسانییە زووەی، بزوتنەوە شۆڕشگێڕییە گەورەکانی ئەو کات تێبینییان نەکرد و بەهۆی ئەوەوە دەیان ساڵ لە خەبات و قوربانیدان و زیانی گەورە گەورە بەفیڕۆ چوون بەبێ هیچ هۆ و پاساوێك، جگە لە تێنەگەیشتن لەو وانە سادەیەی لەیلا بەعلەبەکی بە بەداهەتێك کە لە وەحی نزیك دەبێتەوە، پێشکەشی کرد. ئەو وانەیەیش لەوەدا کورت دەبێتەوە کە دروستکردنی شوێن یان نیشتمانێك، بەبێ ئاگەداربوون لە ریشە

مێژوویی و کولتووری و فۆلکلۆرییە ئیسنانییەکانی، مەحاڵە، یادگە (زاکیرە) گرنگترین بەشە لە دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانیدا.

(٢)

هاوڕێیەك لە رۆڵەکانی نەتەوەکەم کە کوردی خوراسانە باسی دوو کتێبی گرنگی بۆ کردم کە دوو ساڵ لەمەوپێش بە زمانی فارسی دەرچوون، یەکەمیان (حرکەتی تاریخی کورد لە خوراسان)ی نووسەری کورد (کەلیمولڵا تەوەحودی)، کتێبەکە کە ژمارەی لاپەڕەکانی لە هەزار زیاترە، باسی گواستنەوەی زۆرەملێی مێژوویی کورد دەکات لە رۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ خوراسان و بەچەند قۆناغێکی پلەبەند لە مێژوودا بەگوێرەی جێبەندەکانی سیاسەتی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و فەرماندە (مولهیم)ەکەی سەدام حوسێن، کە بە دڕندەیی و بەربەرییەت لە کۆچپێکردن و راگواستنی کورد لە باشووری کوردستان (کوردستانی عێراق) بەناوبانگە، وەك ئەوەی راگواستن چارەنووسێك بێت تەنیا لە ناوچاوانی کورد نووسرابێت، جا چ لە سەردەمی شا ئیسماعیلی سەفەوی و ئەوەی پێش ئەو یان کەمال ئەتاتورك یان سەدام حوسێندا بێت.

کتێبی دووەم رۆمانێکە بەناونیشانی (کلیدر)، لە نووسینی نووسەری گەورە و هاوچەرخی کورد (محمود دولت ئاباد)، کە ئەویش لە هەزار لاپەڕە زیاترە و بەزمانی فارسییە.

زۆر لەبارەی کوردی خوراسان و لەبارەی (ئەبو موسلیمی خوراسانی) وتراوە و هێشتا -بەمنیشەوە- هیچ لەبارەی بابەتەکە نازانین، چونکە ئێمە بە دەربڕینەکەی ژنە نووسەر بەعلەبەکی خەڵکانێکی "تەمەڵین هیچ گرنگی بە کەلەپوور نادەین، مێژوو ناخوێنینەوە و ئینتیمای مێژووییمان نازانین، هیچ گوێ بە بیناکردنی ئایندەی

**گەلەکەمان نادەین و تەنیا بۆ ئێستا دەژین، بەوە هەر بەو شێوەیەی ژیاوین لە بازنەی داخراوی سفردا دەمێنینەوە".**

**لەکاتێکدا نەوەی ئێستای نەتەوەکەی من نەك ئاگەداری تراژیدیای راگواستنی کورد بۆ خوراسان نیە، بگرە ئاگەداری هەموو ئەو قەسابخانەکاری و نەهامەتیانەیش نیە بەسەر کورددا هاتوون و دوور نیە بەم نزیکانە لەبیری بچێت چی بەسەر هەڵەبجە و بالیسان و ناوچەکانی بادینان و پێشتریش بەسەر صوریا و داکاندا هات و ئەنفالە کۆن و نوێیەکان، کە پاش هێرش و داگیرکردنەکان بەدرێژایی مێژوو روویان داوە. قسەیەکی هاوڕێکی دێرینم بیرە رۆژێکیان بەهۆی پێداگریی من لەسەر پرسەکانی رۆشنبیریی مێژوویی و دروستکردنی یادگە تۆمەتباری کردم بەوەی وتی: "تۆ بەڕاستی ئاشقی شوورەیی مێژوویت و گرنگی بەلایەنەکانیتری ژیانی گەلەکەمان نادەیت". منیش وەڵامم دایەوە: "ئازیزم مێژووی ئێمە لە سەرەتای خەلیقەوە رۆژێك لە زوڵم و کوێرەوەری ئەنفال و دابەشکردن و کۆچپێکردن خاڵی نەبووە، جارێك لەئەنجامی ململانێی دەوڵەت و گەلانی دراوسێ کە کوردستان بەردەوام گۆڕەپانی یەکلاکردنەوەی نێوانیان بووە، جارێکیتر بەناوی ئاینەوە کاتێك شارستانێتییەکەیان لەناو بردین لەو رووەوە ئاگرپەرستین (زەردەشتی)، جارانێکیتر بەناوی یەکێتیی خاك و یەکێتی وڵات و یەکێتیی گەلەوە، جارانێکیش بەناوی لەناوبردنی خراپەکاران لە وڵات و یاخیبووان و لەیاسا و ئاین دەرچووان. شوورەییەکە شوورەیی نیە بۆ ئێمە، بەڵکو بۆ ئەوانە و تا ئەبەد وەك مۆر بەنێوچاوانیانەوە دەمێنێتەوە، نێوچاوانی هەموو ئەوانەی بەم یان بەو شێوە بەشدارییان لە ئازاردانی گەلەکەم و نیشتمانەکەم کوردستاندا کردوە، با بەئەندازەی مسقاڵە زەڕەیەکیش بووبێت، خوای گەورە دەفەرموێ: (ومن یعمل مثقال ذرة شرا یره).**

ئەگەر هەستێكی نەتەوەیی و هەستكردن بە ئینتیما بۆ كوردستانمان هەبێت، بەكردەوە نەك هەر بەقسە بۆ دامەزراندنی قەوارەیەكی كوردستانی پەرۆش بین، پێویستە بەشداری نەكەین لە سڕینەوەی ئەو شوورەییەی غەیری خۆمان دژی ئێمە ئەنجامیان داوە و هیچ دەرفەتێكی پێنەدەین بۆ قوتاربوون لە پەڵە خوێنە وشكبووەوەكانی سەر جلەكانیان، ئەویش بەتۆماركردنیان بەتەواوەتی لە كتێب و پەیكەر و مونۆمێنت و كاری هونەریدا (پێكهێنانی سینەما شانۆ رۆمان تەلەڤزیۆن راگەیاندن) وەك ئەرمەنەكان كردیان، كە پێش لە غەیری خۆیان دەركیان بەوە كرد یادگەی گەلان لاوازە و دۆزەكەی خۆیان (قەلاچۆكردنی ئەرمەن)یان كردە بابەتێكی زیندوو، ئەمە سەرباری تێپەڕبوونی نزیكەی ساڵێك بەسەر ئەو تاوانە دزێوەدا.

(٣)

هۆ خەمحۆران، جا چ بەرپرسان بن یان رۆشنبیران یان میدیاكاران، گرنگی بە مێژوو و كەلەپووری گەلەكەتان بدەن و لە نووسین و شیعر و خەیاڵچنەكانتاندا بەرجەستەی بكەن، بەشداری لە وەرگێڕانی كتێبە لەبیركراوەكاندا بكەن، كە قۆناغەكانی گواستنەوەی زۆرەملێی كوردیان لە وڵاتی كوردستانەوە بۆ خوراسان و رۆژئاوای توركیا و كۆمەڵگە زۆرەملێكان و باكوری ئەفریقیادا تۆمار كردوە و ئەو ستەمكاریانەیان بەرجەستە كردوە كە دەرهەق بەكورد كراون، وەك چۆن ئەرمەنەكان ئەو قەسابخانەكارییەیان بەرجەستە كرد كە ساڵی ١٩١٥ لەسەر دەستی سوڵتانە عوسمانییەكان بەرانبەریان كراوە و دەیان هەزار كەسی تێدا بوونە قوربانی. بەڕاستی بەرجەستەكردنێكی پڕ وردەكاریی قەسابخانەكە (قەسابخانەی ئەرمەن)م لە هیچ شوێنێك نەدی وەك ئەوەی لە كەنیسەی (وانك) لە شاری مێژوویی ئیسفەهان دیم، لە شێوەی پانۆرامایەكی رەنگاوڕەنگدا نەخشە كێشرابوو، كە هێزی دەربڕینەكەی مێشك پڕ دەكات لە پرسیار و بە بینینی چاو فرمێسكی پێدا دێتە خوارەوە و لەبەردەمیدا دڵ رادەچڵەكێت.

# چی دەڵێن؟

دەوترێت فەیلەسوفی یۆنانی (ئەرستۆ) لە گەنجێتیدا گوێی شل دەکرد بۆ ئەو قسانەی سەبارەت بەو و گوتەزا و تیۆر و بۆچوونەکانی لەناو خەڵك و بەتایبەت رۆشنبیرانیاندا دەوتران و قوتابیەکانی بۆیان دەگێڕایەوە، کە ئەوکاتە جێگەی مشتومڕێکی گەورە بوون. کاتێك قوتابیەکانی باسی هیچیان نەکردایە هەستی بە جۆرە نیگەرانییەك دەکرد و پرسیاری لێ دەکردن (ها.. چی دەڵێن؟). کاتێك هەڵسەنگاندنێکی نەرێنی بۆ هەندێ لە بۆچوونەکانی ببیستایە تووڕە دەبوو، نەك لەبەر خودی هەڵسەنگاندنەکە، بەڵکو بۆ ئەوە تووڕە دەبوو چونکە لە ناخیدا هەستی بە قورسایی گۆشەگیری و بێتوانایی دەکرد، کە لە بێتوانایی لە گەیاندنی خودی خۆی بەو کۆمەڵە خەڵکانەدا خۆی دەنواند، تا تێی بگەن. ئەو پرسیارە لەو ماوەیەی ژیانیدا وەك گوزارە لە نیگەرانیی قۆناغی پێگەیشتن زۆر دووبارە دەبووەوە. پاش تێپەڕبوونی سالآنێك بەسەر سەرەتاکانی و پێنانە ناو قۆناغی پێگەیشتن، تیۆرەکانی کامڵ بوون و گوتەزاکانی بڵاو بوونەوە و بۆچوونەکانی رەواجیان پەیدا کرد، ژمارەی پێسەرسامبووانی زیادی کرد و قوتابی و موریدان لەدەوری خڕ بوونەوە و ناوبانگی دنیای تەنی، هەندێ لە قوتابیەکانی سەرنجیان دا مامۆستا چیدی پرسیار ناکات. یەکێکیان زاتی دایە بەر خۆی و لەبارەی نهێنیی ئەو گۆڕانە پرسیاری لێ کرد، ئەویش بەدەم پێکەنینەوە وتی (با بڵێن). ئەو کۆمێنتە بەبەهێزی و رەوانبێژانە گوزارەی لە قۆناغی ریشەداکوتان و متمانە بەخۆ و دڵنیایی لە ئایندە کرد.

ناوبەناو لێرە و لەوێ دەبینین بۆچوونێك لەم یان لەو گۆشەی تۆڕی بەرفراوانی ئینتەرنێت لەبارەی ئێمە یان لەبارەی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بڵاو دەبێتەوە، لەلایەن کەسانێکەوە کە خۆیان لەپشت ناوی خوازراوەوە حەشار دەدەن، لەترسی ئاشکرابوونی درۆ و دەلەسە و تەڵەکەبازییە هەرزانەکانیان و ئەو قسە بێمانایانەی دەیانکەن، ئەوەیش رەفتارێکە زۆر دوورە لە شەرەفی پیشە و ئەخلاقیاتی کاری رۆژنامەنووسی. ئێمەیش بەداوای لێبوردنەوە لەگەڵ فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆ دەیڵێینەوە (با بڵێن).

**با بڵێن..**

لەکاتی سۆراخکردنی هەواڵی نیشتماندا لەوکاتەی بۆ ئامادەبوونی کۆنگرەیەك، کە ژمارەیەکی زۆر لە سەرکردەی سەندیکا رۆژنامەنووسییەکانی جیهانی عەرەبی و ئێران و هەندێ دەوڵەتی ئەوروپی لەخۆ دەگرت، لە بەندەری دوبەی گەورەترین شاری دەوڵەتی ئیماراتی عەرەبیی یەکگرتوو بووم، چاوم کەوتە سەر هەواڵێك لە رۆژنامەی (الخليج) ژمارە (١٠٨٦٧)ی رۆژی چوارشەممە ٢٠٠٩/٢/١٨ بڵاو کرابوویەوە لەژێر ناونیشانی (مقرب من المالكی یتهم الاكراد بالسعی الی توسیع دولتهم المفترضة) (واتە کەسێکی نزیك لە مالیکی کوردەکان بەهەوڵدان بۆ فراوانکردنی دەوڵەتە گریمانەکراوەکەیان تۆمەتبار دەکات)، لە چوارچێوەی هەواڵەکەدا (الخليج) لێدوانەکانی (پەرلەمانتار عەلی ئەلئەدیب) سەرکردەی حزبی دەعوە و نزیك لە سەرۆك وەزیرانی عێراق نووری مالیکی بۆ (رادیۆ سەوا)ی گواستبووەوە کە (تێیدا بەرپرسانی کورد تۆمەتبار دەکات بەهەوڵدان بۆ فراوانکردنی ئەوەی ناوی ناوە "دەوڵەتی گریمانەکراو" بەناوی کوردستان تا هەندێ ناوچەی دەوڵەتانی دراوسێیش بگرێتەوە. لە یەکەمین وەڵامی نزیکانی مالیکی بۆ لێدوانەکانی هەندێ بەرپرسی کورد کە سەرۆك وەزیرانیان بەسەددام چواندبوو، ئەدیب جەختی لەسەر پێویستیی ئەوە

کرد کە حکومەتی ناوەندی بە ڕۆڵی خۆی هەستێت، لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوەی بەجیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق وەسفی کردوە، لەپێناو گێڕانەوەی یەکگرتوویی عێراق بۆ سەردەمی جارانی).

ئەو خەڵکە سەیرن، تا ئێستا لە وانەی مێژوو تێنەگەیشتوون، لە هەڵە و تاوانەکانی دەسەڵاتدارانی پێشووی عێراق فێر نەبوون، کە چی بەسەر قۆچەکانیاندا هات کاتێك بەر چیا سەرکەشەکانی کوردستان کەوتن. چێژی کورسییەکانی کۆشکەکانی سەدام حوسێن و ژمارە فەلەکییەکان لە دینارەکانی نەوتی دزراو، ئەو تۆزە ئەقڵ و بیرکردنەوەیەیشی لەناو برد کە لە سەریاندا هەبوو. بە عەلی ئەدیب و هاوشێوەکانی، ئەوانەی ئارامی و دیدە و بەرچاوڕوونییان لەدەست داوە دەڵێین: ئەزموونی کوردستان بەهەموو ئەوەی تێیدایە لە مرۆڤ و دامەزراوەکان دەستکردی ئەدیب و غەیری ئەو نیە، بەڵکو دەستکردی گەلی کوردستانە، کە لەپێناویدا خوێن و ئارەق و روناکیی چاوانی بەخشیوە و قۆناغ و رۆژگار و ئەزموونەکان شایەتیی ئازایەتییان بۆ داوە و سەلماندوویانە تەنانەت چەکی قەدەغەکراوی نێودەوڵەتیش، زەفەری بە ئیرادە و تاسەی بێسنووری بۆ لەئامێزگرتنی خەونە نەتەوەیی و ئینسانییەکەی نەبردوە.

ئەوەی گریمانەکراو (لە گریمانەکەی ئەدیبەوە لەبارەی حکومەتی هەرێمی کوردستان) لەجێی ئەوە دادەنێت کە سەلماندنی داواکراوە (بەڵگەهێنانەوە لەسەر نیشتمانیبوونی کورد) پێویستی بە تیۆر و لۆژیکگەلێك لە دەرەوەی ئەندازەی نیشتمانی فیدراڵی دەبێت، جا دەتوانێت پشت بە جبەخانەی زەبەلاحی میدیایی سەدام حوسێن ببەستێت بۆ بەڵگەهێنانەوە لەسەر راستیی گریمانەکەی. هەرچی داواکردنیەتی لە حکومەتی ناوەندی بۆ چارەسەرەکردنی ئەوەی ناوی ناوە حاڵەتی جیابوونەوەی هەرێمی کوردستان لە عێراق و گێڕانەوەی یەکگرتوویی بۆی، ئەوا ئێمە

ناچارین ئەوە بیری ئەدیب و غەیری ئەو لە سیاسییە عێراقییەکان بخیەنەوە کە ئەوەی بەشداریی کاریگەری لە گێڕانەوەی یەکگرتوویی بۆ عێراق کردوە، سەرکردە کوردەکان بوون، کە لەکاتێکدا لە لوتکەی سەرقاڵییاندا بوون بە ریزکردنی پارچەکانی مۆزائیکی عێراقی کە لە بنەڕەتدا ناهۆمۆجینە و تەوزیفکردنی ئەو ساتە مێژووییە یەکلاکەرەوە مێژووییە بۆ بنیاتنانی عێراقێکی نوێ، شوێنەوارەکانی غەدر و دوژمنکاری و کۆچپێکردن و بەعەرەبردن و راگواستنیان لەبیر کرد و بڕیاریان دا لاپەڕەیەکی نوێ لە پەیوەندیی نیشتمانی هەڵدەنەوە، کە ئەوە چەندین پرسیاری لۆژیکی و رەخنەی توندی لەناو رووبەرێکی بەرفراوانی گەلی کوردستاندا وروژاند و بەردەوامیش دەیوروژێنێت لەبارەی هۆ و پاساو و ئاکامەکانی ئەو کۆششە گەورە و نائاساییانەی بەخەرجیان داوە.

ئێمە لەبەر رۆشنایی ئەزموونی خۆمان لە دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقی و بەزۆر پێوەلکاندنی کوردستانی باشوور، بەیەقینەوە دەزانین سیاسەتەکانی عەبدولسەلام عارف و ساطع الحصری و سەدام حوسێن هێشتا لەناو (ئەقڵی باتین)ی عەلی ئەدیب و هاوشێوەکانی لە سیاسییەکانی ئەم قۆناغەدا سەبارەت بەکورد و کوردستان، هێلانەیان کردوە. با لێگەڕێین عەلی ئەدیب و هاوشێوەکانی لە خەونە تێکەڵوپێکەڵ و نەخۆشەکانیاندا نوقم بن، بڵێن و بخەنە سەر زمانی خەڵك، چونکە کوردستان خۆی لە بنەڕەتدا بۆ ماوەی زیاتر لە ١٢ ساڵ جیا بووە، لە یەکەمین دیداری دیالۆگی عەرەبی–کوردیش کە پاش گۆڕان لە هەولێر بەسترا، سەرۆکی هەرێم مەسعوود بارزانی و باقی سەرکردەکانی کورد بەناوی گەلی کوردستانەوە بڕیاری بەسترانەوە بەبەغدایان راگەیاند.. خۆ ئەگەر گەلی کورد جیابوونەوەی بوێت پێویستی بە وەرگرتنی مۆڵەت لە کەس نابێت..

## بەزەییتان بەکوردستان و گەلەکەیدا بێتەوە

لە کۆتاییەکانی شەستەکانی سەدەی رابردوو لە ناوەندە سیاسییەکانی عێراقدا مشتومڕ گەرم بوو دەربارەی ئەوەی (کێشەی کورد چۆن چارەسەر بکرێت). زۆر کەس لەسەر بابەتەکەیان نووسی پێش لە گەیشتن بە شێوەی چارەسەرەکە لەنێوان سەرکردایەتی بزوتنەوەی کورد و حکومەتی عێراق لە ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠. (سەلیم سوڵتان) یەکێك بوو لەو کەسانەی لە رۆژنامەی (الثورة) زمانحاڵی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیدا نووسییان، کە ناوی خوازراوی خوالێخۆشبوو (حەمید عوسمان) بوو، کە سکرتێری حزبی شیوعیی عێراق بوو لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردوودا و پێش شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لەگەڵ ژمارەیەك لە هاوڕێکانیدا چووە ناو ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان. سەلیم سوڵتان وتارێکی لە دیدگەی خۆیەوە نووسی تێیدا داوای چارەسەرێکی ئاشتییانە و دیموکراسییانەی کێشەی کوردی کرد بە لێك تێگەیشتن و رێکەوتن لەگەڵ سەرکردایەتیی کورد، وتارەکەیشی بە رستەیەکی ئاگەدارکردنەوە کۆتایی پێ هێنابوو کە ماناکەی ئەوە بوو: (چارەسەری کێشەی کورد بەپشت بەستن بەگەندە و مەندەکانی گەلی کورد زۆر هەڵەیە و هیچ پاساوێکی نیە).

پاش سەرکەوتنی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١ رۆژێکیان لەگەڵ چەند هەڤاڵێکدا سەردانی خوالێخۆشبوو حەمید عوسمانم کرد لە ماڵەکەیدا لە شاری هەولێر، کە بەهۆی نەخۆشیەوە لە جێگەدا کەوتبوو و لەبارەی لێکدانەوەی بۆ (گەندە و مەندە (حثالات)ی گەلی کورد) پرسیارم لیّ کرد، دوای روونکردنەوەی هەلومەرجی ساتی نووسینی وتارەکە، وەڵامی دایەوە: مەبەست لە زاراوەی گەندە و مەندەی گەلی کورد پشتبەستن بوو بە کەسانی نەزانی گەلی کورد، کە هیچ لە سیاسەت تێناگەن و بە هەلپەرستی و راکردنیان بەدوای پارەکۆکردنەوە و بەدەستهێنانی دۆستایەتیی گەورەکاندا بۆ هێشتنەوەی بەرژەوەندییەکانیان، زیان بەهەموو شتێکی جوان و نەتەوەیی و ئینسانی دەگەیەنن تێیدا.

لەکاتی خوێندنی زانکۆ لە بەغدا لە مادەی بنەماکانی ئابووریی سیاسیدا مامۆستای مادەکە خوالێخۆشبوو دکتۆر محەمەد عەزیز، کە ئەوکاتە راگری کۆلێژی ئابووری و زانستە سیاسییەکان بوو چەمکی (پارەی خراپ پارەی باش لە بازاڕی ئاڵوویر دەردەکات)ی بۆ شەرح دەکردین بەشێوازی فێرکردن بە نموونە، وتی: قوتابیانی ئازیز لە ژیانی رۆژانەتاندا رێك کەوتووە دوو پارەی عێراقی جۆری یەك دیناریتان پیّ بووە، یەکێکیان ساغ و ئەویتریان بەهۆی بەکارهێنانەوە کۆن بووە، کاتێك دەتانەوێت یەکێك لەو دوو دینارە خەرج بکەن، دەستبەجیّ و بەشێوەیەکی عەفەوی دەست بۆ خەرجکردنی دینارە کۆنەکە دەبەن و دینارە ساغەکە دەهێڵنەوە، هەمیشەیش وا دەکەن، بەم شێوەیە ئەوەی لە بازاڕدا دەستاودەست دەکرێت پارەی کۆن و دڕاو دەبێت و هی باش لەناو باخەڵەکاندا خۆی حەشار داروە.

ئێمە و هەروەها غەیری ئێمەیش لە هاوڕێیان جا سیاسی یان میدیاکاری کورد بن، کاتێك چاویان بە سەرکردەکانی حزب یان رێکخراوە عەرەبەکان دەکەوێت، یان لە ناوەندەکانی رۆشنبیران لە وڵاتانی عەرەبیدا ئامادە دەبن، یان لەدیداری کار یان کۆڕ

و سیمینار یان کۆنگرەکان لە دەوڵەتانی عەرەبی لەگەڵیاندا کۆدەبیتەوە، بەبەردەوامی تێبینی ئەوە دەکەین بێئاگاییەکی گەورە لەلای غەیری کورد و بەتایبەت هاوڕێیانی عەرەب سەبارەت بە بارودۆخی کورد و کوردستان و ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییانەی لەسەر خاکەکەی روودەدەن بەدی دەکرێت. ئەوان لۆمەی کورد خۆیان دەکەن کە کاریان نەکردوە بۆ هێنانەکایەی کەناڵێکی میدیایی بەزمانی عەرەبی پەخش بکات، کە مەرج و پێویستییەکانی گوتارێکی میدیایی توانا بەسەر خولقاندنی رەوانبێژیی گەیاندن و پەیوەندیکردنی هەبێت، بەپشتبەستن بەکەسانی شارەزا و پسپۆڕ سەبارەت بە سرووشتی کۆمەڵگە عەرەبییەکان و لەو پرسانەی دەکرێت ببنە کۆدی گەیشتن بەناوچەی گرنگیدان و کارلێکی ئینسانی و رۆشنبیری و مەعریفی لەلایان، واتە کەناڵێك بەگوێرەی سیاسەتێکی میدیایی نێودەوڵەتی کار بکات، بەشێوەیەك قسەکردنی بێزارکەر لەگەڵ خود و مومارەسەکردنی گەمەی ئاوێنە گەورەکەرەکان دووبارە نەکاتەوە، بەڵکو هەمیشە ئەوەی لەیاد بێت کە ئەو لەگەڵ ئەویترێکی نیشتمانی و ئینسانیدا دەدوێت.

پتر لە جارێك بەشەخسی ئەم پرسیارەم رووبەڕوو بووەتەوە، کە دواینیان ئەوکاتە بوو کۆنگرەی دوبەی کۆی کردینەوە بۆ راگەیاندنی دەستپێشخەریی رۆژنامەگەریی ئەخلاقی، کاتێك لەئەنجامی گلەییدۆستانەی من لێیان کە زۆر شت لەبارەی کورد و کوردستان نازانن، لەکاتێکدا ئێمەی کورد بە زۆر وردەکاری لەبارەی ئەوەی لە جیهانی عەرەبیدا لەڕووی سیاسی و جوگرافی و نەتەوەییەوە روودەدات ئاشناین، میدیاکارێکی زرنگ لە سودانەوە وەڵامی دامەوە، کە زانیاریی زۆری ئێوە لەبارەی ئێمەوە لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئێمە میدیایەکی سەرکەوتوومان هەیە، هۆی بێئاگاییشمان لە کێشەکانی ئێوە ئەوەیە ئێوە میدیایەکی سەرکەوتووتان بە زمانی عەرەبی نیە. رادەی راستیی ئەوەی ئەو هاوڕێ سوودانییە وتی هەرچەند بێت، بەڵام ئاماژە بۆ ناتەواوییەکی مەترسیدار لە ئەزموونی راگەیاندنی ئێمەدا دەکات.

ماوەیەکە لێرە و لەوێ دەنگۆی ئەوە هەیە ئامادەکاری دەکرێت بۆ دامەزراندنی کەناڵێکی ئاسمانی بەزمانی عەرەبی، کە ئامانجی داڕشتنەوەی وێنەی کوردستانی نوێیە لەلای بینەری عەرەب و دانانی لە جەرگەی ئەو پەرەسەندن و گۆڕانکارییانەی تێیدا روودەدەن، بەسوودوەرگرتن لەو ئەزموون و شارەزاییانەی لە کوردستان هەن. پیرۆزبایی لەم هەنگاوە زۆر درەنگوەختە دەکەین، بەڵام بەئەرکی خۆمانی دەزانین ئەوە وەبیر بێنینەوە کە گڕبەریگەلی گەورە چاوەڕوانی ئەو کەناڵە دەکات، کە پێویستە لەسەری تێیان پەڕێنێت، لەبەرانبەر دەیان کەناڵ و سەتەلایتی عەرەبی کە لەبەر هەندێ مەرام لە دەرەوونی یەعقووب، لەلایەن ئەم یان ئەو لایەنەوە پارەدار دەکرێن و زۆربەی ئەو کەناڵانە گوتارێکی نادۆستانە بەرانبەر کورد ئاراستە دەکەن (برایان لە ئاین و چارەنووسی هاوبەشدا)، شێواو و هەندێ جار دوژمنکارانە. جا بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەم تۆفانە لە راگەیاندنی عەرەبی، پێویستە ئەوانەی خەرجی ئەو کەناڵە دەگرنە ئەستۆ پەلە نەکەن لە سپاردنی بەرپرسیارێتی بەهەر کەس. کەناڵێکی ئاشمانی هەڵگری پەیامێکی تا ئەم رادەیە هەستیار بێت، پێویستە بەپشوودرێژییەوە ئەوانەی کاری تێدا دەکەن و دەتوانن گوتارەکەی رێك بخەن، دەستنیشان بکرێن. پێداچوونەوە بە وردەکارییەکانی دیمەنی میدیایی و رۆشنبیریی کوردستان جارێك و دوان و سیان پێویستە، پێش لە پەلەکردن لە سپاردنی بەکەسانێك لەسەر هەموو مێزێك دەیانبینیت، لەوانەی هەلپەرستییان کردۆتە پیشە و ئالوودەی ماستاوکردن بۆ گەورەکان و راوکردن لە پەنایاندا و راکەڕاکە بەدوای پارە کۆکردنەوەدا، ئەوانەی بەبێ قەناعەتی سیاسی یان ویژدانی، بەڵکو بەگوێرەی قەناعەتی بەرژەوەندخوازیانە و هەلپەرستانەی راگوزەر، سەنگەر گواستنەوەیان کردۆتە پیشە. وەرگرتنی بەرپرسیارێتیی ئەو جۆرە دەزگا میدیاییە لەلایەن ئەو توخمانەوە، وەك چۆن زۆر کەس هاوشێوەی ئەوانە پێگەی گرنگیان لە سەرجەم دەزگە و جومگەکانی ئەزموونی کوردستاندا وەرگرتووە بەبێ بوونی لای خواری شایستەیی و شیان، پیادەکردنێکی

ئازاربەخشی ڕێسا زێڕینە ئابوورییەکەیە کە خوالێخۆشبوو دکتۆر محەمەد عەزیز لە دووبارەکردنەوەی کول نەدەبوو: پارەی خراپ پارەی چاك لە دەستاودەستکردنی بازاڕ دەردەکات.

هەندێ کەس لە کوردستان بوون بە دراوێکی رزیو، لە زۆر بەکارهێنانەوە نیشانەکانی سەریان سڕاوەتەوە و بەهۆی زۆر گواستنەوەیانەوە لەم دەستەوە بۆ ئەو دەست پیس بوون، لە هەموو بۆنەیەکدا دەیانبینیت لە ریزی پێشەوە لەبەردەمتدان، وەك ئەوەی جگە لەوان کەس لە دیمەنە میدیاییەکەی کوردستاندا نەبێت. مەسەلەکەیش لە کۆتاییدا زۆر لە هەر دراوێك گەورەترە. سپاردنی بەرپرسیارێتی بەکەسانی شارەزا و پسپۆڕ و لێوەشاوە و دڵسۆز لە میدیاکاران، لە دەزگایەکی راگەیاندنی لەو جۆرەدا مەسەلەیەکی زۆر هەستیارە و ناکرێت بە بێموبالاتی بەسەریدا تێپەڕ بن و بەئاسانی سپاردنی بەرپرسیارێتییان بەوانەی لەبەردەمماندا قوت بوونەتەوە (لە تاقمی عبدالموجود) لە کەسانی شکستخواردوو لەڕووی ئیداری و سیاسی و رۆشنبیری و میدیاییەوە لە نیمچە ژیر و نیمچە شێتان و هەلپەرستانی ئەم سەردەمە خراپە، کە بەدوای جەمکردنی پارە و ناوبانگەوەن و رقیانە لە هەر شتێکی باش لەم وڵاتە ستەمدیدە و داخکراو بە ئاگری دوژمن و فێڵ و ساختەچێتیی مشەخۆرانی توێژی پۆستپەرستان لە غەفڵەتی رۆژگار و بێئاگایی بەرپرسانی وڵاتەکەماندا، کە لای خۆیانەوە بەم یان بەو شێوە بەشداری دەکەن لە رەواجدان بە پارە خراپەکان لەڕێی پشتبەستنیان بەو جۆرە نموونە شکستخواردوانە بەپێشوەخت زانین یان لە دڵپاکییەوە، کە ئەوە زیان بە سیاسەتە باڵاکانی وڵاتەکە و بەرژەوەندییەکانی و وێنەی لە جیهاندا دەگەیەنێت، مرۆڤی ژیریش ئاماژەیەکی بەسە.

## له پێناو ڕاگەیاندنێکی سنووربڕدا

ئێمەی توێژی ڕۆژنامەنووسان بەبۆنەی یادی ١١١ ساڵەی دەرچوونی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە مێژوودا ئاهەنگمان گێڕا، کە لە وڵاتی غەریبی لە قاهیرە دوور لە خاکی کوردستان لەسەر دەستی بنەماڵەی پێشەنگی بەدرخان دەرچوو، بەڵام زۆر نزیکە لە هەست و خەون و هزرەکانی گەلەکەی، میوانەکانیشمان لە بەریتانیا و کۆماری میسری عەرەبی و کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵماندا ئاهەنگیان گێڕا. دەکرێت وەك یەکەمین خشت لە بنیاتنانی پرۆژەی نەتەوەیی کوردیی گەورە و بەرزکردنەوەی تەلارە شارستانییە جیاوازەکەی، تەماشای ڕۆژنامەی (کوردستان) بکرێت.

میوانەکانمان بەجیاوازیی ئەو شوێنانەی لێیانەوە هاتبوون، دوای ماوەیەك لە بێدەنگیی (موفاجەئە)، سەرسوڕمان هێنانیە گۆ، هەندێ شت و بۆچوون و هەڵوێستیان بینی و بیست و لێیان ئاگەدار بوون کە بەلایانەوە نەزانراو بوون، یان وێنایان بۆیان ناورد و تەواو دوور لە واقیع بوون. ڕەنگە گەورەترین پشکی موفاجەئە بەر ئێمە کەوتبێت: چۆن دەکرێت دوای ئەو هەموو ساڵە لە کۆششی میدیایی وێنەی کوردستان و وێنەی گەلی کورد بەم شێوەیە لە ناوچەی تاریکیدا کسکە بکات و بوهتان

و درۆ و دەلەسە دەوریان بدات، کە راگەیاندنی شۆڤێنی و دژ هەڵیان بەستوون و ساختەیان کردوون، بەشێوەیەك بەلای چەندین کەرتی بەرفراوانی جەماوەری ناوچەکەوە گۆڕاون بۆ نیمچە یەقین..؟! هەر بەڕاستی پشکمان لە موفاجەئە گەورە بوو، رەنگە جۆرە شۆکێك بێت، کە دەستبەجێ ئەو پرسیارە بەدیهی و راستەوخۆیەی وروژاند کە: ئۆبالْ بەملی کێیە..؟ گفتوگۆکانمان لەگەڵ میوانان رووبەڕوو خستینیە بەردەم لایەنێك ئێمە تەواو لەسەری خەوتبووین، ئەگەر ئێستا بەخەبەر هاتووین، بەڵام بەخەبەرهاتنێکی درەنگوەختە. بەئازارەوە ئەوەمان بۆ دەرکەوت کە ئێمە ئەو هەموو ساڵە قسەمان بۆ خۆمان کردوە و زۆر پێویستمان بە هێنانەکایەی راگەیاندنێکی نوێیە، راگەیاندنێك سنوورە نەتەوەیی و کولتووری و سیاسی و زمانەوانییەکەمان ببڕێت، راگەیاندنێکی جیاواز، کە بەشوێن جێپێیەکدا بگەڕێین بۆی لەناو (جەنگەڵستان)ی چڕی ئەو راگەیاندنەی ئاسمانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دادەپۆشێت. دەڵێم (جەنگەڵستان)، چونکە ئەوەی تێیدا حوکم دەکات و زاڵە لۆژیکی هێزە بە دەرکەوتە جیاوازە ئابووری و سیاسی و کولتووری و میدیاییەکەیەوە. .... زۆر هەڵە دەبین ئەگەر جیهان بەکەمتەرخەمیکردنی بەئەنقەست یان رەنگە دوژمنایەتیکردنی ئەبەدی تۆمەتبار بکەین، کە زۆربەی جار لەسەر لۆژیکی تیۆری پیلانگێڕی دادەمەزرێت.. وەك هاوڕێیەك وتی، تەنیا کورد خۆی جێی گلەییە، چونکە بەزمانی کوردیی خۆیان قسەیان بۆ خۆیان دەکرد، وەك ئەوەی دۆزەکەیان خۆبەخۆ و بە قودرەتی قادر سنووری کوردستان ببڕێت بۆ زەویی بەرفراوانی خودا، ئەوەیان لەبیر چووە کە پێویستە خاوەنانی دۆز خۆیان یەکەم و دووەم و سێیەم ئامراز و زمان و گوتاری گونجاو هەڵبژێرن بۆ دواندنی گەلان لەڕێی رۆشنبیر و رەمز و دڵەخورپەکانیانەوە. تەواوی لۆمە ئاراستەی خاوەنانی دۆزەکە دەکرێت، ئەوە بوو کاتێك رۆژنامەنووسێکی وڵاتەکەم هاتە دەنگ بۆ بەرپەرچدانی بۆچوونەکانی هەڤاڵێك کە لە یەکێك لە دەوڵەتانی ناوچەکەوە هاتبوو و تۆمەتباری کرد بە کەمتەرخەمی و

ئاگەدارنەبوون لە دۆزەکەمان، لەوکاتەی شاڵاوەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و بەعەرەبکردنی کوردستان و کۆچپێکردنی گەلەکەی هەموو بەئاشکرا ئەنجام دەدران، ئەوەیش لە ناوەندی خۆ تێنەگەیاندن و بێدەنگیی گەلانی دەوڵەتانی هاوسێ و ناوچەکە و جیهاندا، هەڤاڵە میوانەکەمان بەدەنگێکی لەسەرخۆ و پڕ ئەدەب و سەرزەنشت وەڵامی دایەوە "نەخێر هاوڕێم، دەڵێم و دووبارەی دەکەمەوە خۆت سەرزەنشتکراوی، خوای گەورە بەمەزنیی خۆی پێمان دەڵێت (ان الله لا یغیر ما بقوم حتی یغیروا ما بانفسهم) (واتە: خوا قەومێك ناگۆڕێت تا ناخی خۆیان نەگۆڕن)، ئەمە یەکەم، دووەمیش پێویستە ئێوە لەو بازنە تەسکە بچنە دەرەوە، چونکە سەد ساڵ دەردەشە لەگەڵ خود لای عەرەب یان فارس یان تورك هیچ ناگەیەنێت، پێویستە بچنە ناو ئەقڵی ئەو گەلانە کە قەدەری جوگرافیی ئێوەیان پێکهێناوە، ئەویش لەڕێی ڕاگەیاندنێکەوە بەزمانی خۆیان بیاندوێنێت، قەت ڕۆژێك ماندوێتی و زەحمەتیی کارەکە و سەختییەکانی قایلکردن کۆڵتان پێ نەدات، دۆزەکەتان ڕەوایە و شۆڕشگێڕەکانتان ئازان، سەرۆکەکانتان مەحاڵیان بەخەرج داوە بۆ بەدیهێنانی خەونەکانتان، لەبەرئەوە لەمەولا بوار نیە بۆ زیانی بێپاساوی زیاتر کە زادەی سووڕانەوەیە لە هەمان ئەو بازنە داخراوەدا. دۆزەکەتان پێویستی بە شکاندنی کۆت و بەندی خودیی پەکخەر و دەرکردنی زۆر لە وەهمە کەڵەکەبووەکان هەیە دەربارەی سنوورەکانتان، کە بەهۆی کولتووری ڕقلێبوونتان و ڕاگەیاندنەکەیەوە دروست بووە و پیشەسازیی درۆسازی و ساختەکاری لەدژتان کردۆتە پیشە. جارێکیتر دەگەڕێمەوە بۆ خاڵی دەسپێك. بیر بکەنەوە و ئامراز و زمان بۆ دواندنی ئەوانیتر و ئاشناکردن بە دۆزەکانتان بە زمانێکی دوور لە هەڵچوون و دەمارگیری بدۆزنەوە، ئەوە لە بیر مەکەن کە خوای گەورە دەفەرموێ: (وَأَن لَّيْسَ لِلْإِنسَانِ إِلَّا مَا سَعَى، وَأَنَّ سَعْيَهُ سَوْفَ يُرَى).

## جیهانێك بچووك دەبێتەوە.. جیهانێك گەورە دەبێت

زۆر سەیرە ئەم لوغزە لەبەردەمماندا دروست ببێت.. چۆن جیهان چەندە لەئەنجامی شۆڕشی پەیوەندییەکان و راگەیاندندا وادێتە بەرچاومان روو لە بچووکبوونەوەیە، کەچی گەورەتر دەبێت..؟ لەو کۆڕ و سیمینارانەی لە ئاهەنگەکانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، لە جەژنی ١١١ ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردستاندا ساز کران، هەندێ بۆچوون هەبوون کە لە کرانەوە و هەمەجۆری و فرەیی کولتوور و قەوارەکاندا، ئاراستەیەکیان دەبینی لەگەڵ مۆرکی سەردەمدا، کە بەرەو یەکبوون و یەکڕەنگکردن (التنميط) دەچێت، ناکۆك بوو. ئێمە ئێستا لە دنیایەکی نوێدا دەژین، سەدەیەکی نوێ. سەدەی بیستەم درەنگ و ساڵی ١٩١٧ لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەر دەستی پێکرد، بەڵام زوو و ساڵی ١٩٩١ لەگەڵ هەرەسی یەکێتیی سۆڤیەت کۆتایی هات. سەدەی بیستەم کۆتایی هات، سەدەی کۆلۆنییەکان و تۆتالیتاریزم و دەوڵەتایەتیی فاشیستی، کە لە تێکچوونەکان و بڵاوبوونەوەی جیهانی پیشەسازی یاخی بوو. ئەگەر ئەو یاخیبوونانە ئێستا بە بێکەڵك و بگرە خوێناوی و ترسناك دەردەکەون، بەڵام لەڕاستیدا ئاماژەی هۆشداریدانی پێویست بوون بۆ ئەوەی

سیستمی پیشەسازیی سەرمایەداری هاوسەنگی تێدا نیە و پێویستی بە ڕێکخستنەوە هەیە، شەپۆلی سێیەمیش کە شۆڕشی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن دیارترین پێکهێنەرەکانی بوون، هیچی لەبەرانبەر ئەو ناهاوسەنگییەی هەبوو نەکرد، بەڵام ڕەنگە زۆر بەها و تەرزی بەرهەمهێنانی گۆڕیبێت و ئیمکاناتی نوێی بۆ چاکسازی خولقاند. با لەنزیکەوە سەرنج بدەین.. فراوانبوونی ئارای چاکسازیی دیموکراسییانە، کە بوو بە دیارترین سیمای سەدەی بیست و یەکەم، کە لە سایەی هەلومەرجی هەمەجۆردا بەشێوەیەکی بێکۆتا لەڕووی نیشتمانی و هەرێمی و جیهانییەوە دەکرێتەوە، هەروەها لە هەندێ کۆمەڵگەدا دەکرێتەوە کە هێندەی ئاسمان و ڕێسمان لێك دوور و ناکۆکن لەڕووی پێکهاتە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانیانەوە، کە بوونە هۆی دەرکەوتنی نەتەوە و کولتوور و زمانی زیاتر.

پێویستە ئەوە یاد بهێنینەوە کە سەدەی بیستەم سیاسەتی پاش جەنگی جیهانیی یەکەمی دەست پێکرد، بە گشتاندنی بنەمای ئوممەتەکان یان بنەمای نەتەوەکان، ئەویش مافی بڕیاردانی چارەنووسە. بەڵام سەرۆکی ئەمەریکی وودر ویلسۆن و سەرۆکی سۆڤیەت ڤلادیمیر ئیلیچ لینین لە دوو دیدگەی دژ بەیەکەوە ئەو بنەمایەیان پەسەند کرد، یەکەمیان بەرەو پاڵپشتیکردنی دیموکراسیەتی لیبراڵی و ئەویتریان بەرەو بەهێزکردنی شۆڕشی جەماعی وەك شێوەیەك لە دیموکراسیی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەم بنەمایە تا کۆتایی سەدە چاوەڕوانی کرد تا ڕێگە بۆ پیادەکردن بدۆزێتەوە لە سایەی هاوکێشەگەلی نێودەوڵەتیی نوێدا، کە ڕەنگە یەکجەمسەری دیارترین نیشانەکانی بێت.

شۆڕشی پەیوەندییەکان و ڕاگەیاندن بەو ئەندازەیەی دووری و کاتی کورت کردەوە، ڕەنگە هەر بەهۆی ئەوەیشەوە ژینگەی لەباری بۆ خونچەکردنی کولتووری

زیاتر و لەدایکبوونی چەندین ناسنامە و قەوارە خولقاند، کە بەدوای شوێنێکدا دەگەڕان بۆ خۆیان لەژێر خۆردا.

ئەمڕۆ لە جیهاندا نزیکەی ٨٠٠٠ کۆمەڵە زمان هەیە، واتە ٨٠٠٠ قەوارەی نەتەوەیی هەن کە لەڕووی تیۆرییەوە دەکرێت پەیدا بن، بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ هەمانە لە ٢٠٠ دەوڵەت تێناپەڕێت و بەئاستەم دەرزەنێك دەوڵەت ببینین کە بانگەشەی هۆمۆجینییەتی ئەتنی–نەژادی یان نەتەوەیی بکەن.

جا ئاخۆ جیهان لە سایەی گۆڕانە تەکنیکییە دراماتیکییەکاندا کە ئێستا بەخۆیانەوە دەبینێت، بچووك دەبێتەوە و دەبێتە یەکڕەنگ، یان گەورە و هەمەجۆر دەبێت..؟

## ئەزموون و وانە.. ئایا کەسێك هەیە یاد بکات؟!

لە ڕۆژێکی ساردی زستانەدا، پێش چوار دەیە لە زەمەن و ڕێك ڕۆژی ١٩٧٠/٢/٦، واتە تەنیا (٣٥) ڕۆژ پێش ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، ئێمە ئەندامانی مەکتەبی ڕێکخستنی ناوەندیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ژوانمان لەگەڵ مێژوو هەبوو. لەو ڕۆژەدا سەرکردەی گەورەی کورد کۆچکردوو مستەفا بارزانیمان بینی لە ماڵەکەیدا لە گوندی (دیلمان) لە بنارە نزمەکانی یەکێك لە چیاکان.. کات ئێوارە بوو، بەفر کە هەموو شتی داپۆشیبوو، ئەو ڕوناکییە کەمەی ڕۆژی هەڵدەمژی کە لە ئاوابووندا بوو، تا بە بریسکەدانەوەیەکی کز لە تاریکیی ئەو شەوەدا کە لە شیوەکانەوە هەڵدەهات، بیداتەوە. نانێکی سادەی ئێوارەمان خوارد، لەگەڵ یەکەمین سووڕی چا داناندا، دەستمان بە گفتوگۆیەکی درێژ لەگەڵ سەرۆکی نەمر کرد و تێیدا باسی بابەتەکانی ڕۆژمان کرد، دیارە لەپێشیانەوە دانوستانەکان کە ئەوکاتە لەنێوان سەرکردایەتیی کورد و حکومەتی بەعسدا لەئارادا بوون. قسەکانی بارزانی خۆش بوون، بەتایبەت هەڵسەنگاندنی بۆ کەسایەتیی ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر و سەدام حوسێن. کاتێك یەکێکمان لەبارەی ڕادەی نزیکبوونەوە یان دوورکەوتنەوە لە هەڵوێستی هەردوو لایەنی دانوستانکار سەبارەت بە کەرکوك پرسیاری کرد، کە ئەوکاتە گرێکوێرەیەك بوو، بەدرێژی بۆی باس کردین چی دەگوزەرا، لەو قسانەی کردنی: "سەرم سوڕما کاتێك یەکێك لە ئەندامانی شاندی

بەعسی (عەبدوڵا سەلوم ئەلسسامەڕائی) قسەیەکی کرد کە تەنیا لە کەسانی نەزان و کەللەڕەق دەوەشێتەوە، لە یەکێك لە دانیشتنەکانی گفتوگۆدا وتی: ناتوانم باوەڕ بەکوردیبوونی کەرکوك بکەم"، بارزانی بۆی باس کردین چۆن وەڵامی سامەڕائی داوەتەوە: "باوەڕت هەیە یان نیتە چ گرنگییەکی هەیە، هەموو راستییەکانی مێژوو و جوگرافیا بەدرۆت دەخەنەوە، جا لەو رووەوە نەزانیت بە مێژوو و جوگرافیا، منیش ناتوانم دانیشم و گفتوگۆ لەگەڵ کەسانی وەك تۆدا بکەم"، هەستام مەجلیسەکە بەجێ بێڵم، بەڵام هەریەك لە فەریق ئەحمەد شەهاب و فەریق حەردان عەبدولغەفار بەشێوەیەکی نەرم هەوڵیان دا قایلم بکەن بەبەردەوامبوون لەسەر گفتوگۆ، کاتێك دڵنیا بوون هەوڵەکانیان بێسوود دەبێت، داوایان لە سامەڕائی کرد ژوورەکە بەجێ بهێڵێت. لەو دانوستانانەدا هەوڵیان دا قایلم بکەن بەچارەسەرێکی مامناوەند بۆ کەرکوك بەڵام من پێم وتن: "تائێستا رۆڵەکانی ویلایەتی ئالاسکا نەفرەت لە قەیسەرە رووسەکان دەکەن لەبەرئەوەی رۆژێك لە رۆژان ئالاسکایان فرۆشت بەئەمەریکا، من ئامادە نیم بەرگەی نەفرەتی نەوەکان، رۆڵەکانی گەلی کوردستان بگرم ئەگەر رۆژێك لە رۆژان دەستم لە شاری کەرکوك، یان هەر بستێك لە خاکی کوردستان هەڵگرت".

بەم شێوەیە شۆڕشی کورد (شۆڕشی ئەیلوول) بۆ ماوەیەك وەستا بەهۆی ئەو رێکەوتنامە ناپاکانەیەی لەنێوان هەردوو گۆڕ بەگۆڕ شای ئێران و سەدام حوسێندا لە ١٩٧٥/٣/٦، بەهۆی پێداگریی بارزانی لەسەر کوردستانیبوونی کەرکوك و رەتکردنەوەی دەستهەڵگرتن یان دابەشکردنی کەرکوك لەنێوان هەردوولا.

(٢)

کات هاوین بوو، مامی خوالێخۆشیبووم (عومەر حەبیب) یاریدەدەری بەڕێوەبەری چارەسەری کێشەی زەوی و زار بوو لە کەرکوك. لە سەردانێکدا بووین بۆ ماڵی مامم لە کەرکوك لە گەڕەکی شاترلو لەپشت ئەو گۆڕستانەی ئەوکات هەبوو. شەو هەندێ لە

هاوڕێیانی باوکم و مامم له ماڵ سەردانیان دەکردین، قسە و باسەکان هەموو بەدەوری بابەتی بایەخدانی کۆمەڵەکەدا دەخولانەوە، کە (بەڕەحمەت بن) لەناو هەردوو بزوتنەوە نهێنییە سیاسییەکەی ئەوکات (شیوعی و پارتی)وە گلابوون، هەروەها ئەو دەنگوباسانەی لەناو گۆڕەپانی عێراقدا هەبوون لە هەواڵی حکومەت و نووری سەعید پاشا و یەکێتیی هاشمی لەنێوان هەردوو شانشینی عێراقی و ئوردنیدا. شەوێکیان لەکاتێکدا میوانەکان لە حەوشەی ناوەڕاستی ماڵەکەی مامما دانیشتبوون قسە و باسە ئاساییەکانیان دەکرد، خوالێخۆشبوو (کاکە حەمە) خاوەنی هۆتێلی شەهرەزاد لە لای رۆژئاوای ئەو سەر پردەی ئەوکات و هێشتایش هەردوو لای کەرکوك بەیەکەوە دەبەستێت، وتی نەفەرێکی عەرەب لە هۆتێلەکەدایە، فەرمانبەرە و لەبەر هۆی کارگێڕی لە رەمادییەوە گوێزراوەتەوە بۆ فەرمانگەی دادگەکان لە کەرکوك، مانگێك زیاتر نابێت لە کەرکوکە و تێکەڵی کەس نابێت، کاتێك دەوامی لە دادگە تەواو دەبێت دەگەڕێتەوە بۆ ژوورەکەی لە هۆتێل، بەزۆریش لەسەر کورسییەك لە نهۆمی سەرەوەی هۆتێلەکە لەبەردەم رووبارۆچکەی (خاسە)دا دادەنیشێت، دوێنێ هەوڵم دا هەندێ دڵی بدەمەوە، داوام لێکرد هەرکات هەستی بە تەنیایی کرد دابەزێت بۆ ژووری ئیدارە لە نهۆمی زەمینی، بەڵام فەرمانبەرەکە بەتەوسەوە وەڵامی دایەوە: نا مامۆستا دەوروبەرتان و دەوروبەری کەرکوك هەمووی کورد و تورکمان و ئاشوورین، منیش یەك وشە لەو سێ زمانە نازانم، بەئاستەم عەرەبێك لە شەقامدا دەبینیت، ئەگەر بیشیان بینیت لەو جووتیارانەن لە دەوروبەری حەویجە هەن. من ئێستا میوانی ئەم شارەم، چونکە براکەم هەوڵی مەحاڵ دەدات تا بەرپرسان لە فەرمانگەی داد لە بەغدا قایل بکات بە هەڵوەشاندنەوەی گواستنەوەکەم.

کاتێك خوالێخۆشبوو (نەجیب رەیحانی) لە قسەکانی کاکە حەمە تێگەیشت، کابرا هاوڕێیەکی چاك بوو و دە ساڵ بوو لە کەرکوك فەرمانبەر بوو، ئالوودەی گوێگرتن بوو لە ئێزگەی عەرەبی لەندەن و قسە لەسەرکردنی، بەکوردییەکی سەروگوێ شکاو

بەهەمووانی وت: "کاکە حەمە ئەگەر لەناو ئەم خەڵکە باشەی وەك کاکە عومەر (عومەر حەبیب) و جەوهەرەی درومان (جوهرة الخیاطة) (ژنێکی ئەرمەنی بوو) و کاکە فەخری حەوێزیدا نەبوومایە، منیش بەرگەی کەرکوکم نەدەگرت، سرووشتی مرۆڤ ئاوایە کە خوای گەورە خەلقی کردوە، بەسرووشت کاتێك ئاسوودە دەبێت و دڵی ئارام دەبێت، کە لەناو قەومەکەی خۆیدا بێت".

(٣)

شەهید شەهابەدین ئەلتەمیمی نەقیبی رۆژنامەنووسانی عێراق کورد و کوردستانی زۆر خۆشدەویست، ئەویش لەئەنجامی قەناعەتە سیاسییەکانی کە لەسەر راستییەکانی سەرزەوی و هاوڕێیەتیکردنی بۆ زۆر لە رۆڵەکانی کوردستان لە شیوعی و پارتییەکان دامەزرابوو، لە زیندانەکانی مووسڵ و کەرکوك لە سەردەمی پاشایەتی و لە زیندانی (نوگرە سەلمان)ی بیابانیی بەدناودا لەکاتی حوکمی بەعس پاش کودەتا فاشییەکەیان لە ٨ی شوباتی ١٩٦٣، هەر دەرفەتێکی دەقۆستەوە بۆ سەردانی کوردستان. لە کۆنگرەی دووەمی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ٢٥-٢٠٠٧/١٢/٢٧ وتەیەکی بێ نووسین (ارتجالی)ی نایابی هەڵقوڵاو لە دڵێك باوەڕدار بەدادپەروەریی دۆزی کوردی پێشکەش کرد، دوای کۆنگرەکەیش لەسەر ئارەزووی زۆری خۆی سەردانێکی بەڕێز مەسعوود بارزانیم بۆ رێك خست، دوای بەخێرهێنانی لەلایەن سەرۆکی هەرێمەوە، شەهید تەمیمی بە بەڕێز بارزانی وت: "لە کۆتایی چلەکانی سەدەی رابردوو ژمارەیەك تێکۆشەری کوردی بارزانیم لە گرتووخانەی مووسڵ ناسی، کاتێك بەهۆی ئەندامێتیم لە حزبی شیوعیی عێراقی حوکم درابووم و زۆر لەوان و لە کوردانیتر فێر بووم، گرتووخانەکانی ئەو ستەمکارییانەی کورد لەسەر دەستی حکومەتە لەدوای یەکە عێراقییەکان دووچاریان دەبوو، بەتایبەت لەسەر دەستی بەعسییەکان ساڵی ١٩٦٣ و پاشتر و زۆرجار ئەوێ کۆی دەکردینەوە. من

تەواوی ئەوەی بەسەر کورد و کوردستاندا هاتووە سەرکۆنە دەکەم، لە بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و هەڵمەتەکانی کۆچپێکردن و راگواستن و لەوانەیش دزێوتر هەڵمەتەکانی بەعەرەبکردن، ئەوانە بابەت و رووداوی ئەوتۆن مایەی شەرمەزارین. کاتێك گوێم لە دەمەتەقێ و مێزگردەکان لەسەر شاشەکانی تەلەڤزیۆن دەبێت دەربارەی کێشەی کەرکوك و ئەوەی حکومەتە عێراقییە ناسنامە عەرەبییەکان بەکەرکوك و ناوچەکانیتری کوردستانی دەکەن و هەوڵی بەعەرەبکردنیان دەدەن، کارەکانی ئیسرائیلم بەرانبەر قودس بیر دەکەوێتەوە، من هیچ جیاوازییەك نابینم لنێوان ئەوەی ئیسرائیلییەکان بەقودسی دەکەن و ئەوەی عەرەب بەکەرکوکی دەکەن، سوێند (بەخوا) من شەرم دەکەم".

لە رێگەی گەڕانەوەیشمان لە هاوینەهەواری سەلاحەدینەوە بۆ شاری هەولێر، شەهید تەمیمی بەئەسپایی بەگوێمیدا چرپاند: (کاك فەرهاد دەترسم راشکاوی و مەبدەئیبوونم و بەرگریکردنم لێتان بەرەو لەناوچوونم ببات، هەموو تکام ئەوەیە ئەوەی لەبارەی کەرکوك و بەراوردکردنەکەم لەنێوان قودس و کەرکوك وتم، بڵاو نەکەیتەوە).

هەڤاڵانی ئازیز و تێکۆشەرانی گەلەکەمان، ئامانجی یەکەم و کۆتام لە گێڕانەوەی ئەو سێ رووداوە لەبارەی شاری کەرکوك خستنەڕووی تێبینییەکە، کە خوازیارم بە (ئامۆژگاری) لێکنەدرێتەوە، تێبینییەکەیش سێ رووی لێکدانەوەی لە دووتوێیدا هەڵگرتووە، یەکەمیان: لەدەستدانی بارزانیی نەمر بۆ شۆڕشێك کە چواردەساڵ بەردەوام بوو بەو هەموو دەردیسەری و ئازارانەی هێنانی و بەو هەموو قارەمانێتییە لەبیرنەکراوەی تێیدا بوون، سەرباری هەرچی لەبارەی هۆکانی ئەو لەدەستدانە (نسکۆیە) وترا، بەڵگەن لەسەر مەبدەئیبوونی بارزانی و رەتکردنەوەی بنبڕی بۆ هەموو شێوەکانی سازش یان چارەسەری مامناوەند، کە ئەوکاتە لە دابەشکردنی کەرکوکدا

خۆی دەنواند (بۆ بەشی رۆژهەلات بۆ ئۆتۆنۆمی و بەشی خۆرئاوا بۆ ناوەند) بەگوێرەی پرۆژەکانی سەدام حوسێن و پاشەکشەنەکردن لە باوەڕی تەواو و پشتبەستوو بە راستییەکانی مێژوو و جوگرافیا بە کوردستانیبوونی کەرکوك، لەگەڵ داننان بە بوونی نەتەوە و کەمینە تەوەیی و ئاینیتر لە شارەکەدا، هەروەها (باوەڕ) بە دەستگرتن بە راستییەوە سەرباری سەختیی ئەو زیانەی هەڕەشەی لە چارەنووسی شۆڕشی ئەیلوول دەکرد، نهێنیی هێزی بارزانیش جگە لە راستییەکانی مێژوو و جوگرافیا، لە دەستگرتن بەم راستییەدا خۆی حەشار داوە و هەوڵدانی بۆ هێنانەکایەی گەلێکی یەکگرتوو و ئیدارەیەکی یەکگرتوو و یەك رێباز لەپشت سەرکردایەتییەکی یەکگرتووەوە.

دووەم: راستییەکانی ئەوەی لە کەرکوك هەبوو دەگێڕنەوە، بەتایبەت سەبارەت بە باری دیمۆگرافی کە وای لەو فەرمانبەرە عەرەبە لە رومادییەوە گوێزراوە کردبوو بەرگەی ژیان لە دەوروبەرێکدا نەگرێت کە پێی نامۆ بوو.. و ئەوەی بەسەر کەرکوکدا هات لە گۆڕانی واقیعی نەتەوەیی لەسەر دەستی حکومەتە عێراقییەکان، بەتایبەت ماوەی هاتنی بەعسییەکان بۆ دەسەلات لەڕێی کودەتایەکی خوێناوییەوە، کە جەستەی یەکپارچەی پارە پارە کرد و بووە مایەی هێنانەکایەی حاڵەتێکی جەمسەرگیری و سەنگەرگرتن لەنێوان نەتەوەکانی وڵاتدا، هەمووانیش بەبێ جیاوازی لەو رووبەڕووبوونەوەیە زیانمەندن.

ئێمە لە دەروازەی ئەنجامدانی هەڵبژاردنێکی نوێداین بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێم و ئەندامانی نوێ بۆ خولێکی نوێی پەرلەمانی کوردستان، هەندێ نیشانە ئاماژە بۆ بوونی ناکۆکیی توند دەکەن، کە نیشانەکانی رۆژ بەڕۆژ دەردەکەون و هەندێ دەزگەی راگەیاندیش رۆڵی نەرێنی دەبینن.. بەڕێزانم، ئەگەر لەسەر ئەم رێبازی ناکۆکییە و تاودانی بەپاساوی جۆراوجۆر بەردەوام بین، ئاکامەکەی فەوتانی

شۆڕش و دەسکەوتی گەورە دەبێت کە لێیەوە بەدیهاتوون، هەر بۆ نموونە بوونی کونسوڵگەی شازدە وڵات لە پایتەختی کوردستان، جا بۆ ئەوەی نەهامەتی و کارەساتەکان دووبارە نەبنەوە و لەپێناو پاراستنی ئەزموونی کوردستاندا لەناو دەریاچەیەك لە لمی جووڵاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ریزەکان یەك بخەن و لیڕانتان بەهێز بکەن و ناکۆکییەکانتان لەبیر بکەن، چونکە بەیەکێتی بەرهەمی چاك بەدەست دێت، ئەگەر ناکۆکی و پەرتەوازەیی لەناو ئەقڵماندا باڵادەست بێت، چەندین پارچەی ئازیزی کوردستان تا رۆژی قیامەت بە(ناوچە جێناکۆکەکان) دەمێننەوە.

سێیەمیشیان لە بوونی ویژدان زیندوویی و هەقبێژی و دانان بە راستییەکاندا خۆی دەنوێنێت لەلای هەندێ لە رۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب، وەك شەهید شەهاب ئەلتەمیمی، کە بوو بە قوربانیی رۆشنیی هزرەکانی و راستیی تێزەکانی و مەبدەئیبوون و هەڵوێستی بوێرانەی بەرانبەر کەرکوك و گەلی کوردستان، لەوکاتەی کەڵبەی گورگە دڕندەکان چاکەخوازانیان تەفروتونا دەکرد، تەنانەت لە هەمان ئەو ناوەندەدا تەمیمی تێدا دەژیا.

بەکورتی.. خەمخۆران!

فەرموودەیەکی پیرۆزی پێغەمبەر دەڵێت (اختلاف امتی رحمە)، (جیاوازیی ئوممەتەکەم رەحمەتە)، بەڵام جیاوازی جیایە لە ناکۆکی (الخلاف)، یەکەمیان زادەی جیاوازیی بۆچوونەکانە دەربارەی پرسێکی دیاریکراو و دەچێتە خانەی ئەو ئیجتیهادەی لە کۆتاییدا لە بەرژەوەندیی لایەك یەکلا دەبێتەوە، هەرچی ناکۆکییە ئەگەر بەردەوام بێت سەردەکێشێت بۆ رکابەری و ململانێ بەهەموو شێوەکانیەوە، لێرەیشەوە وەك زانراوە ئەنجامەکەی پەرتەوازەیی بارستەکان و جیابوونەوە دەبێت.

# چۆڕێکی بچووکی مێژوو بۆ چالاککردنی یادگە

(واعتصموا بحبل الله جميعا ولاتفرقوا)

لەم دواییەدا کتێبی (عبدالعزيز العقيلي–حياته و دوره العسكري والسياسي في العراق ١٩١٩–١٩٨١) لە نووسینی دکتۆر (نوري العبودي) دەرچوو، کە لە کتێبخانەی میسر–دار المرتقى دەرچوو، چاپی یەکەم ٢٠٠٩. کتێبەکە باسی ژیانی عەقیلی دەکات کە گەیشتە پلەیەکی باڵای سەربازی (لیوا روکن) و چەندین پۆستی سەربازیی گرنگی وەرگرت، لەوانە فەرماندەی فیرقەی یەکەم لە دووەم ڕۆژی سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨، دوواینیشیان پۆستی وەزیری بەرگری بوو، کە لە ٢١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٥ وەریگرت. یەکێك بوو لەو سێ ڕکابەرەی چاویان لە وەرگرتنی پۆستی سەرۆك کۆمار بوو پاش کوژرانی عەبدولسەلام محەمەد عارف لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا ئێواری ٣ی نیسانی ١٩٦٦.

عەقیلی وەك لە دووتوێی ئەو کتێبەدا ناسراوە و ئەرشیف کراوە، یەکێك بوو لە سەرکردە سەربازییە توندڕەوەکان، کە دژایەتیی خواستەکانی گەلی کوردستان و شۆڕشەکەی (شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ١٩٦١–١٩٧٥)یان دەکرد، ئەو دژایەتیکردنی خۆیشی بۆ کورد و کوردستان و باوەڕی ڕەهای بەپێویستیی پاکتاوکردنی شۆڕشی کورد بەزەبری چەك نەك هیچ شتێکیتر نەشاردۆتەوە، لێرەدا چەند نموونەیەك لەسەر ئەوە دێنین.

* دوای ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی ٢٩ی حوزەیرانی ١٩٦٦ لەنێوان سەرکردایەتیی شۆڕشی کورد و (د.عبدالرحمن البزاز) لەو ماوەیەی فەریق (عبدالرحمن محەمەد عارف) سەرۆك کۆماری عێراق بوو. بەیاننامەیەك دەرچووبوو ڕاگەیاندنی خاڵەکانی ڕێکەوتنامەکەی تێدا بوو (عبدالعزیز العقیلی نەیاری ڕێکەوتنامەکە و بەیاننامەکە بوو و هەوڵی دا سەرۆکی حکومەت بە ڕێگەچارەی سەربازی قایل بکات نەك ڕێگەچارەی سیاسی، کە وەك لە لا١٢٥ی کتێبی ناوبراودا هاتووە، ڕاشکاوانە وتی: لەڕاستیدا بەیاننامەکە خۆبەدەستەوەدانێکی تەواوەتیی حکومەت بوو و جێبەجێکردنی دەبێتە هۆی جیابوونەوەی باکور لە باقیی تەواوی نیشتمان، لەکاتی خۆیدا سەرکۆنەی بەیاننامەکەم کرد و ڕەتم کردەوە بچمە ئەم کابینەی ئێستا (حکومەتی ناجی تالیب) بەهۆی بەڵێندانی بەدەست پێوەگرتنی، وەك هەمووان دەزانن).

* لەو ماوەیەی وەزیری بەرگری بوو لە حکومەتی عێراقدا، هەوڵی دا و کۆشش و کاری بۆ پاکتاوکردنی شۆڕشی کورد و لەباربردنی خەونەکانی گەلی کوردستان بەزەبری چەك کرد، گوفتار و کردارەکانی لەکاتی سەردانەکانیدا بۆ لای ئەو یەکە سەربازییانەی لە شار و چیاکانی کوردستان بوون، باشترین بەڵگە بوون لەسەر ئەوەی باوەڕی پێی هەبوو، بەشێوەیەك گەیشتبووە ڕادەی وەهمکردن. ئەوە بوو لەکاتی سەردانیدا بۆ شاری کۆیە، لەناو حەشاماتێکی زۆر لە سەرباز و ئەفسەران و (سواری سەلاحەدین)ی نانیزامیدا کە لە قایمقامیەتی قەزای کۆیە کۆکرابوونەوە وتاری دا و وتی: "مژدەتان دەدەمێ لە ماوەی چەند هەفتەیەکی کەمدا باکوری عێراقمان لە یاخیبووانی تاوانبار پاك دەکرێتەوە و ئالای عرووبە بەسەر لوتکەی چیاکانەوە دەشەکێتەوە".

لەڕاستیدا یەکێك لە ڕووداوە سەیرەکانی مێژوو ئەوەیە، هەر کورد، کورد نە کەسیتر، لای سەدام حوسێن تکایان کرد بۆ ڕزگارکردنی ژیانی عبدالعزیز العقیلی کاتێك لە ماوەی نێوان ١٩٦٨-١٩٨١ گیرابوو. لەم بارەوە کەسایەتیی سەربەخۆی کورد فوئاد عارف دەڵێت: (عبدالعزیز العقیلی) لەڕێی غانم العقیلی برایەوە، کە پەیوەندییەکی باشم لەگەڵیدا هەبوو، پەیوەندی پێوە کردم تکای ئەوەی لێ کردم.. بەئارەزوویەکی ڕاستەقینەوە بۆ یارمەتیدانی لای سەدام واسیتەم بۆ کرد، بەڵام سەدام ڕاشکاوانە پێی وتم: "ئەبو فەرهاد پێم خۆش نیە واسیتە بۆ خەڵکانێك بکەیت لە جۆری عبدالعزیز العقیلی"، لەوەیش سەیرتر مەلا مستەفا بارزانی کە عەقیلی زۆرترین دژایەتی کرد و گومانی خستە وەلا و سیاسەتی نیشتمانییان، ئەویش لای سەدام حوسێن واسیتەی بۆ کرد لەپێناو ئازادکردنیدا پاش ئەوەی دایکی عبدالعزیز العقیلی بەشەخسی چوو بۆ لای بارزانی. بارزانیش نامەیەکی ناسکی لەوبارەوە بۆ سەدام حوسێن نارد لەڕێی خوالێخۆشبوو ساڵح یوسفیەوە، سەدام هەمان وەڵامی ئەویشی دایەوە).

*** ***

ڕۆژنامەی (الزمان) چاپی عێراق لە ژمارە (٣٣٣١)یدا کە لە ٢٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٩ دەرچووە، لە لاپەڕەی یەکەم بە مانشێتێکی گەورە نووسیوێتی (دستور کوردستان یقابل بردود افعال غاضبة) (دەستووری کوردستان کاردانەوەی تووڕەی لێ دەکەوێتەوە)، پەیامنێرەکەی (فوزی الهنداوی) لەژێر ئەو ناونیشانەدا نووسیوێتی (دەستووری کوردستان کە چوارشەممەی ڕابردوو پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کرد، کاردانەوەی توندی لەلایەن ژمارەك پەرلەمانتار و کەسایەتی و بارستەی سیاسی لێکەوتەوە و ئەو دەستوورە بەسەرپێچییەکی دەستووری دانا، کە دەبێتە هۆی خولقاندنی حاڵەتێکی ڕووبەڕووبوونەوە لەنێوان پێکهاتەکانی گەلدا، چەندین پەرلەمانتار جەختیان لەوە کرد دەستوورەکە بە خستنی ژمارەیەك قەزا و ناحیەی

پارێزگەکانی نەینەوا و دیالە و ناوچەکانیتری وڵات بۆ سەر کوردستان، دەبێتە بۆمبێکی نویٚ و دیمەنە سیاسییەکە ئاڵۆزتر دەکات). زەمان پشتی بە ژمارەیەك پەرلەمانتار و کەسایەتی وەك ئوسامە نوجێفی لە لیستی (العراقیە) بەست، کە لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ (الزمان) جەختی لەوە کرد (زۆربەی ئەوەی لەو دەستوورەدا نووسراوە بەدەوری خولقاندنی حاڵەتێکی رووبەڕووبوونەوە لەنێوان عەرەب و کورد و تورکماندا دەخولێتەوە.. ئەوان داوای خستنسەری هەندیٚ ناوچە دەکەن بەپاساوی بوونی کورد تێیدا لەڕاستیدا کوردیان تێدایە، بەڵام کەمینەیەکی کەمن).

*** ***

عبدالعزیز العقیلی بەڕەحمەت بێت لە سەرکردە سەربازییە توندڕەوەکان و خەڵکی شاری مووسڵ بوو، ئەو و زەعیم (صدیق مصطفی) و (طه الشکرجی) و (سالم سلطان بصو) کە لە نیسانی ١٩٧٤ بە ناپاڵم بۆردومانی قەڵادزێی کرد، ئەوانە و ئەو ئەفسەرانەیتر کە سڵیان نەکردەوە لە ئەنجامدانی دڕندانەترین تاوان دژی کورد و کوردستان، وەك چۆن ئێستا رۆژنامەی زەمان خەون دەبینێت ئەوانیش لە روانگەیەکی شۆڤێنی هاوبەشەوە خەونیان بە لەناوبردنی خەونە رەواکانی کوردەوە دەبینی، دەبا (الزمان) تەماشای دەلالٚ و رەمزەکانی رق و کینە لە گەلی کورد بکات کە بەئاو و ئاو چوون، لەکاتێدا گەلی کوردستان بەسەری بەرزەوە گشت ساتە سەخت و نەهامەتییەکانی تێپەڕاند. ئەگەر (الزمان) لافی بێلایەنی و سەربەخۆیی و پیشەوەری لە گواستنەوەدا لیٚ دەدات، ئایا وا شیاوتر نەبوو لەباتی ئەو ناونیشانە ئیستیفزازییە کە لەلایەن رۆڵەکانی کوردستانەوە بەسووك تەماشا کرا، ناونیشانێکیتری بنووسیایە گوزارەی لە نیەتپاکی و نیشتمانیبوونی لەلایەك و تێگەیشتنی لە خواستەکانی گەلی کوردستان لەلایەکیترەوە بکردایە، وەك (پەسەندکردنی دەستووری کوردستان خواستەکانی گەلێکی برا بەدی دێنێت)، بەڵام وەك پەندەکە دەڵێت (فاقد الشیء

لایعطیه)، ئەگینا ئایا پەرلەمانتار و کەسایەتیی خاوێنتر و نیشتمانپەروەرتر لە نوجێفی و هاوشێوەکانی نەبوو کە لە ناخدا هیچ لە سەدام حوسێن جیاواز نین، پێویستە لەسەریان وانەیەك لەم مێژووە نزیکە وەربگرن و هەندێ تەڕایی بۆ یادگەیان -کە ڕەنگە بووبێتە بەرد- بگێڕنەوە و لەبیریان نەچێت عەقیلی چی بەرانبەر کورد و شۆڕشە نیشتمانییەکەی و خواستە ڕەواکانیان کرد و چی دەگوت و سەرەنجام بەچی حاڵێکی دژوار گەیشت لە ژێرزەمین و زیندانەکانی ڕژێمی پێشوودا، لە ڕۆژێکدا جگە لە کورد خۆیان، کە لە سەرکردە کۆچکردووەکەیان مستەفا بارزانیدا خۆیان دەنواند، کەس تکای بۆ نەکرد.

*** ***

لێرەدا لە کۆنگرەی (یاڵتا) ڕووداوێکی بچووك بەڵام گەورە لە دیلالەتەکانیدا دێنمەوە یاد و لە هەموو دڵمەوە خوازیارم پەیوەندارانی وڵاتەکەم بیری لێ بکەنەوە، چونکە پشتگوێخستنی ئەوە، خوانەخواستە زیانێکی گەورەی لێ دەکەوێتەوە کە بەئاسانی قەرەبوو ناکرێتەوە. پاش سەرکەوتنی هاوپەیمانان بەسەر نازییەکانی ئەڵمانیا و فاشییەکانی ئیتاڵیادا، کۆنگرەی یاڵتا بەسترا، کە سەرانی دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی هاوپەیمانانی لەخۆ دەگرت، کاتێك نۆرەی سەرۆکی ملهوڕی سۆڤێتی ستالین هات تا وتەکەی پێشکەش بکات، هەنگاوێك هاتە پێش و دەستی بەقسە کرد، لە ساتێکدا ئەوە سەرنجی ڕاکێشا کە هەردوو سەرۆکی خۆرئاوایی (ڕۆزفێڵت و چەرچڵ) چەپڵەی زۆریان بۆ لێدا، ئەنجا هۆشی هاتەوە سەر خۆی، زانی قسەیەك دەکات دڵی نەیارەکانی خۆش کردوە، لەبەرئەوە دەستبەجێ لە قسەکردن وەستا، کەمێك بەخۆیدا چوویەوە، ئەنجا پاش چەند ساتێك بە نەبرەیەکی جیاواز دەستی بەقسە کردەوە، کاتێك شوێنەواری حەماس و چەپڵەلێدانی لای (هەردوو دوژمنە سەرسەختەکەی) نەبینی، ستالین وتی "ئەوکاتە هەستم بەئاسوودەیی ویژدان کرد و زانیم لە قسەکانمدا پێکاومە".

ئازیزانم سیاسی و سەرکردەکانی گەلی کوردستان، مێژوو هیچ رۆژێك رەحمتان پێ ناکات ئەگەر جڵەوتان بۆ ناکۆکییەکانتان شل کرد تا خۆشی بخەنە دڵی دوژمنان و نەیارانی گەلەکەمان، ئەوانەی رۆژێك لە رۆژان خێریان بۆ کورد بەئاوات نەخواستوە، ئەوان هیچ جیاوازییەکیان نیە لەگەڵ دەلالانی رق و کینە، لە شێوەی عەقیلی و ئەندازیاری سیاسەتەکانی کۆچپێکردن و راگواستن و بەعەرەبکردن، ئێستایش لەڕێی رۆژنامەی (الزمان)ەوە دەلالێکیتر دێت، کە ئوسامە نوجێفییە و هاوشێوەکانی لەمڕۆدا زۆرن، تا رایبگەیەنێت "ئەوان داوای خستنسەری هەندێ ناوچە دەکەن بەپاساوی بوونی کورد تێیدا لەڕاستیدا کوردیان تێدایە، بەڵام کەمینەیەکی کەمن".

چیتر.. ئایا چاوەڕوانی دەیان سالێتر بکەین تا ببینین قوتابییەکانی عەلی حەسەن ئەلمەجید چیمان لێ دەکەن. ئابڕووچوونە بۆمان ئەگەر نەکەوینە سەروو ناکۆکی و جیاوازییەکانمان، با هەریەکەمان پارێزگاری لە بۆچوونی خۆی بکات، دوژمنان لە بۆسەدان، دژبەران بە ئاشکرا ناڕەوابوونی داواکردنی کەرکوك و مەخموور و خانەقین و شنگال و مەندەلی و ناوچەکانیتر، کە هەڵمەتە بەدناوەکانی بەعەرەبکردن گرتنیەوە، لەلایەن کوردستانەوە رادەگەیەنن.

زەمەن دەسووڕێت و رۆژان تێدەپەڕن، کۆسۆڤۆ سەربەخۆیی راگەیاند و ئێمە بەتەنیا لەجێی خۆماندا ماینەوە و لەنێو دەریاچەیەك لمی جووڵاودا دەخولێینەوە، بەبێ بوونی قەوارەیەکی سیاسی کە کوردستان و گەلەکەی لەخۆ بگرێت و شوێنەوارەکانی کۆچپێکردن و راگواستن و بەعەرەبکردن لە یاداوەری بسڕێتەوە.

ئێمە هێشتا بەدەست ئەو نەخۆشییە درێژخایەن و کۆنە کوردییەوە گرفتارین کە زانایانی غەیری کورد دەستنیشانیان کردوە، ئەویش ئەوەیە (کورد گەلێکی سەرسەخت و قوربانیدەر و ئازایە، بەڵام کاتێك دەگاتە قۆناغی چنینەوەی بەروبومی قوربانییەکانی، راڕا دەبێت و نیشانەکانی دەردە کۆنەکەی لێ دەردەکەون: ناکۆکی و دابەشبوون کە لە ساتی یەکلاکردنەوەدا دەبێتە هۆی پەرتکردنی کۆششەکان و دەرچوونی بە دوو دەستی بەتاڵ).

## هەڵبژاردنەكان.. ساتی بیركردنەوە و بۆنەی بەخۆداچوونەوە

* لە دیدارێكی نووسەر و شرۆڤەكار و توێژەری لوبنانی ئەدمۆن غەریب لەگەڵ سەركردەی كۆچكردووی كورد مستەفا بارزانی، كە ساڵی ١٩٧٨ لە ویلایەتە یەكگرتووەكان سازی كرد، لە چوارچێوەی توێژینەوەكەیدا بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەی دكتۆرا لە زانكۆی جۆرج تاونی ئەمەریكی، كە لەژێر ناونیشانی "سیاسە حكم البعث العراقی حول المشكلە الكردیە بین عامی ١٩٦٨–١٩٧٥)، بارزانی لە هەڵسەنگاندنیدا بۆ بەڵێنەكانی ئەمەریكا بۆ شۆڕشی كورد لە سەرەتای حەفتاكانی سەدەی رابردوو، بەدەق وتی: "ئەگەر بەڵێنەكانی ئەمەریكا نەبوونایە، نەدەكەوتینە داو". هەمووان لێرەدا دەزانن رێكەوتنامەی ناپاكانەی ٦ی ئازاری ١٩٧٥ چی بە شۆڕشی چواردە ساڵەی كورد كرد. بۆ ئەوەی خوێنەر بە ناواخنی سیاسەتی ئەمەریكی ئاشنا بێت، لێرەدا چەند بڕگەیەك لە كتێبی (كسنجر و ادارە الصراع الدولی)ی ئەمین هوەیدی دەگوێزینەوە، كە لە بڕگەی حەوتەمی بابەتی تایبەت بەكورد و دۆزەكەیاندا بەدەق دەڵێت: "لە ئازار/مارسی ١٩٧٥ عێراق و ئێران گەیشتنە رێكەوتنێك، كە دەبووە مایەی ئەوەی ئێران هەموو یارمەتییەكانی لە كوردەكان ببڕێت، رێگە لە هەر كۆمەكییەك لەڕێی خاكەكەیەوە بگرێت و دوای مۆڵەتێكی دیاریكراو سنوورەكانی بەڕووی جموجووڵەكانی كورددا دابخات".. لە كۆبوونەوەی لیژنەی چلدا

بەسەرۆکایەتیی کیسنجەر لە هەمان مانگدا، لیژنەی (بایك) لە راپۆرتی خۆیدا قسە راشکاوەکەی کیسنجەری تۆمار کرد کە وتی: "ئێمە واز لە کوردەکان دێنین تا وا بکەین عێراقییەکان بتوانن خۆیان تەرخان بکەن بۆ سوورییەکان، چونکە ئەوانە رازی نابن بچنە ناو دانوستان لەپێناو قۆناغێکی دووەم بۆ نەهێشتنی پێکدا پژان"، پاشان لیژنەکە دان دەنێت بەوەی "سیاسەتمان بەرانبەر کوردەکان نائەخلاقییانە بوو، نە یارمەتیمان دان، نە لێیشیان گەڕاین کێشەکانیان بەدانوستان لەگەڵ حکومەتی عێراق چارەسەر بکەن.. هەڵمانان و پاشان پشتمان تێ کردن".

* ژنە سەرکردەی درەوشاوەی هیند (ئەندێرا گاندی) و کچی سەرکردەی نیشتمانیی هیندی جەواهیر لال نەهرۆ (١٨٩٩-١٩٦٤)، کە لە ساڵی ١٩٦٦ بۆ ١٩٧٧ سەرۆکایەتیی حزبی کۆنگرەی نیشتمانی و سەرۆکایەتیی وەزیرانی هیندی وەرگرت، کە ناوبڕێکی کەوتنی حزبی کۆنگرەی لە هەڵبژاردنەکانی هیند، کە (هەڵبژاردنەکانی) بە دیموکراسیبوون و خاوێنی و شەفافییەتی ناسراوە، ماینەوە، ئەوەیش لە ناوەندی کۆمەڵگەیەکی فرە رەنگی سیاسی و نەتەوەیی و ئاینیدا، لەو کۆمەڵگەیەدا کە بەدەست هەژاری و نەخوێندەوارییەوە دەناڵێنێت، لەئاکامی دۆڕانی حزبە دێرینەکەی کە سەرکردایەتیی وڵاتی کرد بەرەو سەربەخۆیی ساڵی ١٩٤٦، لە یەکێك لە گەمەکانی هەڵبژاردنی حەفتاکانی سەدەی رابردوودا، لە وتوێژێکی لەگەڵ رۆژنامەی نیویۆرك تایمز، لە وەڵامی پرسیارێکدا سەبارەت بە هەڵسەنگاندنی بۆ ئەو دۆڕانەی بەسەر حزبەکەیدا هات وتی "بردنەوە و دۆڕان لەلای من دوو رووی دراوێکن، ئەو یەك دراوەیش لای من هیند و گەلی هیندە، جا ئەگەر دیوێکی دراوەکە دۆڕاندی، ئەوا براوە دیوی دووەمی دراوەکە دەبێت و بردنەوەکە پاڵپشتی دەبێت بۆ هیند و گەلەکەی، هەرچی دۆڕانی منە بۆ لەم خولەی گەمەکەدا، بێگومان بۆ دوو هۆ دەگەڕێتەوە کە سێیەمی نیە، یەکەمیان ئەوەیە بوونی سیستمی دیموکراسی لە هیند دەرفەتی بۆ دژبەرانم رەخساندوە سەربکەون، چونکە دیموکراسیی بەلای ئێمەوە مانای

دەستاودەستکردنی دەسەڵاتە لەنێوان دوو تیم یان چەند تیمێکی جیاوازدا، براوە لەناویاندا ئەوەیانە زیرەکانە گەمە دەکات. دووەمیشیان بە بڕ و جۆری ئەو جانەوەر (کرم)ە دیاری دەکرێت کە رۆدەچێتە ناو جەستەی دەسەڵات و دەبێتە هۆی ئەوەی سەر، دەسەڵاتی بەسەر جومگە و دەزگەکانی کۆمەڵگەدا نەمێنێت و بەوەیش بدۆڕێت، لەگەڵ ئەوەیشدا بردنەوەی نەیارانم لە باوەڕم بەدیموکراسی و هێز و ریشەداریی لە هینددا سەرچاوەی گرتوە، کە بەبێ ئەوە دەسەڵاتیان نەدەگرتە دەست، گرنگ لە کۆتاییدا ئەوەیە هیندییەکان حوکمی هیند دەکەن نەك ئینگلیز.

* یەکێك لە شیخانی عەرەب لە ناوەڕاستی عێراق لەڕێی میدیاکانەوە لێدوانێکی دابوو، ماناکەی ئەوە بوو (ئەگەر کەرکوك بچێتە پاڵ هەرێمی کوردستان، کەرکوك لە نەخشەی عێراق دەسڕینەوە).

* رۆژنامەی واشنتۆن پۆست نووسیوێتی (سەرۆك وەزیرانی عێراق نووری مالیکی بەرگری لە یەکێتیی عێراق و ناسنامە عەرەبییەکەی دەکات و حکومەتێکی مەرکەزیی بەهێزی لە بەغدا دەوێت، هەروەها داوای گۆڕانکاری لە دەستووردا دەکات کە وەك (قەڵایەکە)ی کوردەکانە و ئەو بەڵگەنامەیە بۆ بوێری نواندن بەرانبەر بەغدا بەکار دێنن.. لەلایەکیترەوە مەحموود عوسمان ئەندامی پەرلەمان لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان رایگەیاند، زۆر دەوڵەتی جیهان داوا لە کورد دەکەن واز لە مادەی١٤٠ی تایبەت بەناوچە جێناکۆکەکان و لەپێشیانەوە کەرکوك بێنێت، عوسمان پەژارەی خۆی دەربڕی لەبەرئەوەی ئەمەریکا و بەریتانیا و دەوڵەتانی عەرەبی و تورکیا و نەتەوە یەکگرتووەکان داوا لە کورد دەکەن، واز لەو مادەیە وەك باشترین چارەسەری دیموکراسییانە بۆ ئەو کێشەیەی ئێستا، بێنێت. بەڵام دەستهەڵگرتن لە کەرکوك کێشەیەکی گەورەتر دەخولقێنێت، لەبەر نەبوونی هیچ چارەسەرێکیتر.

* له ٢٥ی تەمموز فراوانترین پرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراسییانە لە مێژووی کوردستان بەڕێوە چوو، کە ٨٠٪ی دەنگدەران بەشدارییان تێدا کرد، لە ناوەندی چاودێریکردنێکی ناوخۆیی و عێراقی و عەرەبی و جیهانیدا لەڕێی چاودێرانی نێودەوڵەتی و ناوخۆیی و پەیامنێرانی رۆژنامەکان و نوێنەرانی کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکان و سەرکردەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان نەك هیچیتر، ئەنجامەکەیش بەدەستهێنانی ئەم یان ئەو رێژەی دەنگەکانی گەلی کوردستان بوو بەپێکهاتە جیاوازە نەتەوەیی و سیاسییەکانیەوە لەلایەن لیست و کەسایەتییە کاندیدەکان بۆ سەرۆکایەتیی هەرێم. کاری من لێرەدا لایەنداریکردن نیە بۆ ئەم یان ئەو لایەن لە سەربەنگەلی سیاسیی دیاریکراوەوە، بەڵگو گرنگ بەلامەوە ئەنجامدانی هەڵبژاردنەکان و تێپەڕینیانە بە ئاشتی و بێوەی و براوەیش لێرەدا تەنیا گەلی کوردستانە، سەرباری بوونی قسە و قسەڵۆك و لێکدانەوە لەبارەی کۆمەڵێك شت، لەپێشیانەوە مەسەلەی (ساختەکردن). پرۆسەی ساختەکردن لە هەر کات و شوێنێکدا شاردنەوەی راستی تێدایە لە خەڵك لە هەڵبژاردنەکاندا، بەتایبەت بەشێوەیەك ببێتە مایەی ساختەکردنی ئیرادەی دەنگدەران. ساختەکردن کارێکی ئابڕووبەر و لە هەمان کاتدا قیزەونە، بەتایبەت لە کوردستان، ئەگەر رووی دابێت بابەتەکە بۆ بڕیاری کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان بەجێ هێڵراوە. کوردستان و گەلەکەی بەدرێژایی مێژوو بەدەست ساختەکردنەوە ناڵاندویەتی، ساختەکردنی جوگرافیاکەی و ناسنامە نەتەوەییەکەی و دوایینیشیان ساختەکردنی واقیعی نەتەوەیی دیمۆگرافی بوو لە کوردستان لەسەر دەستی گەورەترین ساختەکار لە مێژوودا کە (سەدام حوسێن) بوو. ساختەکردنی هەڵبژاردنەکان پرۆسەیەکی قیزەونە جا هە لایەنێك تێوەی گلابێت و لە هەر کات و شوێنێکدا بکرێت، ئێمە کورد هەستیارییەکی تایبەتمان بەرانبەری هەیە. بەڵام لە (ئیددیعاکردنی بوونی ساختەکاری) خراپتر و مەترسیدارتر پەنابردنە بۆ دژبەران (الخصوم) و ئەوانەی لە بۆسەدان بۆ کوردستان و

**گەلەکەی و بڵاوکردنەوەی (کەفاو)مان (الغسیل) بەئاشکرا بەناو خەڵکدا، وەك ئەوەی دژبەران و خۆ مەڵاسدەران بەوە بەیەك دەستلێدانی سیحری ببنە برا و دۆستمان و ئاسایش و مافەکانمان پیٚ ببەخشن و خواهیشتانە ناوچە زەوتکراوەکانمان و تەواوی مافەکانمان بۆ بگێڕنەوە.**

**بەڕێزان..**

*** لەدەستدانی سەرکردەی کۆچکردوو بارزانی بۆ شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، ئەنجامێکی نائەخلاقییانەی سیاسەتی ئەمەریکا بوو بەرانبەر کورد، پێش هەموو شت لە سەربەنی بەرژەوەندیی ئەمەریکاوە، کە ئەوە سیاسەتێکی جێگیرە و وەك دەیناسین و وەك پەرلەمانتاری موخەزرەمی هاوپەیمانیی کوردستان سیاسەتمەدار مەحموود عوسمانیش ئاشکرای کرد، ناگۆڕێت.**

*** بەدڵنیاییەوە بردنەوە و دۆڕان دوو رووی دراوێکن وەك ژنە سەرکردەی کۆچکردووی هیندی (ئەندێرا گاندی) وەسفی کرد، ئەو ناوجەرگەی راستی پێکابوو کاتێك وتی: "لە هەردوو بارەکاندا سەرکەوتن بەشی هیندە".**

*** سڕینەوەی کەرکوك لەسەر نەخشەی عێراق ئەگەر بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان راست بێت یان تەنیا لاف و گەزاف، هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێت، چونکە نیازەکە لەڕێی کارەکانی دەوڵەتی عێراقەوە لە دامەزراندنیەوە لە بیستەکانی سەدەی رابردوودا هەر هەبووە و هێشتایش ئەو سیاسەتە لەناو مێشك و سەربەن و وێناکانی خاوەنانی (دەوڵەتی عێراقی یەکگرتوو و یەك)دا نیشتەجێیە، وەك ئەوەی لابردنی زەوتکردن لەسەر ناوچە زەوتکراوەکان ناپاکی بێت لە دروشمی یەکێتیی عەرەبی (لە کەنداوی راپەڕیوەوە و بۆ ئۆقیانووسی بەنرکە و ناڵە) و گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ خاوەنەکەی، ببێتە بەربەست لەبەردەم ئەو پرۆژە گەورەیەی یەکگرتن.**

* هەرچی سەرنجەکانمە بۆ لیستی براوە،ئەو دەقەی قورئانی پیرۆزیان بۆ دێنمەوە، کە دەفەرمویٚ: (بِسْمِ اللّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ. عَبَسَ وَتَوَلَّى. أَن جَاءهُ الْأَعْمَى. وَمَا يُدْرِيكَ لَعَلَّهُ يَزَّكَّى .أَوْ يَذَّكَّرُ فَتَنفَعَهُ الذِّكْرَى. أَمَّا مَنِ اسْتَغْنَى. فَأَنتَ لَهُ تَصَدَّى. وَمَا عَلَيْكَ أَلَّا يَزَّكَّى. وَأَمَّا مَن جَاءكَ يَسْعَى. وَهُوَ يَخْشَى. فَأَنتَ عَنْهُ تَلَهَّى) صدق الله العظيم. سەبارەت بەهۆی دابەزینی ئەم ئایەتانە مامۆستا نیزامەدین عەبدولحەمید لە (تەفسیری گوڵشەن)دا دەڵێت: رۆژێکیان پێغەمبەر محەمەد (د. خ) لەگەڵ ژمارەیەك لە گەورەپیاوانی قورەیش، وەك ئەبو جەهل ئیبن هیشام و ئومەیەی کوڕی خەڵەف و وەلیدی کوڕی موغیرە، لە کۆبوونەوەدا بوو بەمەبەستی قایلکردنیان بە هاتنە ناو ئیسلام لەڕێی روونکردنەوەی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆزەوە، لەو کاتەدا (عبدالله ابن مکتوم) کە موسڵمانێکی لەخواترس و خواناس و نابینا بوو، هات و بەپێغەمبەری وت (ئەی پێغەمبەری خوا پێم بڵێ خوا چی بۆ دابەزاندوویت تا فێر ببم؟)، لەبەرئەوەی نابینا بوو نەیدەزانی محەمەد (د. خ) لەناو کۆمەڵێك لە گەورە پیاوانی قورەیشدا وەستاوە، بەڵام پێغەمبەر هیچ گرنگی پێ نەدا و ئاوڕی لیٚ نەدایەوە و رووی مۆن بوو، دوای تەواوبوونی کۆبوونەوەکە، ئەو ئایەتە پیرۆزانەی بۆ دابەزین کە گەلێك مانای کاریگەریان تێدایە و سەرنجی پێغەمبەر محەمەد رادەکێشن بۆ هەڵەی هەڵوێستەکەی لە هەژاری نابینا (عبدالله ابن مکتوم)، کاتێك قسەکردن بۆ پیاوە بەهێزەکانی قورەیشی هەڵبژارد ئەگەرچی ئەو قسەکردنە بەمەبەستی هیدایەتدانیشیان بووە. دوای دابەزینی ئایەتەکان پێغەمبەر زۆر پەشیمان بوویەوە، دوای ئەوە هەرکات بگەیشتایەتە نابینایەکە سڵاوی لێدەکرد و و پێی دەگوت (سڵاو لەو کەسەی خوای گەورە بەهۆی ئەوەوە سەرزەنشتی کردم).

خۆزگە بەرپرسانی وڵاتەکەیشم لە چیرۆکی (عبدالله ابن مکتوم) وانەیەك فێر دەبوون لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ خەڵك و حیکمەتی (پێویستە بەو شێوەیە مامەڵە لەگەڵ خەڵك بکەین کە خوا مامەڵەمان لەگەڵدا دەکات)یان بکردایە بە چرایەك و لەڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئینسانیەوە پەیڕەو بکرایە، بەمەبەستی پاڵفتەکردنی دەروون و خۆ بەزلنەزانین بەرانبەر ئادەمیزادەکانی نەتەوەکەم.

**خوێنەرانی ئازیز..**

چەند لە بەرپرسانی حزبی و حکومیی وڵاتەکەم دەیان و سەدان رەفتاری نابەرپرسانە و ئابڕووبەرانەی کارمەندەکانیان بەرانبەر خەڵکی هەرێم ژماردووە، ئەو

ڕەفتارانەی دەبنە هۆی زیادبوونی ئاپۆرای خەڵكانی بێزار و تووڕە لە ئەزموونە ساواكە و پاڵیان پێوە دەنێت بۆ گەڕان بەدوای جێگرەوەدا، با قەناعەتیشیان بە ڕاستیی ڕێباز و ئاراستەی سیاسییان نەبێت.

هاوڵاتیی بێدەسەڵات ڕۆژانە لە نووسینگەكاندا، هەر لە سەرۆكایەتیی دیوانی حكومەت و سكرتاریەتی ئەنجومەنەكەیان و نووسینگەكانی وەزیرە بەڕێزەكان و فەرمانگەكانی وەزارەتەكانیان، ڕووبەڕووی ڕەفتار و هەڵسوكەوتی ناشارستانی و هەندێ جار دوور لە ئادابی گشتی دەبێتەوە و سەری بە زێدە مەحسووبیەتدا هەڵدەتەقێت، كە وای كردوە كەسی تەكنۆكرات و خاوێن و نیشتمانی خاوەن ڕابردووی خاوێن، بەبێ قەناعەت ملكەچ ببێت و تەنازول بكات تا مامەڵەكەی ڕایی بكرێت، ئەگەر بەخت یاوەری بوو و ئەوراقەكانی نەفەوتان. چیرۆك زۆرن و هاوڵاتی دەتوانێت چەندین ڕۆمان لەبارەی ئەوەی لەم وڵاتەدا ڕوودەدات بنووسێت، لە فێڵ لێكردن و قۆستنەوەی پۆست و بەفیڕۆدانی سامانی نیشتمانی، بەسووك سەیركردنی هاوڵاتی و دانانی چەندین بەربەست و سكرتێرە و سكرتێر و بەڕێوەبەرانی تایبەتی نووسینگەكان و تەنانەت وەڵامنەدانەوەی بانگكردنەكان تەنیا بۆ هەندێ ژمارەی دیاریكراو نەبێت لە كەسانی بەبەخت، مەكرەمەیش بەسەر هەندێ كەسی بەنازدا دەبەخشرێنەوە كە یەك دڵۆپ ئارەقیان نەڕشتووە، چ جای قوربانیدان بە یەك دینار لەپێناو نیشتماندا، ئەمە جگە لە دووركەوتنەوەیان بەدرێژایی ساڵانی حوكمی فاشی لە پرسی نەتەوەكەیان، هەروەها بوون و گەشەی چەندین تاقم لە دەستوپێوەندی مشەخۆر كە هیچ كاریان نیە جگە لە زیانگەیاندن، بەمەبەست یان بەبێ مەبەست، بە ئەزموونی كوردستان و ڕەمزەكان لە سەركردە و بەرپرسانی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی كوردستان (ئەمەیش مشتێكە لە خەرمانێك).

هەموو ئەمانە و هیتریش بوونە مایەی سستی هاوڵاتیانی کورد لە کۆبوونەوە لەدەوری ئەو لیستەی هەژدە ساڵە کاروباریانی بەدەستە، لەکاتێکدا سەرکرەکانی مێژوو شایەتیان بۆ دەدات کە لە ڕۆژانی مەینەتی و کارەسات و نەهامەتییەکان و ڕشتنی خوێنی خەڵکی کوردستان و پێکەوەسووتاندنی تەڕ و وشك لەلایەن حکومەتی فاشیستەکانەوە، سەرکردایەتیی کاروانی گەلەکەمانیان کردوە. بەلێزانینێکی تەواو و قارەمانییەکی دەگمەن و کەم وێنە لەناو وڵاتانی جیهانی سێیەمدا سەرکردایەتییان کرد. بەڵام وەك پەندەکە دەڵێت (دەسەڵات و پارە) ویژدان تێکدەدەن، ڕاستییەکان دەشێوێنن و وا دەکەن حاکم و بەرپرس زۆر گوێ لەوانە بگرن ڕاستییەکانیان لێ دەشارنەوە، کە ئەوانە لە بنەڕەتدا خۆرەی گەندەڵین، کە دەکرێت ئەزموونەکە تووشی هەرەس بکات و وا لە نەیاران بکات لە هەموو بارەکاندا ئەوان توانایان زیاتر بێت بۆ کارکردنە سەر خەڵك و ڕاکێشانیان بۆ ناو ڕیزەکانی خۆیان، ئەوانەیش سوودمەندی یەکەمن لەوە لەبەرئەوەی وەك ئیسحان نەراغی لە گفتوگۆکانی لەگەڵ شای پێشووی ئێران لەنێوان ساڵانی ١٩٧٧-١٩٧٨دا وتی (چەندە شوێنەکە فاسید بێت، ئەرکەکەیان ئاسانتر دەبێت)، کە ئەو گفتوگۆیانە لە دووتوێی کتێبێکدا کۆکراونەتەوە بەناونیشانی (لە کۆشکی شاوە بۆ زیندانەکانی شۆڕش)، خۆزگە هەرکەس لە سیاسی و سەرکردەکان کە کار بۆ بنیاتنانی نیشتمانەکەیان دەکەن، بەوردی بیخوێندایەتەوە و سوودی لە حیکمەتی ئەو گفتوگۆیانە وەربگرتایە.

**بەڕێزان داواکراو ئەمەیە..**

مادام کوردستان براوەیە، پێویستە ئێوەیش چاو لە کۆچکردوو ئەندێرا گاندی بکەن کە ڕۆژێکیان وتی (گرنگ ئەوەیە هیندییەکان حوکمی هیند دەکەن)، پێکهێنانی حکومەتێکی یەکێتیی نیشتمانی لە خاوەن لیستە بنچینەیی و سەرەکییەکان، بەچاوپۆشین لە ژمارەی ئەو دەنگانەی لە پرۆسەی هەڵبژاردنی دیموکراسیدا

بەدەستیان هێناوە، تاکە گەرەنتییە بۆ یەکێتی و هێزی کوردستان لەبەردەم دۆست و دوژمنان لەم بارودۆخە چارەنووسسازەدا، کە دەکرێت لە سایەیدا بنچینەکانی قەوارە سیاسییەکە و گێڕانەوەی ناوچە زەوتکراوەکان لەڕێی دەستگرتن بە دەستوور و بە تێکۆشانی میللیی یەکگرتووەوە جێگیر بکرێن، تا کەس لە رووی دەست بەسینگدا هێنان و تۆڵەکردنەوە بە رێگەی رۆژهەڵاتی بەرەو پەنابردن بۆ ئامێزی دژبەران، کە ئاواتی خێر بۆ کورد ناخوازن، نەخزێت. رۆژگار سەلماندویەتی ئەمەریکا و دەوڵەتانی دیموکراسیی خۆرئاوا و لەگەڵیاندا نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی دراوسیٚ، چ جای هێز و  سیاسەتمەدارە عەرەبە عێراقییەکان، هەمیشە داوا لە کورد دەکەن تەنازول و سازش بکات لەپێناو خزمەتکردنی پرۆژە و ئامانج و بەرژەوەندییە ئابووری و سیاسییەکانیان، هەروەها (نائەخلاقیبوون لە سیاسەتدا) ئەو پرنسیپەیە بەو پێیە بچووکی تێدا دەکرێتە قوربانی لەپێناو رازیکردنی گەورەدا، کە لەمێژە ئێمە قوربانیی ئەوە بووین. بۆ ئەوەی رۆژێك ناچار نەبین داوای لێبوردن لە گەلی کوردستان بکەین لەو هەڵانەی لەڕووی تۆڵەکردنەوەی سیاسیەوە کراون، لەباتی ئەوەی لە ئایندەدا داوای لێبوردن بکەن ئێستا ئەقڵ و ویژدانتان بکەن بە دادوەر و هەمیشە ئەوەتان لەبیر بێت داواکراو ئەوەیە هەمیشە کوردستان و گەلەکەی سەرکەوتوو بن، ئەمە ئومێدی من و لەگەڵمدا رۆڵە بەشەرەف و دڵسۆز بۆ پرسەکانی گەلەکەیان و ئەوانەیە، باوەڕیان بەوە هێناوە بەرژەوەندیی باڵای کوردستان بخرێتە سەروو هەر بەرژەوەندییەکیتر. خوایە من گەیاندم و تۆ شایەتبە.

## لەبارەی پێویستی بەدامەزراندنی نەریتی جەدەل و گفتوگۆ

## لە رۆژنامەگەریی کوردستاندا

لەبەر باوەڕی بەهێزم بە ئاینده، رقم لە بەکارهێنانی وشەی گەڕانەوەیە

هەروەها ئەگەرچی من لە زۆربەی نووسینەکانم زۆر ئاوڕ لە دواوە دەدەمەوە و خوێندنەوە و لێکۆڵینەوە و تێڕامان لە رەوتی مێژوو و رووداوەکانیدا دەکەم، بەڵام ئەوە بەپێی دیدگەیەك ناکەم کە بەدەوری رابردوودا بخولێتەوە، بەڵکو بەگوێرەی میتۆدێك دەیکەم کە جیاکاری بکات لەنێوان ئەو ئەزموونانەی رابردوو کە دەکرێت بەردەوام بن و بەشداری لە دامەزراندنی ئایندەیەکی ئاسایشتر و جوانتردا بکات، لەگەڵ ئایندەیەك هەر لە بەر خۆی چاوی لێ بکرێت و بەسەریدا دابخرێیت. لەبەرئەوە کاتێك هەگبەکەم دەکەمەوە و هەندێ لە پەڕەکانی دەردێنم، رابردووگەرا نابم، بەڵکو لەبەرئەوەیە زۆر لە رووداوەکانی ئەم ساتە ئەوە دەخوازن.

ئەو مشتومڕەیش ئەمڕۆ رۆژنامەگەریی کوردی بەخۆیەوە دەبینێت و زمانی شەقام بەسەریدا زاڵە و دابەزینێکی بێ پێشینە لە گوتاری میدیایی تێدا تۆمار دەکرێت، کە بەکەسیکردنی دیالۆگ و زیادەڕەویکردنە سەر ئەویتردا خۆ دەنوێنێت لە چوارچێوەی جەدەلێکدا، کە هیچ حەرامکراوێکی تێدا نامێنێت و خستنە ژێر پێلەقە

ڕەوا و غەدرکردن و خەنجەرلێدان لەپشتەوە ڕێپێدراوە، لەبەرانبەر ئەوەدا خۆم بە ناچار دەبینم یادی چەند ساتێکی شەرەفمەندانەی هەندێ دیالۆگی پرشنگدار بکەمەوە، کە ڕۆژنامەگەریی عێراقی و کوردستانی ناوبەناو بەخۆیانەوە دەبینی و ئەو نەریتە بەرزانەی ئەو دیالۆگانە دایانڕشتن. ڕەنگە نەوە نوێیەکان لە ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکاران ئاگەداری ئەو ئەزموون و دیالۆگ و مشتومڕانە نەبن و بەو بەرامەی سەنگینی و ڕاستگۆیی و شەرەف پیشەیی و ئینسانییە ئاشنا نەبن کە لێیانەوە دەهات، لەکاتێکدا ئەو گفتوگۆ و مشتومڕانە لەنێوان هەندێ لایەندا بوون، کۆمەڵێك دژیەکی و بەرژەوەندی بەسەریاندا زاڵ بوون،

کە لەکاتی خۆیاندا تا ڕادەیەکی زۆر گرێکوێرە بوون.

ڕۆژنامەگەریی عێراقی بەهەردوو بەشی کوردی و عەرەبییەوە، کۆمەڵێك مشتومڕی ڕۆژنامەوانییان بەخۆوە بینی لەوپەڕی جوانی و تەواویدا لەڕووی شێوز و داڕشتنی زمانەوانی و جددیبوون لە گفتوگۆدا، بەشێوەیەك زۆربەی ئەو مشتومڕە ڕۆژنامەوانییانە بە سەنگینی لە نووسین و دیسپلین لە کاردانەوەدا جیا دەکرانەوە، چەند جارێك ڕووی دا گرژی و دزەتێکردنی هەرزانیان تێکەوت، کە هەمیشە لەو هێز و لایەنانەوە بوو هەستیان بە دەستەپاچەیی و بەڵگەلاوازی لەبەرانبەر ئەویتر و بە بێتوانایی لە هاوئاهەنگبوون لەگەڵ خواستەکانی گۆڕانکاریدا دەکرد، ئەوانە لە تاریکایی مێژوودا لە بەشی دواوەی شانۆکەیدا و لە کەناری بەجێهێشتندا دەوەستن، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا دەستیان بەلای خواری سنوورەکانی نەریت و ئەدەب لە مشتومڕ و گفتوگۆ لە زمان و گوتاردا دەگرت.

ساڵی ١٩٦٠ ڕۆژنامەگەری لە عێراق لاپەڕەیەکی نایاب لە ئەدەبی گفتوگۆی تۆمار کرد، گفتوگۆکە مشتومڕ بوو لەنێوان سێ لە گەورە سەرکردە حزبی و ڕۆشنبیرە عێراقییەکان، مامۆستا جەلال تاڵەبانی (پیرۆت) نوێنەرایەتیی چەپی دەکرد لە

بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردیدا، هەردوو خوالیٚخۆشبووان مامۆستا عبدولڕەزاق محیەدین لە رۆشنبیرانی عەرەب و مەسعوود محەمەد (هۆشیار) لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەکانی (الثورة) و (الحریە) و (خەبات)، دەربارەی هەندیٚ پرسی سیاسی کە ئەوکات گەرم بوو: مافەکانی گەلی کورد و رۆڵی رەوتی چەپ لە بزوتنەوەی رزگاریخوازیی کوردیدا. سەرەڕای گەرمیی بابەتەکە، هەرسیٚ مامۆستای گەورە لە ئاستی ئەو پرسانەدا بوون کە لەبارەیانەوە ناکۆك بوون و وانەیەکی بەرزیان لە رێسا و بنەماکانی ئەدەبی گفتوگۆدا پێشکەش بە رۆشنبیران و سیاسییەکان کرد، کە ئێستا بەخۆشەویستییەوە یادی دەکەم  ئەگەرچی من ئەوکاتە قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی بووم، پاشتر ئەو گفتوگۆیانە لە کتێبێکدا کۆکرانەوە بەناونیشانی (لەپێناو مرۆڤدا لە عێراق).

دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە سایەی کەشوهەوای ئازادییە سیاسییە نوێیەکەدا زۆر رۆژنامە و گۆڤار دەرچوون، کە نوێنەرایەتیی ئاراستەی فیکری و سیاسیی جیاوازیان دەکرد، لەو رۆژانەدا ململانیٚ بەتوندی لەنێوان رەوتی چەپی و دیموکراتی عێراقی و رەوتی ناسیونالیستی بەعسی و لەگەڵیاندا کۆنەپەرستانی توندڕەودا بوو، جەدەل و مشتومڕ لاپەڕەکانی رۆژنامەکانی پڕ کردبوو کە لە شوێنی خۆیاندا سەنگەریان گرتبوو.. رۆژنامەکانی (اتحاد الشعب) و (الانسانیە) و (صوت الاحرار) و (خەبات) بە رووە چەپ و دیموکراتەکەی لەلایەك و رۆژنامە و گۆڤارەکانی (الفجر الجدید) و (الثورة) و (الوادی) و (الجمهوریە)ی خاوەن مەیلی شۆڤێنیی راستڕەوی دەمارگیر. سەرنجدانێکی خێرا لە زمانی گفتوگۆکاران جۆری گوتار و سرووشتی ئەو هێزانەی نوێنەرایەتییان دەکات و شێوازی هەریەکیان لە بیرکردنەوە و نووسیندا، ئاشکرا دەکات. لەکاتێکدا زمانی تاقمی یەکەم پلەیەکی بالاٚ لە لۆژیك و بەڵگە و راشکاوی و بەرپرسیارێتی و جوانی و رێزگرتنی راستی تێدابوو، زمانی تاقمی دووەم لە داڕشتنی گوتاری میدیایی خۆیدا، پشتی بەتاودانی هەست و شعوور

و درۆ و دەلەسە هەڵبەستن و بڵاوکردنەوەی  وەهم و ختووکەدانی چینەکانی خوارەوە لە هۆشیاریی کۆمەڵگەیی وەك خێڵەکیبوون، دەبەست، بەڕادەیەك وای لە هەندێ رۆشنبیر کردبوو بە گۆڤاری (الفجر الجدید) بڵێن (الفجر العتیق) (واتە سپێدەی کۆن).

وانەی گرنگ کە بکرێت لەو ئەزموونەی ئەو ساتە وەربگیرێت ئەوەیە، خەبات و اتحاد الشعب و دەستەخوشکەکانیان لە مینبەرەکانی راگەیاندنی دیموکرات و چەپ و ئینسانی، سەرباری سەختی و تۆقاندن و سەرکوتکردن، لە رەوتی خۆیان بەرەو ئایندە بەردەوام بوون، لەکاتێکدا الوادی و الفجر الجدید و گوتاری میدیایی عاتیفییان، چوونە دەرەوەی زاکیرەی مێژوویی بەبێ ئەوەی کەس خەفەتیان بۆ بخوات.

نایابترین و رەنگە درێژترین دەمەتەقێی سیاسی لە تۆماری رۆژنامەگەریی عێراقیدا، کە دەمەتەقێیەکی زیندوو و هێشتا لە یاداوەریی هەمووماندا ماوە، ئەوە بوو لەنێوان رۆژنامەی (التاخی) زمانحاڵی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی مەزنی (ئەیلوول ١٩٦١-١٩٧٥) و رۆژنامەی (الثورة) زمانحاڵی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی و حکومەتی ئەوکاتی عێراقدا بوو، بەدرێژایی ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٤ بەردەوام بوو، دوو ناونیشانی جیاوازیان هەبوو، لە رۆژنامەی التاخی بەناونیشانی (لەپێناو ئاشتی و یەکێتیی نیشتمانیدا، لەپێناو جێبەجێکردنی رێکەوتنامەی ئازاردا) و لە رۆژنامەی (الثورة )یشدا بەناونیشانی (بۆ ئەوەی ئاشتی بپارێزرێت و یەکێتیی نیشتمانی بەهێز ببێت). ئەو مشتومڕە بووبوو بە بابەتی گفتوگۆی شەقام، من بەحوکمی ئەوەی بەڕێوەبەر بووم لە رۆژنامەی التاخی، دەیان پەیوەندیی تەلەفۆنیم پێوە دەکرا تێیدا داوای دانەی ئیزافی رۆژنامەکە دەکرا پاش نەمانی ژمارەکانی لە بازاڕدا، لەکاتێکدا رۆژنامەی التاخی تیراژی رۆژانەی بیست و پێنج هەزار دانە بوو، کە لە رۆژانی مشتومڕەکەدا چاپیتر دەکرایەوە و چەند قات دەبوو.

سەرباری پرسە زۆر هەستیارەکان کە گفتوگۆکە لەدەوریان دەخولایەوە، نە التاخی و نە الثورة لە داڕشتنی گوتاری ڕاگەیاندنیاندا چوارچێوەی گشتیی بابەتیبوون و ئادابی سیاسی و کۆمەڵایەتیی گشتی دەرنەدەچوون، لەکاتێکدا ئەو مشتومڕە لەڕاستیدا جۆرە شەڕێکی ڕاگەیاندن بوو لەنێوان دوو ڕێبازی سیاسی دژ بەیەکدا و لە سەربەنی دوو نەتەوەی جیاوازەوە کە کورد و عەرەب و دوو حزبی ناکۆکەوە بوو، کە پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی بوون. ڕۆژنامەی التاخی لە یەکەمین ئەڵقەی وەڵامدانەوەیدا بۆ ڕۆژنامەی الثورة، لە ژمارە ١١٧٠ لە ٢٣ی تشرینی دووەمی ١٩٧٢ لەژێر ناونیشانی (لەپێناو ئاشتی و یەکێتیی نیشتمانیدا، لەپێناو جێبەجێکردنی ڕێکەوتنامەی ئازاردا) نووسی: "ئێمە دەمانەوێت شتەکان بەنەفەسێکی بابەتییانە و بەشێوازێکی هێمن وەربگرین هاوشێوەی (الثورة)ی دەستەخوشك و دەمانەوێت تێڕوانینی خۆمان بۆ ڕای گشتی ڕوون بکەینەوە، ڕێبەریشمان تەنیا دەستەبەرکردنی ڕاستی و ڕاشکاوی و ڕۆشنییە بۆ گەیشتن بە جێگیرکردنی پایەکانی چارەسەری ئاشتییانە و دیموکراسییانەی دۆزی کورد لە چوارچێوەی کۆماری عێراقدا".

گۆڕەپانی ڕۆژنامەگەریی کوردستان لەو ماوەیەی دواییدا، دیاردەی شۆڕبوونەوەی گوتاری ڕۆژنامەنووسی بەخۆوە دەبینێت بەرەو کەناری نابەرپرسیارێتی و دەرچوون لە میساقی شەرەف و پرنسیپەکانی کاری ڕۆژنامەنووسی، کە بنچینەگەلێکی هاوچەرخانە و پێشکەوتووی بۆ کاری ڕۆژنامەنووسی چەسپاندوە. تێوەگلان لە لێدانی بەئەنقەست و بریندارکردن و هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی ژیانی کەسی و دەستبردن بۆ شتە تایبەتەکان و باقی ئەو بابەتانەیتر، کە قەدەغەبوونیان بەڵگەنەویستە و بۆ هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن شیاو نیە نزیکیان بکەوێتەوە، ناچاری کردین هەڵوەستەی لەئاستدا بکەین، چونکە دیاردەیەکی نوێ و نامۆیە بەنەریتەکانی دیالۆگ و وتوێژکردن، کە پێشەنگان و

مامۆستایانی بەرایی راگەیاندنمان بۆیان بەجیٚ هیٚشتووین، هەروەك لە تۆمار و میٚژووی رۆژنامەگەریی کوردیدا نامۆیە.

رۆژنامەگەری پەیام و پرنسیپ و ئامرازیٚکە بۆ گەیاندنی هەواڵ و را و بۆچوون، واتە گوتاریٚکی گشتییە و ئارستەی خەڵك کراوە، لەبەرئەوە پیٚویستە هەر گوتاریٚك تیٚیدا بلاّو دەبیٚتەوە خۆی بەدوور بگریٚت لە زیانگەیاندن بە چیٚژی گشتی و پابەند بیٚت بە میساقەکانی شەرەفی پیشەییەوە. سەندیکا پاش دیراسەکردنیٚکی تیٚروتەسەلی ئەم دیارە زۆر نەریٚنییە، گەیشتە ئەو قەناعەتەی کە پیٚویست دەکات سەرکۆنەی ئەو دیاردەیە بکریٚت و داوا لە زیانگەیەنەران بکات بوەستن، ئەگینا ناچار دەبین یاسا و پەیرەوی ناوخۆ پیادە بکەین، بەمەبەستی پاریٚزگاریکردن لە نەریتەکانی کاری رۆژنامەنووسی پابەند بەیاسا و میساقی شەرەفی کاری پیشەیی، لەپیٚناو خزمەتکردنی کۆمەڵگەی کوردستانمان و پەیامی رۆژنامەگەریی ئازاد و پاریٚزگاریکردن لە ناوبانگ و شویٚن و پیٚگەی تویٚژی رۆژنامەنووسان کە زۆرن، لەوەی لەبەر رەفتاری چەند کەسیٚکی ژمارە کەم، کە رەنگە مەبەستیان زیانگەیاندن بیٚت، زیانیان پیٚ بگەیەنریٚت و ویٚنەیان بشیٚویٚنریٚت..

ئایا ئەم ئاوڕدانەوە خیٚرایە لە ئەزموونەکانی رۆژنامەگەریی رابردوومان لە مشتومڕ و دیالۆگدا، دەتوانیٚت هەڵگری پەیامیٚك و مەغزایەکی ئایندەیی دیاریکراو بیٚت بۆ هەڤاڵان و دەزگەکانی راگەیاندن ..؟

رەنگە بەکەڵکی ئەوە بیٚت ببیٚتە زەمینەیەك بۆ گەڕان بەدوای نەریتگەلی نویٚدا بۆ گفتوگۆ.. کە ئیٚستا لە هەر کاتیٚکی پیٚشتر زیاتر پیٚویستمان پیٚیەتی..

## ڕۆژنامەگەریی هاندان ( صحافة التحريض ) لە عێراق

## نادیاریی ئاسۆی نیشتمانی و ئینسانی

دەقی توێژینەوەی بەندەیە (نووسەر) لە کارەکانی کۆنگرەی ئیستەنبوڵ ٢٥-٢٠٠٩/٩/٢٦ دەربارەی ڕۆژنامەگەریی هاندان لە عێراق، کە پەیمانگەی ئاشتیی ئەمەریکی ڕێکی خست.

شتێکی سەرنجڕاکێش و تایبەتی دەبێت هاندان لە ڕۆژنامەگەریی عێراق لە هەندێ بواردا کار بکات، کە خزمەت بەئایندەی وڵات ناکات و پاڵ بە خەڵکەوە نانێت بەرەو یەکڕیزی، بۆ بەرگریکردن لە خۆیان و بەرژەوەندی و پێویستییەکانیان.

ئەوە یەکێکە لە موفرەدەکانی ئەزموونی عێراق.

ئەم توێژینەوە خێرایە کار لەسەر پێشکەشکردنی هێڵکارییەکی بەرایی بۆ ڕۆژنامەگەریی هاندان دەکات: بەشی یەکەم پۆلبەندییەکی سەرەتاییە بۆ ڕۆژنامەگەریی هاندان لە عێراق.. بەشی دووەم ئاشکراکردنی هەندێ میکانیزم لەخۆ دەگرێت لەو ڕۆژنامەگەرییەدا.

ڕەنگە شتێکی زیادە بێت ئەوە بڵێین ئەو ڕۆژنامەگەرییە لە ماوەی پتر لە سەدەیەکدا بەستراوە بە بانگەوازکردن بۆ گۆڕانەوە، کە بەزۆری ڕۆژنامەگەریی بەرهەڵستکاری ڕژێمەکانی پێشوو بوون.. کە زۆربەیان تا سەرەتاکانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو خاوەن مۆرکێکی ڕادیکالانەی چەپ و شۆڕشگێڕانە و پێشکەوتنخوازانەیان هەبوو.

بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕادیکالیزمی ئیسلامەوی، گۆڕانکارییەکی ریشەیی تووشی مۆرك و ناسنامە و ڕۆڵی ئەو ڕۆژنامەگەرییە و ئەو بزوتنەوانەی چوونە ژێر باڵی و باڵادەستییان بەسەر چەندین مینبەری میدیایی و ڕۆژنامەگەرییان بوو و ... ڕۆڵێکی نوێ و جیاوازی بۆ دیاری کردن.

ئەزموونی ئەو ڕۆژنامەگەرییە لە عێراق ئەزموونی زۆر دەوڵەمەندی تێدایە، کە لەم توێژینەوە خێرایەدا هەوڵ دەدەین لەڕووی مەبدەئییەوە دەستنیشانیان بکەین..

## شۆکی گۆڕانکاری

گۆڕانکاری بەشێوازی ئەو شۆکەی ئیدارەی ئەمەریکی پیادەی کرد لە عێراق و کۆمەڵگەی عێراقی، کە لەژێر چەپۆکی ڕژێمێکی دیکتاتۆری تاکرەودا دەژیا هاوشێوەی ڕەنگە لە تەواوی مێژووی مرۆڤایەتیدا نیە، گواستەوە بۆ ئاسۆی ئازادییەکی بێسنوور و بزربوونی دامەزراوەکانی دەوڵەت لە کۆمەڵگەیەکدا دەوڵەت بوون و کاریگەری و ڕا و هەژموونی بەسەر وردترین وردەکارییەکانی ژیانیەوە هەبووە، وێنەکانی سەرۆکی ڕژێم ڕووکارەکانی شەقامەکانی لە شارەکان و دیواری ژوورەکانی ماڵەکانی پڕ کردبوو وەك خواوەندێکی شەڕخواز زیاتر لێی دەترسان تا ئەوەی خۆشیان بوێت، بەکورتی دەسەڵات وەك گەردەکانی هەوا لە هەموو شوێن بڵاو دەبوویەوە.

ئەو بۆشاییەی لە بزربوونی دامەزراوەکانی دەوڵەت کەوتەوە، بەتایبەت ئەوەی پەیوەندی بەئاسایشەوە هەبوو، حاڵەتێکی پاشاگەردانی (فەوزا) بوو.. هەموو ئەو هێز و هزر و ئارەزووانەی بەپەنامەکی لەژێر زەویدا گینگڵیان دەخوارد و بڵاو دەبوونەوە، لەپڕ کەوتنە سەر روو.. ئاوێتەیەکی سەیر و ترسێنەر لە گرووپ و هزر و کولتوور لەپڕ لە شەقامەکانی شارەکاندا سەریان هەڵدا و کاڵاکانیان لەسەر شۆستەکان بڵاو کردەوە.. تۆ لەسەر هەمان شۆستە تلیاکفرۆشان و گۆڤار و فیلمی سێکسی فرۆشان و دەلاڵانی جیهانی نزمت دەبینی، لەپاڵ کتێبە هەڵچنراوە ئاینییەکاندا، کە لە نزیکیانەوە پێڕ پێڕی گەنجانی خاوەن دیمەنی نامۆ بە ریشی درێژ و دزداشەی کورتیانەوە کۆ دەبنەوە، کە وشکی و دڵڕەقیی بیابان بە روومەتیانەوە دیارە.

لافیتەکان.. کۆمەڵێك لافیتە رووبەرێکی بەرفراوانی فەزای شارەکانیان داگیر کردوە.. لافیتەی ئەمپەڕی راست بۆ ئەوپەڕی چەپ، هەندێکیان بە بیرکردنەوەی شاز و شۆکهێنەریان، تێیان پەڕاندوە بۆ ئەودیو راست و چەپ.. زۆر لەو لافیتانە بۆمبڕێژ بوون، بانگەوازی راشکاویان تێدا بوو بۆ کوشتن و پاکتاوکردنی ئەوانیتر، لەسەر شانۆکانی ژیانی گشتیش مێزەرەکان کەوتنە دەرکەوتن، مێزەرەکان کە لە سییەکانی سەدەی رابردووەوە دیار نەمان، لەوکاتەوە خوالێخۆشبوو صدیقە الملایە گۆرانییە ناسراوەکەی "لفندی" چڕی.

ئەو قسە و باس و مقۆمقۆیانەی لەناو خەڵکدا دەکران، ترس و دڵەلەرزەیەکی گەورەتریان تێدا بوو..

بەکورتی، گۆڕانکارییەکە دەرگایەك لە دەرگەکانی جەهەننەمی بەڕووی وڵاتدا کردەوە.. لەم کەشوهەوا بارگاوی و ژەهراوی و پیسبووەدا، بەهاندان و پارەدارکردنی

راستەوخۆی دەسەڵاتدارانی داگیرکەر سەدان رۆژنامەی روو رەش و بۆگەن دەرچوون، کە ئاڵۆزیی دیمەنەکەیان زیاتر کرد و هەرەسهێنانی ئەو پێکەوەژیانە فشۆڵەی لە مانگە بەراییەکانی پاش گۆڕاندا لە وڵاتدا باڵی کێشا، خێرا کرد. لەسەر دیواری قوتابخانە و فەرمانگەکان نووسینی زفتی و کرچ و کاڵ و ناقۆڵا بڵاو بوونەوە، کە هەڕەشەی سەرپەڕاندنیان دەکرد و داوایان لە هەمووان دەکرد پێش لە بەجێهێشتنیماڵەکانیان دەست بەملیانەوە بگرن.

## رۆژنامەگەرییەکی نوێ

رۆژنامەکانی رژێمی بەسەرچوو دیار نەمان، بەڵام رۆژنامەکانی ئۆپۆزسیۆن لە دەرچوون بەردەوام بوون، (البینە)، (المؤتمر)، (طریق الشعب) و زۆریتر کە لە دەرەوە دەردەچوون، زۆربەیان بەلای کۆمەڵگەی عێراقیەوە بەتەواوەتی نەناسراو بوون. ئەو رۆژنامانە، هەندێ هەڵوێردراوی کەمیان لێ دەربچێت، ململانێ و رقەکانیان گواستەوە بۆ ناوەوە و ئەو رۆژنامانە دەستیان کرد بە هەڵمەتی جۆشدان و هەڵنان بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر گەورەترین رووبەری مومکین لە خوێندنەوە و گرنگی پێدان لەلایەن جەماوەرەوە. ئەوە شەپۆلی یەکەم بوو. شەپۆلی دووەمی رۆژنامەکان ماوەیەکی کورت دوای ئەوە پەیدا بوون. ئەو رۆژنامانە گوزارەیان لە دەنگی بەرهەڵستیکردنی نوێ دژ پرۆژەی ئەمەریکی لە عێراق دەکرد.. بەستەیەك رۆژنامەی بەعسی بەناونیشانی نوێ. هەندێ رۆژنامەیتر گوزارەیان لە بەرژەوەندی و دیدگەی هەندێ توێژی ئاینی و مەزەبی دەکرد، کە زۆربەیان لایەنی نێودەوڵەتیی دەرەکی پارەداریان دەکردن و خزمەتی پرۆژە تایبەتەکەی خۆیان و نەیار بە پرۆژەی ئەمەریکی لە عێراقیان دەکرد (الاتجاه الاخر، البصائر بۆ نموونە) ئەو رۆژنامە دەنگ دلێرانە وزەیان لە لاوازی یان بزریی دەسەڵاتی دەوڵەت و باڵادەستیی حزب و بارستە و میلیشیاکان بەشەر چالاکییە رۆژانە جۆراوجۆرەکانی ژیان وەردەگرت.

## دژی گۆڕانکاری

له ناوەڕاستی ساڵی (٢٠٠٤)ەوە رۆژنامەگەریی ئەوەی پێی دەوترێت بەرەنگاری یان جیهاد، بەسەر دیمەنی رۆژنامەگەریی هەڵنان لە عێراقدا زاڵ بوو، دەکرێت وێنەی دیمەنەکە بەم شێوەیە بکێشرێت:

١- رۆژنامەگەرییەك لەگەڵ داگیرکردندا هات و هەڵگری پرۆژە تایفییەکەیەتی، کە خۆی لە بەرگی نیشتمانیدا پیشان دەدات بەڵام رۆڵێکی جۆشدەرانە (تعبوی) دەبینێت، هەوڵ دەدات رۆڵەکانی تایفەکەی خڕ بکاتەوە لەڕێی وروژاندنی هەستکردن بەترس لەویتری نیشتمانی و ئینسانی، زۆربەی جاریش سیمبوڵە ئاینییەکان بۆ بەدیهێنانی ئەو مەرامە بەکار دێنێت. ئەم رۆژنامەگەرییە شانبەشانی پەرەسەندن و ململانێ سیاسییەکان پەرەی سەند و فرە و هەمەجۆر بوو، کە رۆژنامەگەرییەکە خەڵك هەڵدەنێت بۆ بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی تایفەیەکی دیاریکراو و خزمەتی پرۆژەکەی بۆ باڵادەستی بەسەر تواناکانی وڵاتدا دەکات.. بۆ نموونە (البينه).

٢- رۆژنامەگەریی ئەوەی پێی دەوترێت (بەرەنگاری و جیهاد)، کە رۆژنامەگەرییەکە بەمرەکەبێك لە دووکەڵ و خوێن و فیشەك نووسراوە، هاوپەیمانییەك لەنێوان پاشماوەکانی بەعس و گرووپەکانی قاعیدەدا، کە زەمینەیان لە هەندێ ناوچەی عێراقدا پەیدا کردوە.. ئەم رۆژنامەگەرییە بەدەنگێکی بەرز و راشکاو دەنووسێت و هەڵدەنێت، بۆ نموونە (الاتجاه الاخر).

٣- رۆژنامەگەرییەکی هاندان گرنگی بەشێواندنی هەر شتێك دەدات پەیوەندی بەویتری نەتەوەییەوە هەبێت، ئەوەیش بەزۆری رۆژنامەگەرییەکە لافی گوتاری نیشتمانی لێدەدات، بەڵام تێگەیشتنێك بۆ نیشتمان بەکار دێنێت زیاتر لە تێگەیشتنی بەعسییەوە نزیکە.. واتە نیشتمان کاتێك ملکەچی یەك سەرۆك و یەك حزب بێت و

وەلامگۆی پێویستییەکانی پرۆژەی ناسیونالیستیی عەرەبی بێت، زۆربەیان دژایەتیی فیدراڵیزم و بنیاتنانی عێراقێکی نوێ لەسەر بنچینەیەکی دیموکراسیانە و فرەیی و فیدراڵی دەکەن، ئەوانە لە پارێزگەکانی مووسڵ و کەرکوك و دیالە دەردەچن، بۆ نموونە رۆژنامەی (عراقیون) و (العربی).

٤- رۆژنامەگەریی چەپ.. المدی، طریق الشعب، کە سەرەڕای پێشکەوتنی لە تەکنیکە پیشەییەکان و ئاستی بەرزی گوتارە میدیاییەکەی لەڕووی رۆشنبیری و ئەقڵییەوە و... سەرباری نەزعەی نیشتمانییانە کە زۆر روونە تێیدا، بەلام هەر بە گوتاری دەستەبژێرەکان دەمێنێتەوە، گوتاری هاندانی ئەم رۆژنامەگەرییە بەئاراستەی ئاشکرا و ریسواکردنی ئەو فۆرمانەن ئیرهاب و گەندەڵی خۆیانیان پێ رەنگ دەکەن یان دەیانپۆشن، هەروەها کێشەی لادان لە رێگەی پێشکەوتن. هەندێ رۆژنامە و گۆڤاریتریش لەپاڵ رۆژنامەکانی چەپدا هەن لەڕووی ناوەرۆکی دیموکراسییان و بانگەوازکردن بۆ یەکێتیی ئارەزوومەندانە لەنێوان کورد و عەرەب دەکەن لەسەر بناغەی فیدراڵیزم، لە ریزی رۆژنامە چەپەکاندا دەوەستن.

٥- رۆژنامەگەریی رەسمی و نیمچە رەسمی.. بۆ نموونە رۆژنامەی (الصباح).. کێشەکەی ئەحمەد عەبدولحوسێن کە سەرنجێکی لەسەر هەڵمەتی هەڵکوتانە سەر بانکی (الزویه) نووسی و ئەو هەڕەشانەی رۆژنامەکە دووچاریان بوو و ئەو چارەنووسەی هەڤاڵی رۆژنامەنووسی پێ گەیشت، رادەی فشۆڵی و لاوازیی ئەو رۆژنامەگەرییە و بێتوانایی لە ئاراستەکردنی رەخنە و پەردە هەڵماڵین و تەنانەت کۆمێنتدان و نووسینی را لەسەر بابەتەکانی مەترسیدارترین شێوەکانی ئیرهاب و گەندەڵی، دەردەخات.

بەشێوەیەکی گشتی رۆژنامەگەریی هاندان لە عێراق بەگوتارێکی تایفی، ناوچەیی، نەتەوەیی دەمارگیر جیا دەکرێتەوە، کە ئاسۆی سنووری

بەرژەوەندییەکانی بارستە و حزبە باڵادەستەکان، یان پرۆژەکانی ئەوەی پێی دەوترێت (بەرەنگاریی جیهادی)ی تەنگەبەرتر و داخراوتر، تێناپەڕێنێت. گوتارێکیش بەم مەرجانە پێویستە ئاستێکی بەرز لە توندوتیژی و هەڵنانی تێدا بێت، کە بەزۆری دەگاتە رادەی راگەیاندنی جەنگ و پشت بە تاودانی هەستی سەرەتایی خەڵك و وروژاندنی حەماسەت و دواندنی سۆز و ختووکەدانی چینە نزمەکانی هۆش لای تاکەکانی کۆمەڵگە دەبەستێت، لەوەیشدا سیمبوڵە ئاینی و میتۆلۆژیاکان و یۆتۆپیا میللییەکان و خەیاڵگەی ئاینی و ئەندازەیەکی زۆر لە وەهم تەوزیف دەکات، گوتارێك سەرەنجام سەردەکێشێت بۆ زاڵکردنی مۆرکی تایفییانە بەسەر کۆمەڵگەی عێراقیدا، لەوەیشدا ساتێکی هەستکردنی مرۆڤی عێراقی بە لاوازی و فەوتان دەقۆزێتەوە لەئەنجامی شۆکی گۆڕانە دراماتیکییە خێراکەدا، کە ئەگەر بەشێوەیەکی کاتیش بێت هاوسەنگی لەدەست دا. ئەگەر نەکرێت تایفەیەك یان بارستەیەکی سیاسیی دیاریکراو بەیەك تەکان وڵاتەکە قووت بدات، چی رێگرە لەوەی پەلوپۆکانی لەتوپەت بکات تا دابەشکردنی بەسەر ئەو تایفانەدا ئاسان ببێت و قووتدانی ئاسان و مومکین بێت.

ئەوە گوتارێکی دواکەتووە، کە پاشەکشەیەکی گەورەیە لە گوتاری میدیایی نەتەوەیی، ئەوەی بۆ نموونە لە رۆژنامەگەریی هەرێمی کوردستاندا بەرجەستە بووە، کە بەسەر جیهاندا کراوەتەوە و پرۆژەکەی بۆ دواوە رادەکێشرێت، سەرجەم بێئومێدی و هەڵە و گەمژەییە مێژووییەکان کە هێز و سەرکردەکانی پێشووی عیراق ئەنجامیان دا بەئایندەوە هەڵدەواسرێت، کە هەوڵ دەدات ئایندەی لە مافی بوون بێبەش بکرێت.

### میکانیزمی کارکردنی رۆژنامەگەریی هاندان لە عێراق

رۆژنامەگەریی هاندان لە عێراق، لە باشترین دۆخیدا، لەوە تێناپەڕێت رووخساری نەرم و رەسمیی پرۆسەیەکی لێنان (طبخ)ی گەورەیە، کە ئامانجی ئامادەکردنی کۆمەڵگەی عێراقییە بۆ قبووڵکردنی ئەوەی ئێستا پێی دەوترێت واقیعی نوێ بە شێوە

و ڕەنگە تایفییەکەیەوە، کە بەردەوامیی زاڵبوون و باڵادەستی بەسەر تواناکانی وڵاتدا بۆ حزب و بارستە ئاینییەکان مسۆگەر بکات. ئەوەی لە واقیعدا ڕوودەدات لە دەستگرتن بەسەر وەزارەت و دامەزراوەکانی دەوڵەت و دابەشکردن و گۆڕینیان بۆ جۆرە کانتۆناتێك، کە جگە لەوانەی سەر بە ئەم حزب یان بارستە حسێبن ڕێگە بەکەسیتر نادرێت بچێتە ناویان. کاتێك بنکەی ئەو ڕۆژنامانە، لە حزب و بارستە سیاسییەکان، بەم ڕۆحییەتە تەسکەوە کار دەکەن.. ئایا ئەو ڕۆژنامەگەرییە دەتوانێت چ جۆرە گوتارێك بەرهەم بێنێت؟. هەڵنان لەو ڕۆژنامەگەرییەدا یەك ئەرکی هەیە: بەرگریکردن لە بەرژەوەندییەکانی ئەو بارستەیە و ڕتووشکردنی وێنەی و پاساودانی هەڵوێست و لایەنداریيەکانی لەلایەك و ڕەشکردن و شێواندنی وێنەی ئەویتر. ڕۆژنامەگەرییەکە یەکێك لەو شتانەی بەرهەمی هێناوە، جوگرافیایەکی نوێیە بۆ بازاڕی ڕۆژنامەگەری، کە دەکرێت ببێتە پێشنیشانێك بۆ ئەو پرۆژەیەی دەکرێت ئەو حزبانە بۆ ئایندەی وڵات هەڵگری بن، هەر ڕۆژنامەیەك لە ناوچەی نفووزی خۆیدا دابەش دەکرێت و زۆر جار ڕوودەدات ڕێگە لە ڕۆژنامە ڕکابەرەکان دەگرێت بێنە ئەو ناوچەیە..

ئەمەیە کە لە بەری حزبە حاکم و باڵادەستەکاندا ڕوودەدات.. هەرچی بەرەکەیترە، بەری ئەو حزب و هێزانەی گۆڕان لەناوی بردن، پەنایان بۆ گوتاری ئەوەی پێی دەوترێت جیهاد و بەرەنگاریی ئاشکرا برد، ڕۆژنامەگەری و ڕاگەیاندنی ئەو حزب و بزوتنەوانە بەڕوونی گوزارە لە ئاراستەیان دەکات، کە لەڕێی کردارەکانی کوشتن و تیرۆرکردنەوە هەوڵ دەدەن هەر دەنگێکی جیاواز بخنکێنن تەنانەت ئەگەر لە ڕوانگەی حیکمەت و ژیری و لۆژیك و لە ناو هەمان بارستە یان تایفە یان ناوچەیشەوە بدوێت. ئەم ڕۆژنامەگەرییەکە، پیشەی گوتارەکەی بانگەشەکردنە بۆ ڕق و ڕەتکردنەوەی ئەویتر و ڕقلێبوون و ئەگەر کرا کوشتنی.. جا بۆ ئەوەی ئەم گوتارە بەو هەموو وەهم و درۆ و دەلەسانەی تێیدان قبووڵکردنی ملکەچانە و کوێرانە لەو کۆمەڵگە و ناوچانەی

**روویان تێدەکەن بەدەست بێنن، ڕۆژنامەگەرییەکەی ئیرهاب بەسەر خوێنەرانیەوە مومارەسە دەکات و بەپێی توانا ڕێگە لە گەیشتنی هەر ڕۆژنامەیەك دەگرێت بۆ ناوچەی باڵادەستیی خۆیان و کڕینی ئەو ڕۆژنامەگەرییەی خۆی و هەڵگرتنی بەئاشکرا لە بازاڕ و تێدا نووسینی، بەبەڵگەی خاوێنی لە هەر پەیوەندییەك بەداگیرکەر و نیشانەی لابەندی (ولاو) و پاڵپشتیکردنی خۆیان دادەنێن. ئەوانە روخساری میدیایی کردارەکانی تەقاندنەوە و پاکتاکردن و تیرۆرکردنن و گوتارەکانیان کولتووری مەرگ و ترس و وێرانکاری بەرجەستە دەکات. پاش ئەوانەیش ڕۆژنامەگەرییەکە ئاسۆی نیشتمانی یان ئینسانی تێدا بزرە.**

**بۆ ئەوەی وێنەکەیش بە رادەیەکی زۆر تاریك دەرنەکەوێت، ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا ئاماژەی پیێ دراوە سنوورەکانی حاڵەتەکانی ڕۆژنامەگەریی هاندانە لە عێراق، یان شێوە پەڕگیرەکەی، بەدڵنیاییەوە پلەی مامناوەندیش لە ڕۆژنامەگەریی هاندان هەیە، کە لە چوارچێوەی یەك ئاراستەدا پلەبەندن، بەڵام هەموویان لەناو هەمان ناوچە و لەسەر هەمان ئاسۆ کاردەکەن.**

**فەرهاد عەونی**

**نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان**

**هەولێر ٢٠٠٩/٩/٢٠**

## هاوڕێیان لە کابینەی شەشەم.. بۆ ئێوە لەگەڵ خۆشەویستیدا

ڕۆژنامەی خەبات ژمارە (١٠٥٥) لە ٢٠٠١/١١/٧ بابەتێکی منی بە زمانی عەرەبی لەژێر ناوی (لا أنام حتى ينام دجلة) بڵاو کردەوە بەناونیشانی (ناخەوم تا دیجلە دەخەوێت)، لەبەر زۆر هۆ کە خوێندنەوەی بەپێویست دەبینن، بڕیارمدا وەك خۆی بەتەواوی بڵاوی بکەمەوە..

ئەمساڵ لە دامەزراوەی عەرەبی بۆ توێژینەوە و بڵاوکردنەوە کتێبێکی نوێ بەناونیشانی (سعيد قزاز و دوره في سياسه العراق حتى عام ١٩٥٩) نووسینی (عبدالرحمن البياتي) دەرچوو، مێژوونووس و توێژەری گەورە د. کەمال مەزهەر پێشەکی بۆ کتێبەکە نووسیوە بەناونیشانی (سعيد قزاز امام محكمه التاريخ)، لەلایەکیترەوە ڕۆژنامەی (الزمان)ی لەندەنی مانگی تشرینی یەکەمی ڕابردوو بابەتێکی لە یازدە ئەڵقەدا بڵاو کردەوە بەناونیشانی (لمحات عن سعيد قزاز) نووسینی (زهير كاظم عبود)، کە پشتی بەچەند سەرچاوەیەك بەستبوو، هەروەها بۆ دەوڵەمەندکردنی بابەتەکەی دیمانەی لەگەڵ چەند کەسایەتییەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا کردبوو، کە لەو بابەتە سەرنجڕاکێشانەیە چەند مانگێکە ڕۆژنامەی

**(الزمان) كردويەتی بەنەریت، وەك چەند ئەڵقەیەك لە مێژووی عێراقی هاوچەرخ بڵاویان دەكاتەوە.**

**یەكێك لەو كەسایەتییانەی (زهير كاظم عبود) پشتی پێ بەستوون لە ئامادەكردنی بابەتەكەیدا (لمحات عن سعيد قزاز)، مامۆستا و پارێزەر (عبدالقادر الدبوني) بووە، كە دواین دیداری خۆی لەگەڵ سەعید قەزاز لە شەوی لەسێدارەدانیدا بۆ نووسەر گواستۆتەوە، كە لە حەوشەی زینداندا گفتوگۆیان كردوە و (الدبوني) بەشێكیمان بۆ دەگێڕێتەوە:**

**سەرەڕای خەمە خنكێنەرەكان قسەیەكی قەزاز هاتەوە بیرم، كە شەوی ٢٩ی ئازاری ١٩٥٤ كردی لەوكاتەی بەغدا خراپترین و دواین شەوی خۆی دەژیا، كاتێك مەترسی لافاوی دیجلە هەڕەشەی نوقمبوونی لە بەغدای پایتەخت دەكرد و سەعید قەزاز ئەوكاتە وەزیری ناوخۆ بوو لە حكومەتی (فاضل الجمالي)دا، دوو بژارە هەبوون.. یەكێكیان داوای رزگاركردنی خەڵكەكەی دەكرد لەڕێی چۆڵكردنی لای رەسافە لە دانیشتوانەكەی و شكاندنی بەنداوەكە تا ئاستی رووبارەكە نزم بێتەوە. دووەمیان كە سەختترین بوو لەو ساتەدا و گژبەری و تاقیكردنەوەیەك بوو بۆ سنوور و ئازایەتیی ئیرادەی مرۆڤ.. ئەویش چۆڵنەكردنی رەسافە و بەخەرجدانی ئەوپەڕی كۆشش و خستنەگەڕی سەرجەم توانا مرۆیی و تەكنیكییەكان بوو لەپێناو رزگاركردنی بەغدا، خاوەنی ئەم بۆچوونەی دووەم سەعید قەزاز بوو، كە ئەو رۆژە رستە بەناوبانگەكەی وت: "ناخەوم تا دیجلە دەخەوێت"، كە بوو بە ناونیشان و دروشمێك بۆ هەڵمەتی كۆكردنەوە و كۆششی بەشەری و تەكنیكی بۆ رزگاركردنی پایتەخت لەڕێی بەهێزكردن و پاڵپشتكردنی بەنداوەكان لە هەردوولاوە، تا بەرگەی شەپۆلی بەرزی لافاوە هاتووەكان بگرێت و بەسەلامەتی تێبپەڕێت.**

دەبوونی دەڵێت: کاتێك بۆ دواین جار خواحافیزیم لە سەعید قەزاز کرد ئەو رستەیەم بیر کەوتەوە، پێم وت: "هەر ئەوەت بەسە جێی شانازیت بێت کە تۆ خاوەنی ئەو گوتە نایابەیت (ناخەوم تا دیجلە دەخەوێت)، کە سنووری هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی وەزیفی و نیشتمانی و ئینسانی بەرجەستە کرد و تا هەتایەیش بەرجەستەی دەکات".

دەقەکە تەواو

لێرەدا بابەتەکەی من باسکردنی سیفەتە باشەکانی سەعید قەزاز نیە، کە ٤٢ ساڵە ئۆغری کردوە بۆ دنیاکەیتر، بەڵکو مەبەست یادخستنەوەی وەزیر و بەڕێوەبەرەکانمان و خاوەن پلە وەزیفییە تایبەتەکان و بەڕێوەبەرانی بەشەکان و ئەوانەن (بکە و مەکە)یان لە راییکردنی کاروبار و مامەڵە رۆژانەکانی خەڵکیان بەدەستە، وەك هاوڕێیانی خۆم رووی دەمم دەکەمە ئەوان و پێیان دەڵێم (کێ لە ئێمە ناخەوێت تا لە حاڵی خەڵك دڵنیا دەبێت؟!) کێ لە ئێمە وەزارەت و فەرمانگە و شوێنی کارەکەی بەجێ ناهێڵێت تا کۆتایی بە ناڕەحەتییەکانی (موراجیع)ان دێنێت، کە چەندین کاتژمێری دوور و درێژ لە سەردانی ئەم یان ئەو فەرمانگەدا بەسەر دەبەن لەپێناو تەنیا دەسکەوتنی ئیمزایەك لەسەر ئەوراقی مامەڵەکانیان، کە لەوانەیە تەواوکردنیان چەند رۆژ یان هەفتەیەك بخایەنێت؟! کێ لە ئێمە هەر بەو شێوەیەی مامەڵە لەگەڵ موڵکی شەخسیی خۆی دەکات، مامەڵە لەگەڵ موڵکی حکومەتیشدا دەکات؟!.

خوالێخۆشبوو سەعید قەزاز تا ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ لەسەر کورسی وەزارەتی ناوخۆ دانیشتبوو و بە چەندین پلەی وەزیفیدا سەرکەوت، تێیاندا لێوەشاوەیی پیشەیی و نیشتمانی و ئینسانیی خۆی سەلماند، تا لەڕێی شایستەیی وەزیفی و توانای شەخسییەوە کرا بە وەزیری ناوخۆ.

پەیامی من لێرەدا ئاراستەی د. بەرهەم ساڵح سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، کە ماوەیەکی کورتە سەرۆکایەتیی کابینەی شەشەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانی وەرگرتووە، کە پێکەوە تاڵ و شیرینی لەتەك یەکدل دەژین لە ناوەندی توندبوونی جووڵەی لمی جووڵاو لە دەوروبەری ئەزموونەکەمان، ئەوەیش دەخوازێت شەونخوونی بکرێت لەسەر ئاسوودەیی هاوڵاتی و نزیککەوتنەوە لێی، تا ئەو هەستەی لەلا بێدار بکرێتەوە کە ئەو تاکێکە و سەر بە نیشتمانێکە پێویستی بەوە هەیە، بگرە هەر زۆر پێویستی پێیەتی لەپێناو چەسپاندنی ئەزموونەکەی و توندوتۆڵکردنی لەبەردەم گەردەلوولی پیلانگێڕانی ئیقلیمی و دژی ڤایرۆسەکانی ناوخۆدا، کە وەك خۆرە دەدەنە جەستەی هەرێم و بێئەندازە شێوەی گەندەڵی و بێئومێدی و پەستی و بێزاری بەرهەم دێنن.

دروستکردنی رێگەوبانی نوێ، بەرزبوونەوەی باڵەخانەکانی مۆڵەکان و رووبەریان کە بینەر سەرسام دەکەن، زۆرکردنی ترافیك لایت بۆ رێکخستنی هاتوچۆ و بەئاسان رۆیشتنی ئۆتۆمبێل لە شەقامە قەرەباڵغەکانماندا و دۆزینەوە نوێیەکانی ناوچەکانی نەوتی خاو، هەموو رۆڵیان لە هێنانەکایەی ئابوورییەکی تۆکمەدا دەبێت، بەڵام وەك نووسەرێك لەکاتی خۆماڵیکردنی نەوتی عێراقدا رۆژێکیان لە رۆژنامەی (التاخی) تەمموزی ١٩٧١دا نووسی: "خۆماڵیکردن وێڕای ئەوەی نایابە لە رزگارکردنی ئابووریی نیشتمانیماندا، بەڵام کەڵکی چییە ئەگەر هاوڵاتیی عێراقی هەست بە شانازی نەکات کاتێك بەدڵنیایی بخەوێت، بەدڵنیایی بخوات و بەدڵنیایی بیر بکاتەوە".

لەم سەردەمەماندا هاوڵاتیی جوانیی هەندێ دەسکەوت دەبینێت کە چاو سەرسام دەکەن، بەڵام هەست بەتێکشکان دەکات کاتێك لە رەوتی ژیانی رۆژانەیدا هەندێ شتی سەیر و سەمەرە دەبینێت کە لەوانەیە کەرامەتی بڕووشێنن، وەك ئەو کۆسپانەی

لەكاتی موراجەعەكردنی فەرمانگەكانی دەوڵەتدا دێنە رێگەی، زۆربەی جار شێوەی جۆراوجۆری بیرۆكراسییەتی بێنرخ و دواكەوتوو و نەزانانە و گەمژانە، كە فەرمانگەكانی دەوڵەت لێوانلێون لێیان، هەر لە پرسگەوە دەست پێدەكات، تا بە وەستانی لەبەردەم مێزی فەرمانبەری پەیوەندداردا كۆتایی دێت، كە بە روانینێكی دۆستانە تەماشای ئەو هاوڵاتییە ناكات لەبەردەمیدا وەستاوە. جا لەبەرئەوەی دۆڕاو لاسایی براوە دەكاتەوە مەسەلەكە لە سەرەوە دەست پێدەكات، ئەو فەرمانبەرە خۆی خەون بە مامەڵەیەكی ئینسانییەوە دەبینێت كاتێك لەبەردەم بەڕێوەبەرە گشتییەكەیدا دەوەستێت، بەڕێوەبەرە گشتییەكەیش بەحاڵەتێكی هاوشێوەدا تێدەپەڕێت كاتێك لە دەرگای جەنابی وەزیر دەدات، كە ئەویش خەونی بە تۆڵەكردنەوە لە رۆڵەكانی قەومەكەیەوە دەبینی بەهۆی ئەوەی رۆژێ لە رۆژان چەشتبووی، پێش لەوەی بەهۆی خزمایەتی و گونجان و خزمەتكردنی دڵسۆزانەی لای ئەم یان ئەو بچێتە ناو بازنەی بەختداران. مرۆڤ هەست بەشەرمەزاری دەكات كاتێك فەرمانبەران لە نووسینگەكانی وەزیران و سكرتارییەتەكانیان و سكرتارییەتی بەڕێوەبەرە گشتییەكانیاندا درۆ دەكەن "بەڕێز فلان كۆبوونەوەیەكی گرنگی هەیە و كاتی نیە بۆ بینینی كەس" و ئەو قسەیەی ماركس دەداتە دواوە كە دەڵێت "پیاوە مەزنەكان بەدەست كەمیی كاتەوە سكاڵا ناكەن" لەوەیشدا بەپشتبەستن بە رێكخستنی كاتەكانی دەوامی بەدرێژایی سەعات و بەشەكانی سەعات، نەك بەشتی پڕوپووچەوە بیكوژێت كە بەختەوەری بۆ هاوڵاتیی داماو ناهێنێت، كە بەدوو دەستی بەتاڵ پاشەوپاش دەگەڕێتەوە.

بەڕێز سەرۆك وەزیران.. فەرمانگەكانی دەوڵەت لەوپەڕی حاڵەتی بێئومێدی و خراپیدا دەژین، لە رێكخستنی میلاكاتیان و بەڕێوەچوونی كارەكانیان و پێشوازیكردنیان بۆ ئەوانەی موراجەعە دەكەن و راییكردنی كارەكانی خەڵكانی بێكەس لە جێبەندێكدا، كە كەمترین شت بكرێت تێیدا بوترێت ئەوەیە: ئەگەر

**واسیتەت نەبێت، حزبی، شەخسی، عەشایری، ناوچەیی، بەرژەوەندییانە، قازانجییانە، ئەوا کارەکەت دەیان کۆسپی دەستکرد و پاساوی درۆزن دێنە بەردەمی.**

**ناخەوم تا دیجلە نەخەوێت..**

**چ بچووککردنەوەیەکی ماناکانی بەرپرسیارێتی و هاوبەشایەتیی ئینسانی لە چارەنووس و ئینتیما و هەستەکان لەنێوان هاوڵاتیی ئاسایی و بەرپرسدایە کاتێک دەبێتە وەزیر..**

**کەواتە دەوڵەتی سەرۆک..**

**گەلێك مافیا وەك خۆرە داویانەتە جەستەی تەڕ و تازەی کوردستانی نوێ و جوان.**

**پێویستە بورجە عاجییەکان بڕوخێنیت و سنوورێك بۆ گەندەڵی و بەخەڵك پێکەنین و ئەو تەخشان و پەخشانە دابنێیت، کە ئاگرەکەی پایەکانی کۆمەڵگەی کوردستان دەسووتێنێت و تەواوی ئەزموونەکە دەخاتە بەردەم رەشەبا.**

# شایەتیی خۆم دەنووسم و پاداشتم لەلای خوایە

(١)

لە کۆتاکانی چلەکانی سەدەی رابردوودا نەشتەرگەرییەکی (ریخۆڵە کوێرە) بۆ خوالێخۆشبووی باوکم لە نەخۆشخانەی مەجیدیە لە بەغدا (کۆماریی ئێستا) کرا، ئەو نەشتەرگەرییە ئەوکاتە وەك ئێستا ئاسان نەبوو، پێویستی بە چاودێریی تەواو هەبوو پێش و پاش و لەکاتی نەشتەرگەرییەکەدا.

باوکم بەڕەحمەت بێ بۆی باس کردین چۆن ناچار بووە ئەوە بکات، لەکاتێکدا خەریکی کارە بازرگانییە ئاساییەکانی بووە لەگەڵ یەکێك لە خاوەن خانە بەناوبانگەکانی ئەوکاتی بەغدا خوالێخۆشبوو (عبدالقادر الصراف)، تووشی ئازارێکی کتوپڕ بووە، ئەمەی دوایی دەستبەجێ پەیوەندی کردوە بە براکەیەوە (دکتۆر مەردان عەلی) کە پزیشك بوو لە نەخۆشخانەی مەجیدیە، ئەویش خێرا شوێن بۆ باوکم لە نەخۆشخانە دەگرێت و بەگەیشتنی دەستبەجێ دەیباتە ژووری نەشتەرگەری.

باوکم دەڵێت: "دوای نەشتەرگەرییەکە گواستمیانەوە بۆ قاوشێکی گەورە کە ٢٥ قەرەوێڵەی تێدا بوو، ژنە پەرستارێکی ئینگلیز سەرپەرشتیی ئەو قاوشەی دەکرد

ناوی (هیلی) بوو، بە رەوانی بەزمانی عەرەبیی پەتی قسەی دەکرد. ئێوارەی رۆژی سێیەمی نەشتەرگەرییەکە، کاتژمێر دە خولەك لە حەوت لایدابوو، (سستەر)ەکە، بەو نازناوە بەناوبانگ بوو، هات بۆ قاوشەکە بۆ پشکنینی لەڕووی خاوێنیەوە، سەرەتا زەوی و چەرچەف و قەرەوێڵەکان، پاشان تەماشای تەبڵەکانی دەکرد کە لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشەکان جێگیر کرابوون، پرسیاری لیٚ کردم کە بۆچی کاتژمێر حەوت دەرزیی پەنسلینەکەم لیٚ نەدراوە، منیش وەڵامم دایەوە: نازانم. تەماشایەکی ئەملائەولای قاوشەکەی کرد و بانگی پەرستارێکی کرد کە لەویٚ بوو و وەك لە قسەکانی لەگەڵیدا دیار بوو، بەرپرس بوو لە دەرزی لێدان لەو شەوەدا، راشکاوانە پێی وت: "کەی فێری رێزگرتنی پاك و خاوێنی و چارەسەری نەخۆش دەبن، دە خولەك بەسەر وادەی لێدانی دەرزیی پەنسلینی ئەو نەخۆشەدا تێپەڕ بووە، دوور نیە بەهۆی کەمتەرخەمیتانەوە کارەساتێك بقەومێت، رێزنەگرتنی نەخۆش لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشخانە مانای رێزنەگرتنتانە لە ژیانی گەلەکەتان و ئایندەی وڵاتەکەتان، ئێمە بۆ هەتاهەتایە لێرە نامێنین، فێری رێزگرتنی سیستم و مرۆڤ بن فریشتەکانی بەزەیی!.

(٢)

لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا (سید علی الحجازی) بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس بوو، لە عیراق هەژموون و دەسەڵاتێکی نائاسایی هەبوو، شەوێکیان کە بەهۆی زۆر خواردنەوەوە مەست بووبوو، هەوڵی دا کودەتایەکی سەربازی ئەنجام بدات و پشتی بە هێزەکانی پۆلیس بەست لە بەغدای پایتەخت، رووداوەکە بەناوبانگە و لێرەدا مەبەستمان گێڕانەوەی نیە، بەڵام لایەنێك لە کەسایەتیی ئەو پیاوە روون دەکاتەوە.

ئێوارەی شەوێك کە رۆژی پێنجشەممە لەسەر هەینی بوو، بەجلی مەدەنییەوە چووبووە گازینۆ و باڕی (شریف و حداد) کە دەکەوێتە لای راستی سەری پردی

(حافظ القاضي) لەلای شەقامی رەشیدەوە، چەند پێکێك ئارەقی بەغدادی لەگەڵ برادەرەکانی خواردبووەوە، کاتێك شەومانەوەکە تەواو بوو، چوو بۆ لای ئۆتۆمبێلەکەی کە لە شوێنێکی نزیکدا راگیرابوو، خستیە ئیش و لەباتی ئەوەی بە ئاراستەی دروستدا بڕوات، ئۆتۆمبێلەکەی بەئاراستەی پێچەوانەدا لێخوڕی، دوای چەند مەترێك رۆیشتن پۆلیسی هاتوچۆی نۆبەتچی ئەو ناوچەیە وەستاندی و داوای مۆڵەتی شۆفێری لێکرد. پۆلیسەکە تەماشای مۆڵەتنامەکەی کرد و ناوی (علی الحجازی) لەسەر بوو و زانی سەرپێچیکەرەکە بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیسە، ئەویش پۆلیسێکە بەیەك خەتەوە، بەڵام ئەعسابی خۆی راگرت و هێمنیی خۆی پاراست وەك ئەوەی نەیناسیبێت و پێی وت:

"ناوت لە ناوی بەڕێوەبەری گشتیی پۆلیس دەچێت، بەڵام رێگەت پێنادەم، چونکە یەکەم بە سەرخۆشی ئۆتۆمبێل لێدەخوڕیت و دووەمیش لە رۆیشتندا سەرپێچیت کردوە". لەو ساتەدا حیجازی تووڕە دەبێت و بەتوندی و بەدەنگی بەرز بەپۆلیسەکە دەڵێت: "گەمژە من علی ئەلحیجازیی بەڕێوەبەری گشتیتم"، ئەوکاتە پۆلیسەکە وەك ئەرکێکی نیزامی سلاوێکی سەربازی بۆ دەکات و زۆر بەهێمنی و ئەدەبەوە پێی دەڵێت: فەرمانتە گەورەم بەڵام وەك رێزگرتن بۆ ئەو یاسایەی منی کردوە بە پۆلیس و فێری رێزگرتنی یاسای کردووم، سەرپێچییەکت لەسەر دەنووسم، ئەو سیستەمەی بەبێ ئەوە شایستەی ئەو مووچەیە نابم کە پێی دەژیم.

(٣)

خوالێخۆشبوو (هادی رەشید چاوشلی) کە یەکێکە لە پیاوماقووڵانی هەولێر و ئیدارییەکی چاك و پابەند بوو بەیاساوە تا رادەی دەقاودەقبوون، ژیانی وەزیفیی خۆی بەپۆستی بەڕێوەبەری ناحیە دەست پێکرد و لە سەرەتای شەستەکان لە سەردەمی زەعیمی کۆچکردوو عەبدولکەریم قاسمدا بوو بەبەڕێوەبەری گشتی لە

وەزارەتی ناوخۆ. لە پەنجاکانی سەدەی رابردوودا قایمقامی شارۆچکەی پێنجوێن بوو لە پارێزگەی سلێمانی، بڕیار درا قەنتەرەیەك لەسەر یەكێك لە رووبارۆچکەکانی ناوچە ئیدارییەکەی دروست بکرێت، بەرپرسیارێتیی جێبەجێکردنیشی بە ئەندازیارێك لە فەرمانگەی تایبەتمەند سپێردرا، ئەندازیارەکە شوێنێکی گونجاوی بۆ دروستکردنی پردەکە لەڕووی ئەندازەییەوە هەڵبژارد، بەڵام خوالێخۆشبوو چاوشلی شوێنێکیتری هەڵبژارد و بەسوودوەرگرتن لە پێگە وەزیفییەکەی رایەکەی خۆی سەپاند و پردەکە وەك ئەو ویستی دروست کرا، کاتێك وەرزی زستانی داهاتوو، وەرزی باران و بەفر هات، پردەکە رووخا، لەوکاتەدا چاوشلی نووسراوێکی بۆ لایەنە پەیوەندارەکان نووسی و تێیدا پێی راگەیاندن کە سزای خۆی داوە بەسەپاندنی غەرامەیەکی دارایی لەسەر مووچەکەی، کە بەکردەوە غەرامەکەیشی دا. کاتێك هاوڕێکانی ئەم رێکارە ناماقووڵەیان بەلاوە سەیر بوو، خوالێخۆشبوو وەڵامی دایەوە: ئەگەر من لە لوتکەی یەکەی ئیداریدا رێزی یاسا نەگرم، ئیتر چۆن هاوڵاتی رێزی دەگرێت؟!.

(٤)

سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ راسپێردرام بۆ ماوەی پێنج مانگ لە سکرتارییەتی ئاوەدانکردنەوەی باکور کار بکەم، کە دەستەیەك بوو بەسترابوو بە وەزارەتی کاروباری باکورەوە. خوالێخۆشبوو خەسرۆ تۆفیق بەڕێوەبەری گشتی بوو کە لە کادیرە ئیداریی و داراییە نایابەکان و خاوەن ناوبانگێکی تابڵێیت چاك بوو، دەست و زمان پاك بوو، لە روانگەی بیروباوەڕێکی ویژدانییەوە نیشتمانەکەی خۆشدەویست، پەیوەندییەکی بەهێز و ئاشناییم لەگەڵیدا هەبوو، کاتێك دەستم بەدەوام کرد، بۆ کارکردن لە ژووری پاراستنی فایلەکان دانام، منیش بەو کارە زۆر پەست بووم، بەڵام دوای تێپەڕبوونی یەك مانگ لەڕێی چاودێریکردنی جووڵە و پاراستنی فایلەکانەوە شتی زۆر لەبارەی

بەش و پاشکۆکانی سکرتارییەتەکە فێر بووم، ئەنجا ناردی بەشوێنمدا و لەبارەی کارەکەم و رادەی شارەزابوون لێی پرسیاری لێکردم، پێم وت: سوپاست دەکەم، ئەگەر بەهۆی کارکردنم لە بەشی پاراستنی فایلەکان نەبوایە لە بنچینەکانی کارکردن لە سکرتارییەت فێر نەدەبووم. ئەنجا بەزەردەخەنەوە پێی وتم: هاورێم لە رۆژی یەکەمدا کارکردن لە بەشی پاراستنی فایلەکان بێزاری کردیت، ئێستایش دان بەوەدا دەنێیت کە ئەگەر کارکردنت لە بەشی پاراستنی فایلەکان نەبوایە، لە بنچینەکانی کارکردن لە سکرتارییەت فێر نەدەبوویت، من بەمە زۆر خۆشحاڵم، چونکە مەبەستی من لە دانانت لەوێ تێگەیشتیت، کە توانیت شارەزاییەکی نوێ فێر ببیت زۆر یارمەتیت دەدات لە برەودان بە توانا ئیدارییەکانت. با هەمیشە ئەوەمان لەیاد بێت کە کارە گەورەکان بەبچووکی دەست پێدەکەن و دروستکردنی کادیری ئیداریی باش لە بچووکترین بەشی ئیداری و بچووکترین خانەدا دەست پێدەکات، پاشان پلەبەندی لە پێسپاردنی بەرپرسیارێتی بەگوێرەی میتۆدێکی زانستیی نەخشەکێشراو، بەپێچەوانەوە بەشداری لە فاتیحە خوێندن بۆ ئایندەمان دەکەین..

ئەو چوار نموونە و رووداوە وەك خۆیان بۆ مێژوو تۆمارم کردن (مرۆڤی ژیریش ئاماژەیەکی بەسە-الحكيم تكفيه الاشارة).

## ئايا پێویستمان بە وەزارەتێك بۆ گوند و لادێ نیە؟!

سەرەتای سەرکەوتنی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر ساڵی ١٩١٧ سەرکردە و دامەزرێنەری دەوڵەتی سۆڤێتی دروشمە نەمرەکەی راگەیاند (بەکارەباکردنی وڵات + سۆڤیەتات = سۆشیالیزم)، ئێمە لێرەدا لەسەر بەشی یەکەمی هاوکێشەکە ناوەستین کە بەکارەباکردنی وڵاتە، چونکە لێرە کەس ناتوانێت پێشبینیی چارەسەرکردنی بکات مەگەر ئەوانەی لە نهێنیەکانی تیۆری (ئەدیسۆن) شارەزا بن، کە ئەو سیحرە نوێیەی داهێنا و وای لە مرۆڤایەتی کرد لە رووناکی و ژیان بەهرەمەند بێت، بەڵکو دێینە سەر بەشی دووەمی هاوکێشەکە، ئەویش بنیاتنانی سۆڤیەتە، کە لە بنەڕەتدا بەمانای رێکخستنی گوند دێت لەو بێسەروبەرییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەی بەدەستیەوە دەیناڵاند و جووتیارانی رووسی کردبوو بە کۆیلە و لە سەردەمی خۆیاندا نەدەژیان، کە هەژاری و بەدبەختی و کەمی و خراپیی بەروبومی کشتوکاڵی رووی راستەقینەی گوند و ئابووریی کشتوکاڵی بوو، بەڵام دوای دامەزراندنی (کۆڵخۆز و سۆڤخوازەکان) و کۆمەڵە هەرەوەزییە کشتوکاڵییەکان و راکێشانی رێگە و کارەبا و ئاو بۆ گوندەکانی وڵاتانی بەرفراوانی سۆڤیەت، دۆخەکە گۆڕا و کشتوکاڵ بوو بەسەرچاوەی سەرەکیی پیشەسازی و ئابووری (لێرەدا باسی ئەو کێشانە ناکەین کە پاش دەیەکانی دوایی رژێمی ئیشتراکیدا هاتن و بوونە هۆی ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین)، بەڵام رێکخستنی گوند لەسەر بنەمای بنیاتنانی (سۆڤیەت) توانی

پێشکەوتنێکی گەورە لە هەموو شوێنێکی گوندی سۆڤیەتی بێنێتە کایە، لێرەدا گوتەیەکی ئابووریناسی گەورەی سۆڤیەتی (لیبرمان) خاوەنی تیۆری (هاندەری ماددی)م بیر دێتەوە کە لە توێژینەوە بەنرخەکانیدا لەبارەی ئابووری رووسی دەڵێت: "ئابووری و پێشکەوتنی وڵات و بیناکردنی دەوڵەتی پیشەسازی سەرەتا لە گوندەوە دەست پێدەکات، بەبێ باشکردنی بنیاتی کشتوکاڵی ناکرێت و مەحاڵە دەوڵەتی هاوچەرخ بنیات بنرێت".

دە ساڵ لە کارگەی پاڵفتەکردنی تووتن (فەرمانگەی ئینحیساری تووتنی پێشوو) فەرمانبەر بووم لە شارەکەم (کۆیە)، کاتژمێرەکانی دەوامی رەسمیم لەنێوان حسابات و ژمارەی باڵەکانی تووتندا بەسەر دەبرد کە ساڵانە لە وەرزی پایزدا لە جووتیارانی کوردستان وەردەگیران، ئەمە جگە لەوەی خۆم کوڕی بازرگانێکی تووتن بووم، باوکم یەکێك بوو لە بازرگانانی تووتن کە ژمارەیان لە پەنجەکانی هەردوو دەست تێنەدەپەڕی، لە کۆیە ئەوەیش وای لێکردم گرنگی بەم سامانە نەتەوەییە (جاران) بدەم، کە ژمارەی ئەوانەی بەچاندنی تووتنەوە خەریك بوون دەگەیشتە ٧٠٪ی کۆی جووتیارانی کوردستان، بەرهەمی تووتن تەواوی پێویستیی عێراقی پڕ دەکردەوە، کە وای لە دەوڵەتی عێراق کردبوو لەگەڵ چەند دەوڵەتێك ئاڵوگۆڕ (موقایەزە)ی پێ بکات لەگەڵ کاڵا و ماددەی جۆراوجۆر، بیرم دێت ئەو باڵانەی تووتن وەرماندەگرتن کە پەنجا کیلۆ دەبوون، ساڵانە دەگەیشتە پەنجا یان شەست هەزار باڵە، ئەمە لەکاتێکدا کۆیە بەپلەی دووەم دەهات لە پاش پارێزگەی سلێمانیدا لە بەرهەمهێنانی تووتنی رۆژهەڵاتی و ڤێرجینیدا. بەڵام دوای ساڵی ١٩٩١ (ساڵی سەرکەوتنی راپەڕین) ئەم کشتوکاڵە ئاسەواری نەما، نە لە کۆیە و نە لە سلێمانی و رانیە و قەڵادزێ و هەڵەبجە و ناوچەکانیتر و ئەو مادەیە بوو بە یەکێك لە مادە فۆلکلۆرییەکان و چووە حوکمی پووکانەوە، جگەرەی هاوردەکراوی بیانی زاڵ بوو و تووتنی کوردستان لە هاوکێشەی ئابووریی کشتوکاڵ لە کوردستان چووە دەرەوە.

کەناڵە بینراوەکانی ڕاگەیاندن (تەلەڤزیۆن) بەجیاوازیی میزاجی خاوەنە سیاسییەکانیانەوە، ناوبەناو هەندێ دیمەنی گوندی کوردستان و ئەو کێشانەمان بۆ دەگوێزنەوە کە جووتیاران بەدەستیانەوە گرفتارن، وەك ئەوەی چارەسەرکردنیان مەحاڵ بێت، لە خراپیی خزمەتگوزارییەکان (ئاو، کارەبا، تۆو، پەین، پێشینەی کشتوکاڵی، ڕێگەی هاتوچۆ، ڕێنمایی کشتوکاڵی...هتد)، وەك ئەوەی لە مەملەکەتی لەبیرکراواندا بژین، ژمارەی ئەو خێزان و کەسانەی لە گوندەکاندا ماون تا دێت روو لە کەمی دەکات، جووتیار بەناچاری کۆچ دەکات بۆ دەوروبەری شارە گەورەکان، ئەویش دەبێتە بار بەسەر ئابوورییەوە و لە کەسێکی بەرهەمهێنەوە دەیگۆڕێت بۆ بەکاربەر و جۆری ئەو جگەرەیە لە تووتنی کوردستان دەیکێشا، دەگۆڕێت بۆ شێوە و جۆرە عەجیب و غەریبەکانی پاکەتە جگەرەی بیانی، کە بە دراوی قورس هاوردە دەکرێت. کاتێك لە دیمەنێکی تەلەڤزیۆنیدا پرسیار لە جووتیارێك لە یەکێك لە گوندەکانی بناری چیای قەندیل کرا لەبارەی هۆی کۆچکردنی جووتیاران بۆ شارەکان، بەهێمنییەکی سرووشتی و بەدەم مژلێدان لە جگەرەیەك کە لە پاکەتە جگەرەیەکی بیانی دەریهێنا، وەڵامی دایەوە: "کاتێك وازمان لە چاندنی تووتن هێنا، دەستمان بەکۆچکردن کرد"، کاتێك قسەکەی روون کردەوە، دەریخست مەبەستی ئەو هۆیانەیە بوونە هۆی پشتکردنە چاندنی تووتن و کشتوکاڵ بەگشتی، کە دایە پاڵ ئەو هۆیانەی وایان کردوە گوند چۆڵ ببێت.

بارێکی دڵتەنگی و خەمۆکی باڵی بەسەر جوانی و رۆمانسییەت گوندی کوردستاندا کێشاوە و جووتیار ناتوانێت تا قاڤ قیامەت بەرگەی بێبەشبوون لە خزمەتگوزارییەکان و ئامرازەکانی ژیان بگرێت، بەساڵاچووانیان لەژێر فشاری نەوەی نوێدا ناچارن شەوانە چاو ببڕنە رووناکیی گڵۆپی شارەکان و بەڕۆژیش بۆ زەوق و شەوقی رەنگ و دەنگی ئۆتۆمبیلە نوێیەکان و قیتبوونەوەی ئەو باڵەخانە و ڤێلا و خانووانەی پێداویستییەکانی ژیانیان تێدا دەستەبەرە، لەکاتێکدا ئەویش، واتە

**جووتیار، له گوندی کوردستان بەدەست هەژاری له زۆربەی ئامرازه پێویستەکانی ژیاندا دەناڵێنێت.**

**پێویسته ئێمه بەرپرسان و هاوڵاتیان و بەتایبەت ئەوانەی پەیوەندارن به ئایندەی کوردستان و گەلەکەی، بکۆڵنەوه له:**

**– ئەو هاوکێشەیەی سۆڤیەت بەهۆیەوه گەورەترین دەوڵەتی پیشەسازی له قۆناغێك له قۆناغەکانی مێژوودا دروست کرد.**

**– بنیاتنانی دەوڵەت سەرەتا له گوندەوه دەست پێدەکات، بەبێ باشکردنی ژینگەی کشتوکاڵی ناکرێت و مەحاڵه دەوڵەتێکی هاوچەرخ بنیات بنرێت.**

**– کاتێك پشتمان کرده چاندنی تووتن دەستمان به کۆچ کرد.**

**– لێکۆڵینەوه لەو تیۆر و گوتانەی له ویژدانی جووتیاری کوردستانەوه هەڵدەقوڵن، زۆر گرنگه، چونکه بنیاتنانی دەوڵەت نه لەڕێی هاوردەکردنی ئۆتۆمبێلی گرانبەها، نه لەڕێی بەرزیی نهۆمەکانی باڵەخانەکان و نه لەڕێی هاوردەکردنی (تەماته و کەرەوز و ماست و جگەره و گۆشت و مریشك و هەنار و ترێ و کاڵەك و شووتی) له سەرچاوەی نەناسراوەوه نابێت که ملکەچی چاودێری و کواڵیتی کۆنترۆڵ نابن، پێویسته لەسەر ئێمه و لەسەر بەرپرسان و سەنتەرەکانی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی لەم دۆخه خەمناك و بەکاربەره بکۆڵنەوه، دەست بکەن به لێکۆڵینەوه لەو مەترسیانەی هەڕەشه له گوندی کوردستان دەکەن که لای خۆیانەوه هەڕەشەی پووکانەوەی کشتوکاڵ و بەروبوومی ئاژەڵی دەکەن. لەڕووی چارەسەرەوه پێشنیاری بیرۆکەی پێکهێنانی وەزارەتێك دەکەم بەناوی وەزارەتی گوند که له وەزارەتەکانیتر و هەندێ له وەزیرەکانیتر جیاواز بێت، لەڕووی گرنگیدان بەلایەنی پسپۆڕی (تەکنۆکرات) و قابیلیەتی فیکری و خۆشەویستیی گوند و گوندنشینانەوه یەکەم و دووەم و سێیەم و.. دەیەم.**

# بۆ ئەوەی گەلی کوردستان زیاتر لە دوو جار لە هەمان کونەوە نەگەزرێت

"سقوط النظام" (کەوتنی رژێم) کتێبێکیتری نووسەر و رۆژنامەنووسی گەورەی میسری (محەمەد حەسەنێن هەیکەل)ە، کە لە دار الشروق چاپی یەکەم ٢٠٠٣ بە (٦٠٥) لاپەڕە دەرچووە و تائێستا سیٚ جار چاپ کراوەتەوە، دواجاریان ساڵی (٢٠٠٨)ـە. هەیکەل وەك دەسپێك بۆ ئەو پرسیارەی تەوەری کتێبەکەیە "بۆچی شۆڕشی یۆلیۆی ١٩٥٢ پێویست بوو؟" دەڵێت:

"وام بەلاوە پەسەند بوو بۆ ماوەیەك دوور بکەومەوە لەوەی لەناومان و لەدەوروبەرمان روودەدات، ئەوەیش کارێکی هەم ئاسان و هەمیش قورسە:

* ئاسانە چونکە ئەوەی روودەدات هانت دەدات بۆ بەجێهێشتنی بەبیٚ ئەوەی داخی بۆ بخۆیت، چونکە واقیعێکی سارد و سڕە، بەبیٚ گەرمی و خەون یان کەرامەتی پرۆژەیەك، یان ئیلهامی بیرۆکەیەك.

* قورسیشە، چونکە ئەوەی روودەدات هاندەرە بۆ مانەوەی لەنزیکی ئەو، ئەوە ململانێی چارەنووسەکان و خواستەکانی ئایندە و قەیرانی نەتەوەیەکە، دەیەوێت ئەو پاشماوە خەون و ئیرادەیەی ماوە جەمی بکاتەوە، هەروەها پاشماوەی ئومێد و

دیدگەیەلێك یادی دەخاتەوە كە ئەو بەڕاستی ڕۆڵ و پێگەیەكی لە سەردەمێكی جیهانیی نوێدا هەیە.

لەبەرئەوە ئەو خوێندنەوەیە لە مێژوودا بزواندنی بایەخدانی ئەوانەی دەوێت كە بەدوای راستی لە كاروباری نەتەوەكەیان و هەلومەرج و بارودۆخی نیشتمانەكانیان و ئومێدەكانیاندا دەگەڕێن. ئەمڕۆ و سبەی و دووسبەی، رەنگە بەخراپی نەزانم یان بەپێویستی بزانم دان بەوەدا بنێم، ئەم خوێندنەوەیە بۆ مێژوو بەپلەی یەكەم روو لە گەنجان كراوە، گەنجانی تەمەن، گەنجانی ئەقڵ، گەنجانی هۆشیاری و گەنجانی تاسە و پەرۆشی بۆ راستی".

لە (شركه الابداع الفكری للنشر والتوزیع-الكویت)یش مەوسوعەیەك دەرچووە لەژێر ناونیشانی (الاندلس، التاریخ) كە سێ چاپی لێ دەرچووە دواینیان لە تەمموزی ٢٠٠٩ بووە، كە دانەری مەوسوعەكە (د. طارق محمد السویدان) دەیكاتە دیاری بۆ:

* بۆ هەر دڵۆپە فرمێسكێك لە خەمباری بۆ ئەندەلووسی فەوتاو رژاوە.

* بۆ هەموو ئەوانەی پەرۆشی گێڕانەوەی سەروەرییەكانمانن..

*** ***

خوالێخۆشبوو (كاكە زیاد ئاغای غەفووری) كەسایەتیی ناسراوی كورد، لە سەرەتاكانی ساڵی ١٩٦٠ هەندێ جار لە دیوەخان و باخچەی ماڵەكەی و هەندێ جاریش لە ماڵی خۆمان، لەگەڵ هەندێ لە دۆست و هاوڕێیانی كۆدەبوونەوە، لەپێشیانەوە خوالێخۆشبووی باوكم و بەكر حاجی محەمەد و عەبدولحەمید حاجی تۆفیق مامەند ساڵح ئاغای غەفووری و عەبدولمەجید حاجی كە ئەمین فەتحوڵا كشتك، ئێواران و شەوانە پێكەوە كۆدەبوونەوە، زۆربەیان هەڵگری بیری نەتەوەیی بوون و

چارەنووسی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ و جێکەوتەکانی لەسەر کورد خەمی یەکەمیان بوو. بەتەبیعەتی حاڵ کاتێك کۆبوونەوەکە لە ماڵی ئێمە بووایە کە نوسابوو بەماڵی کاکەزیادەوە، منیش ئامادەی مەجلیسەکەیان دەبووم.

شەوێك لەو شەوانە، باسەکە باسی ئەو کێشە و گرفتانە بوو رووبەڕووی دۆخی سیاسیی کەرکوك دەبوونەوە، لە گرتن و کوشتن و بەرتەسککردنەوەی چالاکیی سیاسیی کوردستانی لەلایەن فەرمانگەی ئەمن و ئیستیخباراتی فیرقەی دووەمی سوپای عێراقەوە، کاکە زیاد بە دەنگێکی خەمگینەوە باسی رووداوێکی کرد کە خۆی یەکێك لە ئامادەبووانی بوو، وتی: "سەرەتای پەنجاکان کاتێك خوالێخۆشبوو سەعید قەزاز وەزیری ناوخۆ بوو لە سەردەمی پاشایەتیدا، لەگەڵ ژمارەیەك کەسایەتیی کوردی رابردوو لە ماڵەکەیدا پاك لەگەڵی کۆبووینەوە، پێی وتین عێراق بریتییە لە دەریاچەیەك لمی جووڵاو تەپۆڵکە لمینەکەی رەشەبا بەرەو باکور و باشور، رۆژهەڵات و رۆژئاوا دەیگوێزێتەوە، لێرە سیاسەت یەك رووی نیە، هەندێ نەگۆڕ و هەندێ گۆڕاو هەن، نەگۆڕەکان دەتوانن بەڕووی گۆڕاوەکاندا بوەستن، بەڵام نەگۆڕاوەکانیش لە بۆشاییەوە نایەن، بەڵکو دروست دەکرێن و بنیات دەنرێن و لەسەر بناغەی کۆمەڵێك پایەی بەهێز دادەمەزرێن کە سەرەتا و کۆتا پشت بە ئیرادەی مرۆڤ دەبەستن".
خوالێخۆشبوو کاکە زیاد لە گواستنەوەی قسەکەی خوالێخۆشبوو قەزاز بەردەوام بوو: "من بەهۆی سرووشتی کارەکەمەوە ئاگام لە شاراوە و نهێنییەکان سیاسەت لە وڵاتەکەمدا هەیە، لە ناوەڕاستی سییەکانەوە ئاراستەیەك هەیە بۆ نیشتەجێکردنی عەرەب لەلای باشوور و باشووری رۆژئاوای شاری کەرکوك، حاڵی حازریش پرۆژە هەیە بۆ ئەنجومەنی ئاوەدانکردنەوە، هەموو تکام ئەوەیە هانی سەرۆك هۆزەکانی کوردستان بدەن و وایان لێ بکەن بیر لە نیشتەجێکردنی جووتیاران لەوێ بکەنەوە، چونکە ناردنی تەنیا جووتیارانی یەك نەتەوە کار لە دیمۆگرافیای کەرکوك دەکات و بۆ ئایندە کاریگەرییەکی نەرێنی بەجێدێڵێت. کەرکوك و پاشکۆکانی بەتایبەت لای

باشور و باشوری رۆژئاوا لیکی سیاسییەکانی عەرەبی نەتەوەخوازی بۆ دەڕژێت، هەموو تکام ئەوەیە کەرکوك نەفەوتێنین وەك موسڵمان فەوتاند.."

*** ***

کەس ئەوەی پیێ نەوتم، بەچاوی خۆم دیم و بەگوێی خۆم بیستم، پیاوی ئاینیی مێزەر بەسەر ئەیاد جەمالەدین، هەندێکیش دەڵێن عەلمانییە، بەدەق وتی: "ئەگەر لە هەڵبژاردنەکان (ی ٢٠١٠/٣/٧) سەرکەوتن بەدەست بێنم، فیدراڵیزم لە دەستووردا دەسڕمەوە".

قازی (وائل عبداللطیف البصراوی)ی عەلمانیش وتی "کوردەکان تەنیا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان کار دەکەن نەك بۆ بەرژەوەندیی عێراق"، سەرەڕای لێدوان و گوتار و رەفتارەکانی جووتە برا نوجێفی و ساڵح موتڵەگ و هاوشێوەکانیان کە زۆرن، لەم بارەیەوە.

*** ***

## خوێنەری ئازیز..

زۆرمان وت و هەر دەیشڵێین، تەنیا داوای هەندێ لە مافەکانمان کرد و دەستمان لە زۆر هەڵگرت، هەرچی گران و بەنرخ بوو کردمانە قوربانی و نەگەیشتینە قەناعەت لەبارەی سنووری ئەوەی لەڕووی ئاسمانی و دنیاییەوە لەلای "برایان" لە ئاین و هاوبەشان لە نیشتماندا، رەوایە و چی ناڕەوایە؟ بەهەموو توانا و ئیرادەی خۆمان بەشداریمان کرد لە خستنی سەرسەختترین رژێمی خوێناوی لە مێژوودا، کە دزێوترین و دڵڕەقانەترین جۆرەکانی بەربەرییەت و غەدری لە بەرانبەرمان ئەنجام دا، ئێمە بڕبڕەی پشتی سەرلەنوێ دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراق بووین پاش رووخانی لە ٢٠٠٣، لەپێناویدا ئەوەمان لەبیر کرد و پشتگوێ خست کە خەونمان پێوە دەبینی

و ماوەیەکی دوور و درێژ خەباتمان لەپێناویدا کرد و کاتەکە لەبار بوو بۆ بەدەستهێنانی، بەڵام سیحری بەغدا رفاندینی و حەزکردن لەوەی ببینین عێراق سەرلەنوێ لەسەر پێکانی خۆی دەڕوات، تارادەیەك سەرقاڵی کردین لە بیرکردنەوە لە رێکخستنی ماڵی کوردستانی و جێگیرکردنی سنوورەکانی و راماڵینی شوێنەوارەکانی دەستدرێژیی دەوڵەتی عێراق لەسەری لە دامەزراندنیەوە ، هەر لە گۆڕینی واقیعی جوگرافی و دیمۆگرافیی نەتەوەییەوە، تا کارەساتەکانی بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و قوربانییەکانی لەسێدارەدانەکان و شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال، تا دەگاتە ئەوەی ئەمڕۆ لە ئەیاد جەمالەدین و قازی عەبدوللەتیفەوە دەیبیستین.

زۆرمان وت و هەر دەیشڵێین و سەرکردەکانمان گوێ ناگرن، یان گوێ پێنادەن یان لەپێناو بنیاتنانی عێراقێکی مەزنی دووەمدا موجامەلە دەکەن، یان رەنگە هێشتا پەییان بە کردنەوەی شفرەکانی هاوکێشە سیاسییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و مامەڵەکردن لەگەڵ بڕیاربەدەستەکان لەودیو سنوور، نەبردبێت، لێرەوە رەنگە مافیان پێبدەم، چونکە خوێندنەوە و بەدواداچوونەکانم لە ماوەی نزیکەی نیو سەدەدا دەیسەلمێنن زلهێزەکان، بەتایبەت بەریتانیا و ئەمەریکا هەرگیز لای کورد ناگرن و هەمیشە بەرژەوەندییەکانیان لەسەر رووباری نەهامەتییەکانمان بوون، کە ماوەیەکی زۆر بە زەبر و زۆر خوێن و فرمێسك قوڵپی داوە.. وا چاکە بۆمان بۆ یەك جار دەستپێشخەری بەدەستی ئێمە بێت، تەنیا یەك جار و لەبەر هیچ هۆ یان بیانوویەك ملکەچی ویستی دەسەڵاتدارانی عێراق نەبین..

*** ***

دانوستانکارانی کورد ساڵی ١٩٧٠ پێش ئیمزاکردنی رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، دەیانتوانی بنەمای سەرژمێری رەت بکەنەوە لە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی شاری کەرکوك و دەست بە کوردستانیبوونیەوە بگرن، هەندێکیان لە جیاوازییان

نەکرد لەنێوان زۆریی کورد و زۆرینەی کورد (كثرة كوردية، أغلبية كوردية) کە بارزانیی نەمر ئاماژەی پێدا، وەك شەهید دارا تۆفیق رۆژێکیان لەکاتی باسکردنی قۆناغەکانی دانوستانەکانی نێوان بەعس و سەرکردایەتیی شۆڕشی ئەیلوولدا پێش ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی ۱۱ی ئازاری ساڵی ۱۹۷۰، پێی وتم کە لە جیاوازیی نێوان هەردوو چەمکەکە تێنەگەیشتبوون، ئەوەیش یەکەم گەستنی دووپشکە گەورەکانی عێراق بوو و لەبیرمان چوو.

لەکاتی هەرەس و کەوتنی رژێمی فاشیدا دەمانتوانی ئەگەر بۆ یەك رۆژیش بێت (رووبەری ڕێگەپێدراو) تێبپەڕێنین، ئێمە تاکە هێزی دەستوەشێن و چەکدار و ڕێکخراو بووین لە عێراق و سەرباری مەترسییە چاوەڕوانکراوەکانی ئەو بڕیارەیش، کوردستانمان بۆ هێزەکانی ئەمەریکا کردەوە لەکاتێکدا تورکیای دراوسێ ئەوەی نەکرد، دەمانتوانی زۆر شت بکەین و هیچمان نەکرد، گەستنی دووەم لە ئەمەریکا هاوپەیمانمانەوە بوو.

ئەندامانی کورد لە لیژنەی نووسینەوەی دەستوور ساڵی ۲۰۰۵ لە کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق هەڵەیان کرد، هەروەك سەرکردایەتیی کوردستان هەڵەی کرد کاتێك لە داڕشتنی مادەی (١٤٠)دا راوێژیان پێ کرا، رەنگە خاڵەکانی مادەکە دروست بن لە چارەسەری کێشەکانی تێهەڵکێشبوونی پارێزگەکان لە ناوەڕاست و باشوور، بەڵام لە بەرژەوەندیی کوردستانیبوونی کەرکوك و خانەقین و مەندەلی و شەنگال و باقی ناوچە کوردستانییە زەوتکراوەکانیتردا نەبوو (من و هەندێ لە هەڤاڵان لە ئەندامانی کۆمەڵەی نیشتمانی عیراقی (الجمعية الوطنية العراقية) سەر بە هاوپەیمانیی کوردستان لەوانە بووین دەستمان بەرز نەکردەوە بۆ رەزامەندی لەسەر ئەو مادەیە، کە گومان دەخاتە ناو دڵنیابوون لە کوردستانیبوونی ئەو ناوچانەدا).

گەستنی سێیەم لەلایەن ئەو هێزانەوە بوو کە وەك کورد لە سەردەمی رژێمدا ستەملێکراو بوون.

لەگەڵ ئەوەیشدا و پاش هەموو ئەوەی پێشکەشی عێراقمان کرد، رۆژانە لەسەر شاشەکانی تەلەڤزیۆن دەبیستین و دەبینین فلان و فیسار، لە بارستە و سەرکردەکان و خەڵکی ئاسایی دێن و لە لێدوان و گفتوگۆ ئاگرین و عەنتەرییەکانیاندا قارەمانییە دۆن کیشۆتییەکانیان نمایش دەکەن.. "عێراق وڵاتێکی عەرەبییە و پێویستە سەرۆکەکەی عەرەب بێت".

عەرەبی سوننە مافی خۆیانە ئەو پۆستە وەربگرن، بەڵام لە ناخی خۆیاندا دەزانن بوونی کەسایەتییەکی کوردی وەك بەڕێز جەلال تاڵەبانی لە سەرۆکایەتیی کۆماردا خێرێکی زۆری بۆ وڵاتەکە تێدایە، ئەو باشترینە بۆ سەرکردایەتیکردنی کەشتیی ماندوو و شەکەتی عێراق لە ناوەندی شەپۆلە هەزار بەهەزارەکانی ناوچەیەکدا تەوژمەکان رایدەماڵن، بەڵام پێیان زۆرە کورد ئەو پۆستە وەربگرێت (ئای لە ئەقڵی بچووك و هیچ و پووچیی روانگە شۆڤێنییەکانیان)، بەکورتی هۆشداری دەدەین تا نەکەوینە ناو هەڵەیەکیتری کوشندە و بۆ خۆلادان لە پێوەدانی دووپشکە ژەهراوییەکان.

سەرکردەکانمان، بەڕێزان..

ریزەکانتان یەك بخەن و راوێژ بە شارەزا و ئەقڵمەندانی کورد بکەن بەبێ جیاوازی (ما خاب من استشار)، هەڵوێستەکان هاوئاهەنگ بکەن، با ئەم جارەیان هەر رێکەوتنێك لەگەڵ لایەنێك لە لایەنە عەرەبە عێراقییەکان نووسراو بێت. دەست بەو وەزارەتانەوە بگرن کە خزمەتی دۆزەکەمان دەکات و هەندێ وەزارەتی (سیادی) فریوتان نەدەن، کە هیچ شتێك بۆ کورد پێش یان پاش ناخەن. مەسەلەکە وەك

هەیکەل دەڵێت سەختە، چونکە "ئەوەی روودەدات هاندەرە بۆ مانەوەی لەنزیکی ئەو، ئەوە ململانێی چارەنووسەکان و خواستەکانی ئایندە و قەیرانی نەتەوەیەکە، دەیەوێت ئەو پاشماوە خەون و ئیرادەیەی ماوە جەمی بکاتەوە"، جا بۆ ئەوەی فرمێسك بۆ خەمی (کوردستانی لەدەستچوو) نەرێژین وەك خەمی خەڵکانیتر بۆ ئەندەلووس (لەگەڵ جیاوازیی لۆژیك و شوێندا) و بۆ ئەوەی قسەکەی تاوانبار (تارق عەزیز) بەبا بچێت، کە لەکاتی دانوستانەکانی نێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی بەعس ساڵی ١٩٩١ لەکاتی باسکردنی کەرکوکدا کردی "تەنیا مافی ئەوەتان هەیە فرمێسك بۆ کەرکوك برێژن کاتێك پێیدا تێدەپەڕن، وەك چۆن ئێمە بۆ ئەندەلوسی لەدەستچوو دەگرین"، تا وەك چۆن (موسڵ)مان لەدەست چوو کەرکوکیشمان لەدەست نەچێت، وەك خوالێخۆشبوو سەعید قەزاز ئامۆژگاری کردین.

هۆ سەرکردە و سیاسییە بەڕێزەکانمان، ئێوە چەندە موجامەلەی ئەوانیتر بکەن و تەنازولیان بۆ بکەن لە هەندێ لە مافەکانمان لە بەرژەوەندیی یەك عێراقی یەکگرتوودا بۆ ئەم یان ئەو مەبەست و بۆ ئەم یان ئەو لایەن، ئەوەتان بیر بێت ئەوە هیچ لە قەناعەتەکانی مالیکی ناگۆڕێت، کە پێشمەرگەی بە میلیشیات وەسف کرد کاتێك ساڵی ٢٠٠٥ ئەندامی کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراق بوو، هیچ لە قەناعەت و سەربەن و بۆچوون و رەفتارەکانی قازی (وائل عبداللطیف) و (ایاد جمال الدین) و هەردوو برا نوجێفی و موتڵەگ ناگۆڕێت، کە (سالْح و تالْح و تالْع)یان زۆررە. کەواتە ئەوەی داواکراوە رێکخستن و یەکخستنی ماڵی کوردستانی و رێکخستن و یەکخستنی هەڵوێست و سەربەنەکانە، چونکە جیهان تەنیا رێزی بەهێز و یەکگرتوو دەگرێت، هەروەها رێکخستنی ئەولەویات و هەڵبژاردنی کەسانی بەهێز و زیرەك و شارەزا و خاوەن تۆماری خاوێن و هەڵوێستی مەبدەئی و شۆڕەسواری لێوەشاوەی دانوستان، لەپێناو ئەوەی دووپشکەکان چەندین جاریتر لە هەمان کونەوە نەمانگەزن.

پاشەکشەی سەرکردەیەکی شۆڕشگێڕ لەژێر پاڵەپەستۆی سەربازی لە شەڕێکی ناهاوتادا، سوپا و فڕۆکەکانی دەوڵەتێکی وەك بەریتانیای مەزن لەگەڵ سوپایەکیتری گەلێکی هەژار کە هیچی نیە جگە لە چەند تفەنگێکی کۆن کە لە چەند سەد دانەیەك تێناپەڕێت بەڵام پڕاوپڕ لە گیانی بەرەنگاریکردن و کۆڵنەدان، لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمی رابردوودا، لە روانگەی سەربازییەوە شتێکی سرووشتییە بۆ پارێزگاریکردن لە بوون و بەفیڕۆنەدانی گیانی ئازیزان لە پیاوە شۆڕشگێڕە بەئەمەکەکانی، بەتایبەت کە هێز یان لەشکری بەرانبەر لەشکری دەوڵەتێك بوو (خۆری لێ ئاوا نەدەبوو)، بەڵام ئەوەی بەپێی خوێندنەوەی ئێمە بۆ مێژوو ناسرووشتییە و مایەی سەرسوڕمان و سەرسامیی بێکۆتایە، پەنابردنی ئەو سەرکردە شۆڕشگێڕە پاشەکشەکردوەیە بۆ ئەشکەوتەکانی ناو چیاکان، تا بیانکاتە پەناگەیەك بۆ خۆی و پیاوە دلێرەکانی و بڕیار دەدات وەك جەنگاوەر درێژە بەبەرەنگاریکردن بدات، ئەمە بابەتێکی سرووشتییە، بەڵام کاتێك بڕیار دەدات رۆژنامەی بەرەنگاری دەربکات، تا ئەویش ببێتە باڵێکیتری سەربازی بەڕووی داگیرکەراندا لەکاتێکدا ئامرازەکانی چاپ و رێگەی هاتوچۆ و ئامێرەکانی رووناککردنەوە نەبوون، بە (موفارەقە)یەکی جۆرایەتی لە رووداوەکانی مێژوو دادەنرێت، ئەوەیش رووی دا لە:

* کوردستانی باشور (کوردستانی عێراق).

* لە مانگی ئازاری ساڵی ١٩٢٣، واتە پێش ٨٧ ساڵ.

* سەرکردە شۆڕشگێڕەکەیش، پاشای کوردستان شێخ مەحموودی حەفید و پیاوەکانی بوون، کە سڵیان لە مردن نەدەکرد.

* سوپای داگیرکەر، سوپای بەریتانیای مەزن بوو کاتێك لە لوتکەی هێزی خۆیدا بوو، لەڕووی سەربازییەوە بەسەر بارودۆخەکەدا زاڵ بوو پاش سەرکەوتنی لەگەڵ

هاوپەیمانەکانیدا بەسەر دەوڵەتانی میحوەر لە جەنگی جیهانیی یەکەمدا (١٩١٤-١٩١٨).

* رۆژنامەکەی (بانگی هەق) بوو زمانجاڵی بەرەنگاری، زمانحاڵی کوردانی شۆڕشگێڕ کە سێ ژمارەی لە ئەشکەوتێکی تاریکدا دەرچوو.

٨ ئەشکەوتەکە ئەشکەوتی (جاسنە) بوو لە لای رۆژهەڵاتی هاوینەهەواری دووکانی سەر بە پارێزگەی سلێمانی.

* مێژووی دەرچوونی ژمارەی یەکەم.

پیاوێکی شۆڕشگێڕ بەشێوەیەکی جیاواز، لە ماڵی دنیا هێندەی نیە بەشی ژیانی بکات لەسەروو ئاستی زەحمەتکێشان، چاوی بە هاوڕێیەکی دەکەوێت وەك خۆی گەلەکەی خۆش دەوێت، سەفەر دەکات بۆ ئەوروپا و بەتایبەت ئەڵمانیا و چاپخانەیەکی کۆنی دەست دەکەوێت، دەیهێنێت بۆ شاری حەلەبی سووریا کە ژمارەیەکی زۆر کوردی وەك ئەوی تێدا نیشتەجێ بوون و دایدەمەزرێنێت بەمەبەستی کارکردن، تا بڕە پارەیەك بەدەست بێنێت یارمەتی بدات ئەو ئامێرە (سیحری)یە بگوێزێتەوە بۆ شاری شاخاویی رەواندوز، کە سەروەختێك بەهۆی نەبوونی رێگە و ئامرازی گواستنەوە و توانای ماددی و بڵاوبوونەوەی نەخوێندەواری بە رێژی ٩٩٪، گەیشتن پێی خورافە بوو، بەڵام شۆڕشگێڕەکەمان توانی چاپخانەکە بگوێزێتەوە و لە شوێنێکی رەواندوزدا دایمەزراند و لە ماوەی حەوت ساڵدا ١٩٢٥-١٩٣٢ بیست و چوار ژمارەی گۆڤارەکەی پێ دەرکرد، لەکاتێکدا هەر خۆی کارەکانی نووسین و چاپ و دابەشکردنی ئەنجام دەدا و کەس لەوەدا هاوبەشی نەبوو جگە لە خەمەکانی و دڵتەنگی بۆ کورد و نیشتمانە دابەشکراوەکەی و بێبەشبوونی لە سادەترین مافەکان، ئەو شۆڕشگێڕەیشمان بریتییە لە:

* مێژوونووس و رۆشنبیر و رۆژنامەنووس حوسێن حوزنی موکریانی، کە ساڵی ١٨٩٣ لە شاری مهاباد لە بەشی رۆژهەڵاتی نیشتمانی کوردستان لەدایك بووە، بۆ ماوەی ساڵێك چووە بۆ بەغدا و لەوێ چاوی بە هاورێکەی، خوالێخۆشبوو سەید تەها شەمزینی کەوت، کە ئەویش کوردستان و گەلەکەی خۆش دەویست. (شەمزینی) پاڵپشتیی کرد و هانی دا بۆ جێبەجێکردنی پرۆژە رۆشنبیرییە نەتەوەییەکەی.

* گۆڤارەکە: گۆڤاری "زاری کرمانجی" بوو، کە ٢٤ ژمارەی لێ دەرچوو و بەفەرمانی موتەسەرێف (پارێزگار)ی ئەوکاتی هەولێر (جەلال بابان) راگیرا.

* شارەکە شاری رەواندوزە لەسەر تەپۆڵکەیەك لە ناوەراستی چیاکانی کۆرەك، هەندرێن و زۆزك، کە بەدرێژایی مێژوو چیرۆکی قارەمانی بەخۆوە دیوە، هەر لەوکاتەوە پایتەختی میرنشینی سۆران بووە و یەکێك لە رۆڵەکانی لەوکاتەدا توانی تۆپهاوێژێك دروست بکات (هێشتایش ماوە) و بەناوی دروستکەرەکەیەوە (وەستا رەجەب) ناونرا.

ئەوانەیش پاش تێپەربوونی (١١٢) ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەمین رۆژنامەی کوردی لە مێژوودا لە میسر لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨، کە بوو بە جەژنی رۆشنبیران و رۆژنامەنووسانی کوردستان، بریتین لە:

* قوتابیانی میقداد بەدرخان، خاوەن و سەرنووسەری یەکەمین رۆژنامەی کوردی، کە بەڵێن نوێ دەکەنەوە لەسەر بەردەوامبوون لەسەر ئەو رێگەیەی ئەو گرتیە بەر، بەڵام لەناو کوردستاندا.

* قوتابیانی شێخی شۆرشگێر، کە سەرکردایەتی دەکرد و لە هەلومەرجێکی ناهاوتای نێوان دوو سوپای ناهاوتادا، بەرەنگاریکردن و دەرکردنی رۆژنامەیەکی

پێکەوە کۆکردەوە، خاوەن بیرۆکە و جێبەجێکەری چاپکردنی یەکەمین پوول (طابع)ی کوردی لەژێر ناوی (پوولی حکومەتی کوردستانی باشور).

* قوتابیانی مێژوونووس و رۆشنبیر و رۆژنامەنووسی نەدار لەڕووی ماددی و دەوڵەمەند بە ئیمان و رۆشنبیری و خۆشەویستیی کورد.

* ئەوانەی بەڵێن بەوان و بە پێشەنگ و سیمبوڵەکانی رۆژنامەگەری و پرۆژە نەتەوەیی و رۆشنبیرییەکان دەدەن، بەبەردەوامبوون لەسەر رێبازی ئەوان تا کوردستان و گەلەکەی دەگەنە ئامانج و پاش ئەوەیش.

# ئەزموونی کوردستان لەناو دەریاچەی لی جوولاودا

دوای تێکۆشانێکی سەخت و فرەلایەنی گەلی هیندی دژی ئیستیعمار و ئیمپراتۆریەتی بەریتانی، بەسەرکردایەتیی پارتی کۆنگرەی نیشتمانی و دامەزرێنەرەکەی، مەهاتما گاندی، کە یاخیبوونی مەدەنی و ناتوندوتیژی وەك رێبازی خەبات پەیڕەو کرد، ئەو رێبازەی بوو بەئیلهامبەخشی چەندین بزوتنەوەی بەرەنگاریکردن لە جیهاندا و هێشتایش توانای هەیە ببێتە سەرچاوەی ئیلهام.. وەك زۆر لە گەورە سەرکردە مێژوویی و فیکرییەکان، ئەوانەی کار لە کۆمەڵگەکانیان دەکەن و گۆڕانکاریی قووڵیان تێدا دێننە کایە، کە رەنگە بەدڵی هەندێ کەس نەبێت و ببێتە مایەی رق و تووڕەییان، مەهاتما گاندیش بوو بەقوربانیی هزرە ئینسانییە مەزنەکانی، ئەوە بوو یەکێك لە هیندۆسە تووڕەکان ساڵی ١٩٤٨ کوشتی، واتە یەك ساڵ دوای سەربەخۆیی هیند، پاشان جێنشین و قوتابییە زرنگەکەی، جەواهیر لال نەهرۆ بەیداخەکەی هەڵگرت.

رۆژێکیان پرسیار لە جەواهیر لال نەهرۆ کرا لەبارەی هەستی شەخسیی خۆی کاتێك لە دەسەڵاتدایە و ئەزموونی لە ئۆپۆزسیۆندا، کە سەروەختێك یەکێك لە قوتبەکانی بوو، وەڵامی دایەوە: "ئەرکی ئۆپۆزسیۆن زۆر ئاسانە: رەخنەگرتن و

داواکردنی ئەوەیە جەماوەر دەوروژێنێت، ئەوەیش زۆری تێناچێت، بەڵام کاتێك دەسەڵاتم وەرگرت و ئاڵۆزترین کێشەکان و سەختترین ئەرکەکان بەبەردەممدا دەڕۆیشتن و وام لێهات رووبەڕووی گەورەترین کێشە دەبوومەوە کە داوای چارەسەری خێرایان لێ دەکردم، مەسەلەکە هەندێ جار زۆر لە ئاواتخواستنە ئاسانەکان دوورتر و لە تواناکانی هەر چارەسەرێکی خێرا ئاڵۆزترە، ئاواتم دەخواست بگەڕێمەوە بۆ ریزەکانی ئۆپۆزسیۆن، چونکە هیچی لێم نەدەویست جگە لە قسەکردن، قسەکردن بە دەنگی بەرز".

*** ***

(نعیمة الوکیل) ژنە رۆژنامەنووسێکی عێراقی و لەسەر چەپی دیموکرات حسێب بوو، لە پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوودا، سەرنووسەری رۆژنامەی (الانسانیە) بوو کە لە بەغدا دەردەچوو. پاش تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر هەڵگیرسانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول بەسەرکردایەتیی بارزانیی نەمر ساڵی ١٩٦٢، حزبی شیوعی عێراقی چووە پاڵ هەڵمەتێکی میللیی بەرفراوان لەژێر دروشمی (ئاشتی لە کوردستان) بەمەبەستی خڕکردنەوەی هێزەکان لەپێناو بەرقەرارکردنی ئاشتی لە کوردستان و دروستکردنی پاڵەپەستۆی میللی لەسەر حکومەتی عەبدولکەریم قاسم، تا رەزامەندی لەسەر داواکارییە رەواکانی گەلی کوردستان بدات. بەپێچەوانەی گیانی دروشمی ئاشتی لە کوردستان و ئامانجەکانی کەمپینەکە، دەزگە ئەمنییەکانی حکومەتی عێراقی کەوتنە دەستگیرکردنی کەسایەتییە چالاکەکان لە سیاسی و رۆشنبیرانی هێزە دیموکراتە ئاشتیخوازەکان، لەناویاندا ژنە رۆژنامەنووس نعیمە الوکیل، ئەوکاتە لەگەڵ سەدان گیراویتر درانە دادگەی عورفی، لەبەر نەبوونی هیچ شتێك پێویست بە راگرتنی بکات، دادگە بۆ ئازادکردنی ئەوەی بە مەرج دانا جوێن بە سەرۆکی شۆڕشی کورد مستەفا بارزانی بدات و تۆمەتی بۆ هەڵببەستێت، وەکیل و

زۆربەی گیراوان ئەو داواکارییە نامۆیەیان ڕەت کردەوە، وەڵامەکەی نعیمە الوکیل بۆ سەرۆکی دادگەی باڵا، پڕ مانا بوو: "چۆن داوام لیٚ دەکەین جویٚن بە سەرۆکی شۆڕشی کورد مستەفا بارزانی بدەم، کە ڕەمزیٚکە لە ڕەمزەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیی عیٚراقی، ئەو جۆرە ڕەفتارە ڕەووشانی ئەوتۆ لە نیشتمانپەروەریمدا دروست دەکات، کە لانەچن و جیٚزامی هەمیشەیی لە کەرامەتمدا بەجیٚ دیٚلن. ڕەمزەکان چەندە لەبارەی بۆچوون و ڕیٚباز و سەربەنە فیکرییەکانیانەوە رای جیاوازمان هەبیٚت، ئەوان دواجار و لەسەر ئاستگەلیٚکی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی دیاریکراو، مەرجەعی گەل و کەرەسەتەی ڕیٚکخستنی جووڵەی جەماوەرن، ئەگەر ئەوان رووخیٚنران، گەل کەناریٚك نابینیٚتەوە تیٚیدا لەنگەر بگریٚت، ئەوکاتە هەمەجییەت و فەوزا دەتەننەوە و بەهاکان هیچ شویٚنەواریٚکیان نامیٚنیٚت، دوژمنانی گەلەکەیشمان هەر ئەمەیان دەویٚت، لیٚرەدا نیشتمانپەروەری شکستپیٚهیٚنانی پیلانەکانی دوژمنان و ئەوانەن دەستیان لەگەڵدا تیٚکەڵ کردوون".

جاریٚکیتر دەگەڕیٚمەوە سەر ئەزموونی هیند.. پاش باڵادەستییەکی پارتی کۆنگرەی نیشتمانیی هیندی بەسەر دەسەڵاتدا، کە نزیکەی چارەکە سەدەیەکی خایاند، لە سەربەخۆییەوە بۆ سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو، قۆناغی یەکەمی هەڵبژاردنەکانی دۆڕاند لەبەرانبەر پارتی جاناتای بەرهەڵستکار، دوای راگەیاندنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکان، ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەنووس خڕ بوونەوە و سەرۆکی پارتی کۆنگرە و سەرۆك وەزیران خاتوو ئەندیٚرا گاندییان پرسیارباران کرد، لەبارەی هەستی خۆی لە باریٚکدا حزبەکەی شکستیٚکی گەورەی بەسەردا هاتووە پاش ئەو میٚژووە دوور و دریٚژە لە باڵادەستی بەسەر تواناکانی وڵاتدا، ئەویش بە زەردەخەنە باوەکەی و لیٚبوردەیی و رۆحی دیاکەوە وەڵامی دانەوە: "رۆڵە ئازیزەکانم دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن دوو رووی دراویٚکن، هەردوولامان لەپیٚناو هیندا کار دەکەین، هیوادارم

دژبەرەکەم سەرکەوتوو بێت لە خزمەتکردنی نیشتمانەکەمدا بەگوێرەی بەنامەی هەڵبژاردنەکەی، کە ڕۆڵەکانی گەلەکەم پەسەندیان کردوە".

*** ***

لە هەردوو مانگی ئازار و نیسانی ئەمساڵدا دوو ڕووداوی سەیر بەسەر کوردستان و گەلەکەیدا تێپەڕین کاریگەریی زۆریان کردە سەر دەروونم و حاڵەتێك لە خەمی ویژدانیی قووڵیان لەلا دروست کردم، کە هەڵقوڵاوی هەستکردنە بە سنووردارییی هەستکردن بەو مەترسییانەی هەڕەشە لە (ئەزموونی کوردستان) دەکەن، کە پاش دوو دەیەی تەمەنی هێشتا کامڵ نەبووە لە ناوەندی فەوزای کێشمەکێش و ململانێ سیاسییەکانی ناو عێراق و چاوتێبڕینە ئیقلیمییەکان و بێموبالاتیی ئاشکرا لە سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، کە لەسەر بەرژەوەندییە راگوزەر و گۆڕاوەکان دامەزراوە نەك لە سەر مەبدەئەکان، بەبێ گوێدانە چارەنووسی گەلان و خەون و خواستەکانیان، لە ناوچەیەکدا کە زیاتر لە دەریاچەی لمی جوولاّو دەچێت. لەگەڵ زیادبوونی گرژیی میللی و هەڵکشانی هەستکردن بە بێئومێدی لەئەنجامی هەستکردن بە لەبەریەك هەڵوەشانی بەرەی ناوخۆیی لە کوردستان، بەهۆی دەرکەوتنی هەندێ نووسین و ریپۆرتاژی ڕۆژنامەوانی و ئەوەی لە سایتە ئەلیکترۆنییەکان بڵاو دەبنەوە، خەمبارییەکەم زیادی کرد.

*** ***

ڕووداوی یەکەم لە دەرکەوتنی هەندێ نووسین و بڵاوبوونەوەی هەندێ هەواڵدا خۆی نواند لەبارەی حکومەتەکەی د. بەرهەم ساڵح، کە سەرۆکایەتیی کابینەی شەشەم دەکات، بەمەبەست کەمکردنەوە لە بایەخ و دەسکەوتەکانی لەو ماوە کورتەی بەسەریدا تێپەڕیوە. ڕەنگە خاوەنی ئەو نووسینانە و ڕەواجپێدەرانیان مەبەستیان

ئەوە نەبووبێت ئاماژە بە لاوازییەك لە حكومەتەكەی دكتۆر بەرهەمدا بكەن، بەڵام هەر پیشاندانێكی حكومەت لە دیمەنی كەمتەرخەم و بێتوانادا، بەبێ پشتبەستن بە راستیی بەرهەست، دەشێت دۆخێكی فەوزا و شپرزی و نەمانی متمانە و دڵنیایی لەناو ریزەكانی گەلدا بخولقێنێت و سەربكێشێت بۆ هەژاندنێك لە بنیاتی كۆمەڵگەی یەكگرتووی كوردستاندا. حكومەتی هەرێم رەنگ و سەرۆكەكەی هەرچی بن بەشێكە لە ئەزموونی كوردستان، هەر رەخنەیەكی نابابەتی و نابەرپرسانە، دەكرێت ببێتە مایەی زیانگەیاندن بە تەواوی ئەزموونی كوردستان. ئەوەی، لەباتیی رەخنەیەك ئامانجی راستكردنەوە بێت نەك رووخاندن و بریندارکردن، تەواوی حكومەت لە قەفەسی تۆمەتباریدا دابنێین، تەنیا یەك مانای هەیە، ئەویش لاوازكردن و دوور نیە شكستپێهێنانی ئەزموونی كوردستان.

بەچاوی رۆژنامەنووسێك سەر بە حكومەت نیە، بەڵام بەتوندی سەر بە ئەزموونی كوردستانە دەڵێم و هۆشداری دەدەم.. شكست و دۆڕانی هەر لایەنێك لە لایەنەكانی هاوكێشەی سیاسیی كوردستان، دەبێتە هۆی تووشبوونی لایەنەكانیتریش بەهەمان شكست و دۆڕان، ئەمە هاوكێشەیەكە شوێنی هەڵەی تێدا نیە و ئەزموونی كوردستان كە لە رۆیشتنی رووباری خوێن و فرمێسك و ئاه و ناڵە و خەم و ململانێ و قوربانیدانەوە لەدایك بووە، كە گەلەكەمان بەرگەی گرتوون بەتایبەت لەو دە دەیەی كۆتایی مێژووی خوێناویمان، تووشی زیانی ئەوتۆ دەكات چاكردنەوەیان ئاستەمە.. پێویستە لەسەرمان چاو لە ئەزموونی هێند بكەین، با وشەكانی ئەندێرا گاندی جارێكیتر بخوێنینەوە و لێیان ورد بینەوە: "هەردوو لامان –حزبەكەی و حزبە ركابەرەكەی– لەپێناو بەرەوپێشبردنی رەوڕەوی هیند كار دەكەین، بەو شێوەیەی حزبەكەم دەیبینێت و باوەڕی وایە باشترە، یان بەو شێوەیەی سەركردەكانی حزبەكەیتر دەیبینن، گرنگتریش لەوەدا ئەوەیە ئێمە بۆ یەكەم جار لە كیشوەرە هەژار

به سەرچاوەکان و دەوڵەمەند به پرنسیپەکاندا، فێری پرۆسەی گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات بووین و باوەڕمان پێ هێنا و جێبەجێمان کرد".

*** ***

هەرچی رووداوی دووەمە کە گرنگی لە رووداوی یەکەم کەمتر نیە، بگرە لەو زیاترە لە زیانگەیاندن بەتەواوی ئەزموونی کوردستان، کە کردویەتی بەنموونە بۆ شکست و نەزۆکی لەبەردەم ئەوانەی خەون بە گەڕانەوەی کوردستان بۆ (سەردەمی کۆنی)یەوە دەبینن، رۆژانی مەینەتی و کۆست و کارەساتەکان و سەرکوتکردن و بەکۆیلەکردن. هەموومان ئازارمان چەشت و هێشتایش ئازار دەچێژین و هەست بە بێئومێدی دەکەین لەئەنجامی رفاندنی قوتابیی زانکۆ (سەردەشت عوسمان) بە رۆژی نیوەڕۆ لە هەولێری پایتەخت لەبەردەم کۆلێژەکەیدا و دۆزینەوەی تەرمەکەی دوای ٢٤ کاتژمێر لە شاری مووسڵ، کە دەرکەوت ئەوانەی کارەکەیان کردوە بەوردی پلانیان بۆ داناوە. سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سەرکۆنەی ئەو کردەوەیەی کرد کە قوتابییەکی زانکۆ لە دوا قۆناغی خوێندنیدا تێیدا بوو بە قوربانی، کە بایەخدانی رۆژنامەوانی هەبووە لە بواری وەرگێڕان و نووسیندا ئەگەرچی ئەندام نەبووە لە سەندیکاکەمان. سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئەو کارەی ئیدانە کرد و لق و نووسینگەکانی سەندیکا و لیژنەی بەرگریکردن لە ئازادییە رۆژنامەوانییەکان و مسۆگەرکردنی مافەکانی رۆژنامەنووسان لە کوردستان چەندین چالاکی بەو بۆنەیەوە ئەنجام دا، تێیدا ئیدانە کرا و داوا لە لایەنە بەرپرسەکان کرا لێکۆڵینەوەی جیددی و بەرپرسانە بکەن بۆ دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی ئەو تاوانە دزێوە. لە داواکردنیش بەمەبەستی گەیشتن بە تاوانباران، ئەنجامدەرانی ئەو کارە دەخەڵەنەیە (نکراء)، بەردەوام دەبین و ناوەستین، بەڵام ئەوەی مایەی داخ و خەفەتە بۆ هاوڵاتیانی کوردستان و لەناویاندا نووسەری ئەم دێڕانەیش، چۆنێتیی مامەڵەکردنی هەندێ

دەزگەی ڕاگەیاندن و لەپشتیانەوە هەندێ لایەنی سیاسییە لەگەڵ ئەم ڕووداوە دڵتەزێنەدا، کە لەپڕ ڕووداوەکانی تاوانەکە بەسەر هەموو شتێکدا لە کوردستان زاڵ بوو و لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو بەئەنجامدانی تاوانەکە تۆمەتبار دەکرێت. تەنانەت ئەزموونی کوردستان و ڕەمزەکانیشی لە تۆمەتبارکردن دوور نەبوون. بۆ یەکەم جارە هەست بەم ئەندازەیە لە ترس و بێئومێدی و دڵتەنگی بکەم. نهێنیی ئازار و خەم و داخەکە لە بنەڕەتدا لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئێمە تائێستا بە شێواز و ڕێگەکانی مومارەکردنی دیموکراسی ئاشنا نەبووین و فێری ڕێزگرتنی نەگۆڕ و یاساکانی نەبووین، کە لە دەربڕینی بیرو بۆچوون و بانگکردن بەبەرزترین دەنگ و ڕەخنەگرتن لە دیاردە سەرکۆنەکراوەکان و ئاشکراکردنی گەندەڵی و بەدواداچوونی تاوان تا دۆزینەوەی ئەنجامدەرانی...هتد دا خۆ دەنوێنێت. جارێکیتر پێش جیهان بۆ خۆمانمان سەلماند کە ئێمە لە سەربەنی سیاسی و حزبیی تەسك و بگرە زۆرجار شەخسی و خودی و ئینفیعالیەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا دەکەین، کە هەر لەپێناو خودی زیانپێگەیاندن ئەویتری کوردستانیی جیاواز و ڕکابەر دەکرێتە ئامانج و خراپەی لەگەڵ دەکرێت، با ئەوەیش ئەزموونی کوردستان تووشی لاوازی و پاشەکشە و داهێزران بکات، بار گەیشتۆتە ئەوەی سووکایەتی بە ڕەمزە نیشتمانییەکان بکرێت و ئەو گۆڕ و فایلانە هەڵبدرێنەوە کە کۆن بوون، مێژووی بزوتنەوەی نیشتمانیی کوردستانیش لە سووکایەتی پێکردن دەربازی نەبووە. ئەوانە و دەزگەکانی ڕاگەیاندنیان، لە ساتێکی تووڕەیی و تەماعدا لەبیریان چوو مەترسی لە ڕفاندنی قوتابییەکی زانکۆوە بە ڕۆژی نیوەڕۆ بەبەرچاوی خەڵکەوە نایەت، چونکە کوردستان نابێتە تاکە شوێن لەو جیهانە پان و پۆڕەدا کە تاوانی تێدا نەبێت، بەڵکو مەترسیی هەرە گەورە لە قۆستنەوەی ڕووداوی کوشتنەکەدایە بۆ لەناوبردنی ئەزموونی کوردستان لەلایەن دوژمنانی گەلی کوردستانەوە لەسەر سنوورەکانمان، کە بەئەندازەی پێویست نەپارێزراوە.

*** ***

پێغەمبەر (د. خ) دەفەرموێ: (اختلاف امتی رحمە)، جیاوازبوون دیاردەیەکە لە ئەزەلەوە لە هەموو کات و شوێن و کۆمەڵگەیەکدا هەبووە، لەبەرئەوە گفتوگۆ سیمای رۆشنبیریی ئینسانییە. گفتوگۆ کە بووە بە نیشانەیەك لە نیشانەکانی سەردەمەکەمان، کۆمەڵێك بنەما و دیاریکەر و ئەولەویات و ناوی بۆ دانراوە.. کە دوورکەوتنەوە لە تۆمەتبارکردن بەبێ بەڵگە، رادەی دژبەرییەکە و قووڵیی رکابەرییەکە هەرچەند بن، لە سەرەتاییترین و بەڵگەنەویستترینیانە. وەك چۆن نعیمە الوکیل چوار دەیە لەمەوبەر وتی (نیشتمانپەروەری لێرەدا شکستپێهێنانی پیلانەکانی دوژمنان و ئەوانەن دەستیان لەگەڵدا تێکەڵ کردوون)، ئەزموونی هیندیش لەبەرچاوماندایە لە چۆنێتیی گواستنەوەی دەسەڵات و مامەڵەکردن لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن بەگوێرەی بنچینەگەلی دیموکراسییانەی دروست.

*** ***

لە کۆنگرەی یاڵتا سێ سەرۆکە گەورەکەی جیهان کە بەسەر فاشیزم و نازیزمدا سەرکەوتن کۆبوونەوە (ستالین، رۆزفێڵت، چەرچل)، بۆ گفتوگۆکردن لەبارەی کاروبارەکانی پاش جەنگی جیهانیی دووەم. سەرکردەکان لەبارەی ئەو بابەتانەی لەدڵیاندا بوو قسەیان کرد، کاتێك نۆبەری ستالین هات بۆ قسەکردن، بەدرێژی قسەی کرد، لە بڕگەیەکی گرنگی گێڕانەوەکەدا هەردوو سەرکردە خۆرئاواییەکە چەپڵەیەکی زۆریان بۆ لێدا، ستالین هەستی کرد ئەو بڕگەیەی قسەکەی لە بەرژەوەندی و دژبەر و دوژمنە تەقلیدییەکانی بوو، لەبەرئەوە لە قسەکردن وەستا و دەربڕینەکانی بەماناتر داڕشتەوە، گەرمیی چەپڵەلێدان فریوی نەدا، بەڵکو لە هەڵدێرگە ئاگەداری کردەوە.

**پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هیچ لە ئەزموونی هیندەوە فێر دەبین: گواستنەوەی ئاشتییانەی دەسەڵات و رێگەکانی کارکردنی ئۆپۆزسیۆن و شێوازەکانی مامەڵەکردنی دەسەڵات لەگەڵ ئۆپۆزسیۆن و ئەو بەها باڵا نیشتمانییانەی پەیوەندیی نێوان حکومەت و ئۆپۆزسیۆن بەڕێوە دەبەن و رێك دەخەن، هەروەها لە ئامۆژگارییەکەی نعیمە الوکیل کە لە نەتەوەیەکیترە و رەتیکردەوە جوێن بە سەرکردەیەکی نیشتمانیی گەلی کوردستان بدات؟!.**

**ئەی دەتوانین چ سوودێك لە هەڵوەستەکردنەکەی ستالین وەربگرین کاتێك هەستی کرد قسەکەی، تەنیا قسە، لە ساتێکی دڵخۆشیدا فێنکایی بەدڵی دوژمنە تەقلیدییەکانیدا هێنا..؟**

**ئەمانە ئەزموونی دەوڵەت و سەرکردە و کۆمەڵگەکانن..**

**ئەی ئێمە لەکوێین بەڕێزان؟!**

**ئایا ئێمە لەناو قەوارەیەکی سیاسیی پەرژینکراوداین بەسنووری جێگیر و دامەزراو..؟!! یان هێشتا هەنگاو لەسەر هەنگاو دادەنێین لە گەڕان بەدوای رێڕەوێکی دڵنیادا، لە ناوەڕاستی دەریاچەیەکی لمی جووڵاودا؟!!**

## چارەسەری هەڵە بەهەڵە.. خۆراك پێدانی پاشەوپاش

لەژێر ناونیشانی (كركوك، هل یصلح الخطأ بالخطأ) ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط) چاپی عێراق ژمارە (١١٤٩٢) یەكشەممە ٢٠١٠/٥/١٦ لە لاپەڕە (١٠)، لاپەڕەی بیروڕا، وتاری كەسێكی بەناوی (مازن الشیخ) بڵاو كردەوە، تێیدا بەدەق هاتووە: "دەڵێم مادەی ١٤٠ مردوە و مردوانیش ناگەڕێنەوە بۆ ژیان، ئەمە ڕاستییەكە پێویستە هەمووان دانی پێدا بنێن و پێی ڕازی بن پێش لەوەی بچنە هەر ئیئتیلاف یان هاوپەیمانییەك، كەس مافی ئەوەی نیە نكوڵی لە مافی ئەویتر بكات، بەڵكو ڕاستییەكان ناسەپێنرێن بەڵكو لێكۆڵینەوە لە شەرعییەتیان دەكرێت لەڕێی لێكۆڵەرانی بێلایەن و شارەزا لە یاسای نێودەوڵەتی، لەبەرئەوە یەكەمین لاپەڕە لە كێشەی كەركوكدا بكرێتەوە پێویستە لێكۆڵینەوەی تێدا بێت لەبارەی ڕاستیی ئەو قسانەی دەڵێن هێزە چەكدارە كوردەكان بەزۆر عەرەب لە كەركوك كۆچ پێدەكەن و كۆچبەرانی كورد لە ناوخۆ و دەرەوەی عێراق لە جێگەیان دادەنێن. ڕاستە ژمارەیەكی زۆر عەرەب پاش ئەوەی حكومەتی سەدام تەماعی ماددی خستە بەردەمیان كۆچیان كردوە بۆ كەركوك، بەڵام ئەوە ماوەیەكی زۆری بەسەردا تێپەڕ بووە و لەو ماوەیەدا چەندین نەوە لەدایك بوون كە جگە لە كەركوك هیچ شوێنێكیان بەخاكی خۆیان

نەبینیوە، ئیتر بە چ مافێك كۆچیان پێ دەكرێت لێی؟ ئایا هەڵە بەهەڵە و تاوان بە تاوان چارەسەر دەكرێت؟ پاشان تێكچوونی دیمۆگرافی دژی توركمان بووە كە زۆرینە بوون و هەرگیز دژی كورد نەبووە، چونكە هیچ بەڵگەیەك نیە لەسەر ئەوەی ئەوان لە كەركوكدا زۆرینە بووبن...هتد".

لە رۆژنامەی (الزمان)یش ژمارە (٣٥٩٤) كە رۆژی یەكشەممە ٢٠١٠/٥/١٦ دەرچووە، (سامی الحسنی) لە لاپەڕە (٥) ستوونێكی نووسیوە بەناونیشانی (الرقم ١٦٣)، تێیدا باسی ئەنجامی هەڵبژاردنەكانی ئەم دواییە و پرسی پێكهێنانی حكومەتێكی عێراقی دەكات، بەگوێرەی شایستەكانی هەڵبژاردن و بەگوێرەی ئەنجامە راگەیەنراوەكان و بەپێی دەستوور و..هتد، بەڵام پاش خستنەڕووی كێشەكانی بەردەم پێكهێنانی حكومەتی عێراق، بەئەنقەست و بەملهوڕی و بەبێ پێشەكی دێتە سەر رۆڵی هاوپەیمانی كوردستان و بەدەق دەڵێت: "هەرچی هاوپەیمانی كوردستانە، چوونی بۆ پاڵ هەر بارستەیەك زۆرینە دروست ناكات، بەڵام وا ناسراوە لایەنێكی خۆپەرستی، (ئیبتیزازی)، بەرژەوەندچی و گرووپگەرایە و خۆی لە چوارچێوەی هەرێمەكەی و كوردستانیبوونەكەی و بەرژەوەندییەكانیدا قەتیس كردوە".

لە ٦ی شوباتی ساڵی ١٩٧٠ ئێمە ئەندامانی مەكتەبی راپەڕاندنی ناوەندی یەكێتیی قوتابیانی كوردستانی ئەوكات دەرفەتمان بۆ رەخسا چاومان بە سەرۆك (بارزانیی نەمر) بكەوێت لە گوندی (دیلمان). دیدارەكە دیدارێكی دۆستانە و گەرموگوڕ بوو لەنێوان سەركردەیەكی زرنگ و بەئەزموون و رۆڵەكانیدا لە قوتابیانی زانكۆكانی عێراق لە ئەندامانی بەرزترین مەكتەبی یەكێتیی قوتابیانی كوردستان، نزیكەی شەش كاتژمێری تەواوی خایاند و گفتوگۆی هێمن و گەرم و گوڕی تێكەوت و زۆر بابەتی رۆژ خرانە روو و قسەیان لەسەر كرا.. لەو دانیشتنەدا باسی دانوستانەكان كرا كە ئەوكات لەنێوان سەركردایەتیی شۆڕشی كورد و حكومەتی

حزبی بەعس لەئارادا بوو و لە کۆتاییدا بەئیمزاکردنی رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠ کۆتایی هات، بارزانی پێی وتین: "ئەوانە –مەبەستی بەعسییەکان بوو– سەیرن، ئەوان بەڕاستی نەزانن و هیچ لە راستییەکانی جوگرافیا و مێژوو نازانن.. لە یەکەم دانیشتنی گفتوگۆ لەگەڵیاندا وەفدی حکومەت پێکهاتبوو لە فەریق (حماد شهاب) و فەریق (حردان التکریتی) و (سمیر عبدالعزیز النجم) و (عبدالله سلوم السامرائی) و هیتر، باسی کێشەی کەرکوك و چارەسەرە پێویستەکانمان کرد، لەپڕ عبدالله سلوم سامەڕائی لە باخەڵی چاکەتەکەی قەڵەمێکی دەرهێنا و بەجووڵەی کوژاندنەوە بەڕاست و بەچەپدا جووڵاندی و راشکاوانە وتی: "دەتوانم بڵێم کەرکوك نە کوردستانە و نە کوردییە". کاتێك لە قسەکانی بوویەوە چاوم بڕییە چاوی و پێم وت، بەڕاستی تۆ نەزانی بە راستییەکانی جوگرافیا و مێژوو، چونکە مێژووی تۆمارکراو و بەڵگە مێژووییە جێگیرکراوەکان و سرووشتی جوگرافیای کوردستان و تۆپۆگرافیا و دیمۆگرافیاکەی لەچیای زاگرۆسەوە بۆ زنجیرە چیاکانی حەمرین، هەرهەمووی بۆچوونەکانی تۆ رەت دەکەنەوە و تێزە لە نەزانیدا نوقمبووەکەت بەدرۆ دەخەنەوە، لەبەرئەوە من ئامادە نیم ئەم مەسەلەیە لەگەڵ نەزانانندا تاوتوێ بکەم، چونکە بەم لۆژیکە خوار و خێچە ناتوانین بگەینە رێکەوتنامەی ئاشتی. ئەنجا هەردوو فەریق حەردان تکریتی و حەماد شەهاب هەستان سامەڕائییان لە دانیشتنی گفتوگۆکە کردە دەرەوە".

*** ***

سەرم سوڕ دەمێنێت و هەست بە دڵتێکچوون و نیگەرانی و ترس دەکەم لە چارەنووسی عێراق بە گەل و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانیەوە، کە لەو کاتەوە، لە سەرەتای بیستەکانی سەدەی رابردوودا، بە زۆرەملێ دەوڵەتی عێراق پێکهێنرا، سەقامگیری بەخۆوە نەدیوە. رۆژ بەڕۆژ کێشەکان زیاد دەبن، جەنگە ناوخۆیی و

دەرەکییەکان بوونەتە خواردنی ڕۆژانەی سەرجەم عێراقییەکان بە کورد و عەرەب و تورکمان و کلدۆئاشوورییەوە، کوژراوان بە دەیان هەزارن و برینداران لە نەخۆشخانەکانی عێراق و هەندێ نەخۆشخانەی دەوڵەتانی دراوسێدا جێگەیان نەبوویەوە، دەستگیرکردن و لەسێدارەدان و گۆڕینی واقیعی نەتەوەیی و دیمۆگرافی و شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی پشکی هەموو عێراقییەك بوون، هەریەك بەگوێرەی شوێن و دوور و نزیکی لە دەسەڵاتی حکومەتە عێراقییە لەدوای یەکەکان، دیارە کورد لە ریزی پێشەوەیان بووە. بەڵێ سەرم سوڕ دەمێنێت و ڕۆژ بە ڕۆژ نیگەرانیم گەورەتر و ترسم زیاتر دەبێت لە ئاراستەکانی هەندێ، هاوڵاتی بن یان بەرپرسان، بەعسی بن یان نەتەوەیی یان ئەوانەی بە درۆ و بوهتان بەرگی ئاینیان پۆشیوە، لەم یان لەو لایەن، نیگەرانی لەو ژەهرانەی دەیانپژێنن و لەڕێی دەزگە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاویان دەکەنەوە دەربارەی ئەم یان ئەو کێشە، بەتایبەت بەرانبەر پرسی کەرکوك و ناوچە لە کوردستان دابڕێنراوەکان، کە حکومەتەکانی عێراق لە دامەزراندنەوە بەم یان بەو شێوە هەوڵی بەعەرەبکردن و گۆڕینی پێکهاتەی دیمۆگرافیی نەتەوەییان داوە.

ئەمە مسیبەتە، بەڵام مسیبەتی گەورەتر هەوڵدانی هەندێ نووسەری نەفامە بۆ ڕەواجدان بەهەندێ چەمکی ژەهراوی لەژێر رووکاری چەواشەکارانەدا (هەڵە بەهەڵە چارەسەر ناکرێت)، ئەوەیان لەبیر چووە یان کردوە کە بەو تێزانەیان زیان بەهەندێ پرس دەگەیەنن کە پەیوەندییان بەئێستا و ئایندەی نەتەوەی عەرەبەوە هەیە، جا چی بەرهەم دێت لە بارێکدا ئەگەر ئەم بیروبۆچوونانەیان بەشێوەیەکی پاشەوپاش (ارتجاعی) تەغزیە کرد، یان لەسەر خۆیانیان جێبەجێ کرد.. هێندەی بابەتەکە پەیوەندی بە کۆچپێکردنی کورد لە کەرکوکەوە هەیە، ئەوەی داوا دەکات چارەسەری هەڵە بەهەڵە نەکرێت، پێویستە داوا لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب و حکومەت و سەرکردە سیاسییەکانی بکات واز لە بانگەشەکردن بۆ رزگارکردنی قودسی پیرۆز لە چنگی داگیرکەر بێنن، چونکە دەرکردنی ئەو جوولەکانەی پاش جەنگەکانی ساڵانی

١٩٤٨، ١٩٥٦، ١٩٦٧ بەزۆر لە قودس نیشتەجێ بوون، چیدی بایەخی نەماوە، چونکە زۆربەیان مردوون و رۆڵەکانیان لە قودس لەدایك بوون و نیشتمانێکیتر جگە لەوە ناناسن. باشە، ئیسرائیل هەڵەی کرد، عەرەبیش دەکەونە هەمان هەڵە کاتێك داوای رزگارکردنی قودس و گەڕانەوە پەنابەران دەکەن، بەگوێرەی لۆژیکی ئەو برادەرە پێویستە باس لە عەرەبایەتیی (طنب الکبری و طنب الصغری و ابو موسی) و بانگەشە بۆ رزگارکردنیان لە دەستی ئێرانییەکان نەکەن، چونکە بەگوێرەی تێگەیشتنی ئەوان کۆنبوون (التقادم)، نەگۆڕە مێژووییەکان و راستییە جوگرافییەکان رەت دەکاتەوە.

زیادەڕەوی ناکەم ئەگەر بڵێم ئەوانە و هاوشێوەکانیان لە پیاوانی سیاسەت و سەرکردەی حزبەکان دەکەونە هەڵەیەکی گەورە و کوشندە دەکەن و ئەگەر لەسەر ئەم رێبازە رەگەزپەرستانەیە لە بیرکردنەوە بەردەوام بن، عێراق بەرەو لێواری دابەشبوون و پەرتەوازەیی دەبەن، کە لە چارەسەرکردنی پرسی کەرکوکدا گەڕانەوەی رۆڵە چاکەکانی لە کورد و تورکمان بە تاوان دەبینن، لەکاتێکدا کەسانیتر لە سەکۆی دەزگەی راگەیاندنی گەورەوە تۆمەتی خۆڕایی وەك خۆپەرستی و ئیبتیزازی و بەرژەوەندچێتی دەدەنە پاڵ هاوپەیمانی کوردستان، وەك ئەوەی کورد بناغەی بەڵاکە بن و ئەوان بەرپرس بن لە تێکوپێکشکانی دەوڵەتی دەستکردی عێراق، ئەمە لەکاتێکدا دوور و نزیك  و سەرجەم ئاراستە سیاسی و ئینتیما نەتەوەییەکان دەزانن کورد دوای رووخانی رژێم، قوربانییان بە بەشێکی گەورە لە سەربەخۆیی خۆیان دا لەپێناو بنیاتنانەوەی عێراقدا.. ئەوە بەڕاستی جێی سەرنجە و هەستی داخ و بەسووك سەیرکردن بەرانبەر ئەوانە و هاوشێوەکانیان دەوروژێنێت.

لەکۆتاییدا ئامۆژگارییەکمان هەیە پێیانی دەڵێین.. بیرۆکەکانتان بۆ خۆتان هەڵبگرن و لەباتیی کورد بیر لە چارەنووسی کورد و کوردستان مەکەنەوە، چونکە (خەڵکی مەککە لە چەم و دۆڵەکانی شارەزاترن). لەو پرسانەیشدا تایبەتن بەگەلان و چارەنووسیان (نەهی لە ئاکارێك مەکە و خۆت هاوشێوەکەی بکەیت)، والسلام علی من اتبع الهدی.

## كورسييەك لەسەر كەناری دەریاچەی لیمان

کاتێك یەکێك لە قاوەخانەکانی چیاکانی (ئەلب) لە وڵاتی دڵگیری سویسرا لەئامێزی گرتم، گۆڤاری (کتابی)م بیر کەوتەوە کە رۆژنامەنووس و نووسەری میسری (حیلمی موراد) لە ناوەڕاستی پەنجاکانی سەدەی رابردوو دەریدەکرد.. جۆرە رۆژانەیەکی رۆژنامەنووسێك بوو کە گەشتکردن لە ئەوروپای کردبووە پیشە، جوگرافیایەکی (ئینتیباعی) و گەشتێکی فیکرییە بەشێوازێکی جوان لەڕێی ریپۆرتاژی وێنەگیراوەوە بە چەند ئەڵقەیەك بەناونیشانی (لە ئەوروپا بۆم بینیت و بۆم خوێندیتەوە)، ئەو نووسینە زیاتر لە هاوێنەی کامێرا دەچوو، کە دەسووڕا و ئەو دیمەن و گرتانەی تۆمار دەکرد کە خەیاڵگەی خوێنەر دەوروژێنن، لە سەردەمێکدا نە کەناڵە ئاسمانییەکان هەبوون نە مانگە دەستکردەکان. حیلمی موراد و گۆڤارەکەی (کتابي)م بیر کەوتەوە و رەحمەتم بۆ نارد، منیش لەخۆمەوە جانتاکەمم کردەوە و قەڵەم و کاغەزێکم دەرهێنا و کەوتمە نووسین.

*** ***

(پاتریوس موگنی) وەزیری رۆشنبیریی کانتۆنی جنێڤ (هەرێم)، نزیکەی ساڵ و نیوێك لەمەوبەر لەسەر بانگهێشتی وەزارەتی رۆشنبیریی هەرێمی کوردستان سەردانی کوردستانی کرد. یەکێك لە بڕگەکانی بەرنامەی ئەو سەردانە، سەردانی بارەگای ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بوو. زۆر سەری سوڕما بەو کار و چالاکییانەی لە سەندیکا بینی و بیستنی، بەتایبەت دروشمە ناوەندییەکەی (لەپێناو چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان) و راپۆرتە نیو ساڵییەکەی دەربارەی دۆخی گشتیی ئازادییە رۆژنامەوانییەکان لە کوردستان، ئەمە جگە لە فرەیی ئینتیما نەتەوەیی و ئاینی و سیاسییەکانی ئەندامانی سەندیکا و رەنگدانەوەکانی لەسەر واقیعی کاری رۆژنامەنووسی. لە کۆتایی سەردانەکەیدا پێی وتم: "لەپێناو دەوڵەمەندکردنی ئەزموونی پیشەیی و سەندیکاییتان، خۆشحاڵم بانگهێشتتان بکەم بۆ وڵاتەکەم، سویسرا تا بەئەزموونی ئێمە لەو بوارەدا ئاشنا بن، کە یەکێکە لە ئەزموونە دەوڵەمەند بە بنچینە یاسایی و پیشەییەکان بەهۆی تەمەنی زۆر و کەڵەکەبوونی شارەزاییەکان، کە بوونەتە چوارچێوەیەك بۆ رۆژنامەگەریی سویسری و رۆژنامەنووسەکانی لەسەر ئاستە جیاوازەکان".

لە تشرینی دووەمی ٢٠٠٩ بانگهێشتێکی رەسمی و شەخسیم لە (پاتریوس موگنی)ەوە بەدەست گەیشت، بەڵام باری تەندروستیم و دەستنەکەوتنی ڤیزا رێگر بوون لە سەفەرەکە. شوباتی رابردوو بانگهێشتەکە لەڕێی نامەیەکی ناسکەوە دووبارە کردەوە.. تا خۆمم بینی بەسەر پلیکانەی فڕۆکەی هێڵی ئاسمانیی شانشینی ئوردنی (العالیە)دا لە عەمانی پایتەختی ئوردن سەردەکەوم، لەوێوە فڕیم بۆ جنێڤ، گەشتەکە لە هەولێرەوە بۆ جنێڤ لەڕێی پایتەختی ئوردنەوە نزیکەی پێنج سەعات و نیوی

خایاند. له فرۆکەخانەی جنێڤ کاکە جەودەت سۆفی له پێشوازیمدا بوو کە یاوەریی (پاتریوس موگنی) کرد بۆ کوردستان، لەو رووەوە کوردە و پتر لە سی ساڵە لە سویسرا دەژی. هەروەها هەڤاڵی رۆژنامەنووس (ئازاد گوڵەیی)ش له پێشوازیمدا بوو کە لەنێوان سالآنی ١٩٩٣-٢٠٠٠ بەرپرسی نووسینگەی رۆژنامەی (برایەتی-خەبات) بوو لە دهۆك، پاشان کۆچی کرد بۆ ناوچەی دەریاچەی لیمان و چیاکانی ئەلب و رووباری رون و بێستانەکانی مێو، کە سەدان شێوە لە (مەی)ی سوور و سپی لێ دروست دەکرێت. سێیەم کەس پێشوازی کردم نزار عەبدوڵا سەعید برای خێزانم بوو، کە پاش گەڕانەوەی لە شاخ ساڵی ١٩٧٥، کە پەیوەندیی بە شۆڕشەوە کردبوو لە چیاکانی کوردستان، گەشتی کۆچکردن بۆ دەرەوەی عێراقی دەست پێکرد. کە پێشووتر لەگەڵ سێ لە هاوڕێ عەرەبەکانی دەستگیر کرا، لەناویاندا (فرند) کوڕی خوالێخۆشبوو عەقید فازڵ عەباس ئەلمەهداوی، لە سەردانێکدا بوون بۆ شاری کەربەلا، پەلکێش کران بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی عامە و بۆ چەندین مانگ دووچاری جۆرەها ئازار و ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی بوون، ئەوە ساڵی ١٩٧٨ بوو و دوای واسیتە و دەستوەردانی گەورە گەورە و دەرکەوتنی ئەستۆپاکییان لە هەر تۆمەتێك، ئازاد کران. سەرەتا چوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و پاشان بۆ سویسرا و ساڵی ١٩٧٩ لەوێ جێگیر بوو و کچێکی سویسری بە بنەچە فەرەنسی خواست. چوارەم پێشوازیکار یەکێك لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانی وەزارەتی رۆشنبیریی کانتۆنی جنێڤ جنێڤ بوو، کە ئەویش یاوەریی (پاتریوس موگنی)ی کرد لە سەردانەکەیدا بۆ کوردستان، یاوەرییان کردم بۆ هۆتێلی (سلاڤا) لە ناوەڕاستی شاری جنێڤ.

یەکەمین گەشتم لە شاری جنێڤ بوو، سەرنجڕاکێشترین شاری سویسرا، رووبەری کانتۆنەکەی دەگاتە ٢٨٢کم٢ و لەگەڵ فەرەنسا سنوورێکی ١٠٣کم هاوبەشی هەیە و لەگەڵ باقیی ناوچەکانی سویسرا تەنیا ٤,٥ کم. شارێکی جیهانی و کۆکەرەوەیە،

**چەندین دەستەی جیهانی تێدایە وەك ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان یان ڕێکخراوی جیهانی بۆ پەیوەندییە سلکی و لاسلکییەکان. جنێڤ نمایشی هۆتێلی ئاست بەرز پێشکەش بە سەردانیکارانی دەکات لەڕێی قەشەنگترین هۆتێلەکانەوە کە بەسەر دەریاچەی (لیمان)دا دەڕوانێت، گەوهەری ئەلب و چێشتخانە جیهانییە کەشخەکان. شەقامەکانی پڕن لە لافیتەی ڕەنگاوڕەنگ بۆ کەشخەترین مۆدێلەکانی سەعات و تابلۆ روناکییەکانی بانگە جیهانییەکان، هەرچی گۆڕەپانی بەناوبانگی مۆلارە، بەدوکانە خشڵ و زێڕ و زیو و کالاّ چەرمەکان و جلوبەرگی کەشخە دەورە دراوە.**

*** ***

**جنێڤی کۆن کە لە هەندێ روویەوە لە قەلاّی هەولێر دەچێت، بەلاّم نزمترە، بابەتی گەشتی دووەمم بوو.. گۆڕەپانی (یۆرغ دی فۆر) چەقەخاڵی بەیەکگەیشتنی شەقامە سەرەکییەکانی شارە کۆنەکە پێکدێنێت، لەوێ دەبینی دانیشتوانی جنێڤ لە گۆڕەپانی قاوەخانەکاندا بلاّو دەبنەوە، لەکاتی سەرکەوتنم بۆ ناوجەرگەی شارە کۆنەکە، پلیکانە بەرزەکانی شەقامی (لیباربیر) شەکەتیان کردم.. بەدەست شوێنەواری نەشتەرگەییەکەی ئەژنۆی راستمەوە دەمنالاّند.. ئەوەتا جنێڤی کۆن بە شەقامەکانی خواروی وەك ئەوەی بەهەشتێك بیت لە بەهەشتەکانی رۆژهەلاّت، بە ژمارەیەکی زۆر فرۆشگەی قەشەنگ رازاوەتەوە وەك (هیرمس، بونجینی، میگرۆ) کە رووکارەکانیان بە سەعاتی کوالێتی بەرز رازاوەتەوە و ئاوی چاو دەبەن، خشڵ و گەوهەری نرخ خەیاڵی، شوکولاتە کە سویسرا پێی بەناوبانگە بەچەندین شێوە و جۆر، جلوبەرگی کەشخەی ژنانە و پیاوانە. کاتێك زۆر رۆیشتن ماندووی کردم داوام لە نزار کرد لە یەکێك لەو قاوەخانە دڵڕفێنانەدا دابنیشین کە لەو ناوە بلاّون، قاوەخانەی (فندیون) لە بور دوفر نزیکترین بوو لێمان، پشوویەکمان دا و بوتڵێك ئاوی**

کانزایی (ئیفان)مان لەگەڵ کووپێك (کاپاچینۆ)دا خواردەوە. کاتێك نزیکەی کاتژمێر حەوتی ئێوارە هات، لێرە دنیا تا نزیکەی دەی شەو تاریك نابێت، بە ئۆتۆمبێل چووین بۆ لای (نافوورە هەڵکشاوەکە) بەناوبانگترین رەمزی شاری جنێڤ و دەکەوێتە کەناری رۆژئاوای دەریاچەی لیمان، هەر چرکەیەك نیو مەتر سێجا ئاو فڕێ دەدات و ئاوەکەی هەڵدەدات بۆ بەرزاییەك، دەگاتە ١٤٠ مەتر بەخێرایی دەرچوونێك لە چاوگەکە کە دەگاتە ٢٠٠کم لە کاتژمێرێکدا. تەریب لەگەڵ دەریاچە شینەکە کۆرنیشی دەریاچەکە بە دوو ئاراستە درێژ دەبێتەوە، لەگەڵ رێگەیەکیتری تەریب بۆ رێبوارانی سەیرانکەر کە هێڵێکی راست لە درەختی بەرز بەرز لێکیان جیا دەکاتەوە، کە گەڵاکانیان بە زەیتی زەیتوون شۆرابوون و بریسکەیان دەهات. بەخەمبارییەوە درەختەکانی وڵاتەکەمم بیر کەوتەوە کە بەدەست تەپۆتۆزی چڕ و پلەی گەرمای زۆر بەرز لە مانگە گەرمەکانی هاویندا دەناڵێنن. ئەم جارەیان لە بەر ماندوێتی نا، هەستم کرد کێش دەبم بۆ لای یەکێك لە کورسییە تەختەکان لە کەناری (لیمان).. لەوێوە لەڕێی ئاوە شینەکەی دەریاچەکەوە تەماشای چیاکانی (مۆن بلان)ی فەرەنسام کرد، کە بەرزترین لوتکە چیایە لە ئەوروپا و بە کڵاوە سپییەکەی لە بەفرە ئەزەلییەکان بەناوبانگە، کە لەگەڵ ئەو چیایانەی دەوریان داوە تابلۆیەکی خودایی پێکدێنن چاوان دەڕفێنن و دڵ یەخسیر دەکەن. لەبەر خۆمەوە قسەیەکی برنادشۆم وتەوە کاتێك رۆژێکیان لەبارەی پەیوەندیی کەچەڵییە بەناوبانگەکەی بەچڕیی مووی ریشیەوە، وتی: "زۆری لە بەرهەمهێنان و خراپی لە دابەشکردندا"، کاتێك تەماشای ئەو وڵاتەم دەکرد کە لە سەوزایی و ئاو پێکهاتووە کەمیی ئاوم لە وڵاتەکەی خۆم بیر کەوتەوە، کە زۆربەی شارەکانمان بەدەست کەمیی ئاوەوە دەناڵێنن سەرباری بوونی چەندین رووبار و جۆگە لە زۆربەی شارەکانی کوردستان. تەنیا لە شاری جنێڤ دوو رووبار تێدەپەڕن (غۆن و )، ئەمە جگە لە دەریاچەی لیمان کە جوانییەکیتر بە جوانیی شارەکە

دەبەخشێت و بەخاکی فەرەنسایشدا دەکشێت و لای باشوری رۆژهەڵاتی شاری (فیفوی) کۆتایی دێت.

## وێستگەی یەکەم: ٢٠١٠/٦/٢٣

کاتژمێر هەشتی یەکەم رۆژی سەردانەکەم بۆ جنێڤ، لەگەڵ هەردوو هاوڕێم جەودەت سۆفی و نزار عەبدوڵا سەعید روومان کردە کۆشکی (هینار)، کە تەلارێکی کەشخەیە لە بەردی مەرمەڕی سپی دروست کراوە، لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەلایەن زێڕینگەرێکی بەناوبانگەوە بنیات نراوە، ئەمڕۆ بارەگای شارەوانیی ئەکادیمیی جنێڤە. یەکێك بووم لەوانەی بانگهێشت و تۆمار کرابووم بۆ ئامادەبوونی کۆنفرانسێکی رێکخراوی (دژی ئەشکەنجەدان) کە ساڵی ١٩٨٥ دامەزراوە، لەو کۆنفرانسەدا ژمارەیەکی زۆر کەسایەتیی سویسری و جیهانی قسەیان کرد کە گرنگییان بەکارکردن لەپێناو کۆتاییهێنان بە ئەشکەنجەدان دەدا، ئەو جۆرە لە چەوساندنەوەی جەستەیی و دەروونی کە هەندێ حکومەت دژی نەیارانیان ئەنجامی دەدەن، یەکێك لە ئامادەبووان (کۆفی ئەنان) سکرتێری پێشووی دەستەی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو، لە یەکەم ماوەی پشووداندا خۆمم پێ ناساند و گفتوگۆیەکی کورت کەوتە نێوانمان.

من: ناوم (فەرهاد)ە، نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستانم و لە کوردستان- عێراقەوە هاتووم.

کۆفی ئەنان: بەخێر بێن، ئێستا دۆخی کوردستان چۆنە.

من: کوردستان باشە، پەرلەمان و حکومەتێکی هەرێممان هەیە و لەپێناو پەرەپێدانیاندا تێدەکۆشین.

کۆفی ئەنان: ئەمە ئاواتمانە، ناڕەحەتیی زۆرتان چەشت و شایستەی ئەوەن بە ئاشتی و ئارامیی تەواو بژین.

من: زۆر سوپاس.

پێکەوە و لەگەڵماندا مامۆستا (زولیر) پرۆفیسۆر و کەسایەتیی دیار لە بواری بەرگریکردن لە مافەکانی مرۆڤ و کێشەکانی گەلانی چەوساوە، پاش لێبوونەوە لە کۆنفرانسەکە چووین بۆ کافتیریا بۆ پشوودان، لە کۆتایی کۆنفرانسەکەدا ئامادەبووان کە ژمارەیان ٦٥ کەسایەتی بوو لە کانتۆنە جیاوازەکانی سویسرا و دەرەوەی، راگەیەنراوێکیان ئیمزا کرد، تێیدا ئامادەبووان بەڵێنیان دا بەرگری لە پرسی مافەکانی مرۆڤ و کارکردن لەپێناو نەهێشتنی دیاردەی ئەشکەنجەدان لە جیهاندا بکەن، منیش وەك نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان یەکێك بووم لەوانەی ئیمزای ئەو بەڵگەنامەیەم کرد.

## وێستگەی دووەم: ٢٠١٠/٦/٢٤

بەگوێرەی ئەو بەرنامەیەی پەیوەنداران لە وەزارەتی رۆشنبیر و هەڤاڵ جەودەت سۆفی دایاننابوو، کاتژمێر ٨:٣٠ی بەیانی روومان کردە بارەگای ئێزگە و تەلەڤزیۆن بۆ ئەنجامدانی دیمانەیەك لەگەڵ رۆژنامەنووسی ئێزگەیی بەناوبانگ لە سەرتاسەری سویسرا (ئالان مایا) بەزمانی فەرەنسی R. S. R لەڕێی وەرگێڕانی فەورییەوە دەربارەی هەندێ بابەت، کە پەیوەندییان بە ئەزموونی شەخسی/سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان/ئازادییە رۆژنامەوانییەکان لە کوردستان/ یاسای کاری رۆژنامەنووسی/ راپۆرتی نیو ساڵانەی لیژنەی بەرگریکردن لە ئازادییە رۆژنامەوانییەکان لە سەندیکا و ئەو کێشانەی بەدەستیانەوە دەناڵێین.. وەڵامەکان

روون و شەفاف و قایلکەر و کاریگەر بوون، بەبەڵگەی دووبارەکردنەوەی دیمانە ئێزگەییەکە پتر لە جارێك، ئالان مایا پێی راگەیاندم ژمارەی ئەوانەی لە لاپەڕەی ئینتەرنێتی ئێزگەی ناوبراو دیمانەکەیان دیوە گەیشتۆتە ١٨٠٠ کەس لە ماوەی یەك هەفتەدا. رۆژنامەنووسی ناوبراو لە دۆستانی دۆزی کوردە و لەکاتی کۆڕەوە ملیۆنییەکەی بەهاری ١٩٩١دا لە کوردستان بووە و ئارەزووی خۆی بۆ جارێکیتر سەردانکردنەوەی کوردستان بۆ دەربڕیم.

## وێستگەی سێیەم: ٢٠١٠/٦/٢٥

لە نهۆمی چوارەمی باڵەخانەیەك لە ناوەڕاستی شاری جنێڤ، ژنە رۆژنامەنووس (کارول فان) پێشوازی کردین کە بەرپرس بوو لە لاپەڕەی رۆژنامەنووسانی بەرگریکار لە مافی رۆژنامەنووسان، ئاگەداری دۆخی رۆژنامەگەری و رۆژنامەنووسان بوو لە عێراق، پرسیارەکانی زۆر بوون، سەعات و چارەکێك درێژەی کێشا، زۆربەیان بەدەوری رۆڵی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە بەرگریکردن لە مافی رۆژنامەنووسان و هەندێ بابەتیتردا دەخولانەوە، کە پەیوەندییان بە رۆژنامەنووسانی عێراق لە دەرەوەی هەرێمەوە هەبوو.. لەڕێی لاپەڕەکەیشیانەوە داوای دامەزراندنی پەیمانگەیەکم کرد بۆ رۆژنامەگەری لە کوردستان، وەك ئەوەی لە سویسرا هەیە و سەر بە یانەی رۆژنامەگەریی سویسرییە (Club Suiss da la Press).

## وێستگەی چوارەم: ٢٠١٠/٦/٢٦

وەك زانراوە شەممە و یەکشەممە لە ئەوروپا پشوون، لەبەرئەوە نەبەسترابووم بەهیچ بەرنامەیەکی رەسمییەوە، دەبوو دەرفەتەکە بقۆزمەوە بۆ سەردانی هەندێ شار

و شوێنی شوێنەواری بەناوبانگ لەو وڵاتە، کە تا ئێستا ئەندام نیە لە نەتەوە یەکگرتووەکان سەرباری بوونی بارەگاکانی نزیکەی ٢٠٠ ڕێکخراوی جیهانی تێیدا، کە زۆربەیان دەکەونە جنێڤ لەنزیك (گۆڕەپانی نەتەوەکان)، لەبەرانبەر ئەو گۆڕەپانەدا (کۆشکی نەتەوەکان)، بارەگای ئەورووپیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانی لێیە، کۆشکەکە باڵەخانەیەکە لە سییەکانی سەدەی رابردوودا دروست کراوە. بەو ڕێگەیەی زۆربەی بە کەناری رووباری لیماندا تێدەپەڕێت، ئۆتۆمبێلەکە لەلای چەپی ڕێگەکەدا دەیبردین کە یەك مەتری چوارگۆشە زەوی بەتاڵ نەبوو، کێڵگەکانی مێو و رووبەرەکانی هاتوچۆ بەجۆرەها کشتوکاڵی وەرزی داپۆشرابوون لە ناوەوە و دەرەوەی ماڵە پلاستیکییەکاندا، کە بەپێی سیستمێکی ئەندازەیی جوان و زۆر جوان ڕێکخراو بڵاو بوونەتەوە، خێرایی بە ١٢٠ کم/سەعات دیاری کرابوو، ڕێگەکە بە کامێرای دامەزراو و تۆڕێك رادار چاودێری دەکرا، لە هەردوولایشەوە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل و کوشکی تەلەفۆن و گەرماو لەتەنیشت وێستگەکانی وەرگرتنی سووتەمەنی هەبوو، کە جگە لە خزمەتگوزاریی پێدانی سووتەمەنی هەندێ خزمەتگوزاریتری پێویست دابین دەکەن.. سۆپەرمارکێتێکی بچووك، کوشکی فرۆشتنی رۆژنامە و کافتیریا و چێشتخانەیەکی زۆر پاك و خاوێن.

بۆ لای "لۆزان" دەچووین، کە نزیکەی نیو سەدە بوو ناوی ئەو شارەم دەبیست، بەهۆی پەیوەندی بەشوێنی بەستنی کۆنگرەیەکەوە کە ئومێدەکانی کوردی کوێر کردەوە، بەپێچەوانە و لەسەر دار و پەردووی پەیماننامەی سیڤەر، کە لە هەندێ خاڵیدا باسی لە مافی کورد لە بەهرەمەندبوون لە تەواوی مافەکانیان کردبوو. لە دووریی ٥٠٠ مەترەوە هەڤاڵ جەودەت سۆفی ئاماژەی بۆ باڵەخانەیەك کرد دەکەوتە لای رۆژهەڵاتی دەریاچەی لیمان، ئەوە (کۆشکی ئوش) بوو، ئەو شوێنەی ئیمزاکردنی ڕێکەوتنامەی لۆزانی بەخۆوە بینی، ئەڵبەت دیوار و هۆڵەکانی کۆشکەکە (تاوان)ی ئەو ستەم و ناهەقییە هەڵناگرن کە لەئەنجامی ئەو پەیماننامەیەدا بەکورد کەوت

بەئەندازەی ئەوەی، بەرژەوەندییەکانی گەورەکانی سیاسەت دەیگرنە ئەستۆ لە بڕیاربەدەستان، نوێنەرانی زلدەوڵەتان کە هیچ وەفا و ئەخلاقێکیان تێدا نیە، وەك هینری کیسنجەر لە نامەی دانپێدانانەکەیدا بۆ لیژنەی ریابك دانی پێدا نا، کاتێك راشکاوانە باسی ئەوەی کرد سیاسەتیان بەرانبەر کورد پاش رێکەوتنامەی ٦ی ئازاری ساڵی ١٩٧٥ نائەخلاقی بووە.

چووینە کۆشکەکە کە گۆڕاوە بۆ چێشتخانە و شوێنی خواردنەوە (رێستورانتێکی دلڕفێن)، باڕەکەی کۆمەڵێکی دەگمەن لە شوشە مەی (النبیذ المعتق)ی تێدایە کە نەخراونەتە روو بۆ خواردنەوە یان فرۆشتن، لە هۆڵی رووی پێشەوەیدا تابلۆیەکی مسی هەیە مێژووی کۆشکەکە دەگێڕێتەوە. زانیارییە نووسراوەکانی ناویم خوێندەوە دەربارەی ئەو رێکەوتنامە و پەیماننامانەی لە شەڕی (چاڵدێرانی ١٥١٤)ەوە تا رۆژی ئەمڕۆمان، لەو شوێنەدا ئیمزا کراون، زۆربەیشیان دژی ئومێد و ئاوات و خەونەکانی گەلان بوون لەوانە گەلی کوردستان. لەسەر یەکێك لە مێزەکانی کافتیریاکەدا کە بەسەر دەریاچەی لیماندا دەیڕوانی دانیشتین، کچە شاگردەکە لە مێزەکەمان نزیك کەوتەوە، لەوکاتەدا تەماشای هۆتێلی (بوریفاج)م دەکرد کە شەقامێك لە کۆشکەکەی جیا دەکاتەوە دار و درەختی بەرز و سندان و گوڵدانی پڕ گوڵی رەنگاوڕەنگ سێبەریان بۆ کردبوو، ئەو هۆتێلەی ئەندامانی کۆنگرە کردیان بە شوێنی حەوانەوەیان و لە هۆڵە گەورەکە زەوی مەڕمەڕەکەیدا ئەندامانی کۆنگرە، لەگەڵ کچە شۆخ و شەنگە بەژن رێکەکانی لۆزاندا سەمایان دەکرد، بەبێ هیچ رێگرێکی ویژدان (نیوە زیندوو نیوە مردوو) بەرانبەر ئەو گەلانەی بەمیزاجی خۆیان بڕیاریان لە چارەنووسیان دەدا، بەبێ گوێدانە ئەو زوڵم و زۆر و وێرانکارییەی لە بڕیارەکانیان دەکەوێتەوە، بەئەندازەی گوێدانیان بە کچە لۆزانییە جوانەکانیان. من لە دۆڵێکیتر بووم کاتێك شاگردەکە لێی پرسیم حەزم لێیە چی بخۆمەوە، کاتێك بە دەنگێکی بەرزتر پرسیارەکەی دووبارە کردەوە بەهۆش هاتمەوە و لەڕێی وەرگێڕانی جەودەتی هاوڕێمەوە پێم وت: "حەزم لە

نۆشینی شەرابێکە قەهر و وێنەی ئەو (پاڵەوان)انەم بیر بباتەوە کە لەسەر مێزی پەیماننامەی لۆزان ئیمزایان کرد". کچە گارسۆنەکە سەرەتا تێنەگەیشت مەبەستم چییە، کاتێك جەودەتی هاوڕێم روونی کردەوە داوای چی دەکەم، وەڵامی دامەوە: (رەنگە لای ئەو سیاسییانە بیدۆزیتەوە کە هێشتا لەدایك نەبوون!).

## وێستگەی پێنجەم: ٢٠١٠/٧/٢٩

(ئەنماز) شارێکی فەرەنسییە هیچ لە جنێڤ جیای ناکاتەوە جگە لەو ئاڵا فەرەنسییانەی لەسەر هەندێ بینای حکومی دەشەکێنەوە، کە مرۆڤ کاتێك لە جنێڤەوە تێدەپەڕێت بۆ ئەنکاز هەست بە بوونی هیچ بەربەستێك ناکات، چونکە ئەوروپا بووە بە چوارچێوەیەکی گشتی بۆ ٢٨ دەوڵەتی ئەوروپی و هەڵگری ڤیزای جۆری (شنگل) بۆی هەیە وەك چۆن لە ماڵەکەی خۆیدا لە ژوورێکەوە دەچێتە ژوورێکیتر، ئاوا لەنێو ئەو دەوڵەتانەدا هاتوچۆ بکات. رێکخراوی (دۆستانی کورد) و سەرۆکەکەی، پرۆفیسۆر (زولیر) کە ئەگەرچی رۆژی پێشتر دایکی مردبوو، لە هۆڵی تایبەت بە کۆڕ و سیمینار و کۆنگرە رۆژنامەنووسییەکانی سەر بە شارەوانیی شاری ئەنمازی فەرەنسی ئامادە بوو و خاتوو (بیرکا کانترۆن) جێگری پارێزگاری شارەکەی لەگەڵ بوو، لەگەڵ (٣٠) کەس لە میدیاکار و بایەخدەران بە بابەتی کورد، لە فەرەنسی و سویسرییەکان. پرۆفیسۆر (زولیر) لە سیمینارێکدا بەبۆنەی بوونی من لەوێ، ئامانجەکانی کۆمەڵەکەی خستە روو لە پتەوکردنی پردی دۆستایەتی لەگەڵ کەلی کورد و رێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ تێیدا، هەروەها خۆشحاڵی بە بوونی رۆژنامەنووسێك (مەبەستی من بوو) دەربڕی بۆ ئاشنابوون بە ئەزموونی رۆژنامەگەری لە کوردستان و جیاوازییەکانی ئەمڕۆی لەگەڵ رۆژانی سەردەمی رژێمی پێشوو. دووەم قسەکەر خاتوونی جێگری پارێزگار بوو، تێیدا جەختی لەسەر رۆڵی فەرەنسا

کرد لە هێنانەکایەی ناوچەی ئارام لە کوردستان ساڵی ١٩٩٢ کە بووە مایەی پارێزگاریردن لە دانیشتوانی مەدەنی و بەرگرتن لە رژێمی پێشوو، هاوکات خۆشحاڵی دەربڕی بە گوێگرتن لەوەی ئێستا لە کوردستان دەگوزەرێت، رۆژنامەگەری، پەرلەمان، ئازادییە گشتییەکان، پەیوەندی لەگەڵ بەغدا.

کاتێك نۆرەی من هات کە دواین کەس بووم قسەم کرد خۆم، بە ئامادەبووان و هۆی سەردانەکەم بۆ سویسرا ناساند، پاشان بۆ ماوەی نیو کاتژمێر دەربارەی ئەو پرسیارانەی دەکران قسەم کرد، لە کۆتایی ئاهەنگەکەیشدا هەندێ دیاریی یادگاریم پێشکەش بە پرۆفیسۆر زولێر و جێگری پارێزگار کرد، کە چەند قاڵیچەیەك بوون ئالای کوردستان و رەشبەڵەکیان لەسەر نەخشێنرابوو، لەگەڵ چەند قوتوویەك لە (گەزۆ)ی شاری سلێمانی.

## وێستگەی شەشەم

لە باڵەخانەی گەورەی ئێزگە و تەلەڤزیۆنی سویسری، لە یەکێك لە ژوورەکانی نهۆمی دووەم، کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆ، چاوم بە خاتوو (زیریس ئوبرج هودلیر) سکرتێری تەنفیزیی رێکخراوی (پەیامنێرانی بێسنوور) لە سویسرا کەوت، کە نزیکەی ٥٠٠ ئەندامی هەیە و گفتوگۆیەکمان کرد کە سەعاتێکی تەواوی خایاند، ئاسوودە بوو بۆ ئەو زانیارییانەی لە منەوە دەستی کەوتن و جەختی لەوە کرد کە لەلای ئەوان یاسایەك نیە تایبەت بەکاری رۆژنامەنووسی، بەڵام یاسایەك هەیە چۆنێتیی بەدەستهێنانی زانیاری رێك دەخات، ئەنجومەنێکی رۆژنامەنووسانیش هەیە ئەندامانی لە رۆژنامەنووسانی پرۆفیشناڵی خانەنشینن، کە لەکاتی روودانی کێشەدا رایان وەردەگیرێت، جەختی لەوە کرد رێزگرتنی پیشەییبوون باڵادەستە، سەرباری

ئەوەیش کێشە روودەدەن. منیش (دروشمی سەندیکا)م پێشکەش کرد لەگەڵ روونکردنەوەیەکی تێروتەسەل بۆ پێکهاتەکانی دروشمەکە، کە رۆژنامەگەری و پرسە نەتەوەییەکان کۆ دەکاتەوە، کاتێك ماڵئاواییم لێ دەکرد وتی (کۆششەکانتان پیرۆز بن، ئومێدی پشوودرێژیی زیاتر و کۆڵنەدانتان بۆ دەخوازم لەپێناو پەرەدان بەکاری رۆژنامەنووسی و چەسپاندنی ئازادییەکانی).

## وێستگەی حەوتەم ٢٠١٠/٧/٢

کاتژمێر یەکی نیوەڕۆ من و جەودەت سۆفیی هاوڕێم مەوعیدمان هەبوو لەگەڵ پاتریوس موگنی، وەزیری رۆشنبیری و خاوەنی بانگهێشتنەکە. شوێنەکە باخچەیەکی دڵگیر بوو بەناوی (فیفیس)، کە جۆرەها گوڵی وەرزیی زۆری تێدایە و بەشێوەی جۆراوجۆری ئەندازەیی جوان لە ناوەندی درەختی بەتەمەندا چێنراون، شۆڕەبی، بەڕوو، ئەرز، چنار و هەندێ جۆریتر نەمدەناسین، باخچەکە لە تەنیشت باخچە و کۆشکی (جوزمین)ی ژنەدۆستی ناپلیۆن پۆناپارت بوو، لەلای رۆژئاواوە بەسەر دەریاچەی لیماندا دەیڕوانی، باڵەخانەیەکی زۆر زەبەلاح لەناو باخچەکەدا هەیە، چێشتخانەیەکی کەشخەی پێنج ئەستێرە، ساتی چوونەژوورەوەمان کاپتی چێشتخانەکە ئاماژەی بە شوێنێك کرد لە چۆڵەوانیدا لە سێبەری درەختێکی گەورەدا و بەناوی پاتریوس موگنییەوە گیرابوو. دوو بەڕێوەبەری گشتی لە وەزارەتی ناوبراو و پرۆفیسۆر زولیر لە پێشوازیماندا بوون، کاتێك لە شوێنی خۆمدا دانیشتم، کەسێکم دی بەسواری پایسکیلێك بەرەو لامان دێت، کاتێك لێمان نزیك کەوتەوە –چەند سەرم سوڕما– ئەوە وەزیری میواننەواز پاتریوس موگنی خۆی بوو، نە ئۆتۆمبێلی کەشخە و فەخفەخە و نە پاسەوان و نە تاقمی حیمایە. بە کراسێکی نیوقۆڵی هاوینەی تەنك و سەندەلێکی قاوەیی کراوە و پانتۆڵێکی جینز. پایسکیلەکەی لە شوێنی تایبەتدا

راگرت بەبێ ئەوەی کەس یارمەتی بدات، لەدوورەوە سڵاوی لێ کردم، ئەنجا تەوقەمان کرد و هەر کە دانیشت، پرسیاری بەرنامەی چەند رۆژی رابردوومی کرد و پرسی بەرنامەکە چەندە لەگەڵ خواستەکانمدا گونجاوە، هەروەها جەختی لەوە کرد هەڵبژاردنی تێپەڕبوونی (١٠) رۆژ بەسەر سەرەتای سەردانەکە بۆ وادەی دیداری لەگەڵمدا، بۆ بینینی هەندێ دیمانەی ئێزگەیی و تەلەڤزیۆنی دەگەڕێتەوە کە لەگەڵمدا کرابوون و چاودێریکردنی رۆژنامەکان و کۆمەڵە رۆژنامەوانییەکان، تا بتوانێت گفتوگۆیەکی کراوە و قووڵ لەسەر مێزی نانخواردنی ئێوارە بکات، جۆرە نانخواردنێکی کار بوو دوو سەعات و نیوی خایاند.

دیالۆگ و قسە و باسەکانی لەکاتی نانخواردندا تەواوکەری ئەوە بوون لەکاتی سەردانەکەیدا بۆ کوردستان کردمان، جگە لە روونکردنەوە و داواکردنی زانیاریی پێویست لەلایەن منەوە. ستایشی سویسرام کرد کە دەرچوونی رۆژنامەی پێشەنگی (کوردستان)ی لەئامێز گرت لە ژمارە ٦-١٩ و ٣٠ و ٣١، باسی ژمارەی ونبووی (١٩)مان کرد کە لە چاپخانەی (انتقام) لە جنێڤ چاپ بووە و یەکێك لەو دوو بەڕێوەبەرە گشتیەی تێگەیاند کە لەگەڵمان بوون، یارمەتیمان بدات بۆ دۆزینەوەی ئەو ژمارەیەی رۆژنامەی (کوردستان). قسە و باس و گفتوگۆی زۆر لەنێوانماندا بوو، کاتژمێر ٣,٤٥ بەهیوای دیدار خواحافیزی لێ کردین، سواری پایسکیلەکەی بوو و دەستی راستی بۆ راوەشاندین و لەو لایەوە رۆیشت کە تایبەت بوو بە رۆیشتنی پایسکیل لە شەقامە سێبەرەکەی باخچەکە و ئەو دیارییانەی پاش نانخواردن پێشکەشم کردن، لەو سەبەتەیەدا هەڵیگرتن کە بەپشتی پایسکیلەکەوە بەسترابوو و چەند وێنەیەکی یادگاریمان بەو بۆنەیەوە گرت.

## وێستگەی هەشتەم: ٢٠١٠/٧/٦

کاتژمێر دەی ئەو رۆژە بەرەو بێرنی پایتەخت کەوتینە رێ کە ١٩٠کم لە جنێڤەوە دوورە، بەمەبەستی سەردانی کاك د.پیرۆت ئەحمەد، کە پاش دامەزراندنە نوێیەکان بوو بە باڵیۆزی عێراق لە سویسرا. بێرن شارێکی خاوەن بەرز و نزمیی جوانە و رووبارێك، کە بەهۆی تۆپۆگرافیای شارەکەوە بەخێرایی دەجووڵێت، ناوەڕاستەکەی دەبڕێت. لە شەقامی باڵیۆزخانەکان کە هێمنییەکی بەرچاو بەسەریدا زاڵە، لە فراوانترین دەرگایەوە چووینە ناو باڵیۆزخانەکە بەبێ ترس و پەشۆکان لە بینای باڵیۆزخانەکە و ئەوانەی لەناویدا بوون، بەپێچەوانەی دۆخی باڵیۆزخانە و کونسوڵخانە عێراقییەکان لە رۆژانی رژێمی پێشوودا، کە بەگوتەی ئەو هاوڵاتییە عێراقییانەی لە دەرەوەی عێراق بوون و سەردانیان کردوون، هیچ جیاوازییەکیان نەبووە لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئەمن و ئیستیخبارات، کە باڵیۆزەکان لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی موخابەراتی بەدناوەوە هەڵدەبژێردران. کاتێك چووینە ژووری باڵیۆز وێنەی (القائد الضرورة)مان نەبینی، بەڵکو وێنەی مامۆستا جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵیمان بینی و ئەو ئایەتە قورئانییە پیرۆزەم بیر کەوتەوە کە دەفەرموێ: (وتلك الايام نداولها بين الناس) کە هیچ رۆژێك بەخەیاڵی دیکتاتۆری پێشوودا نەهاتووە، کە رۆیشت بەبێ ئەوەی ئاهی بۆ هەڵبکێشرێت و نەفرەتی عێراقییەکانی بەدوادا رۆیشت. یەکێك لە چاکییەکانی رێکەوت ئەوەیە هەر لە بێرنی پایتەخت و لەنزیك باڵیۆزخانەی عێراق، بارەگای نووسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەیە، لەناوەڕاستی باخچەیەکی دڵگیردا کە (ئاڵای پیرۆزی کوردستان) لەسەر و بە تەنیشتەکانیەوە دەشەکێتەوە. دکتۆر فەوزی قەدور خەڵکی کوردستانی سووریا کە پزیشکی ددانە، کۆششێکی زۆری دەکرد بۆ گونجاندن لەنێوان کارە پیشەیی و سیاسییەکەی، لەوەیشدا ژنە سویسرییەکەی یارمەتی دەدا کە زەردەخەنە لە روخساری نابڕێت. کاتێك لە چێشتخانەیەکی ئێرانیی دڵڕفێندا

مێزێك كۆی كردینەوە لەگەڵ د.پیرۆت و فەوزی قەدور و هاوسەرەکەی و جەودەتی هاوڕێم، جەودەت سەرپشكی كردین لەوەی دەخۆین و ئامۆژگاری كردم پیتزا بەپەنیر بخۆم، كە لە پەنیری كوردی دەچێت. تەوەرەی گفتوگۆكەمان لە باڵیۆزخانەی عێراق (و كونسوڵخانەی كوردستان) و لە چێشتخانە ئێرانییەكەدا، ئایندەی سیاسیی عێراق بوو لە ناوەندی شەپۆلە بەیەكداداوەكاندا، بەدەست ئارەزووبازیی سیاسییە عێراقییەكانەوە كە هێشتا (چەمكی دیموكراسی بۆ حوكمی عێراق) لە ئەقڵیاندا غایبە، وەك ئەوەی رژێمی دیكتاتۆری كە ٣٥ ساڵ بەردەوام بوو هێشتا بەدوامانەوە بێت. كاتێك ئێوارە لەبەردەم (كونسوڵخانەی كوردستان)دا ماڵئاواییمان لە میوانەكانمان كرد لەبەر خۆمەوە وتم: "كوردستان خوا بتپارێزێت لە شەڕی وەسواسی سیاسەت و سیاسییەكان"، كاتێك بێرنی پایتەختمان بەجێهێشت، شەقامەكانی، بەهۆی سەرقاڵیی خەڵك بە تەماشاكردنی یارییەكانی مۆندیالی تۆپی پێ، خاڵی بوون لە رێبوار و ئۆتۆمبێل.

## وێستگەی نۆیەم: ٢٠١٠/٧/٨

لە یانەی رۆژنامەگەریی سویسری، كە دەكەوێتە ناوەڕاستی دارستانێك لەبەرانبەر هۆتێلی (ئینتەركۆنتێنینتال) رۆژنامەنووس و سەرۆكی یانەی رژنامەنووسانی سویسری و سەرۆكی خولی ئێستای پەرلەمانی كانتۆنی جنێڤ (Guy Mettan) لە پێشوازیماندا بوو. داوای چا و قاوەی بۆ كردین، پاشان لێی پرسیم: ئایا یانەی وەك ئەمە لە كوردستان و عێراق هەیە؟ وەڵامم دایەوە: نەخێر، جا بەدرێژی باسی مێژووی دەستپێكردنی رۆژنامەگەریی كوردیم بۆ باس كرد لە ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨، واتە پێش ١١٢ ساڵ، كە ماوەیەكی كەم نیە، بەڵام لەو ماوە دوور و درێژەدا رۆژنامەنووسانی كوردستان، بەهۆی ئەو زوڵم و چەوساندنەوەیەی بەدرێژایی مێژوو تووشی كورد

بووە، بۆیان نەلواوە ئەم جۆرە ڕێکخراوە پیشەییانە دابمەزرێنن. پاشان بەدرێژی باسی لەدایکبوونی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەو سێ پرۆژەیاسایەم کرد کە لەلایەن سەندیکاوە پێشکەش بە پەرلەمانی کوردستان کراون و لەکۆتاییدا بوونە یاسای بەرکار، لە گرنگترینیان (یاسای کاری ڕۆژنامەنووسی لە کوردستان) و ڕۆڵی لەم کاتەدا وەك ڕێکخەری کاری ڕۆژنامەنووسی، دانەیەکیم بەزمانی ئینگلیزی پێشکەش کرد لەگەڵ هەندێ دیاریتری کوردستانییانە، ئەمە جگە لە ئاڵای کوردستان. ئەویش بەدرێژی باسی ئەوەی کرد دوو سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەوێ هەیە، یەکەمیان سەندیکایەکە بۆ ڕۆژنامەنووسانی خاوەنکار و خاوەن ئیمتیازەکانی ڕۆژنامە و گۆڤارەکان و بەڕێوەبەرانی وێستگەکانی ئێزگە و تەلەڤزیۆن، دووەمیان سەندیکایەکە بۆ ئەوانەی کار دەکەن، واتە بۆ ڕۆژنامەنووسان، کە لە دەزگە میدیایی و ڕۆژنامەوانییەکاندا کار دەکەن، پاساویشی بۆ بوونی دوو سەندیکا ئەوە بوو کە دژیەکی هەیە لەنێوان خاوەنکارەکانی ڕۆژنامەنووسی و ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کار دەکەن، کاتێك بۆم باس کرد لای ئێمە خاوەنکارەکان (خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەرانی ئێزگە و تەلەڤزیۆن) لە ڕۆژنامەنووسان یەك سەندیکا لەگەڵ ڕۆژنامەنووسان بەگشتی کۆیان دەکاتەوە، بەسەرسوڕمانەوە وتی (وادیارە ئێوە دژیەکیی نێوان هەردوو گرووپتان نەهێشتووە)، هەروەها وتی لایەنێکی سێیەم هەیە لەنێوان هەردوو سەندیکادا ئەویش ئەنجومەنی ڕۆژنامەنووسانە، کە ڕۆژنامەنووسانی پرۆفێشناڵ و خانەنشین لەخۆ دەگرێت، کە هەر سێ ساڵ جارێك ئەنجومەنێك هەڵدەبژێرن، ئەمە ڕاوێژ دەداتە هەردوو سەندیکا و بە دادگەکان، لەکاتی ڕوودانی کێشە لە ڕۆژنامەگەری و ڕۆژنامەنووساندا بۆچوونیان زاڵ و جێپەسەندە، لە کۆتاییدا ئاواتم خواست لە کۆنگرەی داهاتووی سەندیکاکەمان ئامادە بێت، تا ئەو ئەزموونە پڕ وانەیە بۆ ڕۆژنامەنووسانمان باس بکات.

وێستگەی پێش کۆتایی بەڕێوەچوونی گفتوگۆیەکی وێنەگیراو و تۆمارکراو بوو لەنێوان پرۆفیسۆر زوڵی سەرۆکی کۆمەڵەی دۆستانی کورد و مندا، کاتژمێرێکی تەواوی خایاند و هەردوو هەڤاڵ جەودەت سۆڤی و کاردۆ محەمەدیشمان لەگەڵدا بوو. کاردۆ بوو یاوەری کردم بۆ (کۆشکی نەتەوەکان) بارەگای ئەورووپیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە زۆرەکانی، کە سەرەتای مانگی نیسان بۆ مانگی تشرینی یەکەمی هەموو ساڵێك کاتژمێر ١٠ی بەیانی بۆ ١٢ی نیوەڕۆ و لە دووی پاش نیوەڕۆ بۆ چواری پاش نیوەڕۆ، دەرگاکانی بۆ سەردانیکاران دەکاتەوە، ئەوەی سەردان دەکات ڕەنگە لەکاتی چوونەژوورەوەدا تاقمی ئیداری ببینێت بۆ ڕێکخستنی ناسنامەی تایبەت بە سەردان بەشێوەی گرووپ گرووپ بەرانبەر (١٠) دۆلار وەك ڕەسمی چوونەژوورەوە، لەگەڵ بوونی وەرگێڕ بەزمانەکانی فەرەنسی و ئینگلیزی و ئەڵمانی، وەرگێڕێکی شارەزا یاوەریت دەکات و بەناو قاوش و هۆڵەکانی نووسینگەکانی ناو باڵەخانە مەڕمەڕییە زەبەلاحەکەدا دەتگێڕێت، کە بەسەر دیمەنە دڵگیرەکانی شارەکەدا (دەریاچەی لیمان و چیاکانی ئەلب)دا دەڕوانێت، بەڵام من لە کەشخەیی تەلارەکە و قەشەنگیی نووسینگەکانی و مۆبیلیاتەکانی ناویان و تابلۆ دیوارییە نایابەکان کە وێنەی نەهامەتیی مرۆڤ بەدەست زوڵم و چەوساندنەوە بە پەڕەمووچەی گەورە هونەرمەندان، پیشان دەدەن، هیچ شوێنەوارێکم بۆ سەرخستنی دۆزی کورد لە ڕۆژێك لە ڕۆژاندا نەدی، ئەگەرچی ناوی (کۆشکی نەتەوەکانە).

لە دوایین وێستگەی سەردانەکەمدا بۆ وڵاتی سرووشتی دڵگیر بەهەموو ماناکانی سیحر و جوانی و ڕێکخستنی ژیان وەك وردیی سەعاتەکانیان و ئەو گەلەی تا ئەوپەڕی پلە ڕێزی یاسا دەگرێت و حەزی لە ژیانی ئارامە، سەرباری ئەو پشێوییەی لێرە و لەوێ بیانی و خەڵکانی غەریبە دروستی دەکەن، کە زۆریان ڕێزی یاسا و نەریتەکانی وڵاتێك ناگرن کە –وەك پرۆفیسۆر زولیر لە گفتوگۆکەی لەگەڵ مندا وتی– سێ سەد پێش ئێمەن، ئەوە بوو لە کۆتایی وتوێژەکەدا وتی: "بەختەوەر دەبم کاتێك

دەتبینم بەختەوەریت و ستایشی کوردستان دەکەیت وەك ئەوەی تازە لەدایك بووبێت، بەڵام ئازیزم ئێمە سێسەد ساڵ لەمەوبەر بەو ئەزموونەدا تێپەڕ بووین"، لەنێوان مەوعیدە رەسمییەکان و ئەو دیدارانەی ئەنجامم دەدان، سەردانی پزیشکانی ئێسك و چاو و رژێنە کەڕەکانم دەکرد.

(میسکی خیتام)ی سەردانەکەم بۆ ئەو وڵاتە لە هەموو شتێکدا قەشەنگە، سەردانی مرۆڤێك بوو رۆژێك لە رۆژان دەنگێکی بیستراو بوو لە ئەوروپا وەك نوێنەری سەرۆکی نەمر مستەفا بارزانی و شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، ئەویش (عیسمەت شەریف وانلی) بوو، کە پاش ژیانێکی پڕ لە بەرگریکردن لە کورد و کوردستان، بە لەبیرکراوی لەلایەن تەواوی کوردەوە، لەگەڵ (کارمن)ی هاوسەریدا لە شوقەیەکی بچووکدا دەژی لە نهۆمی حەوتەمی باڵەخانەیەکدا، کە وەك گاڵتەجاڕیی قەدەر، پەنجەرەکەی بەسەر شاری لۆزان و کۆشکی (ئوش)دا دەڕوانێت، کە پەیماننامەی لۆزانی تێدا ئیمزا کرا. (وانلی) کە بەهەموو ئەندامەکانی بەگژ شوێنەوار و ئەنجامەکانی ئەو پەیماننامەیەدا چوو، بەناچاری خۆی لەتەنیشت رەمزی ئەو پەیماننامەیە، کۆشکی (ئوش)ی شاری لۆزاندا دەبینێتەوە.

# قاوەخانەیەکیتر.. ڕێگەیەکیتر.. ڕۆژێکیتر

**ڕۆژێکیتر بۆ گەشتەکەم زیاد دەکەم**

**ڕۆژێك تێیدا پێویستم نە بە ڤیزای جۆری شنگل**

**نە بە ڕەزامەندیی وەزارەتی ناوخۆی کانتۆنی جنێڤ نابێت**

ڕۆژێك لەگەڵ ئەو هاوڕێیانەدا بەسەرم برد کە لەوێ ناسینم، لە وڵاتی دەریاچەی دڵگیری لیمان، بەحاڵ ناسینم، پاشان پێش لەوەی لە دەمەتەقێ و یادگاری و قسەی ڕاشکاوانە و سینەفراوانی و کرانەوە و پێش لەوەی چێژ لە دۆستایەتییە تازەکەمان وەربگرین، تێر بین، بەجێم هێشتن.

ڕۆژێکیتر دەگوزەرێنین بەبێ ئەوەی باری پابەندییەکمان لەسەر شان بێت، مەوعیدێکی ڕەسمی، یان بەرنامەی دیمانەیەکی ئێزگەیی یان تەلەڤزیۆنی، یان سیمینار یاخود گفتوگۆیەك، یان سەردانێکی ڕەسمی. بەو شوێنە خاوەن جوانییە

ئەفسانەییە دڵڕفێنانەدا تێدەپەڕین، زۆر لەئاستیاندا دەوەستین، تا تێر تێر دەبین تەماشایان دەکەین، ئەمە ئەگەر تێربوون لە جوانی سنوورێکی هەبێت.

تێپەڕبوونی خێرامان بەو شوێنانەدا لە چوارچێوەی بەرنامەی چڕوپڕی سەردانەکاندا، دەرفەتی ئەوەی نەداینێ بەقووڵی و ملکەچیی پێویست لە ئەزموونی جوانی لەو پەرستگایانەی سرووشتدا بژین. گوزەرکردنی خێرامان "بۆنکردن بوو نەك چێژوەرگرتن"، کە حەسرەتێکی بەئازار و بیرکردنەوەیەکی بەکوڵ لە دەروونمدا بەجێ دێڵێت. ئای ئەو پابەندییانە چەندە شەکەتیان کردین هاوڕێیان، چەندە لوتفتان بەخشندە و گەرم بوو، کاتێك بەجێم هێشتن و گەڕامەوە هەولێر، یەك سات بەجێتان نەهێشتووم.

یەکەم دیدارم لەگەڵ هەڤاڵ جەودەت سۆڤی ئەو ڕۆژە بوو لەگەڵ وەزیری ڕۆشنبیریی کانۆنی جنێڤ (پاتریۆس موگنی) سەردانی کوردستانی کرد لە ( )، بەڕەوانی قسە و وشەکانی وەزیرە سویسرییەکەی لەکاتی سەردانی دامەزراوە ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسیەکاندا، لەوانە بارەگای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، لە فەرەنسیەوە دەکردە کوردی و بەپێچەوانەوە. کاتێکیش وەزیرە سویسرییەکە لەڕێی نامەیەکی ناسکەوە بانگهێشتی کردین بۆ سەردانی سویسرا، جەودەت ڕۆڵی خۆی هەبوو لە ئاسانکردن و سەرخستنی سەردانەکەدا لە ساتی گەیشتنمەوە بە فڕۆکەخانەی جنێڤ تا ئەو ڕۆژەی بەجێم هێشت، کە بەدرێژایی (٢٥) ڕۆژ هاوڕێ و وەرگێڕ و یاوەرم بوو لە دیدارە ئێزگەیی و تەلەڤزیۆنییەکان و سەردانە ڕەسمییەکان و لە ناسینی هەندێ کەسایەتیی گرنگدا، هەروەها لەکاتی سەردانم بۆ ئیتاڵیا، کە چوار ڕۆژی خایاند و پێکەوە بەناو شوێنەوارە نایابەکانی هونەری تەلارسازیی دڵڕفێن لە (ڤاتیکان)دا پیاسەمان کرد و چێژمان لە ڕۆژێکی جوان برد لە شاری ڤینیسیای خاوەن جوانی و سرووشتی ئەفسانەیی، قەت خواردنەکانی ژنە

سویسرییەکەی (ئەستیل) لەبیر ناکەم، لەناویاندا خواردنی (برنج) بەشێوەی کوردی و قوربانیدانی بەچەند ڕۆژێکی مۆڵەتە هاوینەکەیان، تا خۆیان تەرخان بکەن لە گەڕانەکانماندا یاوەرم بن.

جەودەتی هاوڕێم خەڵکی شاری کۆیەیە، ئەو شارە دێرینەی هاوسەردەمی سەختی و مسیبەت و شکۆکان و پشتگوێخستن بووە، لەدایکبووی (١٩٦٠)ە، خێزانەکەی کۆیەیان بەجێ هێشت و باریان کرد بۆ کەرکوك، دوای چەند ساڵێك لە هەولێر گیرسانەوە و بڕوانامەی ئامادەیی بەدەست هێنا. بەهۆی ئینتیمای بۆ یەکێك لە بازنە نهێنییەکانی چەپ، پاش ئاشکرابوونی لەلایەن دەزگە ئەمنییەکانەوە ڕاوەدوو دەنرا، لەبەرئەوە ڕووی کردە ئەوروپا و بەدیاریکراوی ئیتاڵیا و زۆر بەزەحمەت گەیشت، چوار ساڵ لەوێ دامەزرا، پاشان چوو بۆ جنێڤ و چارەکە سەدەیەکە لەوێ دەژی. بڕوانامەی دبلۆمی لە کۆمەڵناسیدا بەدەست هێناوە و بەنیازە لەو بوارەدا خوێندن تەواو بکات. جەودەت سەرەڕای جێگیربوونی لە جنێڤ و هاوسەرگیرییە سەرکەوتووەکەی لەگەڵ کچێکی سویسریی نایاب و میواننەواز، بەڵام بیری کوردستان دەکات و بەردەوام بیر لە گەڕانەوە دەکاتەوە، ئەگەر کارێکی تێدا دەست بکەوێت!

هەڤاڵ (کاردۆ محەمەد) گەنجێکە لە سلێمانیەوە هاتووە، بەزیندوێتیی خۆی توانیوێتی کارێك لە فرۆکەخانەی جنێڤ بدۆزێتەوە، ئەرکی وێنەگرتنی سیمینارەکەی شاری ئەنمازی فەرەنسی و دیدارەکەمی لەگەڵ پرۆفیسۆر زولیر گرتە ئەستۆ، لە سەردانەکەمدا بۆ بارەگای ئەوروپیی ڕێکخراوی نەتەوە یەگرتووەکان لە جنێڤ یاوەرم بوو. کاتێکیش شارەکەیانم بەجێهێشت بۆ بەڕێکردنم سەرکەوتە ناو فڕۆکەکە و دیارییەکی پێ بوو کە تابلۆیەکی فۆتۆگرافیی چینی گەورە بوو، ژنە چینییەکەی لە دواین سەردانیدا بۆ وڵاتەکەی هێنابووی.

لوقمان سێیەم هاوڕێ بوو. نزیکەی دە ساڵە لە دهۆك کۆچی کردوە بەنیازی ئەوەی پاش باشبوونی دۆخی شەخسیی خۆی بگەڕێتەوە بۆی. رازی نەبوو بەتەنیا لە هۆتێلی سیلازا بەجێم بێڵێت پاش تەواوبوونی سەردانە رەسمییەکە پاش دوو هەفتە، لە هەموو شوێن لەگەڵم بوو و بەخشندانە لە شوقەکەیدا میوانداری کردم کە بەسەر رووباری "رون"ی رەنگ سەوزدا دەڕوانێت. بەبێ بێزاربوون و تێربوون تەماشای ئەو کەشوهەوا سیحرییەمان دەکرد، شەویش لە بەلەکۆنەکەدا لەڕێی تۆڕی ئینتەرنێتەوە گوێمان لە گۆرانی کوردیی ئێزگە کوردیەکان دەگرت.

کێ لە ئێمە دەتوانێت، دەنگێکی زوڵاڵی هەشتاکانی سەدەی رابردوو لەبیر بکات، کە بەگوێماندا دەینرکاند (ئێرە ئێزگەی دەنگی کوردستان-ئێران)ە، کە هەواڵ و چالاکییەکانی شۆڕشگێڕانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دەگێڕایەوە؟ دەنگە بەهێزەکەی رەهەندێکی گەورەتری بە راگەیەنراو و کۆمێنت و هەواڵەکان دەبەخشی بەئاراستەی گەورە و بەرجەستەکردن و کاریگەری. خاوەنی ئەو دەنگە ئێستا پەنابەری سیاسییە لە وڵاتی شارستانێتیی بێدەنگ (ئەحمەد شیر بەگی)، کە لەگەڵ کەسلومی هاوسەری و منداڵەکانیان لە شوقەیەکی سادە بەڵام میواننەواز بەخاوەنەکانی، دەژی. لەگەڵ جەودەت و هاوسەرەکەی ئێوارەیەکمان لەدەوری سفرەیەکی پڕ بەسەر برد، پڕ بوو لە قسەکانی (ئەحمەد شیر بەگی) لەبارەی یاداوەرییەکانی ئەو رۆژانەی بەدەنگ و سۆزەکانی لە (ستۆدیۆ سادە)کەی بناری یەکێك لە چیاکانی کوردستاندا، چالاکییە میدیاییە مەترسیدارەکەی ئەنجام دەدا.

هاوڕێیان بۆ دەمەتەقێ و یاداوەرییەکانمان قاوەخانەیەکیتر بۆ قاوەخانە قەشەنگ و جوانەکانی کەناری دەریاچەی لیمان زیاد دەکەم.

هەروەها رێگەیەکیتر بۆ تۆڕی خاوێنی رێگەکانی جنێڤ، کە جێگەی هەنگاوەکانمان، سەیران و خەونەکانمانی تێدا ببێتەوە.

رۆژێکتر، قاوەخانەیەکیتر، ڕێگەیەکیتر.

لەو سەردانە پڕ بەرنامە ڕەسمییانەدا چی دەمێنێتەوە جگە لە سۆز و یاداوەری.. چەند سات و وێنەیەك، هەمیشە، لە ناوەندی کاری رۆژانەی رۆژنامەگەری و میدیایی و سەندیکاییدا، بۆ ئەوە دەشێن ببنە کلیل بۆ خەونێکی ڕەمەکی کە بەدیهێنانی دوورە. چەندە ماوەیش لەنێوان مرۆڤ و ئەو شوێنانەدا دوور بکەوێتەوە کە سەردانی کردوون، پەناگەی لەناو یادگە و نووسین و خەوبینیندا دەدۆزێتەوە.

ئەوەتا من خامەم بەدەستەوەیە و یادگەم دێنمە قسە، لەبەردەم وێنەیەکدا وەستاوم لە من دەچێت و دەپرسم: ئایا هەر بەڕاست من لەویٚ بووم..؟

یان ئەوە تەنیا خەوێك بوو..؟

## بەعەرەبکردن و خورتنشینی ( استیطان ) دوو رووی دراوێکن

له شەشی مانگی شوباتی ١٩٧٠ ئێمه ئەندامانی رێکخستنی ناوەندیی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان دیدارێکی گرنگمان لەگەڵ سەرکردەی کۆچکردوو بارزانی هەبوو له گوندی (دیلمان)، که نزیکەی شەش سەعاتی خایاند و دەمەتەقێیەکی لەدڵەوە بۆ دڵی تێکەوت له شێوەی گفتوگۆیەکی هێمن دەربارەی پرسه گەرمەکانی سەر گۆڕەپانی سیاسیی ئەوکاتی عێراق. مستەفا بارزانی نەمر پرسیاری کرد ئایا ئێمه قوتابیانی کوردستان و یەکێتییەکەیان یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بیر له چی دەکەینەوە، هەروەها ئایا له دیدی ئێمەوە وێنا ئایندەییەکان بۆ چارەسەری کێشەی کورد و ئەوەی له بەغدا دەگوزەرا چین، لەگەڵ کۆمەڵێك تێبینی لەبارەی هەندێ نووسینی رۆژنامەوانی، که لەژێر ناونیشانی (چۆن چارەسەری کێشەی کورد دەکرێت) بڵاو کرابوویەوە.

کاتێك نۆرەی ئێمه هات بۆ پرسیارکردن له بەرێزیان لەبارەی رەوتی دانوستانەکان لەگەڵ حکومەتی عێراقی و ئاخۆ بەکوێ گەیشتووه، پێی وتین: گرێکوێرەکه مەسەلەی کەرکوکه. لێمان پرسی "ئایا چارەسەرێکی مامناوەند نیه بۆ کەرکوك؟"، لێرەدا بارزانی وتی "هەموو دەزانن کەرکوك شارێکی کوردییه و دڵی زیندووی کوردستانه،

نیوە چارەسەر لەبارەی ئەو شارەوە قبووڵ ناکەین و دەست لە یەك بست خاکی کوردستان هەڵناگرین، ئێمە دڵنیاین ئێوە دەزانن چی بەسەر هەرێمی (ئالاسکا)ی جاران رووسی و ئێستا ئەمەریکیدا هات، قەیسەرەکانی رووس فرۆشتیان و لەبەرانبەر ئەو کارەیان بە نرخێکی کەم دەستیان لێ هەڵگرت بۆ ئەمەریکا، ئەوە لەمێژە رووی داوە، بەڵام دانیشتوانەکەی تا ئەمڕۆ نەفرەت لە قەیسەرەکانیان دەکەن، من نە ئێستا و نە لە ئایندەدا ئامادە نیم سازش بکەم و خۆم بخەمە بەر نەفرەتی مێژوو، رۆژی قیامەت بەسەربەرزی دەچمە بەردەم خوا"، بەمتمانەیەکی زۆرەوە قسەی دەکرد و قسەکان لەدڵیەوە دەردەچوون، هەستمان کرد بەهیچ شێوەیەك لە هەڵوێستەکەی ناترازێت. لەوکاتەدا جگەرەیەکیتری داگیرساند و چەند ساتێکی کەم پشووی دا، پاشان گەڕایەوە سەر قسەکردن و وتی: ئێمە بایەخ بە شکڵیات نادەین و ناو بەلامانەوە گرنگ نیە، لە دیدی ئێمەدا گرنگترین شت جێگیرکردنی سنووری جوگرافیی کوردستانە لە سنووری خاکی عێراقدا.

دوای کودەتا خوێناوییەکەی ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کۆمەڵێك لە ئەفسەرانی پێشکەوتنخواز کە لەسەر حزبی شیوعیی عێراق حسێب بوون و حزبەکە دووچاری دڕندانەترین هێرشی فاشیستی بووبوویەوە، تێیدا هەزاران کادیری لە مەدەنی و سەربازی بوونە قوربانی، ئەوانەی رزگاریان بوو بەشێکیان چوونە پاڵ هێزەکانی شۆڕش لە کوردستان و ناو ریزەکانی گرووپەکانی پشتیوانان (الانصار). لە بۆنەیەکی نیشتمانیدا هەندێ لەو ئەفسەرە پێشکەوتنخوازانە لەگەڵ هاوڕێیانیان لە هێزەکانی ئەنسار لە شاری قەڵادزێ بوون، گەنجانی لیژنەیەکی ناوخۆیی قەڵادزێی حزبی شیوعیی عێراقی شیرینی بەکاغەز پێچراوەیان دەبەخشیەوە، کە دروشمی نیشتمانییان لەسەر نووسرابوو، کاتێك خوالێخۆشبوو (سلیم الفخری)، کە یەکێك بوو لە ئەفسەرە عەرەبە ئازاکان، پارچە شیرینییەکی وەرگرت و نووسراوی سەر کاغەزەکەی خوێندەوە کە لێی پێچرابوو و بریتی بوو لە دروشمە ناسراوەکەی (بژی برایەتیی عەرەب و کورد

**هەتاهەتایە)، لەوکاتەدا (سلیم الفخری) پێش جووینی شیرینییەکە روو بە هاوڕێ کوردەکانی بەدەنگێکی گاڵتەجاڕانەوە وتی: "ئێمەی عەرەب چل ساڵە بە بۆمب لێتان دەدەین و ئێوەیش بانگەشە بۆ برایەتی عەرەب و کورد دەکەن. برایەتی لە دیدی مندا یەکسانبوونی تەواوە لە سەرجەم ئەرك و مافەکاندا، لە دەرەوەی ئەوە تەنیا قسەی کەسانی سیاسیی درۆزنە و هیچ پەیوەندیەکیان بە بەرژەوەندییەکانی گەلی عێراقەوە نیە، مافی ئێوە لەکوێیە خەڵکینە؟!".**

**لەو وتوێژەی لە بەهاری ١٩٩١ لەنێوان بەرەی کوردستانی و حکومەتی عێراقی هاتە کایە، تاریق عەزیز، وەزیری بەنازی سەدام حوسێن کە ئێستا خۆی بێتاوان پیشان دەدات لەو (تاوانانەی سەردەم) کە لەلایەن حزبەکەیەوە دژ بە گەلانی عێراق ئەنجام دران، قسەیەکی مەترسیداری لەبارەی کەرکوکەوە کرد و مەبەستی بڵاوکردنەوەی گیانی بێئومێدی بوو لای کورد، لێرەدا بۆ مێژوو تۆماری دەکەم "هیچ مافێکتان لە کەرکوك نیە جگە لە مافی گریان کاتێك بەرێکەوت پێیدا تێدەپەڕن، وەك چۆن ئێمەی عەرەب بۆ فەوتانی ئەندەلوس دەگرین".**

**مستەفا بارزانی بەهیچ شێوەیەك متمانەی بەدەسەڵاتدارانی عێراقی بە پاشایی و کۆمارییانەوە نەبوو، بەتایبەت بەعسییەکان، ئەویش لەئەنجامی ئەزموونە تاڵەکانی لەگەڵیاندا بەدرێژیی دەیان ساڵ لە گفتوگۆ و دانوستان و شێوە پەیوەندی و بەریەککەوتنیتر، کاتێك لەبارەی ئەو کێشانە پرسیارمان لێکرد کە رووبەڕووی دانوستانەکان دەبنەوە پێش گەیشتن بە رێکەوتنامەی ١١ی ئازاری ساڵی ١٩٠٧٠، پێی وتین (کەرکوك گرێکوێرەکەیە)، پیاوەکە لە دەستنیشانکردنەکەدا جددی و راستگۆ بوو. کەرکوك و هەندێ ناوچەیتری زەوتکراو لە روانگەی فیکری خورتنشینی (استیطان)ی عەرەبیەوە بە یاخی لە چارەسەر دەمێننەوە، ئەو فیکرەی هێشتا بۆ فەوتانی ئەندەلوس دەگری کە خۆی لە بنەڕەتدا خاکێکی عەرەبی نەبووە، بەڵام ئەو**

فیکره که له سیاسەتی بەعەرەبکردندا خۆی دەنوێنێت، بەئاسانی لەناو ئەو مێشکەی چەند سەدەیەکە بووەتە بەرد و لەهۆش خۆی چووە، ریشەکەن ناکرێت. لەکاتێکدا گوتەزاکانی چارەنووسی هاوبەش و برایەتیی عەرەب و کورد  هێشتا لەسەر زاری کورد دەوترێنەوە، حکومەتەکانی بەغدا لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ کورد، لەسەر پەیڕەوکردنی سیاسەتی (لێدان بە بۆمب) بەردەوامە، بەڵام بەشێوازیتری جیاواز ، وەك شوێنپێ هەڵگرتنی سیاسەتی سەدام حوسێن و پەیڕەوکردنی سیاسەتی بەعەرەبکردن لەو ناوچانەی ناونراون (جێناکۆکەکان)، هەموویان گوتەکەی تاریق عەزیزمان بیر دەخەنەوە کە داوای لە کورد دەکرد بێئومێد بن و تەنیا کاتێك بەناویاندا تێدەپەڕن بۆیان بگرین.

سیاسەتوانانی پاش رووخانی رژێمی فاشیستی لەو سیاسەتوان و دەسەڵاتدارانە جیاواز نین کە بناغەکانی سیاسەتی بەعەرەبکردنیان داڕشت، لە سەردەمی پاشایەتیدا بەشێوەیەکی نەرم و لەسەردەمی کۆماریدا بەشێوەی گەرم و زۆر گەرم، بەتایبەت لە هەردوو سەردەمی بەعسیدا (١٩٦٣-١٩٦٤) و (١٩٦٨-٢٠٠٣)، لەبەرئەوەی هەموویان سرووتی بەعەرەبکردن ئەنجام دەدەن هەریەك بە شێوازی خۆی (نموونەیش زۆر و زەبەندەن). ئەوان لە روانگەی ئەخلاقی و سیاسی و ئاینیەوە هیچ جیاوازییەکیان نیە لەگەڵ بانگەشەکار و جێبەجێکارانی سیاسەتی خورتشینی لە (قودس) بەتایبەت و لە فەلەستین بەگشتی و جیاوازییەکە تەنیا لە ناوناندایە، چونکە بەعەرەبکردنیش خورتنشینییە لە زەویی خەڵکانیتردا بەزەبری هێز. گرێکوێرەی بەردەم چارەسەری کێشە هەڵواسراوەکانی نێوان کوردستان و بەغدا بەردەوامیی بەعەرەبکردنی کەرکوك و مەندەلی و جەلەولا و سەعدیە و مەخموور و شەنگال و باقی ناوچە زەوتکراوەکانیترە، کە لە رێکەوتێکی زەمەنی مانادار و ریتمێکی مێژوویی پڕ دیلالەتدا، دەقاودەقی بەردەوامیی خورتنشینیی ئیسرائیلییە لە قودس، کە ئەویش

بووە بە گرێکوێرەیەك لەنێوان سەرکردایەتیی فەلەستینی و دەسەڵاتدارانی ئیسرائیلدا.

دواین وشەم ئامۆژگارییەکە ئاراستەی ئەو کەسەی دەکەم خۆی پێی دەوترێت (عەلی بابان) وەزیری پلاندانانی حکومەتی عێراق، با لە ئێستاوە دەست لە بەکارهێنانی نازناوی بابان بێنێت، چونکە کەسایەتی و خێزانە نیشتمانییە بابانییەکان بەئاشکرا بێبەریبوونی خۆیان لێی راگەیاندوە و ئەگەر سوور بێت لەسەر بەکارهێنانی نازناوی بابان، لە ئایندەدا سکالایەك لەدژی بەرز دەکەنەوە. بابانییەکانی ئێستا نەوەی ئیبراهیم پاشا و سلێمان پاشان کە (میرنشینی بابان)ی کوردییان لە بەشێکی خاکی کوردستاندا دامەزراند و هەرکەس دەبوغزێنن کە بەشداری لە چەسپاندنی بەعەرەبکردندا بکات. ئەو بە نەژاد بابانی نیە و بەدرۆ و بوهتان بەخۆیەوە لکاندوە، تا بەعەرەبکردن تێبپەڕێنێت و بەشێوەیەکی نەرم بیچەسپێنێت و سەرکەوتنی مسۆگەر بکات، ئەویش لەڕێی رەزامەندی دەربڕینی لەسەر سڕینەوەی بڕگەی نەتەوایەتی لە فۆرمی ئەو زانیارییانەی لە پرۆسەی سەرژمێریدا پشتیان پێ دەبەسترێت، کە سەرژمێرییەکەیش هەر لەلایەن ئەوەوە بەپاساوی زۆر پڕوپووچ دواخرا، بەشێوەیەك وای لێ کردوە بەشایستەییەوە بچێتە ناو مەوسوعەی بەشداران لە پرۆسەی بەعەرەبکردن-خورتنشینیی بەدناودا، کە لێرە لە کوردستان و لەوێ لە فەلەستین بەرەنگارییەکی قارەمانانە دەکرێت، بەرەنگارییەك بەدەوری (نەهێشتنی شوێنەوارەکانی دەستدرێژی و گێڕانەوەی کۆن بۆ کۆنییەکەی و ئازادیی گەلان و مافیان لە بڕیاردانی چارەنووسیاندا) دەخولێتەوە. دەبا ئیتر دەست لەم گەمە چەپەڵە هەڵبگرێت و ناسنامەیەکی نوێ بۆ خۆی دابڕێژێتەوە کە لەگەڵ هەڵوێستەکانیدا بگونجێت، چونکە ئینتیما نازناوێك نیە هەڵیبگرین بەئەندازەی ئەوەی هەستکردن بە ئینتیما و ئەو هەڵوێستانەن دەبنە بەڵگە لەسەری. والسلام على من اتبع الهدى.

## مافی بڕیاردانی چارەنووس بەو شێوەی ئێمە تێی دەگەین..

## نەك بەو شێوەیەی ئەوانیتر تێی دەگەن

مامۆستا بەهادین نووری، کە سکرتێری لیژنەی ناوەندیی حزبی شیوعیی عێراق بووە، لە یاداشتەکانیدا کە ساڵی ٢٠٠١ لە لەندەن چاپ بووە، دەڵێت: "لە کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٥١ بیرۆکەیەکم لەلا پەیدا بوو بۆ هەموارکردنی میساقی نیشتمانی –بەرنامەی حزبی شیوعی– کە ماوەیەکی کورت پێش کۆتاییهاتنی جەنگی جیهانیی دووەم ساڵی ١٩٤٥ پەسەند کرا، ئەرکی داڕشتنەوەی یەکەمیم گرتە ئەستۆی خۆم بەپشتبەستن بەبەڵگەنامەی ١٩٤٥ وەك بناغەیەك و پارێزگاریم لە شێوە کورت و روونەکەی کرد، کە پێی سەرسام بووم. زۆر لە خاڵەکانیم بەبێ دەستکاری هێشتەوە، چونکە شتێکم نەبینی پێویست بە هەموارکردن بکات، بەڵام هەندێ هەموارکردنی سەرەکیم دەربارەی پرسە ستراتیژییەکان کرد، سەبارەت بە دەسەڵات و پرسی نەتەوەیی کورد".

داڕشتەی میساقەکە کۆنەکە بیرۆکەی دانانی گەلی کوردی بە کەمینەیەك تێدا بوو، کە مافی یەکسانی هەیە و هیچ ئاماژەیەکی تێدا نەبوو بۆ ئەوەی ئەو گەلە

نەتەوەیەکیترە لە عێراق و ئەو نەتەوەیە مافی بڕیاردانی چارەنووسی هەیە. پێم وایە ئەم داڕشتنە کاتێك هاتووە کێشەی کورد لە عێراق بەڕوونی گەڵاڵە نەبووە و لە بەرنامەکانی کاری نیشتمانیدا خرابوویە روو، هەروەها ڕێکخستنە حزبییە- شیوعییەکان لەناو کوردانی عێراقدا نەگەیشتبوونە ئاستێك لە پێگەیشتن بتوانن دۆزی ئەم گەلە بەشێوەیەکی دیراسەکراو و دروست بخەنە روو، لەباتی نوسخەی کۆنی میساقەکە، بەڵگەنامە هەموارکراوەکە کە بە (میساقی باسم) ناسرا، لەناوی حزبیی خوازراوی بەڕێز بەهادینە نووریەوە، بیرۆکەی مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردی تێدا بوو.

(کورد العراق) کتێبێکە (محسن محمد متولی) دایناوە و لە (الدار العربیە للموسوعات) ٣٦٨ لاپەڕە، دەرچووە و بڵاوکەرەوەی کتێبەکە بەم شێوەیە هەڵیدەسەنگێنێت: (لێکۆڵینەوەیەکی زانستیی بەرفراوانە لەبارەی کورد و مێژوویان لەوکاتەوە لەسەر زەوی پەیدا بوون)، کە دانەر لە دواین بەشی کتێبەکەیدا بەناونیشانی (الخاتمە) دەڵێت:

ئەم لێکۆڵینەوەیە گەیشت چەند ئەنجامێك، کە ئەمانەن:

(کێشەی کورد لە سەردەمی عوسمانییەوە بەمیرات ماوەتەوە و لکاوە بەدەوڵەتی عێراقەوە لەوکاتەوە عێراق بەگوێرەی کۆمەڵێك بڕیاری نێودەوڵەتی، بوو بە دەوڵەت و قەوارەیەکی سیاسی پاش جەنگی جیهانیی یەکەم، بەم شێوەیە رەنگە زۆر رەوا و پاساودار بێت حکومەتی ناوەندیی عێراق، بەرەنگاریی هەر دەستدرێژییەکی چەکداری یان هێزێکی یاخیبوو بکات و بەڕووی هەر بانگەوازێکی جوداخوازیدا بوەستێت و کوردستان بەبەشێك لە نیشتمانی عێراقی واتە دەوڵەتی عێراق دابنێت، بەڵام هەرگیز رەوا و راست نیە بوترێت کوردستان بەشێکە لە نیشتمانی عەرەبی، چونکە لەم حاڵەتەدا وێنەکە تەواو جیاواز دەبێت، لەو رووەوە نیشتمانی عەرەبی

قەوارەیەکی نەتەوەیی دیاریکراوە نەك قەوارەیەکی سیاسی، واتە دەوڵەتێکی دیاریکراو. لە روانگەیەکی زانستیی مێژووییەوە هەمیشە کورد نیشتمانی نەتەوەیی خۆیان هەبووە، ئەو نیشتمانە لە چەند قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا دووچاری پەلاماری دەرەکی بووەتەوە، کە مەترسیدارترینیان و کاریگەرترینیان پەلاماری فارسی و عوسمانی بووە، چونکە ئامانجی پارچەپارچە و دابەشکردن و لکاندنی بوو بە یەك لایەنەوە و چەسپاندنی ئەو لکاندنە).

لەو وتەیەدا کاك مەسعوود بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لەبەردەم بەڕێزان میوانان و ئەندامانی کۆنگرەی سیازدەیەمی پارتیدا پێشکەشی کرد، بەدەق وتی: "کۆنگرەکانی پێشووی پارتی جەختیان لەوە کرد، گەلی کورد وەك باقیی گەلانی جیهان مافی رەوای خۆی هەیە بڕیار لە چارەنووسی بدات، هەروەك حزب مافی بڕیاردانی چارەنووس بە ئەرکی سەرشانی خۆی دادەنێت و بەدیهێنانی ئەو ئامانجە لە قۆناغەکانی داهاتوو و لەڕێی خەباتی ئاشتییانە و هاوچەرخانەوە بە کارێکی رەوا دەزانێت، هاوکات ئەم داوایە دەخاتەبەردەم کۆنگرەکەمان، وەك جەوهەر و سەربەنی رێبازی تێکۆشانی ئارای خۆی و تەواوکەری کاروانی تێکۆشانی لە قۆناغەکانی رابردوودا، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردن و وەرگرتنی بڕیاری گونجاو لەبارەیەوە".

(وائل عبداللطیف) یان قازی وائل کە لە خولێکی پێشووی پەرلەماندا (کۆمەڵەی نیشتمانیی عێراقی) ساڵی ٢٠٠٥ هاوڕێم بوو، رۆژێك بەڕوویەکی خۆش و دەم بە پێکەنین نەمدی، بەدرێژایی کات لە دەربڕینی سەرنجەکانیدا گرژ و تووڕە و مۆن بوو. بەوتەی ئاژانسی رۆیتەرز، قازیی مۆن لە ٢٠١٠/١٢/١٣ هەندێ بۆچوونی دەربڕیوە رەنگە زۆر جیاوازییان لەگەڵ قسە قۆڕەکانی (تەها یاسین رەمەزان) سەبارەت بە کورد

نەبێت، کاتێك خۆی بە هێزی سوپای گەورەکەی (صدام حسین)ەوە هەڵدەکێشا بۆ لەناوبردنی گیرفانی بەکرێگیراو (الجیب العمیل).

بڕوانە وائل عبداللطیف چۆن وەسفی ئەو سیاسییە عێراقیانەی کردوە کە بەشدارییان لە ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستاندا کردوە "ئەوان کەمترین ئابڕوویان نیە، دەبوو لەو کۆنگرەیە بکشێنەوە کە ئالأی عێراقی تێدا هەڵنەکراوە، ئەو سیاسییانە بە بۆنە و بەبێ بۆنە لە پارێزگەکانیتر زیاتر سەردانی هەولێر دەکەن، بۆ ئەوان شیاوتر بوو پێش لەوەی بارزانی وتەکەی پێشکەش بکات لە کۆنگرە بچنە دەرەوە"، هەروەها دەڵێت "بارزانی لە وتەکەیدا داوای پەسەندکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووسی گەلی کوردی کرد لە بەرنامەی حزبەکەیدا، ئێمە پێویستمان بە کورد نیە، ئەوان پێویستیان بە ئێمەیە و هیواداریین ئەمڕۆ پێش سبەینی جیا ببنەوە و لە بارگرانیی ئەو ئیمتیازات و دەسکەوتانە رزگارمان بکەن کە چێژیان لێ وەردەگرن و ئەو گوژمە پارانەی لە بودجەی دەوڵەت دەیبەن، با بڕۆن و نەگەڕێنەوە و لە عێراق جیا ببنەوە".

بیرکردنەوە لەباتیی ئەوانیتر و وەرگرتنی بڕیار و هەڵوێست بەبێ مۆڵەتپێدانی پێشوەخت لە لایەنی پەیوەندار بە بابەتەکەوە، هۆیەکی راستەوخۆ بووە لە روودانی گەورەترین کارەساتەکانی مێژووی مرۆڤایەتیدا، ئەو پرنسیپە و ئەو شێوازی بیرکردنەوەیە بوو هیتلەری کرد بە دیکتاتۆرێك لەباتی گەلی ئەڵمانی بیر بکاتەوە و بڕیار بدات، تا بەهەموو زۆردارەکاندا تێدەپەڕێت لە بۆکاسا و پۆل پۆت و عیدی ئەمین و شای ئێران، دیارە تا لە سەدام حوسێندا کۆتایی نایەت، کە دروشمە بەناوبانگەکەی داهێنا و عێراقی لە شەخسی خۆیدا کورت کردەوە (اذا قال صدام قال العراق). ئەوانە کارەسات و بەڵأی ئەوتۆیان بەسەر مرۆڤایەتیدا هێناوە کە هەرگیز لەیاد ناکرێن. دوای هەرەسی دراماتیکیی دیکتاتۆری عێراق وامان بەخەیاڵدا دەهات قۆناغێکی نوێمان

دەست پێکردوە و ئیتر تێیدا کەس لە خەویشدا سەرکێشی ناکات بیر لە لاساییکردنەوەی سەدام حوسێن بکاتەوە و خۆی بە جێگرەوەی گەل بزانێت، بەڵام بەڕێزان نەگبەتی لەوەدایە ببینین قازییەك ریشە و بنەماکانی یاسای خوێندنی و پارێزەری کردبێت، لەسەر کورسیی دادگەییکردن دانیشتبێت لەژێر دروشمی (واذا حکمتم بین الناس ان تحکموا بالعدل) خۆی لەبیر بکات و لەپڕ نە بە رۆبی قازییەوە و نە بە فیکر و ئەقڵییەتی پیاوی یاساوە، بەڵکو لە شێوەیەك لە بیرکردنەوەدا دەربکەوێت کە لە جەوهەردا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕێبازی سەدام و یاریدەدەرانیدا نیە، ئەوانەی فڕێدرانە ناو زبڵدانی مێژوو، وا خەیاڵ دەکات عێراق تەنیا ماڵی ئەوە و هەر کەس خۆی حەزی لە چارەی نەبێت تێیدا پێشوازی لیٚ ناکات. کورد تاوان بەرانبەر کەس ناکەن ئەگەر داوای مافی خۆیان بکەن، ئەو داوایەیش هیچ ناپاکییەکی بەرانبەر نیشتمانی عێراق تێدا نیە، داواکردنی مافی بڕیاردانی چارەنووس تازە نیە و بە زەرورەت بەمانای جیابوونەوە نایەت. ئۆتۆنۆمی و فیدراڵی و یەکێتی ئارەزوومەندانە و کۆنفیدراڵی چەند ناوێکی جیاوازن بۆ مافی گەلی کورد لە بڕیاردانی چارەنووسی، ئەو گەلەی بە کەم رازی بوو لەبەرانبەر قوربانییە گەورەکانی، کە لە جینۆساید و بەکارهێنانی چەکی کیمیاویدا خۆ دەنوێنن. ئەوەیش بەدەستمان هێناوە منەتی کەسی تێدا نیە و خێر نیە قازی وائل و هاوشێوەکانی لە ئەقڵییەت و رەفتاردا، پێمان بکەن. ئەو بەحوکمی ئەوەی قازییە پێش کەسانیتر دەزانێت مافی بڕیاردانی چارەنووس یانی چی. بەم قازییە ناقازییە کە خۆی بەهەندیٚ وشەوە هەڵکێشا لە پیاوی یاسا ناوەشێنەوە و دەربڕی هەستکردن بە بەرپرسیارێتیی نیشتمانی نین کاتێك وتی (با بڕۆن و نەگەڕێنەوە)، دەڵێم: ئەوانەی چوون و دەچن و شوێنیان زبڵدانی مێژووە، ئەوانەن لە بەرز و نزمییەکانی شوێن و جوگرافیاکەی تێنەگەیشتن و دژی ویستی گەلان وەستان و بە قووڵیی پێویست لە وانەی مێژوو تێنەگەیشتن. ئەوانەی دێن و دەمێننەوە و نایابترین ئایندە بۆ مرۆڤایەتی دروست دەکەن گەلانن،

**کاتێك جڵەوی کاروبارەکانیان دەگرنە دەستیان، بڕیار لەچارەنووسی خۆیان دەدەن و بەدەستی وێنەی ئایندەیان دەکێشن، دیارە لەنێویاندا گەلی کوردیش. ئەوە پێش هەموو شت مافێکی ئاسمانییە (وَمِنْ آيَاتِهِ خَلْقُ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضِ وَاخْتِلَافُ أَلْسِنَتِكُمْ وَأَلْوَانِكُمْ إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِّلْعَالِمِينَ)، دووەم مافێکی ئینسانییە یاسای نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەندی کردوە و کەس نکوڵی لێ ناکات، جگە لە قازی وائیل و هاوشێوەکانی کە بە رق و کینەکەیانەوە دەمرن.**

# هونەری مومکینەکان

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨، عێراق بوو بە جێگەی بایەخی ناوەندە سیاسییەکان لە هەردوو ئۆردوگای سۆشیالیستی و سەرمایەداری و سەرکردەکانی دەوڵەتانی بێلایەن (عدم الانحیاز)، لەبەرئەوە چەندین شاند لە وڵاتانی جیاجیای جیهانەوە سەردانی عێراقیان کرد. ساڵی ١٩٥٩ شاندێکی باڵای سۆڤێتی بەسەرۆکایەتیی (ئەنستان میکویان) سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای سۆڤیەت سەردانی عێراقی کرد، شاندەکە زۆر بەگەرمی لەلایەن زەعیمی کۆچکردوو عەبدولکەریم قاسمەوە پێشوازی کرا، هەروەها لەسەر ئاستی میللیش پێشوازیی گەرمی لیٚ کرا، بەتایبەت لەلایەن هێزە چەپ و دیموکراتەکان کە ئەوکات بەسەر شەقامدا باڵادەست بوون. لە کۆتایی سەردانەکەیدا میکویان کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی ساز کرد، ژمارەیەکی زۆر لە رۆژنامەنووسانی عێراق لە ئاراستە سیاسییە جیاوازەکان ئامادەی بوون، لەناویاندا پەیامنێرێکی رۆژنامەی (الثورة)، کە بە ئاراستەی کۆنەپەرستانە و دژایەتیکردنی بۆ دیموکراسی و رقی لە یەکێتیی سۆڤێت ناسرابوو. میکویان وەڵامی پرسیارە جیاوازەکانی دایەوە، لەناویاندا پرسیارێکی پەیامنێرەکەی رۆژنامەی (الثورة)، کە ماناکەی ئەوە بوو (سیاسەتی سۆڤێت لەلایەن ناوەند و هێزە نەتەوەییە

عەرەبییەکانەوە لە عێراق و نیشتمانی عەرەبی پشتگیری ناکرێت)، لێرەدا میکویان بەهێمنی و بەدەم سووکە زەردەخەنەیەکەوە کە بەکەمی لەسەر روخساری دەردەکەوت، بە پەیامنێرەکەی وت: "یەکێتیی سۆڤێت ژنە سەماکەر نیە کاتێك لە سووڕەکەی لە ورگ لەرزاندن بووەوە، دەستەکان بە چەپڵەلێدانی گەرم بۆ لای درێژ بکرێن، ئێمە دەوڵەتێکین سیاسەتی نەگۆڕی خۆمانمان هەیە و پشت بە بنەماکان دەبەستێت، بەدڵنیاییەوە سیاسەتمان پاڵپشتیی گشتگیری لیّ ناکرێت، چونکە لەبەر کۆمەڵێك هۆی سیاسی و بەرژەوەندئامێز ناتوانێت هەمووان رازی بکات، دەوڵەتی سۆڤێتی دەوڵەتێکە ئەو یاسایانە بەڕێوەی دەبەن لە دەستوورەوە وەرگیراون، کە تەواو لە یاسای ورگ لەرزاندن جیاوازن).

*** ***

سەرکردەی کۆچکردووی هیندیی گەورە (جەواهیر لال نەهرۆ) سەرۆکی پارتی کۆنگرەی نیشتمانی هیندی بۆ دەیان ساڵ، هەروەها سەرۆکی دەوڵەتی هیندیی پان و پۆڕ و پڕ کێشە بە فرەڕەنگییە نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبییەکانیەوە، کە دەوڵەمەندترین و ئاڵۆزترینە لە هەموو جیهاندا، ئەزموونی بوون بە سەرۆکی دەوڵەت و بوون بە سەرۆکی ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵاتی سیاسیی وڵاتەکەی تاقی کردەوە. دوای ئەوەی بە هەردوو ئەزموونەکەدا تێپەڕی، لە وەڵامی پرسیارێکی پەیامنێری گۆڤاری (دێر شپیگل)ی ئەڵمانیی بەناوبانگدا کە پرسی "بەڕێز نەهرۆ ئەزموونی مومارەسەکردنی دەسەڵاتت وەك سەرۆك بینی، کێشەکانی ئۆپۆزسیۆنیشت چەشت کە تۆ خاوەنی بوویت، بەدیدی تۆ ئەو دوانە لە چیدا جیاوازن؟".

نەهرۆ بەم شێوەیە وەڵامی دایەوە:

"دەسەڵات و چەلەحانێیەکانی مرۆڤ لە ئاڵۆزییەکانی کاری رۆژانەدا نوقم دەکەن، کە هاوکاتە لەگەڵ دەستکورتی لە گەیشتن بەو ئامانجامەی دیاری کراون و لەوانەیە سەرجەم مەرجەکانی بەدیهاتنیان بەردەست نەبن، کاتێك لە دەسەڵاتدا بووم هەندێ جار لۆمەی خۆمم دەکرد لەو شتانەی دەمانکردن، لە دەرەوەی دەسەڵاتیش بووین، ئۆپۆزسیۆنی ئارەزوومەند بەدرێژایی ماوەی بەرهەڵستیکردنی بۆ دەسەڵات جڵەو بۆ بیر و داخوازییەکانی شل دەکات لەپێناو گەیشتن پێیان، لێت ناشارمەوە ئەوکاتەی سەرۆك وەزیرانی هیند بووم، هەستم بە هێڵنج دەکرد کاتێك گوێم لە داواکاری و تێزە ناواقیعییەکانی ئۆپۆزسیۆن دەبوو و بەخۆمم دەگوت "خۆزگە دەسەڵاتم بۆ ئۆپۆزسیۆن بەجێدەهێشت، بەو مەرجەی پابەند بێت بە جێبەجێکردنی ئەو شتە تەعجیزییانەی تەرحی دەکردن". لەبەرئەوە لە قۆناغەکانی پاشتردا کاتێك حزبەکەمان لە دەرەوەی دەسەڵات بوو، رێگەم نە بە خۆم و نە بە غەیری خۆم نەدەدا دروشمی زیادەڕەوی تێداکراو هەڵبڕێت، یان داوای هەندێ شت بکات تەنیا لەبەر ئیحراجکردنی دەسەڵات و بەدەستهێنانی چەند دەنگێکی زیادە بن).

هونەری مومکینەکان (فن الممكنات) زاراوە یان دەستەواژەیەکی باوە لێرە و لەوێ زۆر بەکار دێت وەك (ژیان هونەری مومکیناتە، یان سیاسەت هونەری مومیکناتە..هتد)، رۆژێك پرسیار لە ونستۆن چەرچل سەرۆك وەزیرانی هەرە بەناوبانگی بەریتانیا کرا لەبارەی زۆر بەکارهێنانی بۆ ئەو دەستەواژەیە کاتێك نەیدەتوانی ئەو شتانە بەدی بێنێت کە لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن ماوەیەکی کورت پێش جەنگی جیهانیی دووەم بەڵێنی دەدا، ئەویش وەڵامی دایەوە: "تێگەیشتنی هەڵە لە هونەری مومکینات سەردەکێشێت بۆ ئەنجامگیریی هەڵە و شرۆڤەکردنی هەڵە، لێرەیشەوە بەرەو کێشانی سیاسەتێکی هەڵەمان دەبات، سەرەنجام وا دەکات حاکم و

**مەحکوم، سەرۆك و خەڵك، بەڵێندەر و بەڵێنپێدراو لە بازنەیەکی بەتاڵدا بسووڕێنەوە، نە سەرۆك لەتوانایدایە حەزەکانی خەڵکەکەی تێر بکات نە خەڵکیش لە داواکردن دەوەستن، لەبەرئەوە تێگەیشتنی راست و دروست لە هونەری مومکینات بۆ ئێمە و غەیری ئێمە، بریتییە لە توانای بەدیهێنانی ئەوەی مومکینە لە چوارچێوەی ئەوەدا کە بەڕاستی بەردەستە، نەك لە دەرەوەی".**

**ئەو سێ نموونەیەی باس کران، هانیان دام بۆ نووسین لەبارەی بابەتێك کە یازدە ساڵە لەگەڵمدا دەژی، واتە ئەوکاتەی بەرپرسیارێتیی سەرکردایەتیکردنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانم وەرگرت، کە سەرباری بوونی دروشمی سەرەکیی سەندیکا و یاسا بنچینەییەکەی و پەیڕەوی ناوخۆی و ناسنامەکەی، بەوەی رێکخراوێکی خاوەن سوودی گشتییە لە دەرەوەی چوارچێوەکانی دەسەڵات و بوونە ئەندام تێیدا تەواو ئارەزوومەندانەیە و جگە لە ئابوونەی ئەندامانی و ئەو مینحە ئوسوڵییانەی بەگوێرەی یاسا کارپێکراوەکان لە دەوڵەت وەریان دەگرێت، هیچ سەرچاوەیەکی دارایی نیە. سەرباری ئەوەیش نزیکەی نیوەی ئەندامانی ئەو (٢٥) هەزار دینارە نادەن، کە بەشداریکردنی ساڵانە و پێدانی ناسنامەی سەندیکا بەخۆڕایی و بڕی نزیکەی (٤,٥$) دەگرێتەوە، کە دەدرێت بە فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان IFJ بۆ هەر ئەندامێك لەبەرانبەر تۆمارکردنی لەو رێکخراوە. لەگەڵ ئەوەیشدا سەندیکا پێش لەوەی رۆژنامەنووسان داوای لێ بکەن داوا لە خۆی دەکات رۆژانە هەوڵی نەپساوە و بەردەوام بدات لەپێناو بەدیهێنانی زیاتر و زیاتر بۆ ئەندامانی و بۆ کۆمەڵگەی رۆژنامەنووسی و میدیایی و میدیا بەگشتی، بەڵام هەندێ رۆژنامەنووس سەقفی تواناکانی سەندیکا نابینن و وا رەفتار دەکەن وەك ئەوەی دەوڵەت بێت، ئەمر و نەهی بەدەست بێت و دەسەڵاتەکانی بێسنوور بن و بتوانێت هەرچی ئەندامان حەزیان لێیە دابینی بکات.**

رۆژنامەنووسانی ئازیز حەزم نەدەکرد ئەم بابەتە بکەمەوە ئەگەر لەبەر نزیکیی دابڕانم نەبوایە لە سەندیکا، هەرگیزیش حەزم نەکردوە بێئومێدی لای هەندێ هەڤاڵ بچێنم کاتێك داوای هەندێ شتیان لێ دەکردین ئێمە هیچ توانا و دەسەڵاتێکمان تێیاندا نیە. ئەوەی سەندیکا بۆ رۆژنامەنووسانی ئەندام و جگە لە ئەندامانی بەدەست هێناوە، کە زۆرن و لە راپۆرتی گشتیدا –بەهەردوو بەشی کارگێڕی و داراییەوە– باس کراوە و لە ژمارەی داهاتووی گۆڤاری (الصحفي)دا بڵاو دەکرێتەوە، وەك باران لە ئاسمان نەدەبارین، ئەو دەسکەوتانە بە سووك و ئاسانی نەهاتوون، بەڵکو بە کارێکی قورس و ئیرادەیەکی بەهێز و هەڕەشەی شاراوە و هەندێ پاڕانەوە کە لەوانەیە عەیبداریش بێت، بەدیهاتوون و بە نابەدڵی و هەندێ جار لەسەر حسابی تەندروستی و هەندێ جاریتر لەسەر حسابی پشتگوێخستنی خێزان و لەسەر حسابی کەرامەتی خۆمان لەپێناو ئێوەی رۆژنامەنووساندا، بەرگەمان گرتوون. بێئاگا نەبووین لەو بیرۆکانەی لەلای جەواهیر لال نەهرۆ هەبوون وەك حاکم و وەك ئۆپۆزسیۆن، هەروەها بەبێ ئەوەی ئەوەمان لەبیر چووبێت کە میکویان مەبەستی بوو لە بەدەستهێنانی چەپڵەڕێزان لەسەر حسابی حەقیقەت و پرنسیپەکان. ئەمە وای لێ کردین لێرە دووچاری رەخنە و لەوێ لۆمەکردن و هەروەها بریندارکردن لەلایەن هەندێ کەسەوە ببین، بەڵام گرنگ ئەوەیە –وەك ئەوەی رۆژێکیان ونستۆن چەرچڵ وتی– ئەوەی لەتوانامماندا بوو لە چوارچێوەی مومکین و بەردەستدا، بەشیاوی و لێوەشاوەیی بەدیمان هێنا، کە دەمی وەك چۆن لە مژلێدان و پژاندنی دووکەڵی جگەرە بەناوبانگەکەی نەدەوەستا، لە وتنەوەی ئەو دەستەواژە بەهێزەیش نەدەوەستا.

## بەبێ ماڵئاوا.. هەڤاڵان و هاوڕێیان

بۆ پاڵەوانی یەکێك لە شانۆگەرییەکانی شێخی شانۆکارانی ئینگلیز (شکسپیر)، ساتی دواین ماڵئاواییکردنی لە خۆشەویستی دڵی ئاسان نەبوو، بەڵام ئیتر ئەوە قەدەرێکی نووسراو بوو، خۆی نەدا بەدەست ئازاری ئەو ساتەوە و ڕەهەندە تراژیدییەکەی ناوی تێپەڕاند و لەگەڵ خۆیدا دەیوتەوە: (دابڕان خەمێکی شیرینە). بەم شێوەیە شکسپیر بە بلیمەتییە ناسراوەکەی لەو ڕستە یان ساتەدا خەم و شیرینی کۆکردەوە، تا دەروونی مرۆڤ ئارام بکاتەوە و ئازاری گەستنی بکوژی دابڕان دابمرکێنێتەوە. من بە سرووشت ڕقم لە ماڵئاواییکردنە و زۆر لەلای ناوەستم، ڕەنگە لەبەر مەیلێکی بەهێز لە ناخمدا کە پاڵم پێوە دەنێت لە یەك شوێن و لە یەك کاردا نەمێنمەوە، واتە ڕێگە نادەم یەك کار بەتەواوەتی قووتم بدات، بمبات و دامپۆشێت، بمگۆڕێت یان تووشی شێواندنێکم بکات، لەبەرئەوە هەمیشە ئامادە بووم بەجێی بێڵم. لە هەموو وێستگەکانی تەمەنمدا بەدوای بەدیهێنانی خودی خۆمدا گەڕاوم و حەزم لەوە بوو نموونەی خۆم لە بەهاکان و ڕۆشنبیریدا بەرهەم بێنم و تێدەکۆشم تا جیهان بەگوێرەی ئەو نموونەیە بگۆڕم، ڕەنگە ئەمە هۆی سەرەکیی زۆر لە گواستنەوە گەورە و زۆرەکانم بێت لە ژیانمدا. تا ئەم ساتەیش نازانم ئایا ژیان ڕێگەیە یان ڕێگە ژیانە،

ئایا من ئەو ڕێگەیەم هەڵبژاردوە، یان ڕێگە منی بۆ خۆی هەڵبژاردوە؟ بەڵام دڵنیام ژیان کۆمەڵە وێستگەیەکە، چەند ساتێکی ڕاگوزەرە لە خۆشی و ڕۆژگارێك لە ڕەنج و زەحمەتکێشان و تێکۆشان، باوەڕیشم وایە ئەوانە دەژین کە تێدەکۆشن.

لەو کاتەوە پێم ناوەتە ناو مەیدانی ژیانی سیاسی و پیشەیی لە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، بەزۆر ئەزموون و وێستگەدا تێپەڕیوم، کە وردەکارییەکانیانم سەرەتا لە دڵ و پاشان لەسەر پارچە کاغەز و دەفتەری ڕۆژمێردا، کە هەمیشە بۆ هەر کوێ بچم لەپاڵ کامێراکەمدا هەڵیدەگرم، تۆمار دەکەم، کە لە ناوەوەمدا جۆرە دامەزراوەیەکی یادگە و کانێکی (منجم) ئەزموونە شەخسی و مێژووییەکان و ناوچەیەکی گەرمی سۆزی پێکهێناوە. لەو وێستگانەدا جوانترین ساڵانی تەمەنم دوور لە هەوای گەنجان و خۆپەرستیی پیران بەسەر بردوە، بەپێی توانا خۆم بەدوور گرتووە لە باوەشکردن بە پۆست و کورسیی بەرپرسیارێتی و هەوڵدان بۆ دانیشتن لە کورسییەکانی پێشەوە و ڕووبەڕووی ڕووناکی، هەمیشە لەو جۆرە حاڵەتانەدا پەنا بۆ حیکمەتێك دەبەم کە دەڵێت (المکان بالمکین)، بەو مانایەی ئێمە شوێن دروست دەکەین، نەك شوێن ئێمە دروست بکات. قەت ڕۆژێك خەوم بەوەوە نەدیوە یان بیرم لێ نەکردۆتەوە کە باز بەسەر بەربەستەکاندا بدەم بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو بەناشایستەیی، دەستەودامێنبوون و پاڕانەوەیشم لەپێناو دەستکەوتی ڕاگوزەردا تاقی نەکردۆتەوە بۆ خوای گەورە نەبێت، بەدرێژایی ژیانم و هێشتایش لە هەموو شتێدا قەناعەتم بەو حیکمەتە مەزنە هەیە دەڵێت (القناعە کنز لایفنی) (واتە قەناعەت گەنجینەیەکی لەناو ناچێت)، جگە لە درێژکردنی دەستی یارمەتی بۆ ڕۆڵەکانی نەتەوەکەم و مرۆڤایەتییەکەم لە هەرکوێ بن.

لەکاتی کارکردنم لە ریزەکانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ١٩٦٤-١٩٧٢ لە ئەندامێکی ئاساییەوە پلەبەپلە بەرز بوومەوە بۆ پۆستی سکرتێری گشتی، ئەوەیش

له کۆنگرەی شەشەمی یەکێتییەکە ساڵی ١٩٧٠ رووی دا، حەزم لە خۆکاندیدکردن نەبوو و لەکاتی کاندیدکردنەکان و بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی کۆتاییشدا لەوێ نەبووم، بەڵام هەڵسەنگاندنی هاوڕێیان لە هەموو شت گەورەتر بوو و بە سکرتێری گشتیی ئەو رێکخراوە سەنگینە هەڵبژێردرام. لە کۆنگرەی حەوتەم لە ئایاری ١٩٧٢ سەرەڕای دەستپێشخەریی مەکتەبی سیاسیی پارتی لە شەخسی شەهید سامی عەبدولڕەحمان و پێداگریی هەڤاڵانێکی زۆری ئەندامی یەکێتییەکە، پێشوەخت رامگەیاند بەنیاز نیم خۆم کاندید بکەم، هەڵوێستەکەم هەڵقوڵاوی قەناعەت و ئیمانم بوو بەپێویستیی بەجێهێشتنی ئەو بەرپرسیارێتییە بۆ ئەوەی زیاتر پێویستی پێیەتی، بەلای منەوە کاتی ئۆغرکردن هاتبوو، ئەوە یەکێك بوو لە بەجێهێشتنەکانم.

له ژیانمدا زۆر وێستگە هەبوون بەویستی خۆم و بەپاڵنەری رقبوونم لە کورسیپەرستی وەك پرنسیپ بەجێم هێشتوون، لە خۆنزیککردنەوە لە گەورەکان، خاوەن پلە و پایە و ماڵ و سامانەکان دوور کەوتوومەتەوە و حەزم لە چێرەی دەروونە نزمەکان نەبووە، ئەوانەی خوویان گرتووە بە هەڵزنان و بازدان لەسەر شانی خەڵکانی شەرەفمەند، بەمەبەستی گەیشتن بە پۆستی حزبی و حکومی بەبێ شایستەیی و شەرەف، لە زەمەنێکدا پۆشینی ماسکە ساختەکان بووەتە رێسا.

هەندێ وێستگەیش بەناچاری بەجێم هێشتوون، لەبەرئەوەی لە خۆشەویستترین پیشە لە دڵمدا دووریان خستوومەتەوە.

لەو وێستگانەی شانازییان پێوە دەکەم، هەڵبژاردنمە بۆ بەرپرسیارێتیی سەرنووسەریی یەکەمین رۆژنامەی کوردیی رۆژانە لە مێژووی کوردیدا (رۆژنامەی برایەتی) و بەرپرسیارێتیی دامەزراوەی رۆژنامەوانیی (خەبات و برایەتی)، ئەرکەکەیشم بەشەفافیەت و هەستکردنێکی بەرز بە بەرپرسیارێتیی نیشتمانی و نەتەوەیی و پیشەیی ئەنجام داوە، دابڕان زەحمەت بوو، ئەو رۆژەیش دامەزراوەکەم

بەجێهێشت، لە ستوونێکدا بەناونیشانی (برایەتی، بەخێر بمینێی) و لە ژمارە (٣٠٣٣) لە ٢٠-٢-٢٠٠٠ بڵاو کرایەوە، ماڵئاواییم لە هەڤاڵانی کوڕ و کچی ڕۆژنامەنووس و کادیری ڕاگەیاندن کرد، تێیدا ئاماژەم بۆ کۆمەڵێك بابەت کرد، لەوانە چاپکراوەکانی ئەو دامەزراوەیە، کە داممەزراند و ناومنا (دامەزراوەی ڕۆژنامەوانیی برایەتی و خەبات)، کە پێکهاتبوو لە ڕۆژنامەی (برایەتی) بە ١٢ لاپەڕە جگە لە ژمارە تایبەتەکان، کە ژمارەی لاپەڕەکانیان لە ٢٤ لاپەڕە تێپەڕی دەکرد، ئەمە جگە لە هەفتانەی (برایەتیی ئەدەب و هونەر) و گۆڤاری ئەکادیمی و سەنگینی (سەنتەری برایەتی).. هەفتانەی (برایەتیی وەرزش) و گۆڤاری مانگانەی (وەرزشی برایەتی)ی ڕەنگاوڕەنگ، ئەمە جگە لە ڕۆژنامەی خەبات کە هەفتانە بەزمانی عەرەبی دەردەچوو و هەڤاڵ فەلەکەدین کاکەیی سەرنووسەری بوو، هەروەها ئەو کتێبانەی لە دامەزراوەکە دەرچوون و گەیشتنە ١٣ کتێب لە بابەتی جیاوازدا. من سەرنووسەری برایەتی و کچە هەفتانە و مانگانەکانی بووم، کە هیچ ئاسەوارێکیان نەماوە جگە لەو یاداوەرییانەیان هەڵمگرتوون و بۆ ١٩٦٧/٥/٦ دەگەڕێتەوە، ڕۆژی دەرچوونی یەکەمین ژمارەی کاتێك قوتابی زانکۆ بووم لە بەغدا و لەگەڵ هەڤاڵانم ئەندامانی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان چاودێریی دەرچوونی ئەو و دەستەخوشکەکەی (التاخی)مان دەکرد. من شایەتی ئیسپات بووم کاتێك ژمارەی یەکەمی ڕۆژانەی (ژمارە سفر) لەگەڵ مزگێنیی سپێدەی ڕۆژی ساڵی نوێ ١٩٧٤/١/١دا دەرچوو و ژمارە لەدوای یەکەکانی ڕۆژی ١٩٧٤/١/٨. من جگە لە بەرپرسیارێتیم لە کارگێڕی و ژمێریاری، لە (التاخی)ش سەرپەرشتیاری گونجانی بڵاوکردنەوەی بابەتەکان بووم بە زمانی کوردی لە (برایەتی) لەگەڵ خوالێخۆشبووان ڕەمزی قەزاز و ڕەفیق چالاك و سەربەست بامەڕنی، لە قۆناغی سێیەمیشدا بووم بە سەرنووسەری (برایەتی)ی ڕۆژانە و خاوەنی شەرەفی بوون بە یەکەم ڕۆژنامەی کوردیی ڕۆژانە لە مێژوودا، کە تەواوی وزەی فیکری و جەستەیی

خۆمم بۆ تەرخان کرد، هەر لەو رۆژەوە بەرپرسیاریێتیم گرتە ئەستۆ لە ١٩٩٣/١٠/٢٦ تا دوا رۆژی کارکردنم تێیدا لە ٢٠٠٠/٢/٢٠.

لە هۆڵی ئەو دامەزراوەیەدا، کە ناومنا (هۆڵی میقداد بەدرخان)، کۆبوونەوەکانی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەجیاوازیی ئاراستەی سیاسی و ئینتیمای نەتەوەیی و ئاینییانەوە لەپێناو دامەزراندنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەڕێوە دەچوون، کۆبوونەوەکانی هەردوو لیژنەی ئامادەکردن و راوێژکاری و پاشان کۆبوونەوەکانی دەستەی دامەزرێنەر بەدرێژایی هەردوو ساڵی ١٩٩٧ و ١٩٩٨، کە بەلەدایکبوونی سەندیکا و بەستنی کۆنگرەی دامەزراندنی یەکەمی لە ١٩٩٨/١٢/٢٧ بەناوی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، گەیشتە لوتکە. نزیکەی دوازدە ساڵی تەمەنی خۆمم لەو سەندیکایەدا خەرج کرد، هەر لەدامەزراندنیەوە و تێکەڵبوونی لەگەڵ دەستەخوشکەکەی، یەکێتیی رۆژنامەنووسانی کوردستان، کە ئەو ماوەیە بەلای منەوە گەشترین ساڵانی کامڵبوونی ئەقڵی و فیکریم بوون، تێیدا یەکەمین شکستە تەندروستییەکانیشم بەخۆوە بینی. ئێستا ساتێکیتری جومگەیی نزیك دەبێتەوە.

خولێکی هەڵبژاردن کۆتایی دێت و خولێکی نوێ دەست پێدەکات.. کۆنگرەی ساڵێکی نوێ و ئەنجومەنێکی نوێ و ئومێدی نوێ، بەڵام دابڕانیشە، دابڕانێکیتر دەمەوێت بەبێ ماڵئاوایی.

وتم من رقمە لە ساتەکانی ماڵئاوایی.

لەم ساتانەدا زیاتر چاوم لە سەرەتا نوێیەکانە تا لە راکێشرانم بۆ رابردوو.

لەگەڵ هاوڕێم مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیب و حامید محەمەد عەلی سکرتێری سەندیکا مێژووی سەندیکام بەوێنەگیراوی لە کتێبێکدا تۆمار کرد، کە بەم

نزیکانە دەردەچێت، هاوڕێیان هێڵە گشتییەکان و ناونیشانە گەورەکانی کۆششە ماندووکەرەکان دەبینێت، کە لەپێناو گەیاندنی سەندیکا بەم ساتە شکۆدارانە بەخەرج دراون.

دان بەوەدا دەنێم دابڕان سەختە و خەم و ئازارێکی زۆر لە دەروونندا بەجێ دێڵێت، بەڵام هەست بە ڕەزامەندی دەکەم لەوەی پێشکەش بە هەڤاڵانی ڕۆژنامەنووس و میدیاکارانی کوردمان کردوە، ئەو دەسکەوتانەیش بەدیهاتوون بەژمارە و مێژوو لە ڕاپۆرتی گشتیدا تۆمار کراون و پێشکەش بە کۆنگرەی سێیەم دەکرێت، هەروەها لە کتێبی مێژووی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیشدا، کە وەك دیاری پێشکەش بە ئەندامانی کۆنگرە دەکرێت.

لەم ساتە جومگەییەدا کە ماڵئاواییتان لێ دەکەم هەڤاڵانمان، لەناو ئێوەدا ماڵئاوایی لە بەیداخی سەندیکا دەکەین، بەدڵێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە لە خوای گەورە دەپاڕێینەوە، سەندیکاکەمان لە وەسوەسەی سیاسییە ناسیاسییەکان و سیاسەت و چاوتێبڕینە شەخسییە دزێوەکان بپارێزێت.

خودایە سەندیکا بە یەکگرتوویی و پیشەیی و سەربەخۆ و سەربەرز بە مێژووی و بە کاری پیشەیی خۆی لە ئێستا و ئایندەدا بپارێزە، لەسەر ڕێگەی چەسپاندنی ئازادییە ڕۆژنامەنووسییەکان و پتەوکردنی مافەکانی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان.

بەبێ ماڵئاوایی هەڤاڵان..

بەبێ ماڵئاوایی.. جیهان لەم وشەیە بچووکترە.. زەویش خڕە..

هەموو کۆنگرەیەك و سەندیکا و کوردستان لە هەزار خێردا بن.

ئێستا کە ساتی دابڕان یان بە دەربڕینێکیتر ساتی ماڵئاواییکردنم لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان هاتووە، کە لەگەڵ هاوڕێیانم مستەفا ساڵح کەریم جێگری نەقیب و حامید محەمەد عەلی سکرتێری سەندیکا مێژووەکەیمان لە دووتوێی کتێبێکی وێنەداردا نووسیەوە و بەم نزیکانە دەیبینن و ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیرانی گەل شایەتیمان بۆ دەدەن کە چ کۆششێکی سەختمان کردوە. بەبێ چوونە ناو وردەکارییەکان دەڵێم لەکاتێکدا خواحافیزی لە سەندیکاکەم یان سەندیکاکەمان دەکەم بەمانای وشە مێشك و ویژدان ئاسوودەم، چونکە لە دامەزراندنیەوە تا ئەم ڕۆژانە، لەگەڵ هەڤاڵانم کۆششی گەورە و قورسمان کردوە لەپێناو چەسپاندنی ئازادیی ڕۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی مافی ڕۆژنامەنووسان لە کوردستان و گواستنەوەی پێگەی سەندیکاکەیان لە لۆکاڵیبوونی کوردستانەوە بۆ ئەندامێتیی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕۆژنامەنووسان لەگەڵ تەواوی مافەکان بۆ ئەندامانی، لەگەڵ ئەو دەسکەوتانەی بەدەست هاتوون و لە ڕاپۆرتی گشتیی پێشکەشکراو بە (کۆنگرەی سێیەم) و لە کتێبی مێژووی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستاندا، کە وەك دیارییەك پێشکەش بەوان و بە هەڤاڵانی ڕۆژنامەنووسم لە کوردستان دەکرێت، بە ژمارە و مێژوو تۆمار کراون. دەڵێم هەڤاڵانم بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستییەوە بۆ ئێوە و بە ئەقڵێکی پڕ ئومێد و دەم بەنزا لە خوای گەورە ماڵئاواییتان لێ دەکەم، کە سەندیکاکەمان بپارێزێت لە وەسوەسەی سیاسەت و مەرامە شەخسییە دزێوەکان و لە هەوڵەکانی لادانی سکە پیشەییە سەربەخۆکەی، بۆ ڕێڕەویتری بێکەڵك و قەتیسکردنی لە قۆزاخەی گرووپێکی دیاریکراو لە ڕۆژنامەنووسان و وەلاخستنی کۆدەنگی و کاری بەکۆمەڵ، کە هیچی لێ بەرهەم نایەت جگە لە پەرتبوون و لێکترازان. لەکاتێکدا ماڵئاوایی لە کارە پیشەییەکەی خۆم لە سەندیکا دەکەم دەڵێم: "خودایە سەندیکا بەیەکگرتوویی و پیشەیی و سەربەخۆ بهێڵەوە"، سەربەرز بە مێژووەکەی و بەکارە پیشەییەکەی لە ئێستا و ئایندەدا و

**بەردەوام لەپێناو چەسپاندنی ئازادییە رۆژنامەنووسییەکان و مافەکانی رۆژنامەنووسانی کوردستاندا.**

**دابڕان سەختە و زۆر خەمی لە دڵمدا بەجێهێشتووە.**

**کارکردنم لە یەکێتیی قوتابیانی کوردستان (١٩٦٤-١٩٧٢) لەڕووی پیشەییەوە جوانترین ساڵانی تەمەنم بوون، ئەمە جگە لە دوو قۆناغیتر کە لە چیاکانی کوردستان بەسەرم بردوون لە ریزەکانی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول، کە بەهەمووی ٥١ ساڵی تەمەنم دەکات، کە بە شیرین و تاڵیەوە بڕیومە، بەڵام لە کۆتاییدا بووەتە سامان و سەرمایەیەك شانازی پێوە دەکەم، چونکە بەهەڵبژاردن و ئیرادەی خۆم و بەتەواوی هێزە ئەقڵییەکانمەوە بووە.**

## "سێوی بەرواری باڵا بپارێزن..

## کوردستان رزگار بکەن"

لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٥ لەئەنجامی وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی بەرگری لەلایەن لیوا روکن (عبدالعزیز العقیلی) لە سەردەمی سەرۆکی عێراقیی پێشتر (عبدالسلام محمد عارف)دا، شەڕ لەنێوان شۆڕشگێڕانی کوردستان و سوپای عێراقدا توند بوو. شەڕ لە سەرجەم بەرەکانی بەرەنگاریکردنی کوردی لە زاخۆوە بۆ خانەقین بۆ بەرگریکردن لە کوردستان و گەلەکەی تاوی سەندبوو. تاکتیکی جەنگیش لە ناوچەیەکەوە بۆ یەکێکیتر بەگوێرەی توانا تەکنیکییەکان و هێزە بەشەرییەکان کە لە کەتیبەکانی پێشمەرگەدا خۆی دەنواند، ئەمە جگە لە جوگرافیی ناوچەکە، جیاواز بوو. ئێمە ئەوکاتە قوتابی قۆناغی ئامادەیی بووین و هەندێ چیرۆکمان لەبارەی ئەو قارەمانییانەی شۆڕشگێڕان بۆ بەرگریکردن لە دۆزە رەواکەیان تۆماریان دەکردن، پێ دەگەیشت کە لە داستان دەچوون. لە خەیاڵگەماندا شۆڕشگێڕان گۆڕابوون بۆ جۆرە ئەفسانەیەکی زیندوو، ئێزگەی (دەنگی کوردستان)یش رۆڵی پێشەنگانەی لە گواستنەوەی هەواڵەکانی شەڕ و سەرکەوتنەکاندا هەبوو، سەرباری بوونی شەپۆلی

بەهێزی تەشویش خستنەسەر لەڕێی گۆرانی (هانی هانی)، کە لەگەڵ شیرینیی ماناکانیشیدا نەفرەتی لێ دەکرا.

لە ناوچەی (بەرواری بالاّ)ی پارێزگای دهۆك (ئەوکات قەزایەکی سەر بە لیوای مووسڵ بوو) یەکێك لە سەرکردەکانی پێشمەرگە بانگەوازێکی بۆ پێشمەرگەکانی کرد: سێوی بەرواری بالاّ بپارێزن!!. بانگەوازەکە سادە بوو، بۆنی سێو و تامی شیرینی لە دڵ و دەرکی ئەو پیاوانەوە نزیکتر بوو لە تەجریداتەکانی فیکر و دروشم و پرسە گەورەکان، ئەو بانگەوازە شۆڕشگێڕانە رۆمانسییە بەچەند وشەیەکی کەم هەموو ماناکانی بەرگریکردن لە شەرەفی نەتەوە و لە خاکی نیشتمانی کورت کردەوە. بەم شێوەیە ئەو بانگەوازە، کە لە کاچەبەردەکانی چیاکانەوە هەڵقوڵابوو نەك لە ئاسمانی خەونەکان و لە ژێرزەمینە تاریکەکانی بەرژەوەندییە خۆپەرستانەکانەوە، رۆڵی خۆی لە پارێزگاریکردن لە خاك و تێکشکاندنی دەستدرێژکاراندا بینی.

دوای ئەو سەرکەوتنەی هاوپەیمانان (سۆڤێت، ئەمەریکا و ئینگلتەرا) بەسەر دەوڵەتانی میحوەردا بەدەستیان هێنا، هەر سێ سەرکردە سەرکەتووەکە (ستالین، چەرچڵ و رۆزفێڵت) لە ٤-٩ی شوباتی ساڵی ١٩٤٥ لە یاڵتا کۆبوونەوە، لە یەکێك لە خولەکانی وتوێژدا لەبارەی (دابەشکردنی کێك)ەکە، ستالین لە جێی خۆی هەستا و بەچەند وشە و رستەیەکی نەرم قسەی بۆ شاندەکان کرد، بەوهۆیەوە هەردوو شاندی ئەمەریکی و ئینگلیزی کرد چەپڵەیەکی زۆریان لێ دا، ئەمەیش وای لە یەکێك لە راوێژکارانی ستالین کرد تێبینییەك بنووسێت و بیگەیەنێتە دەستی، تا ئاگەداری بکاتەوە و لەسەر ئەو شێوە قسەکردنە بەردەوام نەبێت، کاتێك ستالین لە خوێندنەوەی تێبینییەکە بوویەوە، قسەکەی گۆڕی و دەستبەجێ دەستی (هاوپەیمانان)یش لە چەپڵەلێدان وەستان. وەك بەڵگەنامە مێژووییەکان باسی دەکەن، ستالین هەستی کرد (برا دوژمنەکان) چەرچڵ و رۆفێڵت -وەك ستالین وەسفیان دەکات- دەستیان بۆ

چەپڵەلێدان بەرز نەدەبوویەوە ئەگەر هەستیان نەکردبێت سیاسەتی ئێمە دەڕژێتە خانەی بەرژەوەندیی ئەوان.

وەك (ئێزگەی صوت العراق الحر) بەرەبەیانی ڕۆژی ٣/٣٠/ ٢٠١١ بڵاوی کردەوە، (کۆمەڵەی قەیرانە نێودەوڵەتییەکان)، مەترسی خۆی لە ئایندەی دۆخی سیاسیی عێراق پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمەریکا لە کۆتایی ئەمساڵدا، دەربڕی، بەتایبەت کە بەگوتەی ئەوان (ناوچە جێناکۆکەکان) بەو دۆخەی ئێستایەوە و لە بارێکدا بەشێوەیەکی بابەتییانە چارەسەر نەکرێت، ئەگەری تەقینەوەی لێ دەکرێت. سیاسییەکی عەرەبیش لە شرۆڤەکردنێکیدا جەختی لەوە کرد: "دەسەڵاتدارانی عێراق وەك جاران گرنگییەکی نائاسایی بە تەرحەکانی سەرکردە کوردەکان نادەن، چونکە شەقامی کوردی پەرتەوازەیە، ئەوەیش بەگوێرەی ڕاپۆرتی کۆمەڵەکە، (بۆ دەسەڵاتدارانی عێراق) ئاسانی دەکات چارەسەرێك لەو ناوچانە بسەپێنن کە لەبەرژەوەندیی کورد نیە". لەلایەکیترەوە بەڵگەنامەکانی (ویکیلیکس) وەك بەدەق لە کتێبێکدا بەناوونیشانی (وثائق ویکیلیکس، اکبر فضائح التاریخ) هاتووە، سەبارەت بەکەرکوك دەڵێت: "لەبارەی کۆتا دۆخی کەرکوك باڵیۆزخانەی ئەمەریکی بێزار دیارە، چونکە ئیدارەی ئەمەریکی ڕۆژێك لە ڕۆژانە سیاسەتی خۆی بەرانبەر ئەم کێشەیە دەرنەبڕیوە جگە لە دووبارەکردنەوەی ئەوەی: ئێمە پاڵپشتیی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق (یۆنامی) دەکەین بۆ دانوستاندن لەگەڵ لایەنە پەیوەندارەکان سەبارەت بە دۆخی خاکە جێناکۆکەکان، لە پێشیانەوە کەرکوك". ئەوەی ڕاپۆرتەکانی ویکیلیکس لەبارەی عێراق هەڵداتەوە تێبینی دەکات ئەوەی لە هەموو شت زیاتر ئیدارەی ئەمەریکی نیگەران دەکات دۆسیەی کەرکوکە، کە مەترسی لە تەقینەوەی دۆخەکە لەنێوان عەرەب و کورد و تورکماندا هەیە.

(عبدالرحمن منشد العاصی) یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەنی سیاسیی عەرەبی لە کەرکوك لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیدا وتی: "بەڵێ بەشداری لە خۆپیشاندانە عەرەبییەکاندا دەکەین، بێزارین لە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەوەی پێی دەوترێت ئەحزابی کوردستانی کە بارەگاکانیان لە کەرکوکن، بەرژەوەندیی ئێمە ئەوەیە عێراق یەك بێت و رێگە بە دابەشکردنی بۆ چەند هەرێمێك نەدرێت، بەپێویستی دەبینین دەسەڵات بۆ دەوڵەتی مەرکەزی بگەڕێنرێتەوە و ئاڵای عێراق لە سەرتاسەری عێراقدا بشەکێتەوە نەك تەنیا بەسەر هەندێ ناوچەوە، دەبینین حزبە کوردستانییەکان لە کەرکوك ئاڵایتر بەرز دەکەنەوە، جەخت لەوە دەکەین سلێمانی و کەرکوك و هەولێر و عەمارە پارێزگەی عێراقین، لەبەرئەوە پێویستە یەك ئاڵایان هەبێت، کوردەکان بگەڕێنەوە بۆ لای کەسوکارتان، چونکە ئەم ناوچەیە هی ئێوە نیە، هۆی رووداني قەیرانەکانیش بوونی حزبە کوردستانییەکانە، شانازی بەناوی کوردستانەوە ناکەین لە هەرکوێ بێت، باکوری عێراق هەیە کە چەند پارێزگەیەکی عێراقی تێدایە وەك هەولێر و سلێمانی و دهۆك، تەبایی لەنێوانماندا هەیە، چاوەڕوانمان نەدەکرد گەنجانی سلێمانی بە عەرەبی قسە بکەن و داوای گۆڕینی حکومەتی سلێمانی و هەولێر بکەن، ئێستا هەست بە ئاسوودەییەکی گەورە دەکەین، کەرکوك بەشێکە لە عێراق و رێگە نادەین بخرێتە سەر هەرێمێکیتر، پێویستە کەرکوك سەربەخۆ و سەر بە مەرکەز بێت، من دەنگی عەرەبیی رەسەن و راستم".

گەورە و بەرێزانم لە سەرکردەکانی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی و بڕیاربەدەستانی سیاسی لە لوتکەی دەسەڵاتی نیشتمانیی کوردستان، من لە شوێنی خۆمەوە وەك هاونیشتمانییەکی کوردستان بانگتان دەکەم و دڵسۆزانە داواتان لێ دەکەم: "شەرەف و کەرامەت و ئایندەی گەلەکەتان رزگار بکەن، ئەگەر جیاوازی لە بۆچووندا هەیە، ئەوا فەرموودە پیرۆزەکەی پێغەمبەر دەڵێت (اختلاف امتی رحمه)، دواجار جیاوازیی دید و بۆچوون شتێکی سرووشتییە لە جێبەندی وەرچەرخانە مێژووییە گەورەکاندا وەك

ئەوەی ئێستا تێیدا دەژین، دیالۆگی بەرپرسانە و نیشتمانییانە دەتوانێت بەرەو وێنایەکی هاوبەشمان ببات، بەتایبەت لە پرسە چارەنووسسازەکاندا، کە دواخستن هەڵناگرن و ناکۆکی لەبارەیانەوە کوشندەیە. ئایندەی ئەم نەتەوە بەشبەشکراوە لە پێش هەر ئیعتیبارێکیترەوە دابنێن، ئەو چوار نموونە و وانەیەی باس کران دەستەبەری ئەوەن، ئەگەر ئێوە راستگۆ و بۆ ئایندەی گەلەکەتان پەرۆش بن، پێویستە ناکۆکی بخەنە لاوە و لەسەر ئەوەی گرنگترە رێك بکەون، مێژوو رەحم ناکات و گەلەکەیشتان بێدەنگ نابێت. ئەوە ساتگەلێکی مێژوویی یەکلاکەرەوەیە و جارێکیتر لە ئایندەی بەرچاودا بەم شێوەیە دووبارە نابنەوە. من و لەگەڵمدا نیشتمانپەروەرانی بەشەرەفی کوردستان بانگەوازە سادەکەی ئەو فەرمانده پێشمەرگەیە دەڵێینەوە: "سێوی بەرواری باڵا رزگار بکەن، کوردستان رزگار بکەن".

## هێشتا خەو بە مەسیحەوە دەبینم و

## هێشتا شەرمەزارم

ژنە نووسەری لوبنانیی بەناوبانگ لەیلا بەعلەبەکی، لە لاپەڕەی خۆی لە گۆڤاری (الاسبوع العربی) کە لە کۆتاییەکانی شەستەکانی سەدەی رابردوو لە بەیرووت دەردەچوو، وتارێکی نووسی بەناونیشانی (احلم بالمسیح واخجل) (خەو بە مەسیحەوە دەبینم و شەرمەزارم)، تێیدا باسی چیرۆکی سەرسامبوونی بە دیاردەی (هیبی) دەکات کە لەناو گەنجانی خۆرئاواییدا باو بوو، وەك شێوەیەك لە شێوەکانی یاخیبوون و ناڕەزایی دژی سیستەم و دابونەریت و شێوازی ژیان لەو کۆمەڵگایانەدا. هەندێ گرووپی گەنجان لە دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەوتنە ژێر کاریگەری و لاساییان کردنەوە، لەپێشیانەوە لوبنان، وڵاتی نزیك لە کۆمەڵگە ئەوروپییەکان بەهۆی فاکتەرەکانی مێژوو و جوگرافیا. لەیلا بەعلەبەکی ئەزموونی خۆی لەگەڵ ئەو تاقمانە دەگێڕێتەوە: "لەژێر کاریگەریی سەرسامبوون بە بیروبۆچوونەکانیان، کە شوێنکەوتەیی مرۆڤیان بۆ نەریتە لەسەر دەروون قورسەکانی کاری رۆژانە رەت دەکردەوە و توێکڵەکەی گەیشتە وڵاتەکەی من، ماوەی مانگێك لەگەڵ هیپییەکان ژیام و لە باخچە و رێگە گشتییەکاندا خۆم وێڵ کرد، لە دەوری نافوورەکانی ئاو و

باخچەکانی هۆتێله کەشخەکاندا دەخەوتم، ئەویش بەهۆی متمانەم بە بیروبۆچوونەکانیان کە لە ڕێی کەناڵە جیاوازەکانی ڕاگەیاندنەوە بەرگوێمان دەکەوتن، بەتایبەت دیمەنی گشتییان کە لە حەزرەتی مەسیح سڵاوی خوای لێبێت دەچوو لەڕووی درێژکردنی پرچی سەر و ریش و لەبەرکردنی جلوبەرگی یەخە (اکمام) فراوانەوە. کاتێك لێیانەوە نزیك بووم و لەناویاندا ژیام جیاوازیی گەورە و بۆشایی فراوانم لەڕووی جەوهەرەوە بینی، لەنێوان ئەوان و حەزرەتی مەسیح و بیروبۆچوونەکانی و بانگەوازەکەی کە لە دەقی (پەیمانی نوێ)دا تۆمار کراوە، پیس و پۆخڵ بوون لەکاتێکدا مەسیح بەشێوە و بە هزر لەوپەڕی پاك و خاوێنیدا بوو. لەبەرئەوە بڕیارم دا بەیەکجاری لێیان دوور بکەومەوە و بەزمانی حاڵ دەمگوت خەو بە مەسیحەوە دەبینم و شەرمەزارم.

دەیڤید بن گۆریۆن کە ساڵی ١٨٨٦ لە شاری بلونسکی پۆڵەندی لەدایك بووە و یەکەمین سەرۆك وەزیرانی دەوڵەتی ئیسرائیلە، لە یاداشتەکانیدا کە بەچەندین زمان چاپ کراوە دەڵێت: "کاتێك گەیشتمە ئیسرائیل لە پۆڵۆنیا ڕاونراو نەبووم، بەڵام لە پێنج ساڵیمەوە دڵنیا بووم لەوەی پۆڵۆنیا شوێنی ژیان نیە و ماڵی من لێرە نابێت، هەستم دەکرد ئیسرائیل خاکی باپیرانمە، ئەوەی چیرۆکەکەی بۆ چوار هەزار ساڵ لە مێژوو دەگەڕێتەوە شوێنی منە.. دروستبوونی دەوڵەتی ئیسرائیل ئەنجامی ڕاونانی جوولەکە نەبوو لە وڵاتانی جیاوازی جیهانەوە، بەڵکو پەیوەندی بەو پرۆژە نەتەوەییمانەوە هەبوو کە خەومان پێوە دەبینی و بوو بە ڕاستی". کاتێکیش بوو بە سەرۆکی دەوڵەتی ئیسرائیل، یەکێك لەو کچانەی کاری لەگەڵ دەکرد و لەسەر تابیعە دەینووسی لێی پرسی: کاتت هەیە بۆ پشوودان؟

بنگۆریۆن: مەبەستت کات بۆ خەوتنە؟

نووسەری تابیعە: پرسیارەکەم ئەوەیە کاتت هەیە بۆ پشوودان؟

بنگۆریۆن ئاوڕی لە کچە جوانەکە دایەوە کە دەستی لە ئامێرە بنووسەکە دەکوتا و پێی وت: ئەگەر مەبەستت لە جووڵە وەستان و تەماشاکردنی دیوارەکانی دەورووبەر و سواربوونی شەپۆلی خەیاڵە، نەخێر.. من لە کارکردن ناوەستم، جا سەرۆکی دەوڵەت، یان لە دەرەوەی بم.

نووری سەعید بەڕەحمەت بێت، بەناوبانگترین سەرۆك وەزیران و لە تەمەنی سەردەمی پاشایەتیدا کە ٣٧ ساڵ درێژەی کێشا (١٩٢١–١٩٥٨) نزیکەی پازدە جار ئەو پۆستەی وەرگرتووە، ڕۆژێکیان لە بەلەکۆنی باخچەی ماڵەکەیدا کە بەسەر رووباری دیجلەدا دەیڕوانی، لەلایەن هاومەجلیسانیەوە پرسیاری لێ کرا ئاخۆ کاتێك دوای ئەو ژیانە جەنجاڵە خانەنشین دەکرێت بەنیازی چییە، سەعید کەمێك بیری کردەوە، لەسەر کورسیەکەی هەستا و ساتێك تەماشای کردن، پاشان بەدەستی راستی ئاماژەی بۆ رووباری دیجلە کرد و وتی: "تەماشای ئاوی دیجلە بکەن، ئایا رۆژێك لە رۆیشتن وەستاوە..؟ منیش لە خزمەتکردنی وڵاتەکەم، عێراق ناوەستم، جا وەك سەرۆك وەزیران بێت یان وەزیر یان خانەنشین یان بەرهەڵستکار، ماوەیەکی زۆر لە دەرەوەی دەسەڵات بووم، فەریق بەکر سدقی پاش سەرکەوتنی کودەتاکەی بەسەر وەزارەتەکەی یاسین ئەلهاشمیدا، ویستی تووشم بکات، لەگەڵ ئەوەیشدا نائومێدی رێگەیەکی بۆ ناو دەروونم نەدۆزیەوە، عێراق پەروەردەی کردین، بەچاکەی ئەو بووینە پیاو و لە خێر و بێرە زۆرەکانی بەهرەوەر دەبین، پۆست وەردەگرین و لە سایەیدا بە بێترس دەژین و رۆژێکیش لەناو خاکەکەیدا ئەسپەردە دەکرێین، ئیتر چۆن چاکەکانی لەیاد دەکەین؟ لە خزمەتکردنی وڵاتەکەم بەدەست و ئەقڵ و زمانم ناوەستم، خوایش شایەتە لەسەر ئەوەی دەیڵێم".

ئەزموونی کوردستان: پەرلەمان، حکومەت، حزبەکان، رێکخراوەکان، سەندیکا پیشەیی و جەماوەری و دیموکراسییەکان و ماباقییەکەی کە زۆربەی گەلی

کوردستانن، هەموو موڵکی هەمووانن و بە ڕێکەوت پەیدا نەبوون، بەڵکو زادەی چەندین سەدە خەباتی خوێناوین، بەهەموو ئەوەی بەردەست بووە لە پێداویستی و هاوپەیمانی و ناکۆکییە سیاسییەکان، کە شەرعیەتیان لە بەرژەوەندیی گەلی کوردستان و پێویستییەکانی بەدیهێنانی ئومێد و ئاواتەکانیەوە وەرگرتووە، لەوەیشدا جوگرافیای ناوچەکە و ئەو دوژمنایەتییە تەقلیدییانەی تێیدا هەبوون قۆزراونەتەوە. ڕاستە مێژوو لەڕێی ڕێڕەوی هەڵەی خۆیەوە ستەمی لێ کردووین و جوگرافیا هۆیەك بووە بۆ ئازاردانمان، کە هێزی نێودەوڵەتیی ئەوتۆی نەخولقاندوە بەگوێرەی بەرژەوەندییەکانی خۆی و پلانە ئایندەییەکانی بیر بکەنەوە و ببنە پاڵپشت بۆمان بۆ گەیشتن بە دامەزراندنی ئەزموونێکی نەتەوەیی و نیشتمانی. کاروانەکە دوور و درێژ بوو، لە قۆناغی جیاوازدا هەزاران هەزار سواری شەمەندەفەری خەبات بوون، هەندێکیتر بەجێیان هێشت و لەبەردەم توندوتیژی و دەستدرێژیدا، کە تراژیدیای کوردستانیان دروست کرد، خۆیان ڕانەگرت، بەتایبەت کاتێك (برا دوژمنەکان) پشتیان تێ کردین، کە (سیاسەتیان بەرانبەر کورد نائەخلاقی بوو) وەك هێنری کیسنجەر وەزیری دەرەوەی پێشتری ئەمەریکا وتی.

ئێستا ئەزموونی کوردستان بووەتە ڕاستییەکی واقیعی، ئەمە سەرباری ئەو مەترسییە جدییانەی لە گورگەکانی ناوچەکەوە لە ناوەوە و دەرەوەی عێراقەوە دێن، تائێستا بڕیارێکی سیاسیمان لە زلدەوڵەتانەوە نەبینی هاوشێوەی ئەوەی سەبارەت بە کۆسۆڤۆ و باشوری سودان دەرچوو، ڕەنگە لەبەرئەوەی ئەزموونی ئێمە لە عێراق نەبەسترابێت بە بیر و پرۆژەیەکی نەتەوەیی تێرو تەواوەوە. ڕاستە ئێمە بەدەست چەوساندنەوەی هێزە جیاوازەکانەوە دەناڵێنین، بەڵام ئەی پرۆژەی نەتەوەییمان بۆ ئایندەی وڵاتەکەمان چی..؟ نزیکەی بیست ساڵە ئەزموونی کوردستان لە حاڵەتی جیاوازی ماندوێتی و شەکەتی و تووشبوون بە نەخۆشیگەلێکدایە، کە کەمترین شت لەبارەیانەوە بوترێت ئەوەیە کۆسپن لەبەردەم پەرەسەندنی ئەزموونەکەدا، ئەمە جگە

لە ناکۆکییە منالأنە و شێتانەکانی نێوان لایەنەکانی بزوتنەوەی نیشتمانیی کوردستانی بەهەردوو بەرەی دەسەلأت و ئۆپۆزسیۆنەوە. حزبەکانی دەسەلأت لێرە و بەدرێژایی بیست ساڵ زۆر خەمساردانە پێیان لێ راکێشاوە و کشاون، وەك ئەوەی دەسەلأت تاپۆی خانووبەرە بێت بەناویانەوە و تا رۆژی قیامەت موڵکی ئەوان بێت، گەندەڵی تەشەنەی سەندوە و لەبەرچاو و گوێی خەڵکدایە، مەحسوبیەت بووەتە ناونیشانێك بۆ گەورەکان و بچووکەکانیش لەوەدا لاساییان دەکەنەوە، سیاسەتی رازیکردنیش بووەتە دەرگایەك بۆ چوونە ناو پلە و پۆستە هەستیارەکان هەر لەبەرئەوەی ئەو کەسە کوڕی فلأن و کچی فلأنە. پاشان پەرەی سەند بۆ ئینتیمای گوندی و پاشان شاری و ئەنجا خێڵەکی، لێرەیشەوە زاڵبوونی تەمەڵی و پاڵدانەوە، مانەوە لەسەر شوێنەکان بەبێ جوولأن و بەرگری لێکردنیان بەهەر نرخێك بێت، تەنانەت ئەگەر هەموو ئەزموونەکەیش بەرەو هەڵدێرێکی ترسناك پاڵ پێوە بنێت، رێك بەپێچەوانەی ئەوەی داوود بنگۆریۆن باوەڕی پێی هەبوو و کاری پێ دەکرد، کە پێش دروستبوونی دەوڵەتەکەیان تامی پشوودانی نەدی، بگرە پاش ئەوەیش و تا رۆژی مردنی.

سیاسییەکانی ئێمە لە ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی، لەکوێن لەو مەترسییە دەستەویەخەیەی رووی لە ئەزموونەکە کردوە؟ لەیادی خۆیانیان بردۆتەوە کە گەیشتن بەدەسەلأت پێویستە لەڕێی سندوقەکانی هەڵبژاردنەوە بێت، ئەوان بەشدارییان لە ژیانی پەرلەمانیدا کردوە و پشکی خۆیانیان لێ بردوە، بۆچوونەکانی هەندێ لە برایانی ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانی لەدڵەوە خەمبارم دەکەن کە باس لە نەبوون یان نەمانی مەترسی لەسەر ئەزموونەکە دەکەن، سەردەمی دەستگرتن بەسەر غەنیمەتەکانی دەسەلأتدا هاتووە وەك ئەوەی خودا لە ئاسمانەوە بەڵێنی ئەوەی بۆ دابەزاندبن. رەنگە لێرە و لەوێ رووبەڕووی رەخنەلێگرتن ببمەوە کاتێك یادی ئەوە دەهێنمەوە کە بنگۆریۆن سەبارەت بە بەدیهێنانی پرۆژە نەتەوەییەکەی بیری لێ

دەکردەوە، لە لەخۆبوردەییەکی بێوێنەوە لەناو ئەزموونەکانی گەلاندا، بەڵام من مەبەستم ئیلهاموەرگرتنە لە هێزی سەرکردە مێژوویی و دامەزرێنەرەکان بەچاوپۆشین لە جۆری پرۆژە نەتەوەییەکەیان. لەناو دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی نیشتمانیدا نووری سەعیدێکیترم نەبینی وەك ئاوی دیجلە ژیانی تەرخان بکات بۆ خزمەتکردنی عێراق، ئەو عێراقەی نیوەڕۆیەکی رۆژی زێدە گەرمی ناوەڕاستی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨دا شێلای.

بەشمان لە بێئومێدی لە بەشی لەیلا بەعلەبەکی گەورەتر بوو کاتێك بیری لە مەسیح دەکردەوە و خەونی پێوە دەبینی. لە سیاسییەکانماندا بەدەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنەوە، لەڕووی ئامادەییان بۆ قوربانیدان لەپێناو دۆزە نەتەوەییەکەماندا جۆرە مەسیحێکمان بینی، بەڵام ئێستا هەم شەرمەزاری و هەم خەم، خەم و شەرمەزاری پێکەوە دامدەگرن کاتێك دەبینین سیاسییە بەڕێزەکانمان، کە هێشتا رێز و پێزانینی زۆرمان بۆیان هەیە، لەسەر مێزێکی بێ کێك شەڕیانە، لێرەدا مەبەستم کێکی غەنیمەتەکانی دەسەڵات نیە، کە زۆر چەورە، بەڵکو مەبەستم بەتاڵیی مێزی سەرجەم سیاسییەکانمانە لە کێکی پرۆژەی نەتەوەیی. بەڵێ.. هێشتا بیر لە پرۆژە نەتەوەییەکەمان دەکەمەوە.. بەڵام ئێستا هەست بە شەرمەزاری دەکەم.

## هەڤالان و هاوڕێیان.. بەبێ ماڵئاوا

## یەك ماڵئاوایی لە هەر ژیانێکدا..

**ئەو ماڵئاواییە خەمناکەی لە کۆتاییەکانی ڕێگەکاندا چاوەڕوان دەکرێت..**

کاتێك مەهاتما گاندی چیرۆکی ژیانی لە کتێبی (تجاربی مع الحقیقە)دا دانا، لە کۆتاییدا بەشێکی نووسی ناوینا (ماڵئاوایی)، بەڵێ گاندی ژیانی خۆی گۆڕی بۆ کتێبێك، لەبەرئەوە پێویست بوو بەشی کۆتا ماڵئاوایی بنووسێت. گاندی لەو بەشەدا دەڵێت: "من هەست بەخەمباری دەکەم بۆ ناچاربوونم بە ماڵئاواییکردن لە خوێنەران، جەختم لە گرنگیی گەورەی ئەزموونەکانم کرد، نایشزانم ئایا مافی خۆیانم لە خستنەڕووی دروست داونەتێ یان نا، تەنیا دەتوانم بڵێم: من هەرچی لە توانامدا بووە بەخەرجم داناوە تا ڕووداوەکان یەك بەیەك بگێڕمەوە بەو شێوەیەی لە واقیعدا ڕوویان داوە، هەموو خەم و سەرقاڵیم ئەوە بوو حەقیقەت بەو شێوەیەی بینیومە و بەو شێوازەی لەڕێیەوە پێی گەیشتم وەسف بکەم، ئەوەیش زەینسافییەکی پێ بەخشیم، چونکە ئاواتی گەورەم لە گێڕانەوەی ئەزموونەکانم ئەوەیە ڕێنمایی کەسە ڕاڕاکان بکات بۆ ئیمانهێنان (بەحەقیقەت). گەیشتن بەحەقیقەتیش بەناو خاوێنکردنی خوددا

تێدەپەڕێت، پابەندبوون بەیاسای حەقیقەت هەر بەخەونێکی ساختە دەمێنێتەوە، بەڵام ڕێگەی خاوێنکردنەوەی خود ڕێگەیەکی سەخت و پڕ هەڵدێرە، بۆ بەدیهێنانی خاوێنبوونەوەی تەواو پێویستە مرۆڤ بەتەواوەتی لە هزر و قسە و کردەوەکانیدا رزگاری ببێت و بەسەر تەوژمە ناکۆکەکاندا، لە خۆشەویستی و رق، بەرز بێتەوە".

سەرکردەی ئەفریقیی گەورە (نیلسۆن ماندێلا) کە بەیەکێك لە بەناوبانگترین زیندانییە سیاسییەکان لە جیهاندا دادەنرێت، بەهۆی مانەوەی بۆ ماوەی چارەکە سەدەیەك لە زیندانەکانی وڵاتەکەیدا لەسەر دەستی سپی پێستە رەگەزپەرستەکان، کە دەستیان بەسەر چارەنووسی گەلانی ئەفریقیدا گرتبوو، دوای دەرچوونی لە زیندان بوو بە سەرۆکی وڵاتەکەی، باشوری ئەفریقیا و بەیەکێك لە رەمزە گەورەکانی ئازادی لە جیهاندا. پاش خولی یەکەم وازی لە پۆستی سەرۆکایەتی هێنا، کاتێك کۆشکی سەرۆکایەتی بەجیٚ دەهێشت لە (جۆهانسبێرگ) ژمارەیەکی زۆر رۆژنامەنووس، ئەفریقی و ئەوروپی پێشوازییان کرد، جەماوەرێکی زۆری رۆڵەکانی گەلەکەیشی دەستیان بۆ رادەوەشاند. رۆژنامەنووسان ماندێلایان بە پرسیاری جۆراوجۆر پرسیارباران کرد، یەکێکیان لە جێبەندی گشتیی پرسیارەکان لایدا کە هەموویان بە دەوری پیاهەڵدان و ستایشکردنی کەسایەتیی سەرکردەی مێژوویی گەورەدا دەخولانەوە، لە ماندێلای پرسی: ئایا دان بەهەڵەکانتدا دەنێیت، ئایا لە هیچ شتێك پەشیمان نیت..؟!

ماندێلا بەدەم زەردەخەنەیەکی ناسکەوە و لەکاتێکدا نیگاکانی بەنێو جەماوەری وەستاودا دەگێڕا کە چەندین کاتژمێر بۆ سڵاولێکردنی چاوەڕوانیان کردبوو، رۆژنامەنووسانیش بە پرسیارە فزوڵییەکانیانەوە، وەڵامی دایەوە: "من فریشتە نیم.. بەردەوامیی کار هەڵە دروست دەکات، رەنگە هەڵەم کردبێت، داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام تکاکارم ئەوەیە لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پیشەییەوە تاوانم نەکردوە و

ئێستا بەسەری بەرزەوە لەبەردەم گەلەکەمدا دەوەستم، چونکە من تەنانەت لەوانەیش خۆش بووم کە خراپەیان لەگەڵمدا کرد و ئەشکەنجەیان دەدام".

نووسەر و رۆژنامەنووسی ناسراوی میسری محەمەد حەسەنێن هەیکەل لە کتێبی (كلام في السياسة، قضايا ورجال)دا باسی پەیوەندیی خۆی بە رۆژنامەگەرییەوە دەکات پاش ئەوەی ناچار کرا واز لە سەرنووسەریی رۆژنامەی (الاهرام)ی میسری بێنێت، دەڵێت: "دوور کەوتمەوە بەڵام جیا نەبوومەوە، بەو مانایەی لەسەر تەختەی شانۆ، جا شوێنم تێیدا لە هەر کوێ و جووڵەم لەو شوێنەدا هەرچی بێت، دابەزیم بۆ لای کورسیی بینەران و بەبایەخەوە چاودێریی ئەوەم دەکرد لە بەردەممدا روو دەدا، بەڵام کار و سەرقاڵیی راستەقینەم کە بەتەواوەتی بۆی یەکلا بوومەوە، قەڵەم بوو نەك تەختە، کاغەزی سپی بوو نەك پەردەی مەخمەڵیی شانۆ، کە بەنەریت رەنگی قرمزییە".

لە دەروازەی کۆنگرەی سێیەمی سەندیکادابن. دوای تێپەڕبوونی چواردە ساڵ لە سەرەتاکانی دامەزراندنەوە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٧، دەسپێك وەك سەرۆکی دەستەی دامەزراندن و لەکۆتایشدا وەك نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان. بۆ من ئیتر کاتی رۆیشتن هاتووە، تۆماری سەندیکا لەو قۆناغەدا پڕە لە دەسکەوتی گەورە کە بەهاوکاری لەگەڵ هەڤاڵانم بەدیهاتن، چونکە هیچ ئامانجێکیترمان نەبوو جگە لە (لەپێناو چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان). لەکاتێکدا سینگمان نابووە بەر خواستەکانی کاری پیشەیی و سەندیکایی، لەلایەن هەندێ کەس لە ناوەندی رۆژنامەنووسی و سیاسی تووشی هەندێ حاڵەتی لێڵکەر و هەڵوێستی نائومێدکەر دەبووین. هەندێ جار هەستم بەخەم دەکرد و بەخۆمدا دەچوومەوە: ئاخۆ مافی خۆیم لە تێکۆشان بە کاری پیشەیی و سەندیکایی دروست داوە؟ ئەو بەخۆداچوونەوانە زەینسافییەکیان پێ بەخشیم

لەبەرئەوەی "ئاواتی گەورەم لە گێڕانەوەی ئەزموونەکانم ئەوەیە، ڕێنمایی کەسە ڕاڕاکان بکات بۆ ئیمانهێنان (بەحەقیقەت)".

لە گەشتی دوور و درێژی پیشەییمدا، کە پڕە لە دژیەکی و لێڵکردنە دووسەرەکان و داواکاریی مەحاڵ (تەعجیزی)، لەوانەیە بەبێ مەبەست کەوتبمە ناو چورتم و هەڵە و زمانی حاڵم ئەو قسەیەی ماندێلا دەڵێتەوە کە وتی: "فریشتە نیم.. داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام تکاکارم ئەوەیە لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پیشەییەوە تاوانم نەکردوە و ئێستا بەسەری بەرزەوە لەبەردەم هەڤاڵانمدا دەوەستم، چونکە من تەنانەت لەوانەیش خۆش بووم کە خراپەیان لەگەڵمدا کرد".

یەکەم دروشمم و دووەم کارکردنم لە بوارە جیاوازەکاندا لە نیو سەدەی ڕابردوودا بریتی بووە لە (گەیشتن بە حەقیقەت)، کە گەیشتن پێی بەناو خاوێنکردنی خوددا تێدەپەڕێت و سەرباری (سەختی و پڕ هەڵدێری) ئەوا هەموو قسە و کردەوە و دروشمم لە کاری سەندیکاییدا (بڵندبوونەوەیە) بەسەر تەوژمە ناکۆکەکاندا. بەدەربڕینێکیتر و بەهەندێ گۆڕانکاری لەوەدا هەیکەل نووسیویێتی، لە ساتی بەجێهێشتنمدا بۆ سەندیکا دەڵێم: "ئەگەر لە کاری سەندیکایی و ڕۆژنامەنووسی دوور بکەومەوە بەڵام لێی جیا نابمەوە، شوێنم هەرکوێ و جووڵەم لەدەوری ئەو شوێنە هەرچی بێت، دەگوێزمەوە بۆ لای کورسیی بینەران و بەبایەخەوە چاودێریی ئەوە دەکەم لە بەردەممدا ڕوودەدات، بەڵام کار و سەرقاڵیی ڕاستەقینەم کە لەوانەیە بەتەواوەتی بۆی یەکلا ببمەوە، قەڵەمە نەك تەختە".

ماڵئاوایی لە شانۆی سەندیکا دەکەم، بە کار و سەرقاڵی و لێڵکەرەکانیەوە و ئەرکی سەرکردایەتیکردنی کاروانی سەندیکایی و پیشەیی بۆ کەسانیتر بەجێدێڵم و دان بەوەدا دەنێم ئەرکەکە لەم زەمەنە بێکەڵکەدا سەختە، بەڵام لە ناخی دڵمەوە هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازم لە بەدەستهێنانی دەسکەوتی نوێ، کە کاری میدیایی و

سەندیکایی لە کوردستان بەهێز بکات و پەرەی پێبدات. سەندیکا یەکێك بوو لە نایابترین و جوانترین ئەزموونەکانی ژیانم، نەك تاقانە و دواین کتێبەکەی. بەبێ ماڵئاوا، چونکە ژیان لە هەموو ئەزموون و کتێبەکان گەورەترە، کە پڕە لە بانگەواز و فریودان و شتە جوانەکان، کە تەرخانبوونی تەواومان بۆ کاری سەندیکایی و سیاسی، سەرقاڵی کردین لێیان و چاوەڕوانن ئاوڕیان لێ بدەینەوە.

## له ماڵئاوایی کردنیدا

(کلام في السياسة، قضايا ورجال: وجهات نظر مع بداية القرن الواحد والعشرين) کتێبێکی نووسەر و رۆژنامەنووسی گەورەی میسری محەمەد حەسەنێن هەیکەل، چاپی هەشتەم، نۆڤەمبەری ٢٠٠٤، تێید باسی کۆمەڵێك پرسی هاوچەرخ و گفتوگۆ لەگەڵ هەندێ کەسایەتیی هاوچەرخ دەکات، بەشێوازە سەرنجڕاکێش و چێژبەخشەکەی، لەوانە پاشای ئوردنی کۆچکردوو (حسين بن طلال) و سەرۆکی لیبی (معمر القذافي) و پاشای مەغریب (حەسەنی دووەم). لە بابەتی (حوارات مع القذافي، عن الافكار والازمات والناس والزمن)... هەیکەل باسی پەیوەندیی خۆی بە رۆژنامەگەرییەوە دەکات پاش ئەوەی ناچار کرا واز لە سەرنووسەریی رۆژنامەی (الاهرام)ی میسری بێنێت، دەڵێت: "دوور کەوتمەوە بەڵام جیا نەبوومەوە، بەو مانایەی لەسەر تەختەی شانۆ، جا شوێنم تێیدا لە هەر کوێ و جووڵەم لەو شوێنەدا هەرچی بێت، دابەزیم بۆ لای کورسیی بینەران و بەبایەخەوە چاودێریی ئەوەم دەکرد لە بەردەممدا رووی دەدا، بەڵام کار و سەرقاڵیی راستەقینەم کە بەتەواوەتی بۆی یەکلا بوومەوە، قەڵەم بوو نەك تەختە، کاغەزی سپی بوو نەك پەردەی مەخمەڵیی شانۆ، کە بەنەریت رەنگی قرمزییە".

سەركردەی ئەفریقیی گەورە (نیلسۆن ماندێلا) كە بەیەكێك لە بەناوبانگترین زیندانییە سیاسییەكان لە جیهاندا دادەنرێت بەهۆی مانەوەی بۆ ماوەی چارەكە سەدەیەك لە زیندانەكانی وڵاتەكەیدا لەسەر دەستی سپی پێشتە رەگەزپەرستەكان، كە دەستیان بەسەر چارەنووسی گەلانی ئەفریقیدا گرتبوو، ماوەیەك پاش دەرچوونی لە زیندان بوو بە سەرۆكی وڵاتەكەی، باشوری ئەفریقیا و بەیەكێك لە رەمزە گەورەكانی، كە پاش خولی یەكەم وازی لە پۆستی سەرۆكایەتی هێنا. كاتێك كۆشكی سەرۆكایەتی بەجێ دەهێشت لە (جۆهانسبێرگ) ژمارەیەكی زۆر رۆژنامەنووس، ئەفریقی و ئەوروپی پێی گەیشتن، جەماوەرێكی زۆری رۆڵەكانی گەلەكەیشی بەچاوی بەفرمێسك و دڵی خەمبارەوە سڵاویان لێ دەكرد. رۆژنامەنووسان ماندێلایان بە پرسیاری جۆراوجۆر پرسیارباران كرد، یەكێكیان لە جۆری پرسیارەكان لایدا كاتێك لە ماندێلای پرسی: ئایا دان بەهەڵەی خۆتدا دەنێیت، ئایا لە هیچ شتێك پەشیمان نیت..؟!

بەدەم زەردەخەنەیەكی ناسكەوە و لەكاتێكدا نیگاكانی بەنێو جەماوەرەكە، كە چەندین كاتژمێر بۆ سڵاولێكردنی چاوەڕوانیان كردبوو و رۆژنامەنووسان بە پرسیارە فزوڵییەكانیانەوە، دابەش دەكرد، بەسوعبەتەوە وەڵامی دایەوە: "فریشتە نیم.. بەردەوامیی كار هەڵە دروست دەكات، رەنگە هەڵەم كردبێت، داوای لێبوردن دەكەم، بەڵام تكاكارم ئەوەیە لەڕووی سیاسی و كۆمەڵایەتی و پیشەییەوە تاوانم نەكردوە و ئێستا بەسەری بەرزەوە لەبەردەم گەلەكەمدا دەوەستم، چونكە من تەنانەت لەوانەیش خۆش بووم كە خراپەیان لەگەڵمدا كرد و ئەشكەنجەیان دەدام و خراپەیان بەرانبەرم كرد".

سەركردەی كۆچكردووی گەورەی هیند مەهاتما گاندی لە كۆتا بەشی كتێبەكەی (تجاربی مع الحقیقە)دا بەناونیشانی (ماڵئاوایی)، بەدەق دەڵێت: "من هەست

بەخەمباری دەکەم بۆ ناچاربوونم بە ماڵئاواییکردن لە خوێنەران، جەختم لە گرنگیی گەورەی ئەزموونەکانم کرد، نایشزانم ئایا مافی خۆیانم لە خستنەڕووی دروست داونەتێ یان نا، تەنیا دەتوانم بڵێم: من هەرچی لە توانامدا بووە کردوومە تا رووداوەکان یەك بەیەك بەو شێوەیەی واقیعدا روویان داوە، بگێڕمەوە. هەموو خەم و سەرقاڵیم ئەوە بوو حەقیقەت بەو شێوەیەی بینیومە و بەو شێوازەی لەڕێیەوە پێی گەیشتم وەسف بکەم، ئەوەیش زەینسافییەکی پێ بەخشیم، چونکە ئاواتی گەورەم لە گێڕانەوەی ئەزموونەکانم ئەوەیە رێنمایی کەسە راڕاکان بکات بۆ ئیمانهێنان (بەحەقیقەت). گەیشتن بەحەقیقەتیش بەناو خاوێنکردنی خوددا تێدەپەڕێت، پابەندبوون بەیاسای حەقیقەت هەر بەخەونێکی ساختە دەمێنێتەوە، بەڵام رێگەی خاوێنکردنەوەی خود رێگەیەکی سەخت و پڕ هەڵدێرە، بۆ بەدیهێنانی خاوێنبوونەوەی تەواو پێویستە مرۆڤ بەتەواوەتی لە فیکر و قسە و کردەوەکانیدا رزگاری ببێت و بەسەر تەوژمە ناکۆکەکاندا لە خۆشەویستی و رق، بەرز بێتەوە".

لە دەروازەی کۆنگرەی سێیەمی سەندیکادابین. دوای تێپەڕبوونی چواردە ساڵ لە سەرەتاکانی دامەزراندنەوە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٩٧، دەسپێك وەك سەرۆکی دەستەی دامەزراندن و لەکۆتایشدا وەك نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان، بۆ من ئیتر کاتی رۆیشتن هاتووە.. تۆماری سەندیکا لەو قۆناغەدا پڕە لە دەسکەوتی گەورە کە بەهاوکاری لەگەڵ هەڤاڵانم بەدیهاتن، چونکە هیچ ئامانجێکیترمان نەبوو جگە لە (لەپێناو چەسپاندنی ئازادیی رۆژنامەنووسی و دەستەبەرکردنی مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان)، لەکاتێکدا سینگمان نابووەبەر خواستەکانی کاری پیشەیی و سەندیکایی، لەلایەن هەندێ کەس لە ناوەندی رۆژنامەنووسی و سیاسی تووشی هەندێ حاڵەتی لێڵکەر و هەڵوێستی نائومێدکەر دەبووین. هەندێ جار هەستم بەخەم دەکرد و بەخۆمدا دەچوومەوە: ئاخۆ مافی خۆیم لە تێکۆشان بە کاری پیشەیی و سەندیکایی دروست داوە؟ ئەو بەخۆداچوونەوانە زەینسافییەکیان پێ بەخشیم لەبەرئەوەی "ئاواتی گەورەم لە گێڕانەوەی ئەزموونەکانم ئەوەیە رێنمایی کەسە راڕاکان بکات بۆ ئیمانهێنان (بەحەقیقەت)".

له گەشتی دوور و درێژی پیشەیی پڕ لە دژیەکی و لێڵکەری دووسەرە و داواکاریی مەحاڵی خۆمدا، لەوانەیە بەبێ مەبەست کەوتبمە ناو چورتم و هەڵە و زمانی حاڵم ئەو قسەیەی ماندێلا دەڵێتەوە کە وتی: "فریشتە نیم.. داوای لێبوردن دەکەم، بەڵام تکاکارم ئەوەیە لەڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پیشەییەوە تاوانم نەکردوە و ئێستا بەسەری بەرزەوە لەبەردەم هەڤاڵانمدا دەوەستم، چونکە من تەنانەت لەوانەیش خۆش بووم کە خراپەیان لەگەڵمدا کرد".

یەکەم دروشمم و دووەم کارکردنم لە بوارە جیاوازەکاندا لە نیو سەدەی رابردوودا بریتی بووە لە (گەیشتن بە حەقیقەت)، کە گەیشتن پێی بەناو خاوێنکردنی خوددا تێدەپەڕێت و سەرباری (سەختی و پڕ هەڵدێری) ئەوا هەموو قسە و کردەوە و دروشمم لە کاری سەندیکاییدا (بڵندبوونەوەیە) بەسەر تەوژمە ناکۆکەکاندا.

بەدەربڕێنێکیتر و بەهەندێ گۆڕانکاری لەوەدا هەیکەل نووسیوێتی، لە ساتی بەجێهێشتنمدا بۆ سەندیکا دەڵێم: "ئەگەر لە کاری سەندیکایی و رۆژنامەنووسی دوور بکەومەوە بەڵام لێی جیا نابمەوە، شوێنم هەرکوێ و جووڵەم لەدەوری ئەو شوێنە هەرچی بێت، دەگوێزمەوە بۆ لای کورسیی بینەران و بەبایەخەوە چاودێریی ئەوە دەکەم لە بەردەممدا روودەدات، بەڵام کار و سەرقاڵیی راستەقینەم کە لەوانەیە بەتەواوەتی بۆی یەکلا ببمەوە، قەڵەمە نەك تەختە". ماڵئاوایی لە شانۆی سەندیکا ، بە کار و سەرقاڵی و ناخۆشیەکانیەوە، دەکەم لەم زەمەنە بێکەڵکەدا و بۆ کەسانیتر بەجێدێڵم و لە ناخی دڵمەوە هیوای سەرکەوتنی تەواویان بۆ دەخوازم، لە خوا دەپاڕێمەوە ئەو گوتەزا ئابوورییە نەیەتەدی کە مامۆستای کۆچکردووم (د. خزعل البیرمانی)، کە لە قۆناغی دووەمی خوێندنی زانکۆماندا ساڵی ١٩٦٨ وانەی (الدخل الاقتصادی و استخداماتە)ی پێ دەوتین، هەمیشە دووبارەی دەکردەوە: "پارەی خراپ لەوانەیە پارەی باش لە ئاڵوێری بازاڕ بکاتە دەرەوە".

**خوایە من رامگەیاند و تۆ شایەتبە.**

**والسلام علیکم.**

## ئەوە تەرمی پیاوێکە![2]

نووسەر و رۆژنامەنووسی گەورەی میسری (محەمەد حەسەنێن هەیکەل) لە کتێبەکەیدا (كلام فی السیاسه) باسی (کۆمەڵێك پرس و پیاو: دیدگەکان) و هەندێ بابەتیتر دەکات، لەوانە: (کلینتۆن و پەردەی سیاسیەت و یاسا و خۆشەویستی و جەنگ لە سەردەمگەلی جیاوازدا + کەسایەتیی شاحوسێن، پێویستییەکانی تێگەیشتن.. پێش حوکم بەڵام تا چ رادەیەك؟! + چەند گفتوگۆیەك لەگەڵ قەزافی، لەبارەی فیکر و قەیرانەکان و خەڵك و رۆژگار). لە پێشەکییەکەیدا هەڵبژاردنی ئەو شێوازە روون دەکاتەوە کە ناوی دەنێت وتاری: (مستطرد–مسترسل)، کە لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا خۆی پێشکەشی خەڵك دەکات، ئەوانیش رای خۆیانی تێدا دەبینن و بەگوێرەی مەزەندەی خۆیان بڕیاری بۆ، یان لەدژ دەدەن.

پاشان پێشەکییەکە بەم دێڕە بەهێزە کۆتایی پێ دێنێت کە دەڵێت: "چ لە سەرەتا و چ لە کۆتادا هەموو ئەزموونێك دادوەرێکی هەیە تەماشای دەکات و حوکم دەدات".

لەمێژە خوێندنەوە و بەدواداچوونی نووسین و کتێبەکانی نووسەر و رۆژنامەنووس هەیکەل سەرنجیان راکێشاوم، لەبەر راشکاوی و وردیی ئەو

[2] لە گۆڤاری (صوت الاخر) ژمارە ٤٦٠ تشرینی دووەمی ٢٠١٣ بڵاو کراوەتەوە.

زانیاریانەی تێیاندان، هەروەها تێڕوانینی بۆ کەسایەتییە سیاسییە دەستڕۆیشتووەکان لە سەرۆك و پاشا و ڕۆژنامەنووس و نووسەرانی گەورە، ئەمە جگە لە شێوازی ڕەوان و جوان و ڕۆمانئامێزی، کە هەندێ جار مۆرکی گێڕانەوەی چیرۆکی پێ دەدات و خوێنەر بۆ نووسینەکانی کێش دەکات.

لەکاتی خوێندنەوەی کتێبی (کلام فی السیاسیه)دا چەند جارێك لە چەند وێستگەیەکی دیاریکراوی بەشەکانی کتێبەکەدا وەستام، بەئومێدی (ئیستیعابکردن)ی ئەو بڕە زۆرەی زانیاری و هەڵوێستەکان، کە ژیاننامەی هەندێ سەرۆك و پاشا دەگێڕنەوە، لەگەڵ ئەو شتانەی نووسەر لەکاتی دیدارەکانی لەگەڵیاندا هاتوونەتە پێشی، کە بچووکترین و گەورەترین شتەکانی بەهەمان گرنگییەوە تۆمار کردوە، گفتوگۆکە لەگەڵیان و بۆ دواوە گەڕانەوەی کردوە بە بابەتێکی تێروتەواو، کە خوێنەر ناچار دەکات تا کۆتایی بەدوایدا بچێت.

لە یەکێك لە بابەتەکانیدا بەناونیشانی (مفکرات فی ملفات ملکیه) کە لەڕێی گفتوگۆکانی هەیکەل لەگەڵ شاحەسەنی دووەمدا (زانراو و نووسراو لەبارەی ڕۆڵ و سیاسەتەکانی شاحەسەن) دەکۆڵێتەوە. هەیکەل جڵەو شل دەکات بۆ وەسفکردنی بارودۆخ و شوێنی گفتوگۆکە، کە وردترین وردەکارییەکانی تۆمار کردوە وەك لە دەقەکەدا هاتووە "گفتوگۆی ئێوارە لەسەر کەنارەکانی هونەر و ئەدەب و مێژوو بوو، لەدوورەوە سەدای (موەشیحات)ی ئەندەلووسیمان بۆ دەهات کە لەگەڵ بۆنی عەتری شاهانەدا ئاوێتە بوو و هۆڵی نانخواردنی ئێوارەی پڕ کرد لە کەشێکی خەیاڵبزوێن، وەك ئەوەی شەوانی شکۆ لە قورتوبە بەزیندوویی و سەرمەست بە عەیش و نۆش و جوانییەوە گەڕابنەوە. دوای نانی ئێوارە لەکوێ بەجێمان هێشتبوو دەستمان بەقسە کردەوە، هونەر.. لە هونەرەوە بۆ شیعر و لە شیعرەوە بۆ سیاسەت، پاشا کەوتە باسکردنی ئەزموونی خۆی لە پاشایەتیدا، لەوانەی باسی کرد، ئەوە بوو کە یەکەمین

وانەی شاهانەی کرداریی لە دەسەڵاتدا لە یەکەمین ڕۆژی ویلایەتەکەیدا وەرگرتووە، لەکاتی ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنی تەرمی باوکی شا محەمەدی پێنجەمدا، کەژاوەی جەنازەکە شکۆدار بوو، تێیدا خەمی گەل لەگەڵ شکۆی پاشادا کارلێکی کرد و دیمەنێکی سامداری دروست کرد هاوشێوەی دەگمەنە. لەپڕ لەنزیك پاشاوە یەکێك لە شێخە ماتەمگێڕەکان هاواری کرد (ڕەحمەتی خواتان لێ بێت ئەوە تەرمی پیاوێکە) شاحەسەن –وەك خۆی گێڕایەوە– لە ناخیدا بەگوێی خۆیدا چرپاند "بەڵێ ڕەحمەتی خواتان لێ بێت ئەوە تەرمی پیاوێکە"، پاشان دیسان بەخۆی وت: "ئەم وانەیە بۆ ئەوە، هەست و خەم یان خۆشیی خەڵك هەرچی بێت، شکۆ و سامی پاشا و دەسەڵات هەرچی بن، سەرەنجام لەکۆتاییدا تەرمێکە.. تەرمی پیاوێك، ئەمەیە لە هەر ژیانێك.. پیاو.. مرۆڤ دەمێنێت، ئەوەی مرۆڤ دەیکات و ئەو شوێنەوارەی بەجێی دێڵێت پاش ئەوەی تەمەنی خۆی دەکات و کاتی ئۆغرکردنی دێت.

ئەم (یەکەم وانە)یە بەو شێوەیەی لە گفتوگۆکانی هەیکەل لەگەڵ پاشای کۆچکردوو حەسەنی دووەم پاشای مەغریب خوێندمەوە، هەڵوەستەی پێ کردم، هەندێ نموونەی ڕەفتاری (س) یان (ص)ی خەڵکم هاتە پێش چاو لەم ڕۆژانەدا وەك ئەوەی تەنانەت لەو ئەندازە کەمەیش لە ئەلف بێی چەمکەکانی ژیان تێنەگەیشتبن، ئەوەی ئەم جۆرە کەسانە هەڵدەسوڕێنێت بەزۆری (پارە، کورسی، پلە و پۆستە)، بەبێ ئاگەداربوون لەو شوێنەوارە خراپەی ئەو شتانە بۆ خۆی و دەوربەری بەجێی دێڵن و وەك جادوولێکراوی لێ دەکەن بێموبالات بەو واقیعەی تێیدا دەژی، لێرەدا زیادەڕەوی ناکەین ئەگەر بڵێین: بەهای مرۆڤ لە کردەوە و شوێنەواری چاك و ئەوەوە دێت پێشکەشی خۆی و خێزانەکەی و گەلەکەی و پاشان نیشتمانەکەی دەکات.

کاتێك پاشای کۆچکردوو حەسەنی دووەم لەبارەی مەراسیمی بەخاکسپاردنی تەرمی باوکی و دیمەنەکانی هەیبەت و شکۆی کەژاوەی جەنازەکە لە ڕۆژی

بەخاکسپاردنیدا، هەروەها لەبارەی  ئەوەی ئەو پیاوە سادەیە لەناو ماتەمگێڕاندا وتی کە (ئەوە تەرمی پیاوێکە) دەدوێت و قسەی ئەو پیاوە بە (یەکەمین وانە لە ژیانیدا وەك پاشایەك) دادەنێت، دەیەوێت لەڕێی هەیکەل و لەڕێی ئەویشەوە بەگوێی خوێنەراندا بچرپێنێت کە ئەو (شاحەسەنی دووەم) وانەیەك فێر بووە، ئەویش ئەوەیە مرۆڤ چەندە پایەی بەرز بێت و چەندە لە ماڵ و سامانی دنیا ببات و خۆی بە دیمەن و شان و شکۆ دەورە بدات، لە کۆتاییدا دەگۆڕێت بۆ تەرمی پیاوێکی بێ هێز و دەسەڵات، ئەوەی نەمری بە ژیانی دەبەخشێت ئەو سوودەیە بەکەسانیتری دەگەیەنێت، بەپێچەوانەی لووتبەرزی کە بەزۆری و هەمیشە لە نەزانی و لە قووڵایی دەروونی نەخۆشەوە دێت، کە سەرەتا خاوەنەکەی ئازار دەدات، پاشان ئەوانەی دەوروبەری و لە کۆتاییشدا دەیخاتە بنی بنی چاڵەکان.

سادەیی لە ژیان و مامەڵەکردن لەگەڵ کەسانیتردا، مەرج نیە مانای دوورکەوتنەوە لە نەفسبەرزی و شانازیکردن بە شکۆ و کەرامەتی خود بگەیەنێت، بەڵکو مانای خۆشویستنی خەڵك و وەلانانی لوتبەرزیی بەتاڵە، کە تەنیا ریسوایی و گاڵتەجاڕی دێنێت، هاوکات هەڵگری دیلالەتی گەورە گەورەیە لەبارەی بچووکیی کەسایەتیی لوتبەرز و تێنەگەیشتنی لە ژیان، کە بریتییە لەو کارە چاکانەی مرۆڤ پێشکەشی هاوڕەگەزەکانی خۆی دەکات و لەکۆتاییدا شکۆی پێ دەبەخشن کاتێك مرۆڤ دەگۆڕێت بۆ تەرمێك و بەس. باشترین ئامۆژگاری بۆ ئەوانە ئەوەیە، پێویستە لەسەریان لە ژیان و لە ئەزموونی کەسانیترەوە فێر بن و بەو رووناکییە بریسکەدارانە فریو نەخۆن کە رۆژێك لە رۆژان دەکەوێتە سەریان، بەبێ ئەوەی ئەقڵیان رووناك بکاتەوە بەئاراستەی خزمەتکردنی نیشتمان و خەڵك و خراپەنەکردن بەرانبەریان بەکردار و بەگوفتار، هیچ زیانیشمان پێناگات ئەگەر لەو گوتەیەی دانا و شاعیری فارس حافزی شیرازی باش تێبگەین کە رۆژێکیان وتی: (لەسەر شینایی ئاسمان بەپیتی ئاڵتوون نووسراوە: لەسەر ئەم زەوییە هیچ شتێك لە خەڵکەوە نامێنێتەوە، جگە لە کارە چاکەکانیان).

## ژیاننامەی نووسەر:

⋆ لە ١٩٤٦/١١/٢٨ لە گەڕەکی بەفری قەندی لە شاری کۆیە لەدایك بووە و لە ساڵی ١٩٥٣ و لە تەمەنی حەفت ساڵیدا لە پۆلی یەکەمی قوتابخانەی (مدرسة الابتدائیة الاولی) وەرگیراوە و ساڵی ١٩٥٨ بۆتە قوتابی پۆلی یەکەمی ناوەندی و ساڵی ١٩٦٦ دواناوەندی هەر لە کۆیە تەواو کردووە و لە پایزی هەمان ساڵ لە کۆلێژی (ئابووری و زانستە سیاسییەکان) (کلیة الاقتصاد والعلوم السیاسیة) وەرگیراوە لە زانکۆی بەغدا وە ساڵی ١٩٧٠ کۆلێژی تەواوکردووە.

⋆ بەهۆی هەبوونی کتێبخانە لە ماڵەکەیان و سەرەڕای باوکێکی خوێندەوار و شاعیر لە پۆلی چواری سەرەتاییەوە خولیای خوێندنەوە بووە و یەکەم کتێبیشی کە لەسەرەتای ژیانی خوێندوویەتییەوە (چیرۆکی زادیج) بووە کە لە کتێبخانەکەی ماڵەوەیان هەبووە وە یەکەم کتێبی کە بە زمانی عەرەبی خوێندۆتەوە کتێبەکەی (مەم و زین)ی محەمەد سەعید رەمەزان بۆتانی بووە کە ئەویش لە پۆلی یەکەمی ناوەندی بووە.

⋆ لەژێر کاریگەریی شاعیرییەتیی (عەونی) باوکی دەستی بە شیعر نووسین کردووە و پاش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی ١٩٥٨ تاکو ساڵی ١٩٦٠ سێ پارچە شیعری لە رۆژنامەی پێشکەوتنی خوالێخۆشبوو محەمەد بریڤکانی کە لە بەغدا دەردەچوو بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی و گۆڤاری دەنگی قوتابیان کە لە هەولێر دەردەچوو، بەڵام لەم بوارە بەردەوام نەبووە و بەهۆی چوونی بۆ ناو ریزی خەباتی سیاسییەوە.

★ ساڵی ١٩٦٠ وە لە تەمەنی ١٤ ساڵیدا بووەتە ئەندام لە حزبی شیوعی عیراقی بۆ ماوەی نزیك سێ ساڵ لەم حزبە ماوەتەوە، پاشان لەژێر کاریگەرییەتی باوکی و مامی (خوالێخۆشبوو عمر حبیب) و پەرەسەندنی تەوژمی کوردایەتی و چاوپێکەوتنی بە بارزانی نەمر لە ساڵی ١٩٦٣ لە ماڵی کاکە زیاد ئاغای غەفووری لە کۆیە هۆکاری چوونە ریزی بزووتنەوەی ئازادیخوازی گەلی کوردستان بووە و کە هەر لەم ساڵەدا و لە وەرزی هاوین چووەتە ریزی لەشکری شۆڕشگێڕی کوردستان وەکو پێشمەرگەیەك (لە دادگای بەرزی شۆڕش لە ماوەت بووەتە نووسەر) هەر ئەو ساڵەش لە ماوەت لە شانەیەکی پارتی رێکخراوە.

★ لە پایزی ساڵی ١٩٦٤ چووەتە ریزی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان ساڵ دوای ساڵ رۆڵی زیاتری لە یەکێتیی قوتابیان بینیوە و تاکو لە ساڵی ١٩٦٩ بووەتە ئەندامی مەکتەبی رێکخستنی ناوەندی لە یەکێتیی قوتابیان و لێپرسراوی ناوچەی بەغدا و دەوروبەری.

★ پاش رێککەوتننامەی (١١ی ئازاری ساڵی ١٩٧٠) لە کۆنگرەی شەشەمی یەکێتیی قوتابیانی کوردستان بە سکرتێری گشتیی ئەم یەکێتییە هەڵبژێردراوە تاکو کۆنگرەی حەوتەم کە لە ١٩٧٢/٤/٢٨ کە لە سلێمانی بەسترا لەم پۆستە ماوەتەوە پاشان لەسەر ئارەزووی خۆی لەم بوارە دەستی کێشاوەتەوە.

★ لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٢ بووەتە (بەڕێوەبەری کارگێڕیی رۆژنامەی التآخي و برایەتی) لە بەغدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەریدەکرد سەرەڕای سەرپەرشتیکردنی بابەتەکانی رۆژنامەی برایەتی.

★ ساڵی ١٩٧٤ جارێکی دیکە بووەتە پێشمەرگە و لە (ئەمانەتی گشتیی رۆشنبیری و راگەیاندن و لاوان پۆستی بەڕێوەبەری گشتیی لاوانی وەرگرتووە) کە هەر لەم ساڵەدا (تیپی تۆپی پێی هەڵبژاردەی کوردستانی پێکهێناوە) و (دوو ژمارەشی لە گۆڤاری دیاریی لاوان

دەرکردووە) لەگەڵ خوالێخۆشبوو دارای شێخ نووری شێخ ساڵح کە پۆستی جێگری بەڕێوەبەری گشتیی لاوان بوو.

* پاش نسکۆی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ گەڕاوەتەوە کوردستان و لە ساڵی ١٩٧٦ لە دائیرە ئینحیساری تووتن بە (معاون ملاحظ نقل) دامەزراوە تاکو ساڵی ١٩٨٦ وە بەهۆی دواکەوتنی لە خزمەتی سەربازی لە هەمان ساڵ (فەسڵ) کراوە تا پاش راپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ ئەوسا گەڕاوەتەوە وەزیفە.

* پاش راپەڕین سەرەڕای چەندین جار لەملا و لەولا تەکلیفی پۆستی جۆراوجۆری لێکراوە بەڵام بەهۆی مانەوەی لە کۆیە کە نەیویستووە باوکی (عەونی) پیر و نەخۆشی بەجێ بهێڵێت ئەو پۆستانەی رەت کردۆتەوە بەڵام پاش مردنی باوکی بە ساڵێك لە ١٩٩٣/١٠/٢٦ بۆتە سەرنووسەری رۆژنامەی رۆژانەی (برایەتی) سەرەڕای لێپرسراوییەتیی کارگێڕیی دەزگای (برایەتی و خەبات) تاکو ٢٠٠٠/٢/٢٠ لەم پۆستەدا ماوەتەوە لە هەمان کاتدا سەرنووسەری گۆڤاری (سەنتەری برایەتی و حەفتەنامەی برایەتی ئەدەب و هونەر و رۆژنامەی وەرزشی برایەتی و گۆڤاری برایەتی وەرزش بووە).

* لە ساڵی ١٩٩٧ بووەتە سەرۆکی دەستەی دامەزرێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان کە لەیەکەم کۆنگرەی ئەم سەندیکایەدا کە لە (٢٨-١٩٩٨/١٢/٣٠) لە هەولێر بەسترا وەکو نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان هەڵبژێردرا پاشانیش لە کۆنگرەی دووەمیشدا هەر بەنەقیبی رۆژنامەنووسان هەڵبژێردرایەوە.

* رۆڵێکی سەرەکی و بەرچاوی هەبووە لەگەڵ هاوڕێیانی هەردوو لا بە مەبەستی یەکگرتنەوەی هەردوو رێکخراوی رۆژنامەنووسان کە بریتیبوون لە (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و یەکێتیی رۆژنامەنووسانی کوردستان) لە رێکخراوێکی سەرتاسەریدا بە ناوی (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان) وە لە کۆنگرەی گشتیی

یەکەم و دووەمی ئەم ریکخراوە سەرتاسەرییە بە زۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرایەوە بە نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان تاکو کۆنگرەی سێیەم کە لە هاوینی ٢٠١١ بەسترا.

★ لەم سەندیکایە خاوەنی ئیمتیازی گۆڤاری (رۆژنامەنووس) بە زمانی کوردی و سەرنووسەری گۆڤاری (الصحفي) بووە کە بەزمانی عەرەبی دەردەچوو.

**★ لە بواری کاری رۆژنامەنووسیدا بەشداری و لێپرسراوییەتیی دەرچوونی ئەم رۆژنامەو گۆڤارانە بووە:**

١- گۆڤاری (نضال الطلبة/ ١٩٧٠-١٩٧٢) چوار ژمارە.

٢- (التآخي و برایەتی) سالآنی ١٩٧٢-١٩٧٤,

٣- گۆڤاری (دیاریی لاوان) ساڵی ١٩٧٤ لە ناو شۆڕش.

٤- گۆڤاری (ژینۆ) کە لە لەندەن دەردەچوو لە گەڵ شێرکۆ حەبیب ی ئامۆزای.

٥- رۆژنامەی (کوردستان الیوم) دیسان لەگەڵ شێرکۆ حەبیب کە لە هەولێر دەریانەدەچواند بە بەشداریی رۆژنامەنووس خوالێخۆشبوو تاریق ئیبراهیم شەریف.

**★ لەم رێکخراوانەی خوارەوە کاری تێداکردوون و پۆستی دیاری تێدا هەبووە:**

١- یەکێتیی قوتابیانی کوردستان لە سالآنی نێوان ١٩٦٤-١٩٧٢,

٢- نوێنەرایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان لە (جمعیة الاقتصادیین العراقیین/ المرکز العام) کە ئەندامی دەستەی باڵا بووە لە نێوان سالآنی ١٩٧٢-١٩٧٤,

٣- ڕێکخراوی مافی مرۆڤ له کوردستان له نێوان سالانی ١٩٧١ تاکو رۆژانی ئەمڕۆ کە له کۆنگرەی دووەمی ئەم ڕێکخراوە کە لەساڵی ١٩٩٣ له سلێمانی بەسترا بە ئەندامی لیژنەی باڵا هەڵبژێردراوە.

٤- کۆمەڵەی دۆستایەتیی کورد و عەرەب له ساڵی ١٩٩٨,

٥- بۆ ماوەی ١٠ ساڵ ئەندامی هەردوو مەکتەبی ناوەندیی ڕاگەیاندن و مەکتەبی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە بووە له (پ.د.ك).

٧- ئەندامی فدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی (IFJ) له ساڵی ٢٠٠٣ تاوەکو ئەمڕۆ.

٨- ئەندامی پەرلەمانی عیراق بووە (خولی کۆمەڵەی نیشتمانیی عیراقی، الجمعية الوطنية العراقية) لەسەر لیستی هاوپەیمانیی کوردستان له ساڵی (٢٠٠٥-٢٠٠٦).

٩- ڕاوێژکار له یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان.

١٠- ئەندامی بۆردی مافی چارەنووس بۆ گەلی کوردستان له سەرەتای دروستبوونییەوە له ٢٠١٤/٦/٧ تاکو رۆژانی ئەمڕۆ.

★ **بەرهەمە بڵاوکراوەکانی بریتین له:**

١- نامیلکەیەك بەناوی (پێشەکییەك له مێژووی ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی کوردستان له نێوان سالانی ١٩٥٣-١٩٩٢) بەزمانی عەرەبی چاپی یەکەم ١٩٩٦، بۆ جاری دووەمیش وەکو کتێبێك ساڵی ٢٠١٥ چاپکرایەوە.

٢- كتێبی (ئەزموونی رۆژنامەوانیم) بە زمانی كوردی ساڵی ٢٠١١ چاپكراوە و ساڵی ٢٠١٥ لە لایەن مامۆستا عبدالكریم شێخانی وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی عەرەبی بەناوی (تجربتي الصحفية) ساڵی ٢٠١٥ چاپكراوە.

٣- (ذاكرة الأيام) بە زمانی عەرەبی ٢٠١١، پاشان وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی كوردی و لەژێر ناوی "لەگەڵ رووداوەكان" ساڵی ٢٠١٩ چاپ و بڵاوكراوەتەوە.

٤- كتێبی (من حقيبتي) بەزمانی عەرەبی چاپی یەكەم ٢٠١١ و چاپی دووەم ٢٠١٤. پاشان بۆ سەر زمانی كوردی وەرگێڕدراوە و لەژێر ناوی "لە هەگبەم دا"، ساڵی ٢٠١٩ چاپ و بڵاوكراوەتەوە.

٥- رۆژگارم ئاوا تێپەڕی، دوو بەرگ، ٢٠١٧,

٦- ژیانێك لە وێنەدا (ئەلبوومێك بە هەردوو زمانی كوردی و عەرەبی)، ٢٠١٧,

٧- (٣٦ نامە و چەند كەسایەتییەكی دیوانی من) بە زمانی كوردی، ٢٠١٩.

★ ئەو كتێبانەی كە لەسەر ئەركی خۆی چاپكراون:

١- لەسەر ئەركی خۆی دووجار (دیوانی عەونی) چاپكردووە لەگەڵ پیاداچوونەوە و پێشەكی نووسینی، چاپی یەكەم ١٩٩٧-چاپی دووەم ٢٠١١,

٢- بەچاپ گەیاندن و نووسینی پێشەكی بۆ چوارینەكانی خەییام كە لە لایەن عەونییەوە لە فارسییەوە بۆ كوردی وەرگێڕدراوە، كە نووسەر و وەرگێڕ جەلال زەنگابادی ئامادەی كردووە.

٣- ژیان و بەرهەمی عەونیی شاعیر-لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی وەسفی، کە نامەیەکی ماجستێری قوتابی (ئومێد عەزیز مستەفا)یە بە پلەی (زۆر باشەی باڵا)، ساڵی ٢٠١٤ پێشەکیی بۆ نووسیوە و لەسەر ئەرکی خۆی چاپکراوە.

٤- هونەری جوانکاری لە شیعری عەونی دا-نامەیەکی ماجستێری قوتابی (بەهار عەبدولجەبار جامی) ٢٠١٧ و پێشەکیی بۆ نووسیوە.

٥- دیوانی عەونی-بەرگی دووەم، چاپی یەکەم ٢٠١٨.

+ بە ئامادەبوونی کۆمەڵێك لە نووسەر و رۆشنبیران کتێبخانە تایبەتییەکەی کە بە ناوی (کتێبخانەی فەرهاد عەونی)یە لە هەولێر لە ٢٠١٤/٤/٢٢ کرایەوە. کە رۆانە پێشوازیی لە دۆست و برادەر و میوانەکانی لێ دەکات و کاری نووسین و خوێندنەوەی تێدا ئەنجام دەدات.

⋆ ساڵی ١٩٧٤ ژیانی هاوسەریی لەگەڵ خاتوو پەروین عەبدوللاّ سەعید پێکهێناوە و ئێستا کوڕ و کچێکی هەیە بە ناوی (رێکان) کە ئێستا پزیشکە و بۆردی ئەوروپیی و عیراقیی لە دەمار و مێشك (الجملة العصبية) هەیە، (لانە)ی کچیشی دەرچووی کۆلێژی یاسایە و ئێستا فەرمانبەرە لە بەشی یاسایی وەزارەتی خوێندنی باڵا.

دیاری و پێشکەشە

لەگەڵ

سڵاو و ڕێزی نووسەردا

فەرهاد عەوف



له بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٩٩٩)ی ساڵی ٢٠١٩ی پێدراوە